# گزینگ


٩

گۆڤاری‌کی وەرزانەی فەرهەنگی - ئەدەبی یە

پاییزی ١٣٧٤ ـ ١٩٩٥


ژمارەی تایبەت سەبارەت بە سێسەدەی «مەم و زین»ی خانی شاعیری گەورەی کورد.




هەواڵنامەی کتێب

**خوێنەرەوانی بەڕێز!**

گۆڤاری گزینگ بە دەرچوونی ژمارە ٩، واتە بەم ژمارەیەی وا بە دەستتان گەیشتووە، پێ دەنێتە سێهەمین ساڵی چالاکی خۆی و هیواش وایە بە هیمەتی دۆستانی فەرهەنگدۆست و یارانی ئەهلی قەڵەم و دڵسۆزانی کورد، بتوانێ هەموو ڕێگە ناهەموارەکانی خۆی ببڕێ و لە پێناو خزمەت بەفەرهەنگ وکولتوور و وشەی کوردەواری نەوەستێ و هەروا بە ڕێکوپێکی بەردەوام بێ.

دیارە هەر وەک لە ژمارە ١، عەرزی خوێنەرەوانی خۆشەویست کرا و ئەوا جارێکی دیش دوو پاتەدەکرێتەوە، گزینگ جگە لە خزمەت و کوێرەوەری هیچ مەبەستێکی دیکەی نەبووە و نییە، ئەوەش ڕەنگە بەم هەشت ژمارەیەی کە بە دەستتان گەیشتووە ئیسپات کرابێ، بە تایبەت کە لە ماوەی دوو ساڵی خۆیدا بەو پەڕی ڕێکوپێکی و لە هەمان کاتدا وەفادار بە خەت و ڕێبازی خۆی دەرچووە و بڵاوبووەتەوە.

بەڵام هەر وەک ئاگادارن و لێتان شاراوە نییە، دەرکردنی گۆڤار لەو هەلومەرج وبارودۆخە نالەبارەدا، بەتایبەت یەکتەنی کارێکی فرە زەحمەت و سەختە. ئەگەر دڵسۆزانی کورد و نیشتمانپەروەرانی بە ئەمەگ، بە هانای «گزینگ»ەوە نەیەن، لەوانەیە لە باری ماڵییەوە تووشی تەگەرە و کەند وکۆسپ بێ. هەڵبەت لێرەدا بە هیچ عینوان مەبەست کرووزانەوە و لاڵانەوە نییە و ئەگەریش وابێ دڵەخورپە و نیگەرانی تەنیا بۆ ئەو گۆڤارە کوردییەیە کەوا تازە دێ لە دارەدارە دەرچێ و پێ بگرێ.

ئەوەش ئاگادارن کە گزینگ، تا ئێستا جگە لە پارەی ئابوونمانی دۆستان و خوێنەرەوانی خۆی، لە هیچ شوێن وبنکەیێک یارمەتی پێ نەگەیشتووە و تەنانەت وەک کۆرپەی ساوا، هەر دەرخواردی دراوە و لەسەری خەرج کراوە، هەرچەند لە سەرەتاش ڕا دەزاندرا کە کاری ئەوهایی قازانجی گیرفانی تێدا نییە، بەڵام بۆ ئەوەی نەسیخ بسووتێ ونەکەباب، لە ئێوەی خۆشەویست داوادەکرێ یارمەتی بدەن، یانی هەر ئەو خۆشەویستانەی گۆڤارەکەیان پێدەگا، ئەگەر پارەی ئابوونمانی ساڵانەی خۆیان بە ڕێکوپێکی و لەسەر وەختی خۆی بدەن، بەشێکی زۆر لە گیر و گرفتەکان مەیسەر دەبن و بەرپرس و بەرکاری گۆڤارەکەش بە خەیاڵێکی ئاسوودە و ئەرخەیان درێژە بە کاری خۆی دەدا.. هەروەها لانیکەم یارمەتییێکیش دەبێ بۆ خوێنەرەوەکانی هەرچوار پارچە(کوردستان)ەکان کە هەر جارەی چەند ژمارەیێکیان بۆ ڕەوانە دەکرێ.. لە کۆتاییدا پێویستە لە کانگای دڵەوە سپاسی ئەو دۆست وبرادەرانەش بکرێ کە تا ئێستا بە هانای گزینگەوە هاتوون و یارمەتییان داوە.

100

# گزینگ ژماره ٩

**پاییزی: ١٩٩٥ (١٣٧٤)**


**بەرکار و بەرپرسی نووسین :**
**س .ج . هێرش**

ناو و نیشان :

Gzing
Box. 327
82427 Hudiksvall
SWEDEN

ژمارەی فاکس:

Faxnr: +650 - 94029

ژمارەی پۆستگیرۆ:

Postgironr: 443 5022-1


**• ،گزینگ ، خاوەن ڕێبازێکی گشتی سەربەخۆیە، هەر چەشنە بیر و بۆچوون و نووسراوەیەک وەخۆ دەگرێ کە لە مافی مرۆڤ بە تێکڕایی و لە بەرژەوەندیی گەلی کورد بە تایبەتی داکۆکی بکات.**

**• ،گزینگ، خۆی بە نوێنەری فکری هیچ نووسەرێک نازانێ و ئەرکی بەرپرسێتی هیچ نووسراوەیەک وەنەستۆ ناگرێ. دیارە هەر نووسراوەیەک نێوی لەسەر نەبێ، ئۆباڵی وەملی گزینگە.**

## نێوەرۆک

بابەت — نووسەر


پێداچوونەوەی کتێب(ناسیۆنالیسمی کورد..).. د. ئەمیری حەسەنپوور ٤
ئەحمەدی خانی: ژیان وبەرهەم ........................پ. جۆیس بلاو ١٢
ئاخاوتنێک لەگەڵ خانی دا........................ د. کەمال میراودەلی ١٧
خانی و دوو بۆچوون...............................وەرگێڕ: هێدی ٢٣
دیەنی ژن لە مەم و زینی خانی دا....................... تەیفور ٢٢
خانی بەحرەکە مەزن............................ پ. شاکری محۆ ٢٨
بۆچوونێکی سەرپێیی.......................... کەریم حیسامی ٢٨
ئەحمەدی خانی کێ بووە و چی کردووە.............. ڕەحمان سۆفی ٣٠
ناساندنی نامیلکەیەک لە سەر خانی.................. هێدی ٣١
ئەحمەدی خانی...............................عەلایەدین سەجادی ٣١
ڕێبازی فکری وشێوازی شێعری خانی..................... هێرش ٣٢
شێعرە نەزانراوەکانی ئەحمەدی خانی.................. م. رودینکۆ ٣٦
کورد و ئەرکی مێژوو: وتووێژ لەگەڵ... د. عەبدوڵلا مەردوخ...هاشم ٣٩
شێعر:.....................گۆران قەرەداغی... نەزەند بەگیخانی ٤٧
لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی کۆمەڵگەی کوردەواری... د. حوسێن عەزیز ٤٨
ڕووناکبیر و پەسن وئەرکەکانی............... د. حوسێن خەلیقی ٥٤
بەڵگەنامەیەکی .. بریتانیا لەسەر کورد... وەرگێڕانی: ئەنوەر سوڵتانی ٥٧
ڕاپۆرت: پێشەنگای وێنە(کیکی لوند گرین)............. هاشم ٦٠
ڕاپۆرت: خوشکە سوفیا و وتووێژێکی کورت........... هاشم ٦١
کۆچی دوایی«عەزیز نەسین»................... هێرش ٦٢
چاپەمەنی و کتێب... تێبینی............................ ٦٣


• تەرحی ڕووبەرگ، کاری هونەرمەند: مەحموود خۆشنو
• وێنەکانی لاپەڕەی ٢٣ و ٤٧، کاری هونەرمەند: قەرەنی جەمیل، لە کتێبی ،دوێنێی سبەینێ، ی نەزەند بەگیخانی.
• وێنەکانی لاپەڕەی ٢٤ و ٢٦ لە کتێبی ،هەڵبژاردەیەک لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی،نووسینی: فاروق حەفید.


ISSN 1104 - 3473

چاپی سوید: سێپتامبری ١٩٩٥

● فەرهاد شاکەلی. **ناسیۆنالیسمی کورد لە«مەم و زین»ی ئەحمەدی خانی دا**. بروکسیل، ئەنستیتووی کوردی بروکسیل، ١٩٩٢، ١٤٦ لاپەڕە.

● Ferhad Shakely. *Kurdish Nationalism in Mam û Zin of Ahmad-î Khanî*. Brussels, Kurdish Institute of Brussels, 1991, 146 pages.

**د. ئەمیری حەسەنپوور**
زانستگای کۆنکۆردیا، مۆنتریال، کانادا

سێسەدەمین ساڵی دانانی مەم و زین، ٩٥ ـ ١٩٩٤، ئەوە خەریکە تەواو دەبێ. چالاکییەکانی دەرەوەی وڵات بۆ ڕێز گرتن لەو بەرهەمە بە نرخەی گەلی کورد، زۆرتر لە چوارچێوەی وتار و سمینار و کۆنفەرانس دا ماوەتەوە و لە بواری بڵاوکردنەوەی دەستنووسە چاپ نەکراوەکانی خانی یان لێکۆڵینەوەی تازە، هەنگاوێکی شایەنی ئەو سەرسەدە گرینگە هەڵنەگیراوە. کەوابوو ناساندن و پێداچوونەوەی کتێبەکەی کاک فەرهادی شاکەلی، کە تەنیا نووسراوەی قەوارە ـ کتێبە سەبارەت بە«ناسیۆنالیسم لە مەم و زینی خانی دا»، ڕەنگە ڕووناکی بخاتەسەر باری ئێستەی لێکۆڵینەوە لە ژیان وبەرهەمی داهێنەری بیری کوردایەتیی.

ئەو لێکۆڵینەوەیە، هەوەڵ جار لە ساڵی١٩٨٣ دا وەک تێزی D-level(کە لە ڕادەی .M. A یان ماجێستر دایە) پێشکەشی زانستگای ئوپسالا لە سوێد کرابوو و بە زمانی ئینگلیسی(١٩٨٣) و سوێدی(١٩٨٥)بە شێوەی ستێنسیل بڵاوبۆوە. لە چاپی تازەدا، نووسەر زۆری دەست لە ناوەرۆکی تێزەکە وەرنەداوە. بەڵام شێوەی ڕێنووسی لاتینی وشە کوردی، عەرەبی و فارسییەکانی گۆڕیوە (ل١٥-١٤)و هەروەها مەتنی کوردی ئەو بەیتانەی(بەیت = دوو مصرع) مەم و زین کە لێکیداوەتەوە لە چاپی تازەدا هەڵقرتاوە.

لە سەرەتادا(ل١٥-٥) ، نووسەر دەڵێ مەبەستی ئەوەیە دوو لایەنی بەرهەمەکەی خانی لێکبداتەوە: هەوەڵ، مەم و زین وەک نموونەیێکی ئێپیکی ڕۆژهەڵاتی(Oriental epic)، و دووەم، بنچینەکانی ناسیۆنالیسمی کورد(کوردایەتی) لە مەم و زین دا(ل ١٣). بەشی هەوەڵی کتێبەکە باسی «ژیانی ئەحمەدی خانی»یە(ل٣٢-١٦)، نووسەر لە لیستی عەشیرە کوردەکان، کە مارک سایکس لە ساڵی ١٩٠٨ بڵاوی کردۆتەوە، ئێوی عەشیرەی خانی دۆزیوەتەوە کە، بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی سایکس، نزیکەی ١٨٠ ماڵی نیشتەجێ بوون و لە نزیک «خۆشاب» دەژیان. وێدەچێ ئێوی خانی لەو عەشیرەتە وەرگیرابێ(ل١٨). لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا، «نووسراوەکانی ئەحمەدی خانی»(ل ٥٩-٣٣)، نووسەر باسی چوار بەرهەمی خانی دەکا: ١- نوبارا بچووکان، ٢- عەقیدا ئیمان، ٣ - مەم و زین ، ٤- شێعری لیریکی. بەشی سێ (ل١٠٤-٦٠) تەرخان کراوە بۆ «بنچینەکانی ناسیۆنالیسمی کورد لە مەم وزین دا». [1] ئەنجامی ئەو باسانە لە لاپەڕەی ١٠٥ هەتا ١٠٨دا نووسراوە. بەشەکانی دی بریتین لە پەراوێزەکان (ل١١٨-١٠٩)، وەرگێڕدراوی ئینگلیسی ئەو بەیتانەی مەم و زین کە لە بەشی دوو و سێ دا باسیان کراوە (ل١٤١-١١٩) ، بیبلیۆگرافی(ل١٤٥-١٤٢)، و ناوەرۆکی کتێبەکە(ل١٤٦).

کاک فەرهاد باوەڕەکانی خانی لەمەڕ کوردایەتی(ناسیۆنالیسمی کورد) لە پێنج خاڵان دا کۆکردۆتەوە(ل٩٥-٩٤):

١- هۆی هەرە گەورەی کوێرەوەری و وەپاشکەوتنی کورد ئەوەیە کە ئیمپراتۆری عوسمانی و سەفەوی وڵاتەکەیان داگیرکردووە.


٢- ئالترناتیوی ئەو بارە ئەوەیە کە کورد دەوڵەتی خۆی هەبێ و بە سەر خۆیدا حکوومەت بکا(بە دەستی پاشایێکی کورد).

٣ - بیری لە بارودۆخی زەمانی خۆی وپاشەڕۆژ دەکردەوە و لەگەڵ ئەوەشدا پیاوێکی دیندار بوو، وەدوای ڕێنوێنی ئایینی نەدەکەوت و بیر وباوەڕی خۆی هەبوو.

٤- مێژووی گەلی کورد پڕە لە قارەمانێتی بەڵام حاکم ومەزنی کورد، نەک هەژاران، بەرپرسی ئەو بارودۆخەن کە گەلی کوردی تێدا دەژی، چونکە ئەوانن کە یەک ناگرن و دەوڵەتێکی کوردی دانامەزرێنن. حاکمە کوردەکان قازانجی خۆیان پێ لە قازانجی گەلەکەیان گرینگتر بوو. هێندێکیان تەنانەت ئامادە بوون لە دژی یەکتری لەگەڵ هێزە داگیرکەرەکان هاوکاری بکەن.

٥ - ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆیی، یەکگرتن، دەکارهێنانی هێز

⬅




وتیحسانە.

ئەو بیر و رایانە وزۆر بروای تر سەبارەت بە باری سیاسی کوردستان، لە«ساقی نامە»یان «دیباچە»ی مەم و زین دا بە راشکاوی باسکراون و نووسەران لە زووە پەنجەیان بۆ راکێشاوە. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا کە هێڵە سەرەکییەکانی بیری خانی تا رادەیێکی زۆر روونن، جیاوازی بیرورا سەبارەت بە بۆچوونەکانی کەم نین. بەداخەوە کتێبەکەی کاک فەرهاد نەیتوانیوە لێکۆڵینەوەیێکی تێر وتەسەل سەبارەت بە بیری کوردایەتی لە مەم و زین دا بخاتە بەر دەستی خوێنەرەوە. تەنانەت نووسەر نەیتوانیوە لەو زانیارییەی کە لەبەر دەست دایە باش کەڵک وەربگرێ، هەڵەکان دابێژێ و باسەکان بە رێکوپێکی دابرێژێ. کتێبەکە، بێجگە لە یەک دوو نوکتە لێردولەوێ، نە زانیاری نوێی تێدایە نە لێکدانەوەی تازە. هەروەها، هەم لەباری فاکتەوە و هەم لە لێکدانەوە و بۆچووندا تووشی هەڵەیێکی زۆر بووە.

چاپی تازەی ئەو بەرهەمەی کاک فەرهاد نزیکەی دە ساڵ دوای پێشکەش کردنی تێزەکەی بە زانستگای ئوپسالا بلاوبۆتەوە. نووسەر یان دەرفەتی نەبووە یان بە پێویستی نەزانیوە ئاورێک لە لێکۆڵینەوەکەی خۆی بداتەوە، هەڵی بسەنگێنێ وهەڵەکانی راست بکاتەوە. منیش ناچارم لە هەڵسەنگاندنی کتێبەکەدا وای دابنێم کە لە ساڵی ١٩٨٣دا نووسراوە و رادەی لێکۆڵینەوە و زانستی دە ساڵ لەوەی پێش سەبارەت بە مێژوو و زمان و ئەدەبی کوردیم لەبەر چاو بێ.

ئەو نووسراوە جێی دیاریکردن و شیکردنەوەی تەواوی هەڵە و کەم و کورییەکانی کتێبەکە نابێتەوە. لێرەدا هەڵبژاردەیێک لە ژێر پێنج سەردێردا پێشکەشی خوێنەرەوە دەکەم.

## یەک . مێژووی گەلی کورد

کاک فەرهاد لە هەڵسەنگاندنی کتێبەکەی د. عزالدین مصطفی رسول(احمد خانی: شاعراً و مفکراً ، بەغدا، ١٩٧٩) دا دەڵێ نووسەری ئەو کتێبە لە باسی مێژووی کوردستان دا تووشی چەند هەڵەیێک بووە کە ویدەچێ لە لێتوژینەوەی مێژووی کوردستان دا وردبین نەبووە (ل١٣-١٢). بەلام کاک فەرهاد هەڵەکان دیاری ناکا و خوێنەرەوەی کتێبەکەی نازانێ ئەو چۆن خۆی لەو هەلانە پاراستووە یان چۆنی راست کردوونەوە.

بۆ تێگەیشتنی بیری خانی، پێویستە مێژووی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی سەدەی ١٥هەتا١٧باش بزانین. کاک فەرهاد لە باسی مێژووی ئەو سەردەمەی کوردستان، تووشی هەڵەیێکی زۆر بووە و نەیتوانیوە لە داوی مێژوونووسی عوسمانی و ئێرانی نەجاتی بێ. بۆ وێنە دەنووسێ:

- "عوسمانییەکان بۆ پاراستنی سنوورەکانیان گەلێک ئەمارەتی نیوە سەربەخۆی کوردیان دروست کرد(built)"(ل١٠٥).

- "لە سەدەکانی ١٦و١٧دا چەند ئەمارەتی نیوە سەربەخۆی کورد لە کوردستان دا هەبوون. عوسمانییەکان و سەفەوییەکان هەردووکیان لە دامەزراندنی ئەو ئەمارەتانەدا بەشداریان کرد" (ل٨٥).

ئەو قسانەی نووسەر وەک فاکت(fact) راست نین و وەک بۆچوون و لێکدانەوەش وە روانگەی مێژوویی سەفەوی وعوسمانی دەچن. بە پەیدا بوونی ئەمارەتەکان لە سەدەی ١٥بەولاوە، قۆناغێکی هەرە گرینگ لە مێژووی کوردستاندا دەستی پێکرد ـ قۆناغی پێکهاتنی دەسەلاتی سیاسی یان دەولەتی کورد. بۆ هەوەڵ جار دوای رووخانی خەلافەتی ئیسلامی و لەبەر یەک ترازانی دەسەلاتی مەغوولەکان، زۆریەی گەلی کورد کەوتە ژێر دەسەلاتی وردە دەولەتی کورد کە یان تەواو سەربەخۆ بوون یان نیوە سەربەخۆ. کاک فەرهاد دەڵێ دەولەتی عوسمانی و سەفەوی ئەو ئەمارەتانەیان دامەزراند، ئەویش بۆ پاراستنی سنووری خۆیان.

بەگوێرەی فاکتەکان یان رووداوەکان، وادەرکەوتووە کە ئەمارەتە کوردەکان پێش ئەوەی عوسمانی و سەفەوی(کە خۆیان ئەمارەت بوون) بێن بە دوو زلهێزی رۆژهەلاتی ناوەراست، لە پرۆسەیێکی گۆرانی کۆمەلایەتی ـ ئابووری ـ سیاسی نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا، رسکان وپێکهاتن و وەک وردە دەولەتی کورد دامەزران. بەپێچەوانەی بۆچوونی کاک فەرهاد، کوردستان هەتا ساڵی ١٦٣٩سنووری هیچ کام لەو دەولەتانە نەبوو چونکە پێش پەرەئەستەندنی دەولەتی سەفەوی، دەولەتێکی ناوەندی و بەدەسەلاتی ئێرانیی لە ئارادا نەبوو. دوای ئەوەی عوسمانی و سەفەوی دەستیان کرد بە داگیرکردنی ولاتی دەوروبەریان ـ یەکیان لە رۆژئاوای کوردستان وئەوی تر لە رۆژهەلات ـ سیاسەتیان ئەوە بوو کە دەسەلاتی ئەمارەتەکان سەرنخوون بکەن و لە ئیسلامبوول و قەزوێن و ئیسفەهانەوە حاکم بنێرن بۆ کوردستان بۆ ئەوەی راستەوخۆ گەلی کورد بچەوسێننەوە. بەلام ئەمارەتەکان، سەرباقی ناکۆکی نێوخۆیان، ملیان شۆر نەکرد و لە بەرانبەر ئەو دوو دەستدرێژکەرانە راوەستان. کوردستان بۆ ماوەی چوار سەدە بوو بە شەرگەی ئەو دوو دەولەتە بەلام هەتا ناوەراستی سەدەی نۆزدە، زۆربەی گەلەکەمان لە ژێر دەسەلاتی چەند ئەمارەتی گەورە وەک بابان، بادینان، بۆتان، ئەردەلان و موکریان دا دەژیا. هەردووک زلهێز لە ناچارییەوە دەسەلاتی ئەو ئەمارەتانەیان بەرەسمییەت دەناسی وبەوە رازی بوون مالیاتی سالانە و یارمەتی عەسکەرییان لێ وەربگرن.

هەڵەیێکی تری کاک فەرهاد، کە دەگەڕێتەوە سەر ڕوانگە مێژوویەکەی، باسی تێکچوونی ئەمارەتی بدلیسە. نووسەر دەڵێ:

- "لە ١٠٦٦ هیجری دا [١٦٥٥-٥٦] کە خانی هێشتا تەمەنی پێنج ساڵ بوو، ئەمارەتی گەورە و بەهێزی بدلیس رووخا و دەسەلاتی بنەماڵەی بدلیس کۆتایی هات"(ل٦٨)

- "لە ١٠٦٦ هیجری دا، عوسمانییەکان هێرشیان بردەسەر عەبدال خان، مەزنی بدلیس وکۆتاییان بەو ئەمارەتە هێنا کە یەکێک بوو لە ئەمارەتە هەرە گرینگەکانی کوردستان"(ل٧٠؛ هەروەها بڕوانە لاپەڕەی ٢٢،٧٠.).


ئەوە وا نییە. زانیاری ئێمە سەبارەت بە ئەمارەتی بدلیس لە هەموو ئەمارەتەکان پترە. ڕاستە کە لە ١٦٥٥دا مەلیک ئەحمەد پاشا هێزی بردە سەر ئەمارەتی بدلیس و، بە یارمەتی عەشایری کورد، عەبدال خانی بەزاند و کۆشک ودەم ودەزگای خانی تالان کرد بەڵام ناچار بوو بە ڕەزامەندی خەڵکی شاری بدلیس حاکمیەتی کوڕێکی عەبدال خان بەسەر ئەمارەتی بدلیس دا بە ڕەسمیەت بناسێ. پاشان کە لەشکری عوسمانی لە ناوچە پاشەکشەی کرد، عەبدال خان گەڕاوە و دیسان بوو بە حاکمی بدلیس. هەر لەو زەمانەدا، تاورنیەی فەڕانسەیی میوانی خانی بدلیس بوو و لە سەفەرنامەکەی دا(١٦٧٩)نووسیویەتی کە خان نە دەسەلاتی ئێرانی بە ڕەسمیەت دەناسێ نە دەسەلاتی عوسمانی ودەیتوانی سوپایێکی ٢٠هەتا ٢٥هەزار کەسی بنێرێتە مەیدانی شەڕێ. جێزویتەکانیش(Jesuit) کە لە ساڵی ١٦٨٣ سەری بدلیسیان دا ئەو قسانەیان دووپاتە کردۆتەوە. نووسەری مێژووی بدلیس لە دائرەالمعارفی ئیسلام دا دەنووسێ: "ترکان هەتا ساڵی ١٨٤٧ نەیانتوانی دەسەلاتی شازادە کوردەکان تێک بشکێنن".[٢]

**دوو . مێژووی ئەدەبی کوردی**

نووسەر باسی مەم و زین وەک بەرهەمێکی ئەدەبی دەکا و جێگەی لە مێژووی ئەدەبی کوردی دا دیاری دەکا:

"سەدەکانی ١٦و١٧سەردەمی دەستپێکردن و گەشەکردنی شێعری کلاسیکی کوردی بوون. سێ شاعیری کلاسیکی گەورەی کورد، لەو دەورەدا ژیان، و شێعری زۆریان بە جێ هێشت کە دەکرێ بەتێکڕایی وەک بنچینەی ئەو مەکتەبە ئەدەبییەیان دابنێین کە خانی بە نووسینی مەم و زین بوو بە لووتکەکەی. ئەو سێ شاعیرانە مەلای جزیری، فەقێ تەیران و عەلی حەریری بوون"(ل٤٢).

کاک فەرهاد دەڵێ لە ئەو سێ شاعیرانەی پێش خانی تەنیا فەقێ تەیران چیرۆکی شێعریی هەڵبەستووە. چیرۆکەکەی فەقێ تەیران "شێخی سەنعانە" کە کاک فەرهاد پێی وایە بەرهەمێکی ڕەسەن نییە، لەبەر ئەوەی کە ١) حیکایەتێکی کوردی نییە و لە بێگانە وەرگیراوە، ٢) شێعرەکەی زۆرتر وەک قەسیدەیە نەک مەسنەوی، ٣) فۆرمی شێعریشی زۆرتر وەک بەیت (فۆلکلۆر) دەچێ و، ٤) تەنیا باسی ئەوینی



شێخی سەنعان وکچە تەرسا دەکا و ناوەرۆکی فەلسەفەیی وفکری و نەتەوەیی نییە. جا بۆیە بەبڕوای نووسەر، **شێخی سەنعان** ی فەقێ تەیران بەرهەمێکی "سەربەخۆ" نییە و مەم و زین ی خانی هەوەڵ بەرهەمی سەربەخۆی ئەدەبی کوردی یە. "مەم و زین هەوەڵ ئێپیکی(epic) ڕەسەنە و پرگەشەترینە لە ئەدەبی کوردی دا"(ل٤٥).

لێرەشدا. نووسەر لە باری فاکتەوە تووشی هەڵە بووە و ڕوانگەشی سەبارەت بە مێژووی ئەدەبی کوردی ڕێگەی ناداتێ دینامیسمی ئەدەبی زارەکی ونووسراوی کوردی و پێوەندە بەرینەکەی لە گەڵ ئەدەب وفۆلکلۆری گەلانی هاوسێ ببینێ.

شێخی سەنعان هەوەڵ چیرۆکی شێعریی پێش خانی نییە. لە پێش فەقێ تەیران دا، سەلیمی سلێمان لە ساڵی ٩٩٥(٨٧ -١٥٨٦)دا **یوسف و زولەیخای** بە شێعری کوردی هۆنیوەتەوە. ئەو چیرۆکە ١٧١١بەیتە و بە شێوەی مەسنەوی و لە بەحری هەزەج دا هەڵبەستراوە.

مارگریتا رودینکۆ سێ مەتن(text، دەق)ی ئەو چیرۆکەی لێکداوەتەوە و لەگەڵ شەش مەتنی بەیت(فۆلکلۆری)ی "**یوسف وزولەیخا**" بەراوردی کردووە و لە ساڵی ١٩٨٦دا بڵاوبۆتەوە.[٣] رۆدینکۆ لە ساڵی ١٩٦١دا، ئەو مەتنە دەستنووسانەی لە کتێبە بەناوبانگەکەی"**شەرحی دەستنووسە کوردییەکانی کۆگەی لێنینگراد**"دا ناساندبوو، و لە ساڵی ١٩٧١ لە نووسراوە بەنرخەکەی"ئەدەبی کوردیی سەدەی حەڤدە" نووسیبووی کە سەرباقی ئەوەی سەلیم سووژە(موضوع)ی ئەو چیرۆکەی لە ئەدەبی گەلانی تر وەرگرتووە، بەڵام لە داڕشتنی کاراکتەرەکان و دنیای دەوروبەریاندا "ڕەسەنایەتی و سەربەخۆیی" دەرخستووە و گیانێکی "نەتەوەیی" داونێ.[٤]

دیارە **مەم و زین** چیرۆکێکی کوردییە و وەرنەگیراوە و **شێخی سەنعان** یش زۆرتر وێدەچێ لە ئەدەبی گەلانی هاوسێ وەرگیرابێ. بەڵام **شێخی سەنعان** ێک کە بە کوردی داهێنراوە و فۆرمی ئەدەبی زارەکی کوردیی هەیە و وەک بەیتیش کەوتۆتە سەرزاران ـ ئەویش زاری خەڵکی نەخوێندەوار کە ناگایان لە **شیخ صنعان** ی فرید الدین عطار نییە ـ نیتر دەبێتە

داهێنانێکی ڕەسەن و ژیانی خۆی لە کوردەواریدا دەست پێدەکا.

کاک فەرهاد دەڵێ بەعزە چیرۆکێک تەنیا لە ناو یەک نەتەوەدا پەیدا دەبێ، "کەردم ونەسلی کە تەنیا لە ناو ترکاندا هەیە. چیرۆکی لاس و خەزاڵ، شۆڕ مەحموود و مەرزینگان و مەم و زین تەنیا لە نێو کوردان دا و بە زمانی کوردی پەیدا دەبن"(ل٤٧ – ٤٦). دیارە کە ئەو سێ بەیتانە کوردین بەڵام سووژە یان مۆتیڤ(motif)ی ئەو چیرۆکانە لە فۆلکلۆری زۆر گەلانی تردا پەیدا دەبن. تەنانەت «بەیتی دمدم» کە ڕووداوێکی تۆمارکراوی مێژووی کوردستان دەگێڕێتەوە چۆتە ناو فۆلکلۆری هەرمەنی و وەک چیرۆکێکی هەرمەنی ژیانی خۆی دەستپێکردووە. خەج وسیامەندیش بۆتە بەشێک لە فۆلکلۆری هەرمەنی. مەم و زین لە نێو هەرمەنی و جوولەکەکانی کوردستاندا بە زمانی خۆیان باو بووە.

ئێمە، لە لێکدانەوەی مەم و زینی خانی دا پێویستە باسی کوردی بوونی ئەو چیرۆکە بکەین بەڵام پێویست نییە بەرهەمی فەقێ تەیران بە پێوانەی «ڕەسەنی» و «سەربەخۆیی» هەڵسەنگێنین.

## سێ . لێکدانەوەی شێعرەکانی خانی

دیارە خانی، وەک داهێنەری بیری کوردایەتی، لەباتی وەرگرتن لە ئەدەب و فۆلکلۆری گەلانی هاوسێ، چیرۆکێکی کوردی کردۆتە بنچینەی بەرهەمە هونەری ـ سیاسییەکەی. کاک فەرهاد دەڵێ:

"ئەحمەدی خانی مەم وزین یان مەمی ئالان ی فۆلکلۆری وەک بنچینەیێک بۆ ئێپیکی مەم و زین ی خۆی دەکارهێنا، لەگەڵ ئەوەشدا تەئکیدی کرد کە گشت شتێک لە مەم و زین ەکەیدا هی خۆیەتی و هیچ شتێکی لە هیچ کەسی تر وەرنەگرتووە:

٣٨٤ مەوضوع و مەقاصید و حیکایەت
مەرموز و مـــــەناقیب ودیرایەت
ئوسلوب و صیفات ومەعنی ولەفظ
ئەصلا نەکرن مە یەک ژ وان قەرض
٣٥٠ بیلجومـــــــلە نەتایجێ د فکرن
دوشیزە و نەوعـــــەروس وبیکرن

بەڵام خانی خۆی گوتوویەتی کە چیرۆکی فۆلکلۆری مەم وزین بنچینەی بەرهەمەکەیەتی:

٢٣٩ ئینـــــــایە نیظام وئینتیظامێ
کێشـــــایەجەفا ژ بۆ وی عـــامێ"[٥]

لێرەدا کاک فەرهاد تووشی هەڵە بووە. کە خانی دەڵێ «ئینایە نیظام وئینتیظامێ...»مەبەستی ئەوە نییە کە بەیتی زارەکی «مەم و زین» نیزام وئینتیزامی نییە و ئەو بە هەڵبەستنەوە و نووسینەوەی ئەو بەیتە ڕێکوپێکی کردووە. خانی لێرەدا ئەدەبی زارەکی(بەیت، فۆلکلۆر) کوردی لە بەرانبەر ئەدەبی نووسراوی کوردی دانانێ. خانی زمانی کوردی لە بەرانبەر زمانی فارسی(دەری)دا داناوە و دەڵێ بە دانانی مەم و زین زمانی کوردی وەک زمانی فارسی ڕێکوپێک کردووە:

٢٣٥ خـــانی ژ کەمالێ بێ کەمالی
مەیدانی کەمالێ دیت خـــالی

یەعنی نە ژ قابیلی و خەبیـــری
بەلکی ب تەعصوب وعەشیری
حـــاصل ژ عیناد ئەگەر ژ بێ داد
ئەڤ بیدعەتە کر خیلافێ موعتاد
صـــافی شەمراند ڤەخوار دوردی
مـــانەندێ دەری لیسانێ کوردی
ئینایە نیظـــــام وئینتظامێ
کێشـــــایە جەفا ژ بۆ وی عامێ

هەروەها کە باسی «مەوضوع و مەقاصید و حیکایەت» دەکا و دەڵێ من هیچ شتێکم قەرز نەکردووە مەبەستی ئەوە نییە کە هیچی لە بەیتی «مەم و زین» وەرنەگرتووە (چونکە ئاشکرایە کە حیکایەتەکەی لە ئەدەبی زارەکی وەرگرتووە). خانی لێرەدا، وەکوو سەرانسەری دیباچەکەی ــ کە گەلی کوردی لە بەرانبەر ڕۆم وعەرەب وعەجەم دا داناوە ــ مەم و زین ی خۆی لە بەرانبەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی فارسی وعەرەبیدا داناوە و دەڵێ هیچم لەوان قەرز نەکردووە. لە هیچ بەشێکی مەم و زین دا دەرناکەوێ کە خانی ناکۆکیەکی وای لە نێوان ئەدەبی زارەکی(بەیتی مەم و زین) و ئەدەبی نوسراو(کتێبەکەی خۆی) دیاری کردبێ. ئەو وشانەی کە دەکاریشی هێناوە(ئەلفاظ، مەعانی، عیبارات، ئینشا، مەبانی، ئیشارات، مەوضوع، مەقاصید، ئوسلوب، صیفات...، بەیتی ٣٢٤ هەتا ٣٤٨) گشتی ڕاوێژ(discourse)ی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی نووســـراوی فارسی وعەرەبی زەمانی خۆیەتی.

نووسەر، هەڵەیێکی گەورەی لە باسی بەرهەمێکی ئەحمەدی خانی، نوبارا بچووکان، کردووە. نوبار هەوەڵ فەرهەنگی کوردی (عەرەبی بە کوردی) یە کە خانی بە شێعر هۆنیوێتەوە. کاک فەرهاد دەڵێ خانی

"بڕوای بە نەسل(generation)ی تازەی کوردان بوو و پێی وابوو کە ئەوان ئۆمێدی گەلن نەک حاکمان ومەزنان. ئەو[خانی]پێی وابوو کە نەسلی خۆی و خودی خۆی نەسلێکی بێ کەڵک بوون. لەبەر ئەوە بوو کە بەرهەمەکەی پێشکەشی منداڵان کرد. خانی ئەو لایەنانەی لە بەشی سەرەتای نوبار دا بەکورتی باس کرد:

ژ پـــاش حمد و صلواتان
اڤ چنـــد کلمنە ژ لغاتان
ڤیک خستێ احمدی خـــانی
نافـــی نوبارا بچوکان دانی
نە ژ بو صـــــاحب رواجان
بلکی ژ بو بچوکی دکرمانجان
وکـــــی ژ قدان خلاص بن
لازمە لسوادی چاڤ ناس بن
دا بڤـــان چند رش بلکان
لوان طبیعت ملکـــــان
دری ذهنی ڤە بیـــــتێ
هرچی دخـــونن زحمت نبیتێ
امیـــد ژ طفـــــالان
کـــر مە عمل بطـــالان

د وقتـــــــى دور ودرسان
بكن انعام واحســـــــان
مه بدعـــــــا ڤه بيربين
فاتحـــــــا ژ مرا بخونن[60] (ل٣٤ - ٣٣)

دیاره که **نوبارا بچووکان** وەک **نصاب الصبیان** که له پێش خانی دا به عەرەبی ـ فارسی داندرابوو، بۆ ئەو منداڵانەیە که تازه دەست به خوێندن دەکەن. بەڵام کە خانی دەڵێ «مه عەمەل بەتالان» به هیچ کلوجێ ئەوه دەرناخا که ئومێدی به نەسلی نوێ بوو، دەستی له نەسلی خۆی هەڵگرتبوو و بایەخی به خۆشی نەدەدا. بەپێچەوانەی بۆچوونی کاک فەرهاد، خانی دەستی له نەسلی خۆی هەڵنەگرتبوو چونکه خانی پێی وابوو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کورد، به دەستی جەماوەری خەڵک پێکدێ (حاجی قادر لەسەر ئەو بڕوایە بوو بەڵام خانی وای بۆ نەدەچوو). خانی پێی وابوو ڕزگاری کوردستان له دەست خانه کوردەکان دایه نەک لەدەست فەقێ و مەلایان. دەوری فەقێ ومەلا و عالمان بەستراوەتەوە به دەسەڵاتی دەوڵەتی کورد.

هەروەها خانی وجودی خۆشی بێ بێ بایەخ نەبوو. بەپێچەوانە، پێشی وابوو شیر و قەڵەم هەردووکیان پێویستن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کورد. ئەو، ڕەخنەی له میری زەمانی خۆی گرت لەبەر ئەوەی بایەخی نەدەدا به تێکۆشانه ئەدەبییەکەی. به بڕوای خانی، زمان وئەدەبی کوردیی ئەوکاته نرخ وبایەخ پەیدا دەکا کە پاشایێکی کورد یان دەوڵەتێکی کورد هەبێ و پشت وپشتیوانی قەڵەم بێ. خانی دەڵێ ئەگەر پشتیوانێکی وا هەبا، "مەلای جزیریم وەروح دەهێنا و عەلی حەریریم زیندوو دەکردەوە" (بەیتی ٢٥٢ - ٢٤٧ی مەتنی مامۆستا هەژار).

دیاره خانی به ڕاشکاوی دەڵێ **نوبارا بچووکان** بۆ منداڵانه نەک بۆ «صاحیب ڕەواجان». ئەوەش لەبەر ئەوەیه که به دروستی پێی وابوو کۆنەپەرستانی زەمانی خۆی بەکوردی نووسین وەکارهێنانی زمانی کوردی له بەرنامەی دەرسی حوجرەی مزگەوتەکاندا، وەک «بیدعەت» چاولێدەکەن وتەکفیری دەکەن. «بدعە»ش ئەو زەمانی چی وای له«کفر»کەمتر نەبوو. خانی دەیزانی مەم وزین بیدعەتە("ئەڤ بیدعەتە کر خیلافێ موعتاد") بۆیه له ترسی تەکفیری«صاحیب ڕەواج»ی زەمانی خۆی له خوڵای دەپارێتەوه که مەم و زین «کەی نەخاتە بەر دەستی «خەڵقێ ناساز» و دوایەش له ئەو خەڵکه ناسازانه دەپارێتەوه که «تەشنیع» و«تەقبیح»ی نەکەن (بەیتی ٣٤٢ هەتا ٣٥٢).

کاک فەرهاد نەیتوانیوه له پێچ وپەنا وتێکهاڵاوی ناکۆکییەکانی ژیانی خانی و سەردەمی خانی وردبێتەوه. ناکۆکی نێوان گەلی کورد و دوو زلهێزەکان دەبینێ بەڵام هەروەک له پێشدا باسم کرد گرێ و گۆڵی ئەو ناکۆکییه تێکئاڵقاوەی بۆ ناکرێتەوه. که دەگاته ناکۆکییه ناوخۆییەکان، ناتەبایی نێوان خانەکان وخەڵکی بێ دەسەڵات و نارێکی نێوان خانی وخانەکانی لەبەرچاوه، بەڵام دژایەتی کۆنەپەرستی خۆماڵیی باش بۆ ڕوون نەبۆتەوه و ئەوەندی خانی خۆشی وەدەری خستووه، ئەو ئاشکرای ناکا. خانی پێوەندی ئەو کۆمەڵه ناکۆکییانەی جوان لێکداوەتەوه و دیاردەی سیاسی (دەسەڵاتداریتی) له دیاردەی زمانی و ئەدەبی جیاناکاتەوه، و دین وەدەوڵەت، شیر و قەڵەم، لێکهەڵبڕان ویەکگرتن، دۆست ودوژمن و زۆر جووته دژی تر له تێکهەڵچوون و تێکترمانیان دا دەخاته بەرچاومان. کاک فەرهاد، سیاسەت ـ که مەسەلەی هەرە گرینگی خانی یه ـ له زمان و ئەدەب وکولتوور وکۆمەڵگه جیادەکاتەوه. له لاپەڕەی ٦٦دا بیروڕای خانی دەکاته دوو بەش:

"A) ئەو بەشانەی که ڕاستەوخۆ باسی باری گەلی کورد، باری سیاسی له کوردستانی ئەو زەمانی دەکەن... ئەو بەشانه دەکرێ پێیان بڵێین سیاسی، که لەوێدا خانی تەواوی نووسینەکەی لەمەڕ بابەتی سیاسی بوو و ئەو زاراوانەی(term)که دەکاری دەهێنا، ئەگەر سەردەمی ژیانی خانیمان لەبەرچاو بێ، دەکرێ سیاسی حیساب بکرێن.

B) ئەو بەشانەی که ڕاستەوخۆ باسی بابەتی سیاسی ناکەن بەڵام ناوەرۆک وئامانجەکەیان لەگەڵ بیری سیاسی خانی یەکدەگرێتەوه. ئەوانه، ئەو بەشانەن که باسی زمانی کوردی، کولتووری کوردی ولایەنی ئینسانناسانەی(anthropological) کۆمەڵگەی کوردەواری و مێژووی کورد دەکەن".


هەروەک له پێشدا ئیشارەم کرد، خانی سیاسەت وزمانی تێکەڵ کردووه(شیر وقەڵەم)و له مەم و زین دا، زمان و ئەدەبی کوردیی تووشی شەڕێکی نابەرابەر بوون لەگەڵ دوو زمانی بەهێزی فارسی وعەرەبی(خانی ناوێرێ باسی عەرەبی بکا)، لەگەڵ کەمتەرخەمی حاکمه کوردەکان، لەگەڵ دوژمنایەتی«خەڵقێ ناساز» ولەگەڵ بێ سەروشوێنی خودی زمان و ئەدەبەکەمان.

## چوار . زین ومەم: دوو پارچەی کوردستان

له کتێبێکدا که تەرخانی لێکۆڵینەوەی کوردایەتی له مەم وزین ی خانی کراوه، دەبێ چاوەڕوان بین نووسەر پێوەندی نێوان دیباچەکەی ـ که لێکدانەوەی باری سیاسی کوردستانه ـ و چیرۆکەکه شی بکاتەوه. بەڵام کاک فەرهاد تخوونی ئەو باسه نەکەوتووه. تەنیا چەند جار له خانی دەگێڕێتەوه که مەبەستی شاعیر له نووسینی مەم وزین ئەوه بوو غەمی خۆی دەرببڕێ(ل ٥٨، ٤٩، ٤١).

٣٢٠ شەرحا غەمێ دل بکەم فەسانە
زینێ و مەمێ بکەم بەهـــانه

بەڵام زین و مەم چۆن کراونەتە«بەهانه»؟! چیرۆکێکی ئەوینداری چۆن دەتوانێ باری سیاسی کوردستانی وێرانکراو و لەخوێن گەوزاوی سەدەی ١٧ڕابگەیێنێ؟ کاک فەرهاد به دروستی دەڵێ که «سێ فەسڵەکەی دیباچەی مەم و زین کۆڵەکەی چیرۆکەکەیه و خانی زۆربەی بڕوا و فکری سیاسی خۆی لەوێدا دەربڕیوه» (ل ٥٧). پرسیارێکی بەجێ ئەوەیه: پێوەندی ئەو کۆڵەکەیه لەگەڵ ئەو کۆشکەی که ڕایگرتووه چییه؟ ئەگەر زۆر له نووسراوەکەی کاک فەرهاد بکۆڵینەوه تەنیا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ که خانی مەم وزین ی بۆیه هەڵبژاردووه که چیرۆکێکی کوردییه(ل٥٨ -٣٩). دیاره چاوەڕوانی وەی دەکرێ که خانی، وەک داهێنەری بیری کوردایەتی،




چیرۆکێکی کوردی بکاتە ئامرازی دەربڕینی غەمی خۆی. بەڵام «مەم و زین» تەنیا چیرۆکی کوردی نییە و ناکرێ بڵێین لە زەمانی خانیشدا تاقە چیرۆکی کوردی بووە.

بە بۆچوونی من، هەڵبژاردنی چیرۆکی «مەم و زین» بۆ لێکدانەوەی باری ئەوێستەی کوردستان و پاشەڕۆژی کارێکی وشیارانە بووە. زین ومەم، لە بەرهەمی خانی دا، نوێنەری دوو پارچەی کوردستانن(لە سەدەی ١٧دا) و بەکر کە بە داچاندنی تۆوی دوو بەرەکی بوو بە هۆی مردنی هەر دوو دلدار، نوێنەری «نیفاق» و «شیقاق»ی ئەمارەتە کوردەکانە. لە دنیای خانی دا، چۆنی مەم وزینان ـ کە لە لەش وخوێنی بەکر روا وتەیهێشت زین ومەم دوای مردنیش بەیەکتر بگەن ـ نەیدەهێشت لە پاشەڕۆژیشدا دوو پارچەی کوردستان یەک بگرنەوە. هیچ چیرۆکێکی دلداری ـ کوردی یان غەیری کوردی ـ نەیدەتوانی درامایێکی وا لەگەڵی کورد و کوردستان بخاتە بەرچاو.

کەوابوو دیباچە و چیرۆک وەک عاشقە وماشقە لێکهاڵاون. ئەگەر دیباچە نەبا، مەم وزین ی خانی، وەک بەیتەکە، تەنیا چیرۆکێکی ئەویندارى دەبوو و زۆرتر وەک بەرهەمێکی ئەدەبی نوسراو لە بەرانبەر ئەدەبی زارەکی دا بایەخی دەبوو. هەروەها ئەگەر چیرۆکەکە «خەج و سیامەند»یان حیکایەتێکی دلداری دی با، نەیدەتوانی لێکدانەوەی سیاسی دیباچەکە وەک تراژێدیێکی قووڵ پێشان بدا. ئەو لێکهاڵانەی چیرۆک و دیباچە، ئەدەب وسیاسەت، کاکڵ وتوێکڵ و مێژوو و ئەفسانە، مەم وزین ی خانی کردۆتە بەرهەمێکی هەرە گەورەی ئەدەبی کوردی و بەرهەمێکی گرینگ وهێشتا باش نەناسراوی ئەدەبی جیهانی.

نووسراوەکەی کاک فەرهاد، کە هەوەڵ کتێبە سەبارەت بە مەم و زین بە زمانی ئینگلیسی، نەیتوانیوە ئەو بەرهەمە، ئەوەندەی کە شایەنی خانی یە، لە دنیای ئەدەب وسیاسەتدا، بخەمڵێنێ.[٧]

## پێنج ـ میتۆدۆلۆژی لێکۆڵینەوە

بە بڕوای کاک فەرهاد **مێژووی ئەدەبی کوردی** مامۆستا عەلائەدین سەجادی تەنیا سەرچاوەی هەمەلایەنییە لە باسی مێژووی ئەدەبدا بەڵام پێی وایە لێکۆڵینەوەکەی مامۆستا «بنچینەیێکی ئاکادیمیک و عیلمی» نییە. من کە کتێبەکەی کاک فەرهادم لێکداوەتەوە، بۆم روون بۆتەوە کە تێکۆشانەکەی خۆشی بنچینەیێکی زانستی نییە. بەپێچەوانەی ئەو، مامۆستا سەجادی دنیایێک زانیاریی تازە و گرینگی لەمەڕ مێژووی ئەدەبی کوردی کۆ کردەوە و لە هەر بابەتێکدا تێبینی گرینگی پێشکەشی دنیای زانست کرد ـ دیارە لە چوارچێوەی باری زانستی سەردەمی خۆیدا(١٩٥٢). لەگەڵ ئەوەشدا سووڕۆی لێکۆڵینەوەی کاک فەرهاد بە بەرینایی سووڕەی مامۆستا سەجادی نییە، نەیتوانیوە نە لە دۆزینەوەی سەرچاوەکان و هەڵسەنگاندن و ناسینی ئەو سەرچاوانەدا و نە لە کەڵک وەرگرتن لە شێوەی لێکۆڵینەوەی زانستی دا وەپێش مامۆستا سەجادی بکەوێ. من تەنیا چەند نموونەیێک لە شێوەی لێکۆڵینەوەی کتێبەکە هەڵدەبژێرم.

١) رووداوێکی گرینگ لە مێژووی ناساندن و لێکۆڵینەوەی مەم و زیندا، بڵاوبونەوەی «تێکستا کریتیک»(مەتنی رەخنەیی) کتێبەکە بوو کە مارگریتا رودینکۆ ئامادەی کردبوو و «ئانیستیتۆی ملتید آسیا»ی «آکادمیا علمی یا تفاقا شوری» لە زنجیرەی «آثارید ادبی ید ملتید روهلاتی» لە ساڵی ١٩٦٢ چاپی کرد. رۆدینکۆ لە سەرەتای کتێبەکەدا، بە زمانی رووسی نۆ دەستنووسی مەم وزین ی ناساندووە(کە هەر یەکەی بە حەرفێک A, C, D, E, F, G, H, I, K نیشانە کراوە).

هەروەها مامۆستا«قانات کوردو» پێشگوتنێکی(بە ئەلفوبێی عەرەبی ـ کوردی) نووسیوە. رۆدینکۆ مەتنی مەم و زینی بەوجۆرەی کە لە دەستنووسەکاندا نوسراوە، بە ئەلفوبێ و رێنووسی کۆنی کوردی بڵاوکردۆتەوە و ئەگەر یەک حەرف یان وشە یان میسرەع لە یەک یان چەند دەستنووسدا جیاوازیان هەبێ، حەمووی لە پەراوێزی هەر لاپەرەیێکی کتێبەکەدا دیاری کردووە. هەروەها، بەیتەکان (بیت = دوو مصرع) ژمارەیان هەیە و تەواوی کتێبەکە بریتییە لە ٢٦٥٥بەیت. رودینکۆ مەم و زینی کردۆتە رووسی ودوو ئیندێکسی ساز کردووە. یەکیان ئیندێکسی نێوی تەواوی ئەو کەسانە(وەک مەم، بەکر، قەڵی تەیران...) و ئەو جێگەیانەیە(وەک بۆتان، رۆم، کەربەلا..) کە لە یەک یەکی بەیتەکاندا هاتووە. ئیندێکسەکەی دی وشە وزاراوەکانی لێکداوەتەوە و دیاری کردووە کە هەر یەکەی لە کام بەیتدا هاتووە(وەک کوفی، محتسب، خروار، دینار...).

با بزانین کاک فەرهاد چۆن لەو سەرچاوە تێگەیشتووە. لە لاپەرەی ٩دا دەنووسێ:

"ئەو چاپە(edition)وەک باشترین و بڕواپێکراوترین چاپی مەم و زین ناسراوە چونکە بێجگە لە چاپەکانی پێشوو، رودینکۆ تەنانەت ئەو دەستنووسانەی مەم وزینی دەکارهێناوە کە لە کتێبخانەی ئەنستیتوی رۆژهەڵاتناسی لینینگراد رادەگیرێن.

رودینکۆش خەتی عەرەبی بۆ نووسینی مەتنی کوردی

چاپەکــــەی خــــۆی دەکـــــارهێنا. دەنگی بزوێنی(vowel)کورت وئامرازی possessive ی ىَ و اِ( ê ـ a) جارجار نەنووسراون. لە ساڵی ١٩٦٢دا کە رودینکۆ کتێبەکەی چاپ کرد، ڕێنووسی نوێی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی لە کوردستانی عێراق باو بوو، بەڵام وادیارە ئاگای لەو گۆڕانە[ ڕێنووسی نوێ] نەبووە.

من زۆرتر لەو چاپەم کـەڵک وەرگـرت و ئەو بەیتـانەی خانی کـە کـێـراومنەوە لەو چاپەم وەرگـرتوون. لە چەند جێگەیێک کە شکم بوو ئەو[ رودینکۆ]وشەیێکی ڕاستی هەڵبژاردبێ، لە چاپەکانی ترم کەڵک وەرگرت."

لەو قسانەی کاک فەرهاد وا دەردەکەوێ کە نازانێ «مەتنی ڕەخنەیی» چییە و بۆچی دەبێ. ڕاسـتـییـەکەی ئەوەیە کە لەو کـتـێبـەدا، رودینکۆ مەبەستی ئەوە نەبووە کـە مـەتنە چاپ کراوەکـان ڕاست بکاتەوە. کـاک فـەرهاد دەڵێ «تەنانەت» دەستنووسـەکـانی لێنینگرادیشی دەکارهێناوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کتێبەکەی رودینکۆ بریتییە لە مەتنی هەشت دەستنووسی کتێبخانەی سالتیکۆڤ ـ شچدرین لەگەڵ دەستنووسێکی بەشی لێنیگرادی "ئەنستیتووی گەلانی ئاسیا". تێکستاکریتیک کاتێک دروست دەکرێ کە دەستنووسی ئەسڵی دەستخەتی شاعیر یان نووسەر فـەوتابێ و ئەو مـەتنانەی کـە نووسـەرەوەی جـۆراوجـۆر هەر یەکـەی لە زەمـانێک و مـەکـانێکدا نووسـیـویانەتەوە یەک نەگـرنەوە و هەڵـەیان تێکەوتبێ یان دەستیان تێوەردرابێ. تێکستاکریتیک یارمەتیمان دەدا کە هەڵەکان ببینینەوە وئەگەر بکرێ مـەتنی ئەسڵی پێ ساغ بکـەینەوە. جا بۆیە رودینکۆ خـۆی دەسـتی لەو مـەتنانە وەرنەداوە و تەنیـا جـیـاوازی مـەتنەکانی دیاری کردووە. هەر بۆیە لە مەتنی کریتیکدا نابێ ڕێنووسی هیچ وشـەیەک بگـۆڕدرێ تەنانەت ئەگـەر ڕێنووسـەکـەی هەڵە بێ. ئەگـەر رودینکۆ ڕێنووسی تازەی کوردی دەکارهێنابا بەرهەمەکەی بایەخی زانستی نەدەبوو.

٢) کــاک فــەرهاد دەنووسێ کــە "مــەم وزین هەوەڵ جــار لە ١٣٣٧-١٣٣٥ی هیـجـری(١٩١٩-١٩١٧)دا لە ئیـسـلامـبـول .. بڵاوبۆتەوە" (ل٨). ئەوە ڕاستە کە لە سەر بەرگی چاپی هەوەڵ نووسراوە ١٣٣٥- ١٣٣٧، بەڵام ئەو دوو سـاڵانە یەک سـاڵ پێـشـان دەدەن ئەک دووسـاڵ. ساڵی ١٣٣٧هیجرییە و ساڵی ١٣٣٥«سـاڵی مـاڵی»یە و هەردووکیان بەرانبەری ساڵی ١٩١٩ی زایینین. ساڵی ماڵی(سنە " مالیە) کە سـاڵژمێرێکی ڕۆژیی(شـمـسی)بوو هەوەڵ جار لە ١٦٧٦ لە دەزگای دەوڵەتیـدا دەکارهێندرا و لە ١٨٣٩ بوو بەسـاڵژمێری ڕەسـمی دەوڵەتی عوسمانی و هەتا ١٩٢٥ لە ئارادا بوو. من نامەوێ ڕەخنە لە کاک فەرهاد بگرم کە بۆچی ئاگای لە ساڵی ماڵی نییە. بەڵام لە شێوەی لێکۆڵینەوەی زانستی دا، لێکۆڵەرەوە دەبێ هەمـیشـە شک بکا، پرسـیار بکا وڕەخنە بکا. بۆچی تاریخی چاپی کتێب کە زۆرتر یەکسـاڵە ـ ساڵی تەواوبوونی چاپکردن ـ لە مەم وزین دا بۆتە دوو ساڵ؟ بۆچی سەرچاوەی تر، وەک مەم وزین ی محەمەدئەمین بوزەرسلان، ساڵی چاپیان ١٩١٩ نووسیوە ـ یەک سـاڵ، ئەک دوو ساڵ؟ ئەگـەر نووسـەر ئەو پرسـیارانەی کردبا تووشی ئەو هەڵەیە نەدەبوو.

٣) کاک فەرهاد لە باسی «شێعری لیریکی» خانیدا دەڵێ:



"ژابا بەعزێک لە شێعرەکانی خانی وەک دەستنووس لە ساڵی ١٨٦٠دا بردۆتە سـێنت پیـتـرزبۆرگ بەڵام ئەو شێعرانەم لەبەر دەستی نەبوون"(ل ٥٩ ).

دوایە لە پاراگرافێکدا، باسی سێ شـێـعـری خانی دەکا بەڵام هیچ سەرچاوەیێک بۆ ئەو سێ شێعرانە دیاری ناکا. ئەو شێعرانەی خانی کە ژابا کـۆی کـردبوونەوە بە دووردرێژی لە کـتـێبـەکـەی رودینکۆ، «شەرحی دەستنووسە کوردییەکانی *کۆگەی لێنینگراد*»، باسیان کراوە. ئەو کـتێبە لە کتێبخانەی زانستگاکانی ئورووپا وەدەست دەکەوێ. هەر لێکۆڵەرەوەیێک لە ساڵانی ١٩٧٠ یان سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠دا دەیتوانی لە کتێبخانەی زانستگا داوا بکا کە فتۆکۆپی یان مـیکرۆفیلمی ئەو دەستنووسانەی بۆ وەربگرن. بێجگە لەوەش، رودینکۆ لە ساڵی ١٩٦١دا، حەوت پارچە لەو شـێـعـرە دەسـتنووسانەی خانی، لە گـۆڤـاری **گەلانی ئاسیا وئەفریقادا** بڵاوکردبۆوە. ئەو گـۆڤارەش لە کتێبخانەی زانستگاکانی ئورووپا سووک و هاسان پەیدا دەبێ. خۆ ئەگەر نووسەر بڵێ ڕووسیش نازانم، بیبلیۆگرافی ئەو دەستنووسانە لە کتێبەکەی د. عزالدین مصطفى رسول دا دیاری کراون (ل٠٠٥) و دەبوو حـەول بدا پەیدایان بکا یان بەلانی کـەمـەوە ئەو سەرچاوانە بنووسێ و بڵێ نەمتوانی وەدەستیان بخەم.

٤) پێـداویسـتـێکی لێکۆڵینەوەی زانسـتـی، ڕوونکردنەوەی مەفهوومەکان و چوارچێوەی تیۆری یە. گشت ئینسانێک ـ چ لێکۆڵەرەوە بێ یان خوێنەرەوە ـ تیۆری و ئیدیۆلۆژی و فەلسەفەی خۆی هەیە. بەڵام لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا، ناکرێ عـەرز وعـاسـمـان و زەمـان و مـەکـان تێکەڵ بکەین و بە کەیفی خۆمان هەرچی پێمان خۆش بوو بیرێسین.

کـاک فـەرهاد چەند تێرم( term، زاراوە) یان مـەفـهـووم(concept) دەکاردێنێ کە لە تیۆری ئەدەبی ولە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا باون، وەک

ئێپیک(epic)، نەتەوە(nation)، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی(national liberation movement)، دەوڵەت- نەتەوە (nation-state)و هتد. لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ کام لەو تێرمانە مەعنایێکی تەواو ڕوونیان نییە، ئەوانە وەک زاراوەی زانستی ناسراون و لە قامووسی عیلمی و لە دائرەالمعارفان دا مەعنایان شی کراوەتەوە. کاک فەرهاد بە کەیفی خۆی ئەو مەفهوومانە دەکاردێنێ و گوێ ناداتە مەعنا تایبەتییەکەیان.

بۆ وێنە فۆرمی ئەدەبی مەم وزین ی خانی وەک ئێپیک(epic) دیاری دەکا و دەڵێ ئەو بەرهەمە نموونەیێک لە ئێپیکی ڕۆژهەلاتی ئیسلامییە(Islamic Oriental epic): "لە نووسینی مەم وزین دا، خانی تەرحی(pattern)ئێپیکی ڕۆژهەلاتی ئیسلامی دەکار هێنا لە چوارشێوەی شێعری کلاسیکی ڕۆژهەلات دا[8]"(ل ٥١). لە چاپی ١٩٨٣ ی کتێبەکەی کاک فەرهاددا، وشەی «ئیسلامی» تێدا نەبووە(ل٢٢چاپی١٩٨٣) و ئەو وشەیە لە چاپی تازەدا لێی زیاد کراوە.

ئێپیک چەشنێک چیرۆکە کە مێژووی گەلێک یان وڵاتێک بە چەند زنجیرە حیکایەت لە کۆنەوە دەگێڕێتەوە و ڕاستی وئەفسانە تێکەڵ دەکا و شەڕی قارەمانێکی گەل لە دژی دوژمن یان شەڕی وڵاتێک لە دژی وڵاتێکی دەستدرێژکەر باس دەکا. **شاهنامەی** فیردەوسی نموونەیێکی باشی ئێپیکە. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر کەس بە مەم وزین یان گوتووە «ئێپیکی نەتەوەیی» بەڵام چیرۆکەکە خۆی ئێپیک نییە حیکایەتێکی دڵدارییە.[9] ئەوانەی بە مەم وزین دەڵێن «ئێپیکی نەتەوەیی» لەبەر دوو شتە: هەوەڵ، ناوەرۆکی دیباچە، کە باسی چارەنووسی گەلی کورد دەکا، دووەم، دەوری مەم وزین لە کوردایەتیدا وەک بەڵگەیێک بۆ تۆمارکردنی پێشینەی بەنیسبەت کۆنی بیری نەتەوایەتی. هەروەک لە پێشدا باسم کرد، خانی کاکڵی ئەویندارانەی چیرۆکەکەی کردۆتە توێکڵی درامای چارەنووسی سیاسی گەلی کورد لە سەدەی حەڤدەدا. بەو مەعنایە دەکرێ بڵێین مەم وزین ئێپیکە. بەڵام کاک فەرهاد، بە فۆرمی ئەدەبی مەم وزین وتەنانەت بە شێخی سەنعانیش دەڵێ ئێپیک (ل٤٤). لەگەڵ ئەوەشدا تێکەڵاوبوونی ئێپیک و چیرۆکی ئەویندارى شتێکی سەیر نییە، بەڵام لە کتێبەکەی کاک فەرهاددا، وەک وشەیێکی گشتی، لەباتی چیرۆک و مەلحەمە و حەموو جۆرە حیکایەتێک دەکارهێنراوە. تەنانەت وشەی «فەسانە»ی لە «شەرحا غەمێ دل بکەم فەسانە»دا، وەک epic وەرگێڕاوەتە سەر ئینگلیسی(ل ١٣٦).

کاک فەرهاد دەڵێ بۆ تێگەیشتنی مەبەستی خانی پێویستە وشەکانی مەم وزین بەو مەعنایانەی کە زەمانی خانی بوویانە لێک بدەینەوە(ل ١٤- ١٣). ئەوە ڕێبازێکی مێتۆدۆلۆژی زانستییە بەڵام کاک فەرهاد خۆی وەدوای ناکەوێ. بۆ وێنە وشەی عەرەبی «ملە» ("ئەنواعێ میلەل خودان کتێبن") لە زەمانی خانیدا مەعنای nation یان «نەتەوە[10]»ی ئەوڕۆی نەبوو و دوایە لە ئاخر وئۆخری قەرنی ١٩دا لە زمانی فارسی وتورکیدا ئەو مەعنایەی پەیدا کرد. وشەی nation هەوەڵ جار لە ئورووپا مەعنای تازەی وەرگرت بەڵام تەنانەت لە ئورووپای زەمانی خانیشدا هێشتا ئەو مەعنایەی تەواو باو نەبوو. کاک فەرهاد بە بیری نەتەوەیی خانی دەڵێ «ناسیۆنالیسم» و بە حەرەکەتی سیاسی کوردستانی سەدەی حەڤدە دەڵێ «بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی». تەنانەت دەڵێ «... خانی باری کوردستانی بە شێوەی سیاسی لێکداوە و بانگەوازیخەبات بۆ ئازادی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەت ـ نەتەوەیێکی (nation state) کوردی کرد»(ل٦؛ هەروەها بڕوانە ل٩٦).

ئاشکرایە کە خانی ئاڵای دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی هەڵکرد، بەڵام مەفهوومی دەوڵەت ـ نەتەوە لە زەمانی خانیدا، چ لە کوردستان چ لە ئورووپا، دانەڕێژرابوو. لەگەڵ ئەوەشدا خانی دەیویست دەوڵەتێکی کورد بەسەر گەلی کورددا حکوومەت بکا، بەڵام مۆدێلەکەی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی بوو. لەو دەوڵەتانەدا گەلێکی حاکم (وەک تورک لە عوسمانی و و عەجەم لە ئێران) بە سەر چەند گەلی تردا زاڵ بوون. لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجی خانی دامەزرانی دەوڵەتێکی کورد بوو، بەڵام بیری دەوڵەتێکی فرە گەلیی دەربڕیوە:

گەر دێ هەبوا مە ئیتیحادەک
ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک
ڕۆم وعەرەب وعەجەم تەمامی
هەمیان ژمە را دکر غولامی

کاک فەرهاد دەڵێ بیری «ناسیۆنالیسم» و «دەوڵەت ـ نەتەوە» لەناو گەلانی وڵاتە ئیسلامییەکان هەتا ناوەڕاست یان ئاخری سەدەی نۆزدە نەناسرابوو(ل ٩٦ - ٩٥)، بەڵام دەیەوێ ئەو بیرە ڕابگەیێنێ کە کوردستان ئیستیسنا[ئاوارتە]یێکی گەورەیە لە مێژووی وڵاتە ئیسلامییەکاندا.

دیاردە و مەفهوومی «نەتەوە» و«ناسیۆنالیسم» یەکجار ئاڵۆز و پڕ لە گرێ وگۆڵن. گشت ساڵێ هەزاران لێکۆڵینەوەی زانستی سەبارەت بەو باسە بڵاودەبێتەوە و تەنانەت چەند گۆڤار ودائرەالمعارفێکی تایبەتی ناسیۆنالیسم هەیە. پێداویستی لێکۆڵینەوەی زانستی ئەوەیە کە بۆ لێکدانەوەی«کوردایەتی لە مەم و زین دا»حەول بدەین شارەزا بین لە تیۆری و پراتیک و مێژووی نەتەوە و ناسیۆنالیسم. لێکۆڵینەوەی کاک فەرهاد ئەو شارەزاییەی تێدا نییە و تەنانەت یەک سەرچاوەشی سەبارەت بە ناسیۆنالیسم یان تیۆری ئەدەبی(literary theory) دیاری نەکردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەس ـ لە حاجی قادرەوە بگرە تا نووسەرانی ئەوڕۆ ـ باسی کوردایەتی لە مەم وزین ی خانیان کردووە، کتێبەکەی کاک فەرهاد وەک تێکۆشانێکی سەرەتایی و سونەتی نرخی خۆی هەیە. بەشێک لەو نرخەی لەوە دایە کە پێشانمان دەدا شێوەی سونەتی لێکۆڵینەوە هیچی لێ هەڵناوەرێ. دەبێ هەنگاوی تازە و خێرا هەڵبگرین، ڕچە بشکێنین، بە وڵاتی ئاناشنا و نەناسراودا تێپەڕین، پرسیاری نەکراو بکەین و ڕەخنە بکەین و ڕەخنە وەربگرین.

ئەرکی خانی لە شانان سووک نییە. سێسەد ساڵ دوای دانانی مەم و زین، هێشتا زانیاری مە سەبارەت بە خانی و بەرهەمەکانی لە قۆناخێکی سەرەتایی دایە. پێویستە ئەو هەنگاوانە هەڵێنین:

١) دۆزینەوەی بەرهەمە نەناسراوەکان و بڵاوکردنەوەیان
٢) دۆزینەوەی دەستنووسی تری مەم و زین و دانانی مەتنێکی ڕەخنەیی لە سەر بنچینەی مەتنی ڕودینکۆ
٣) لێکدانەوە ولێکۆڵینەوەی وشە و زاراوەکانی **مەم وزین**
٤) لێکۆڵینەوەی لایەنی زمانناسی و ئەدەبی مەتنەکە

٥) دانانی چەند ئیندێکس بە شێوەی رودینکۆ
٦) بەراوردکردنی مەتنی نووسراو و زارەکی
٧) دانانی بیبلیۆگرافیای خانی و مەم وزین و . . . زۆر ئەرکی تر.

هەروەها پێویستە مەم و زین بە روانگەی تازەی فکری وسیاسی و ئیدیۆلۆژی لێک بدەینەوە و . لە باتی شەڕە جنێو خەریکی جەدەل بین. جەدەلێکی وا خەریکە لە لاپەڕەکانی گزینگ دا دەست پێدەکا.[11] هیوام وایە ئەو ڕەخنەیە هەنگاوێک بێ لەو ڕێگە خۆش نەکراوەدا.

**پەراوێزەکان:**

١- ئەو بەشە بە کوردیش بڵاوبۆتەوە. بڕوانە: فەرهاد شاکەلی، "بنچینەکانی بیری کوردایەتی لە مەم و زینی خانیدا"، هیوا/ Hêvî، ژمارە ٤، ئەیلوولی ١٩٨٥، پاریس، ل ٧٨ - ٤٩.

2- G. L. Lewis, "*Bidlis*", *Encyclopaedia of Islam*. Vol. 1, 1960, pp. 1205 -1206.

3- M. B. Rudenko, *Literaturnaia i Fol'klornye Versii Kurdskoi Poemy "Iusuf i Zelikha"*, Moscow: Nauka,1986.

٤ – م. ب. رودینکۆ، "ئەدەبی کوردی سەدەی حەقدەیەم"، ڕووناکبیری، ژمارە ١، مارتی ١٩٩٢، ل ٧٦.

٥ – کتێبەکەی کاک فەرهاد تەنیا وەرگێڕدراوی ئینگلیسی شێعرەکانی تێدایە. من بۆ گێڕانەوەی ئەو شێعرانە، وەک کاک فەرهاد لە مەتنی رودینکۆ کەڵک وەردەگرم، بەڵام گۆڕینی ڕێنووسی کۆنم لە مەتنی مامۆستا هەژار (مەم و زین، چاپی ئەنستیتووی کوردی پاریس، ١٩٨٩) وەرگرتووە. ژمارەی بەیتەکانی مەم و زینی رودینکۆ و هەژار هەتا ٢٧٥ وەک یەک وایە. لە ٢٧٦ بەولاوە مەتنی مامۆستا هەژار یەک بەیتی لە مەتنی رودینکۆ زیاترە (لە مەتنی رودینکۆدا بەیتی ژمارە ٢٧٦ مەتنی هەژار لە پەراوێزدا هاتووە و ژمارەی لێنەدراوە).

٦ – مەتنە کوردییەکەی ئەو سەرەتایەی ئوپارا بچووکان لە کتێبەکەی کاک فەرهاددا نەهاتووە. نووسەر لە مەتنی A. v. Le Caq ی کەڵک وەرگرتووە و منیش لێرە هەر لەو سەرچاوەم گێڕاوەتەوە و تەنیا ئیعرابەکانم لابردووە.

٧ – من حەولم داوە قسەکانی کاک فەرهاد وشە بە وشە وەربگێڕم و ئەوەندەی دەکرێ وەرگێڕدراوەکەی من نزیک بێ لە نووسراوەکەی ئەو. بەڵام جاری وایە ڕستەکانی کاک فەرهاد باش نەهۆندراونەتەوە و وەرگێڕانیان زەحمەتە. نووسەر دەبوو کتێبەکەی، پێش بڵاوکردنەوە، دابا بە کەسێکی زمانی زگماکی ئینگلیسی بێ بۆ ئەوەی پێیدابچێتەوە و هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە.

٨ – کتێبەکەی Alan Ward کە لە ساڵی ١٩٦٨ لە ئامستردام بڵاوبۆوە، *Mem û Zîn: Mam and Zin, Kurdish National Epic* "وەرگێڕدراوی مەتنێکی زارەکییە" کە لە یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٦٢دا بڵاوبۆوە.

٩ – بۆ لێکدانەوەی ژانری (genre) بەیتی«مەم وزین» بڕوانە لێکۆڵینەوە گرینگەکەی د. مایکل شایەت:

Michael Chyet, "*And a Thornbush Sprang up between them": Studies on Mem û Zîn, A Kurdish Romance*, Ph. D. dissertation, University of California, Berkeley, 1991, Vol. I, pp. 64 - 101.

١٠ – من لە جێیەکی دی باسی ئەوەم کردووە کە سەرباقی ئەوەی«میللەت»لە سەدەی حەقدەدا مەعنای nation ی ئەوڕۆی نەبوو، خانی ئەو وشەیەی وا دەکارهێناوە کە زۆر لە مەعنای ئەوڕۆ نزیک بۆتەوە. بڕوانە:

A. Hassanpour, *Nationalism and Language in Kurdistan*, 1918 - 1985, San Francisco, Mellen Research University Press, 1992, pp. 98 - 99.

١١ – بڕوانە: د. عەبباسی وەلی، "سیاسەتی ئەتەوە بێ دەوڵەتەکان" (وتووێژ)، گزینگ، ژمارە ٢، زستانی ١٩٩٤، ل ٦-١٢. هەروەها بڕوانە نووسراوەی من «گەلی کورد و کوردایەتی لە مەم وزین ی خانی دا» لە ژمارەی داهاتووی گزینگ دا. ■

**جۆیس بلاو(Joyce Blau)**

# ئەحمەدی خانی: ژیان و بەرهەم

وەرگێڕانەوە لە ئینگلیسییەوە: هێرش
پێداچوونەوە: هاشم

من پێشەکی دەمەوێ خۆشحاڵی خۆم لەوەیکە ئەو ئێوارەیە توانیم لێرەبم دەربڕم و سپاسی یەکیەتی نووسەرانی کورد، فیدراسیۆنی کۆمەڵەی کوردی و ڕێکخراوی(ABF) لە سوێد بکەم کە منیان بۆ ئەو کۆنفرانسە بانگهێشتن کرد.

کاتێک هاوڕێمان مالمیسانیج داوای لێکردم بێمە ستۆکهۆلم و دەربارەی«مەم و زین» وتاربدەم، لەسەرەتادا لە خۆم پرسی کە چ شتێک دەتوانم بڵێم کە پێشتر لە لایەن پسپۆڕانی ئەدەبی کوردیی نەگوترابێ: لەلایەن ئەمین بوزەرسلان، فەرهاد شاکەلی، یان لە لایەن عەلائەدین سەجادی، عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، هەژار، پەرویز جیهانی و زۆرکەسی ترکە لەسەر ئەو شاکارە بە باشیی نووسیویانە. ئەمن قورسایی تێبینییەکانی خۆم دەخەمە سەر لایەنی تایبەتی ژیانی ئەحمەدی خانی، ئەم هەلومەرجەی ئەو بەرهەمەکەی خۆی نووسی و ئەم تێکنیکە شێعرییانەی کە ئەو لە «مەم وزین»دا کەڵکی لێوەرگرتن. «مەم وزین» جێگایێکی ئەبەدی بۆ ئەحمەدی خانی تەرخان کردووە، جێگایێک کە دەکرێ لەگەڵ هی فیردەوسی لە ئەدەبی فارسیدا ولەگەڵ هی هۆمێر لە ئەدەبی یۆنانی دا بەرناورد بکرێ.

ئەحمەدی خانی کێیە؟

بەداخەوە لە ناوەکەی زیاتر کەم لەسەر ئەو دەزانین. ئێستاش گەورەیی وی وەپێش هەموو شاعیرە کلاسیکییەکان دەکەوێ، چونکە ئەو لە هەر دووک شێوازی حیماسی و غەرامی دا مامۆستا بوو. ئەو عارف(سۆفی) و فەیلەسوفێک بوو کە لە خەڵک دەگەیشت و بۆ وان دڵسۆزی هەبوو.

ئێمە نازانین کە چەند لە بەرهەمەکانی وی بەجێماون. ئێمە پتر بەرهەمە حیماسییەکەی ویمان لەبەر دەست دایە هەتا شێعرە غەرامییەکانی کە وێدەچێ تەنیا چەند بەشی بچووکمان لە ئەوان لە بەردەست دابێ. بەرهەمی سەرەکی شاعیر واتە مەم وزین – کە ئەوساڵ سێسەدەمین ساڵی جێژن دەگرین – شێعرێکی درێژە بە ٢٦٥٥ دێڕ(بەیت)ی دەوڵەمەند لەباری خەیاڵی شاعیرانە و شێوازی غەرامییانە. ئەو بەرهەمە، تێکنیکێکی جیکەوتووی شێعریی و پێگەیشوویی(کەماڵی)دەربڕین دەردەخا کە کۆششێکی درێژخایەنی بە خۆیەوە تەرخان کردووە.



پرۆفیسۆر جۆیس بلاو

ئەحمەدی خانی هەروەها دانەری «نوبارە"یا نوبوهار، نوبوهارا بچووکان" (نۆبەرەی منداڵان)، کە قاموسێکی عەرەبی ـ کوردیی قافیەدارە، بۆ عەرەبی فێرکردنی منداڵانی کورد. ٩٥٠ وشەی عەرەبی بە کوردی وەرگێردران وبە پێی بابەت بە ١٤ بەش دابەشکراون. ئەوە یەکەمین کاری فەرهەنگنووسییە لە کوردیدا.[1]

ئەحمەدی خانی هەروەسا کتێبی «عەقیدەیا ئیمانێ»ی وەک بروانامەیێکی عەقیدەیی لە ٧٣ دێڕدا نووسی و، سەرەنجام ژمارەیەک غەزەل بەکوردی و تورکی وفارسی.

تا نیوەی سەدەی نۆزدەهەم لێکۆڵەرەوەکان ئەدەبی کوردییان نەدۆزیبووەوە. لەو زەمانەدا، تازە لێکۆڵینەوەی کوردی دەستی پێدەکرد و، فکری باو ئەوەبوو کە کوردان خەڵکێکن بێ ترادیسیۆنی نووسین وتوانایی داهێنانی ئەدەبییان نییە.

زانای رووسی «و. دیتێل»یەکەم کەسە سەبارەت بە ئەدەبی کوردیی نووسی و سەرسوورمانیی خۆی لە دۆزینەوەی هەبوونی ئەدەبێکی سەربەخۆ و دەوڵەمەندی کورد ڕاگەیاند: "ئەمن فکرم نەدەکردەوە زاراوەگەلی عەشیرەتەکانی کورد، کەم ناسراو لای ڕۆژهەڵاتناسەکان، بتوانن لە پاڵ ترادیسیۆنی زارەکییان، ئەدەبێکی نووسراوی ئاوا دەوڵەمەند بخولقێنن". هەروەها لە سەری ڕۆیشت: " ئەدەبی کوردان تاڕادەیێک قەرزداری سەرچاوەکانی خۆماڵی و تاڕادەیێکیش قەرزداری سەرچاوەکانی ئێرانییە".[2]

ئەو بۆچوونە دە ساڵ دواتر، لە ساڵی ١٨٥٨، لەلایەن زانایەکی دیکەی رووسی «پیۆتر لێرخ» ـ کە بەگشتی وەک باوکی کوردناسیی رووسی دەژمێردرێ، دووپات کرایەوە. ئەو نووسی: " کوردان ئەدەبی خۆماڵی خۆیان نەخولقاند، چونکە بۆ یەکگرتوویی سەرنەکەوتن و بە ئامانجی سەربەخۆییان نەگەیشتن. لە سەرئەو حاڵەشرا، بە دڵناواییەکی سەرزیندوو، بەکارهێنانی شعوور، ئەوان ئەو شانسەیان بۆ ڕەخسا کە لەکولتووری گەلانی دراوسێیان ــ عەرەب و فارس وتورکەکان کەڵک وەربگرن. ئەوە بە پێشڕەفتی فکری و ڕۆشنگەری کوردان یارمەتی گەیاند".[3]

ئیعتیباری دەستپێشخەری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیی سەدە ناوەندییەکان، ئەشێ بدرێتە زانای پۆڵەندی «ئەلەکساندر. د. ژابا» دیپلۆماتێکی پایە بەرز، لێکۆڵەرەوەیەکی فێرکەر و درەوشاوە، کۆکەرەوەیەکی کوڵنەدەری دەستنووسەکانی کوردی، کە لە ساڵی ١٨٠١ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٨٩٤ لە سمیرنا ـ ئەزمیر مردووە.

رووسیای تزاری لە لاوازبوونی ئیمراتوری عوسمانی و ئێران کەڵکی وەرگرت بۆ پەلناوێژی ودەستدرێژی ئەوپەڕی قەفقاز. لشکری رووسیا لەگەڵ کوردە سەربزێوەکان ڕووبەڕوو بوو کە سنووری ئەو ئیمپراتورانەیان دەپارادست؛ ئەوان بوونە هۆی هاندانی عەلاقەیەکی توند. ئاکادیمیای سەڵتەنەتی علووم لە شاری سێنت پێترزبۆرگ، بوو بە یەکەمین ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردیی لە جیهاندا.

کاتێک ئەلەکساندر ژابا لە ساڵی ١٨٤٨، بۆ کونسولی رووسیا لە شاری ئەرزەڕۆم دەستنیشان کرابوو، ئاکادیمیسیەن «ب. ئا. دۆرن» پێشنیاری کرد کە ئەو بە کەڵک وەرگرتن لە کارەکەی، لە نێو جەرگەی قەڵەمڕەوی کوردان دا، لە سەر کرمانجی لێکۆڵینەوە بکات. لەو کاتەوە، ژابا تەواوی وەختی زیادی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی کەرسە لەسەر زمان و ئەدەب ومێژووی گەلی کورد تەرخان کرد و بە عەلاقەوە ئەو کارەی هەتا کۆتایی ژیانی درێژە پێدا.

لە ئەرزەڕۆم، ژابا لەگەڵ زانایانی کورد پێوەندی بەرقەرارکرد، یەکێک لە ناوادارترینیان بێشک مەحموود ئەفەندی بایەزیدی بوو، کە یارمەتی وی گرینگییەکی بەرچاوی هەبوو. مەحموود ئەفەندی نزیکەی شێست ساڵێکی تەمەن دەبوو کاتێک ئەوان یەکتریان چاو پێکەوت. ئەو لە دەوروبەری ساڵی ١٧٩٧ لە بایەزید لەدایک بووە، لە پێشدا لەم شارە و پاشان لە تەورێز دەرسی خوێندووە.

ئەو قورعان و هەروەها ئەدەبیاتی فارسی، تورکی و ئەدەبیاتی عەرەبی خوێندبوو. دوای گەلێک سەفەر لە ناوەوەی کوردستان، گەڕایەوە بایەزید و لەوێ بوو بەرەئیسی مەدرەسەیێک. کاتێک ئەمارەتی کوردیی بایەزید لەناوچوو، مەلا مەحموود لە ئەرزەڕۆم نیشتەجێ بوو، هەر لەوێش بوو بە خواجە. ئەو لە نێو عولەمایانی ناوچەدا نێوبانگێکی شیاوی دەرکرد. مەلامەحموود بۆژابا مامۆستا و وەرگێڕێکی پایەبەرز بوو، هەروەها یارمەتیدەرێکی فیداکاری ژابا بوو لە کۆکردنەوەی دەستنووسەکاندا. ئەو دانەری بابەتگەلی گرینگ بوو وەک: "عادات و رسوماتنامەی کوردان". ئەو هەروەها«شەرەفنامە»ی ئەمیر شەرەفخانی بدلیسی وەرگێرایە سەر کرمانجی.[4]

ئەلەکساندر ژابا، لێکدا لێکدا ئەتیجەی لێکۆڵینەوەکانی خۆی بۆ بەشی زمانی کوردی و شارستانیی ئاکادیمیای علوومی شاری سێنت پێترزبۆگ دەنارد. بە هاوکاریی مەحموو ئەفەندی بایەزیدی، کۆلێکسیۆنێکی تاقانەی لە ٥٧ دەستنووسی کوردی کۆکردەوە کە لە کتێبخانەی میللی ئیمپریالی سێنت پێترزبۆرگ لەساڵی ١٨٦٨، داندران. بەشێکی گەورەی ئەو کۆکراوەیە، بریتییە لە کار و بەرهەمی گرینگترین شاعیرانی کوردی سەدە ناوەندییەکان ، وەک: فەقێ تەیران، مەلای باتێ، مەلای جزیری، هەروەها شاکاری بێ وێنەی شێعری کوردی: مەم و زین ــ ڕوونووسکراو لەلایەن محەممەد غەریب ئیبنی سلێمان، کە لەوانەیە یەکێک لە ئاسناوەکانی مەحموود ئەفەندی بایەزیدی بووبێ. کۆکراوەکە، هەروەها

**• لە زەمانی ئەحمەدی خانی دا، «کوردستانی گەورە»( بە گوێرەی شەرەفەدین خانی بدلیسی) پێکهاتوو لە زنجیرەیەک ئەمارەتی کوردی، بەهۆی تەنسیری شەڕی بێ پایان، تەواوێک چکۆلە بووبۆوە، بەمجۆرە، ئەدەبیاتێک کە لەم سەردەمەدا پەرەی گرت نیشاندەری کاراکتێرێکی ڕیالیستی بەرچاوە کە ژیانی ڕۆژانە و خەڵکی واقیعی وەسف دەکا.**

هێندێک دەستخەتی بێژنە لە شاعیرانی وەک: حاریس بدلیسی، سەلیم ئیبنی سلێمان (یوسف و زلەیخا، سەدەی ١٦)، ڕەمەزانی، مورادخانی بدلیسی، هتد.. وەبەر دەگرێ. ئەو گەنجە بەنرخە و هەروەها دەستنووسەکانی تری کوردیش کە بۆ لێکۆڵەرەوە و توێژەرەوانی ئەدەبی کوردی، ماوەی چەند ساڵێک لەوێ لە بیرچووبوونەوە، تەنیا لە سەرەتای شێستەکاندا( ١٩٦٠) لە لایەن لێکۆڵەرەوەی ئۆکرانیی مارگارێت ب. رودینکۆ "دۆزرایەوە" و هێندێک لە وانی بەچاپ گەیاند. یەک لەو بەرهەمە لەچاپ دراوانە «مەم و زین»ە کە رودینکۆ لە ڕوی ٩ دەستنووسی جیاوازدا ساغی کردووەتەوە.[6]

یەکەمین سەرچاوەی زانیاریی ئێمە سەبارەت بە ئەحمەدی خانی شاعیر، دەقێکی نووسراوەیە لەلایەن مەحموودی بایەزیدی بۆ ئەلەکساندر ژابا کە لە بەرهەمێکی ویدا: "*کۆکراوەی یادداشت و کورتە چیرۆکی کوردیی، بۆ خزمەتکردن بە زانیاریی زمان و ئەدەب وعەشیرەتەکانی کوردستاندا*" هاتووە و بە ئەمری(ئاکادیمیای سەڵتەنەتی علووم)ی سێنت پیترزبۆرگ، لە ساڵی ١٨٦٠ دا لە چاپ دراوە. ئەم دەڵێ: «ئەحمەدی خانی»ی شاعیر لە تۆرەمەی(هەکاری)تایفەیەکی سەر بە عەشیرەتی(خانیان)ە،کە لە ساڵی ١٠٠٠ ی کۆچی(هیجری)لە بایەزید نیشتەجێ بوون. لێرەدا ئەو شێعرێکی عیشقی(عاشق مەعشووقان)دەهۆنێتەوە. ئێمە هەروەها قامووسێکی وشەی کوردی وعەرەبیمان بە ناوی نەوبەهار" نۆبەرەی میوەی بەهار" لەوی دەدەست دایە. لاوانی کورد دوای فێربوونی قورعان ئەو کتێبەیان دەخوێند. ئەو هەروەها شێعری بە کوردی، عەرەبی وتورکی لە شێوەی غەزەلیات وجۆری دی داناوە. ئەو، لە هونەر و زانستدا هۆنەرێکی باش بوو و یەکێک بوو لە درەوشاوەترین شاعیرانی کورد و بەگشتی بە سەرقافڵەی هەموو شاعیرانی دیکە دەژمێردرێ. ئەو لە شاری بایەزید مزگەوتێکی دروست کرد کە ناوی خۆی لەسەرە و، هەر لە نزیکی ئەو مزگەوتەش نێژراوە. الله اعلم.

ئەو دەقەکورتە، گرینگێکی تایبەتی هەیە، چونکە زانیاریی سەبارەت بە ئەدەبیاتی کورد بە گوێرەی ئەو ڕاستییەی کە مێژووی کوردان لە ماوەی سەدەکانی ١٧ و ١٨دا هەروا ناڕوونە، وەدواخراوە.

سەدەی ١٦ نوختە وەرچەرخانێکە لە مێژووی سەرتاسەری ناوچەدا. لە سەرەتای ئەو سەدەیەدا، شا ئیسماعیلی سەفەوی، نە تەنیا فەرمانڕەوای ڕۆژئاوای ئێران، بەڵکوو ئی ئەرمەنستان، میسۆپۆتامیا (ئێوچۆمان/ بین النهرین)و بەغدا ش بوو. ئەو بە مەبەستی ئەوەیکە خۆی لە هەر چەشنە تەبەعییەت و لایەنگرییێک لە سوڵتانی عوسمانی ڕزگارکا، مەزهەبی شیعەی وەک دینی ڕەسمی ئیمپراتۆری تازەی سەفەوی داسەپاند. داگیرباگ(فتوحات)ی ڕۆژئاوایی وی لە شەڕی بە ناوبانگی چاڵدیران لە ساڵی ١٥١٤ ڕاوەستێنرا، چونکە ئەمیرانی کورد پشتیوانی برەکی خۆیان بەلای سوڵتان سەلیم، دژ بە سەفەوی ڕەقیب دەربڕی. پارچەیەکی گەورەی کوردستان بەمجۆرە کەوتە ژێر قەڵەمڕەوی عوسمانی و بوو بە شەرگەی شەڕە دوایی نەهاتووەکانی نێوان ئیمپراتۆری ئێران وعوسمانی ڕەقیب. کوردەکان، وەفادار بە پەیمانی خۆیان لە ئاست سوڵتان سەلیم، لە تەواوی ئەو شەڕانەدا چالاکانە تێوەچوون. بەگوێرەی ئەوە، شارەکانی کورد کە دەیانتوانی ببنە ناوەندی دەوڵەتێکی کوردی وێران کران و نفووسیش کەم بوویەوە.

لە زەمانی ئەحمەدی خانی دا، «کوردستانی گەورە»( بە گوێرەی شەرەفەدین خانی بدلیسی) پێکهاتوو لە زنجیرەیەک ئەمارەتی کوردی، بەهۆی تەنسیری شەڕی بێ پایان، تەواوێک چکۆلە بووبۆوە. بەمجۆرە، ئەدەبیاتێک کە لەم سەردەمەدا پەرەی گرت نیشاندەری کاراکتێرێکی ڕیالیستی بەرچاوە کە ژیانی ڕۆژانە و خەڵکی واقیعی وەسف دەکا. لە هەلومەرج وزەمینەیێکی ئاوادا ئەحمەدی خانی «مەم و زین»دەنووسێ. مەم وزین حیماسەیێکی ڕۆمانتیکە کە تێیدا چارەنووسی کوردان بە وشەگەلی تراژێدی کەسایەتی قارەمانان دەردەبڕێ. ڕۆمانسی تراژێدی بە ڕەمزی ئەتەوەیی نێوناخن کراوە وگەلێک ئامانجی نیشتمانپەروەرانەی تێدایە.[7]

ئیجازە بدەن با خانی بۆ خۆی بڵێ و شەرحی بدا کە ئەم کتێبەی بۆ نووسی؟

خانی ژ کەمالێ بێ کەمالی
مەیدانا کەمالێ دیتە خالی
یەعنی نە ژ قابیلی و خەبیری
بەلکی ب تەعەسوب وعەشیری
حاصل ژ عناد ئەگەر ژ بێ داد
ئەڤ بیدعەتە کر خیلافێ موعتاد

ئەو، ئەم کفرە لە دژ داب ونەریت و زەوقی پەسندکراو، دەکا.

ئەم بیدعەتە، " داهێنان یان کفر" چ بوو؟ ئەوە ئەمە بوو کەئەو بە کرمانجی[کوردی] نووسی. تاکوو ئەم سەردەمی، لە ئاسیای بچووک، ئێران و هەتا دەگاتە هیند[8]، فارسی زمانی چینەکانی بالادەست بوو. هەر ئەو ئەخشەی هەبوو کە زمانی عەرەبی لە نێو خەڵکی موسوڵمانی سەدەی یەکەمی کۆچی(هیجری)دا، یان زمانی فەرانسەیی لە سەدەی ١٨دا لە ئورووپا هەیبوو. شاعیر ونووسەرانی ئەو چینانە دەبوونە هۆ و یارمەتیدەری پەرەسەندنی زمانی فارسی. یەکێک لەوانە، حەکیم ئیدریسی بدلیسیی کورد ـ کە لە ساڵی ٩٢٠(١٥٢٠ز)ی کۆچی مردووە ـ بوو کە کتێبی «**هەشت بەهەشت**»ی بە فارسی نووسی کە تێیدا ژیانی هەشت لەسوڵتانە سەرەتاییەکانی عوسمانی، باس کردووە. یەکێکی دیکە، ئەمیر شەرەفخان، ئەمیری ئەمارەتی بدلیس بوو کە کتێبی«**شەرەفنامە**»: "مێژووی گەلی کورد"ی بە فارسی نووسی. ئەم کتێبە ئێستاش سەرچاوەیێکی سەرەکی ئێمەیە لەمەڕ زانیاریی سەبارەت بە مێژووی سەدەناوەندییەکانی کورد.

نووسین بە کوردی بۆ شاعیر دژوار بوو. ئەو پێی لێدەنێ کە:

ئـەز پـیـلـەوەرم ، نـە گـــــــــەوهـەریـە
خـــــود رەســـتـــــەمـــــە ئەز، نە پەروەریە
کـــــورمـــــانجم و، کـــــوهی و، کـــــەناری
ڤـــــان چەند خـــــەبەرێد کـــــوردەواری
ئیـــــمـــــزا بکن ئەو ب حـــــوسنێ ئەلطاف
ئیـــصـــغـــا بکن ئەو ب ســـەمـــعێ ئینســـاف

بەهەر حاڵ، شاعیر دەناڵێنێ:کە کوردان پادشاییکی رووناکبیریان نییە تا یەکگرتوویان بکا، بە زانست وهونەریان گـەشـەبدا. بەڵام ئەگـەر پادشاییکی ناوایان هەبووبا، ئەوسا:

من دێ عـــەلـەمـــا کـــەلامێ مـــەوزون
عـــــالی بکرا ل بامێ گـــــەردون
بێناڤـــــە رحـــــا مـــــەلێ جـــزیری
پێ حـــــەی بکرا: (عـــــەلی حـــــەریری)
کـــەیفـــەک وە بدا(فـــەقـــیـــهی طەیران)
حـــــەتتـــــا ب ئەبەد بمایێ حـــــەیران

لەم دێڕانەدا، خانی خواست و ویستی رووحیی خۆی دەردەبڕێ. ئەو درێژەدەری ڕێبازی عەلی حەریری، مەلای جزیری وفەقێ تەیرانە، وەکوو هەر سێ پێشینیانی خۆی، شاعیری ئێمەش، مەترسی ڕەچەشکێنی عورفی جێکەوتوو و مەکۆی ئەدەبی زەمانی خۆی بە نووسینی کرمانجی وەنەستۆگرت. شێخ ئەحمەدی نیشانی، ناسراوتر بە مەلای جزیری، خەڵکی ئەمارەتی جزیری بۆتان بوو، کە ئەمیری خاوەن دەسەڵاتی ئەوێ لەوکاتەدا عیمادەدین بوو. ئەو دیوانێکی بە٢ هەزار دێڕەوە زۆربەیان بە کوردی، لە خۆی بە یادگار هێشتووەتەوە کە ئێستاش لە کوردستاندا زۆر بە ناوبانگە و لە مەدرەسەکان دەرس دەدرێ. ئەو دیوانە بریتییەلە: قەسیدە (شێعری غەرامی ١٥ تا ٢٠ بەیت، بە یەک قافیەی سەرتاسەری) و غەزەل(شێعری کورتی ٥ تا ١٢بەیت). لە هەردوو شێوەدا، هەوڵی شاعیر کورتبێژی، شێوازی مێلۆدیک و ناسک و هەروەها وردەکاریی دەربڕینە. لە سەروبەندی کۆتایی سەدەی دەهەمدا، سۆفیان لە کاتی کۆبوونەوەکانی خۆیاندا کردەوەی غەزەلخوێنیان ڕەچاوکردبوو. بۆ سۆفیان ــ مەلای جزیری خۆی سۆفی بوو ــ ئەوە ڕێگایەک بوو کە خۆیان بۆ حاڵەتی جەزبە ئامادە بکەن. ئەمە بنەمای غەزەلیاتی عیرفانی بوو، شتێک کە قەراربوو لە شێعر وشاعیری دواییدا ڕۆڵێکی ناوا گرینگ بنوێنێ.

گەورەترین نفوز لەسەر شاعیری ئێمە[خانی]، بێشک نفوزی محەممەد میکیسی(١٦٦٠ ـ ١٥٩٠)، ناسراو بە فەقێ تەیران(فەقێ باڵندە) بوو، بە هۆی ئەوەیکە ئەویش وەکوو سەن فرانسیس ئەسیس* دەگوترا زمانی باڵندان دەزانێ. ئەو لەوانەیە یەکەم شاعیری کورد بێ کە چیرۆکی عاشقانەی بەشێوەی هۆنراوە و بەکەڵک وەرگرتن لە جۆری مەسنەوی، کە دەستی شاعیر ناواڵەتر دەکا، نووسیبێ.[٩]

مەسنەوی شێعرێکە، کە هەر دێڕ(بەیت)ێکی بریتییە لە دوو میسرەع (نیوە بەیت)کە ژمارەی برگەکان(وەزن) یەکن و هەر دێڕ(بەیت)ەی خاوەنی(قافیە)ی نێوخۆی خۆیەتی کە قافیەی دێڕەکانی تر جیاواز وسەربەستە. هەر دوو میسرەعەکان ـ بەیتەکان ـ خاوەنی یەک

**• ئەو درێژەدەری ڕێبازی عەلی حەریری، مەلای جزیری وفەقێ تەیرانە، وەکوو هەر سێ پێشینیانی خۆی، شاعیری ئێمەش، مەترسی ڕەچەشکێنی عورفی جێکەوتوو و مەکۆی ئەدەبی زەمانی خۆی بە نووسینی کرمانجی وەنەستۆگرت.**

وەزن(بەحر)ن. لە ئەدەبی ئورووپایی دا، تێکنیکێکی ئەوهایی دەکرێ لە هێندێک *حیکایەتەکانی کانتێرباری* چۆسێر «chaucer»**(١٤٠٠ ـ ١٣٨٧)دا بدۆزرێتەوە. ئەو فۆرم(شکڵ)ە بۆ شێعری حیماسی(ئێپیک)، هەم ڕیوایەتی و هەم ڕۆمانتیک و، هەروەها بۆ شێعری ئامۆژگاریی پەند وبارهێنانی ئەخلاقی و عەقیدەی مەزهەبی و مێژوو دەرەکار دەهێندرێ. ئەوفۆرمە پتر لەلایەن سۆفیانەوە بۆ ئامۆژیاری دەکاردەهات. ڕۆمانسی هۆنراوە(چیرۆکە شێعر) لە سەرەتای سەدەی یازدەهەمدا بوو بەباو.

ئەحمەدی خانی ستایشی پێشڕەوانی گەورەی ئەو شێوازە ی کرد. بەمجۆرە دوای لۆمەکردنی توندی هاونیشتمانییەکانی خۆی سەبارەت بە تەماع و سرشتی بازاڕی بوونیان، نووسی:

گـــەر عـــیلمێ تەمـــام بدی ب پۆلەک
بفـــرۆشی تو حـــیکمـــەتێ ب ســـۆلەک
کـــەس ناکـــەتە مـــەیتـــەرێ خـــوە«جـــامی»
راناگـــــرتن کـــــەســـــەک «نیـــــزامی»

بەمجۆرە خانی ناوی دوو شاعیری ناوداری سەر بە ڕێباز(مەکتەب)ێک دەبا کە لە دواییدا بە ڕێبازی ئەدەبیی ئازەربایجانی ــ دامەزراو لەلایەن شاعیری چەکامەبێژ قەترانی تەبریزی کە نزیکەی ١٠٧٢ مردووە ــ ئێودێردەکرێ. ئەو شاعیرە، کەئیلهامی بە زۆر پەیڕەو و لاساکەرەوەی خۆی دابوو، لە دەرباری شەدادییەکانی بە ناوبانگی کوردی گەنجەی ئەوبەری قەفقاز کە بە سەر مەڵبەندێکی بەرفراوانی ئەوبەری ئارازدا لە ساڵەکانی ٩٥١ تا ١٠٧٥(١٢٨ ساڵ)حوکمڕانیان دەکرد، دەژیا. دواتر، لە ساڵی ١٠٦٤ تا ١١٩٨، لقێکی دیکە لەو سلسلەیە لە شاری مەسیحی ئانی(Ani) ئەرمەنستان، ناسراو بە شاری ١٠٠١کلیسایی حکوومەتیان دەکرد. لە تەواوی چالاکییەکانی خۆیاندا، چ بە حاڵەتی ئاشتی یان شەڕ، شەدادییەکان لەگەڵ دراوسێ مەسیحییەکانیان، ئەرمەنستان، گورجستان، هەروەها هێرش هێنەرانی شیمال، ئالانەکان و ڕووسیا پێوەندی بەردەوامیان هەبووە.

نیزامی گەنجەیی(جەلالەدین ئیبنی یۆسف)، ڕەنگە دەرەوشاوەترین نوێنەری ئەم ڕێبازەیە، ساڵی ٥٣٥(١١٤٠)لە گەنجە لە دایک بووە و ساڵی ٥٩٩(١٢٠٣)لە تەمەنی ٦٣ساڵییدا مردووە. نیزامی کە دایکی کورد بوو، شێوەی مەسنەوی کە بۆ شێعری عاشقانەی حیماسی زۆر لەبار وهەڵکەوتووە، خولقاند. پێنجینە مەشهوورەکەی پێکدێ لە پێنج شێعری ڕۆمانتیکی،[کە دوو لە وان] بریتین لە: خوسرە و شیرین کە تێیدا ئەڤینی

خوسرەو پەرویز پادشای ساسانی لەگەڵ دڵدارەکەی شیرین، شازادەی ئەرمەنستان،ئەقڵ دەکا: هەر وەها لەیلی و مەجنوون، ئیلهام وەرگیراو لە شێعرێکی عەرەبیی پێش ئیسلام، کەوا شکۆمەندی نیزامی لەمەڕ واتای ئەوینی پاک دەردەخا.

ئەحمەدی خانی هەروەها ئاماژە بۆ شاعیرێکی سەرەکی دیکە دەکا کە کارتێکەرێکی گەورەی لەسەری هەبووە و کەسێک کە کارەکەی کاکڵی ئەدەبیاتی کلاسیکی فارسییە و ئیلهامی بە نەسڵێکی تەواو نوێ بەخشی: جامی(نورەدین عەبدولڕەحمان) لە شاری (جام )ی ناوچەی هیرات، لەوکاتەدا مەرکەزی خوراسان، لەسالی ١٤١٤ لەدایک بووە و سالی ١٤٩٢مردووە. ئەو ئاخرین شاعیری فارسی دەورەی کلاسیک بوو کە بە هۆی بەرهەمی جۆراوجۆر هەم لەمەڕ ئەدەبی کلاسیکی فارسی و هەم بیری سۆفیگەریی مەکتەبی ئیبنولعەرەبی، ناوبانگی دەرکرد.

کاتێک خانی شێعری خۆی نووسی، مەبەستی ئەوەبوو کە بەرهەمێکی کوردیی وا بخولقێنێ کە هۆشیاری نەتەوایەتی هاوولاتییەکانی وەخۆبخا. خانی وەک بنەمایەک بۆ کارەکەی، بەیتێکی ناسراوی فۆلکلۆری کوردیی هەڵبژارد: بە ناوی مەمی ئالان یان مەم و زین ی ناسراو بۆ زۆرێک لەکوردان، کە ئەڤینی مەم ، شایێکی کورد، لە پێناو شازادە زین دا باس دەکا.[10]

خانی لە هۆنینەوەی شێعرەکەی، بە شێوەی سروشتی و ئاسایی جۆری مەسنەوی هەڵبژارد کە سازگارترین جۆرە بۆ شێعری ڕۆمانتیکی. هەڵبژاردنی بەحر(وەزن)گرینترین کارە. نووسەری ئێمە **هەزەج** ی هەڵبژارد، کە بۆ شاعیر یەکێکە لەپڕ جۆراوجۆرترینی بحرەکان و چاردە ئیمکانی جیاوازی هەیە[11]. هەزەج بەحر(وەزن)ێکە باو و لەسەردلان، سووک، ئاهەنگدار و خێرا کە دەگەڵ تایبەتمەندی سروشتیی زمانی کوردی باش دێتەوە. هەر بەحرێکی هەزەج لانیکەم لە ٣ برگە(پێ) و لانی زۆر لە ٥ برگە بۆ هەر نیوە شێعر(میسرەع)ێک پێکدێ.

خانی لە چیرۆکی عیشقیی لەیلی ومەجنوون، سێهەمین شێعری(٤٠٠٠ دێڕ) خەمسە(پێنجینە)ی بە ناوبانگی نیزامی گەنجەیی ئیلهامی وەرگرتووە. خانی نە تەنیا شێوەی مەسنەوی، بەڵکوو دروست ئەو هەزەجەش ڕەچاو دەکا کە نیزامی بۆ نووسینی شێعرە ئەمرەکەی دەکاری هێنا. هەزەج ـ هەزەجی موسەددەس(شەشینە)ـ ی هەڵبژێردراو لەلایەن«خانی»یەوە ، هەزەجی موسەددەسی ئەخرەبی مەقبووزی مەحزووفی پێ دەگوترێ، کە بەم شێوەیە دابڕدەکرێ:

مەف عو لُ / مە فا عی لون / فە عو لون
- - O / - O - O / O - -
مەف عو لُ / مە فا عی لون / فە عو لون
- - O / - O - O / O - -

نووسین بە کرمانجی بۆ شاعیری ئێمە دژوار بوو، خۆی ئەمە قەبوڵ دەکا:

صافی شەمراند ڤەخوار دوردی
مانەندێ دەری لیسانێ کوردی
ئینایە نیظام و ئینتیظامێ
کێشایە جەفا ژ بۆ وی عامێ
دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد
بێ مەعریفەتن، بێ ئەصل و بونیاد

ئەحمەدی خانی گیروگرفتە سەرەکییەکانی ئەدەبی کوردی بۆ نموونە ئەرکی نووسین، ئەخشی شێعر وشاعیری، پێوەندی زمان وئەدەبیات وکۆمەڵگا و سەرەنجام هەلومەرجی ڕاستەقینەی زمانی کوردی، دەستنیشان کرد و پاشانیش چارەی کردن.

من دەمەوێ لە وتارەکەی خۆمدا بەم چەند دێڕەی وی، ئەتیجە وەربگرم:

ئەو مێیوە ئەگەر نە ئابدارە
کورمانجییە ئەو قەدەر ل کارە
ئەڤ طیفلە ئەگەر نە ئازەنینە
ئەیارە بە من قەوی شیرینە
مەحبوونە، لیباس وگوشوارە
ملکێ دمنێ، نە موستەعارە...

***

**پەراوێز:**

١) ئیلهام وەرگیراو لە **نصاب الصبیان** ، قامووسی عەرەبی فارسی هۆنراوە، نووسینی: فەراهی (ئەبو ناسر مەسعوود، مردوو لە ١٢٤٢). بڕوانە، تێزی بەرلە دوکتورای ئەمینی قازی: ***ئەدەبی کوردی، ئەحمەدی خانی(١٧٠٧ ـ ١٦٥٠)، تێکست، شیکردنەوە، هەڵسەنگاندنی قامووسی ئەوبارا بچکانە*** ، پاریس، ١٩٨٥.

2) Cf Introduction of " *Aperçu sommaire de trois ans de voyages en Asie, dans le Caucace, la Perse, ie Kurdistan, leMésopotamie*", in: Nouvelles Annales de Voyages, Paris, 1849, t. 3, pp. 141-168.

٣)بڕوانە: ڕاپۆرت لەسەر بلاوکراوەکانی کتێبخانەی سەڵتەنەتی، ١٨٦٨. بڕوانە: رودینکۆ، ***دەستنووسی ئەدەبی فۆلکلۆری شێعری کوردی «یوسف وزولەیخا»*** ، چاپی NAUKA ، مۆسکۆ، ١٩٨٦، ل ٤.

٤) شەرەفەدین خانی بدلیسی، ***شەرەفنامە***ی لە سالی ١٥٩٦نووسی کە بە سوڵتان محەمەدی سێهەمی پێشکێش کرد.

٥) م. ب. رودینکۆ، ***شەرحی دەستنووسەکانی کوردیی کۆکراوەی لینینگراد*** ، مۆسکۆ، ١٩٦١.

٦) ئەحمەدی خانی، ***مەم وزین***، مۆسکۆ ١٩٦٢؛ فەقێ تەیران، ***شێخ سەنعان***، مۆسکۆ، ١٩٦٥؛ حاریس بدلیسی، ***لەیلی ومەجنوون***، مۆسکۆ، ١٩٦٥.

٧) بڕوانە: م. ب. رودینکۆ، ***ئەحمەدێ خانی، مەم و زین***؛ ئەنستیتووی گەلانی ئاسیا، مۆسکۆ، ١٩٦٢.

٨) بڕوانە: ئەمیر خوسرەوی دێهلەوی[ امیر خسرو دهلوی] (١٢٥٣-١٣٢٤).

٩) ئەو شێعرەکانی بە ئێوی مەم هەی ئیمزا کرد: ***حیکایەتا شێخێ سەنعانی، قیسەیا بەرسیایی، قەولێ ئەسپێ رەش.***

١٠) بڕوانە ئەولێکۆڵینەوە بەپێزەی لە سەر ئەو ئێپیکەکراوە لە نووسینی لێکۆڵەرەوەی ئەمریکایی، مکاییل ل شایەت، لە تێزی دوکتورای لەچاپ ئەدراوی: وە ***درووێتک لە تێوانیاندا شێن بوو: لێکۆڵینەوە لەسەرمەم وزینە، ڕۆمانسێکی کوردی*** (بەرگی ١ و ٢)، زانسگای کالیفۆرنیا، بێرکلی، ١٩٩١. لە بلاوکراوەکانی UMI بەشی تێزەکان، Ann Arbor.

١١) بەحری هەزەج بە دەستی شاعیرێک بە ناوی خەلیل ڕێکوپێک کراوە و بووەتە شەشەمین بەحری شێعری کلاسیک.

* سەن فرانسیس ئەسیس، پیاوێکی کاتۆلیکی پیرۆزی خەڵکی ئیتالیایە کە باڵندە و پەلەوەر دەهاتن لەسەر دەستی شتیان دەخوارد. فەقێ تەیران لە کوردەواریدا وەکوو ئەو دەچێ.

** جێفری چۆسێر، شاعیری بەناوبانگی سەدەی چواردەهەمی ئینگلیسە کە وازی لە نووسین بە زمانی لاتین هێنا و بە ئینگلیسی دەینووسی. ■

خوێندنەوەیەکی سەروتری (مەم و زین)

# ئاخاوتنێک لە گەڵ «خانی»دا

د. کەمال میراوەدەلی
لەندەن

● بە بۆنەی سێسەدەمین ساڵی داتانی مەم و زینی خانی، لە مانگی ٧ی ئەوساڵ، کۆڕێکی بیرەوەری لەلایەن کوردەکانی دانیشتووی ئینگلستان لە شاری لەندەن، بە بەشداری کاک ئەنوەری سوڵتانی (لەندەن)، کاک د. کەمال میراودەلی (لەندەن) و کاک د. ئەمیری حەسەنپوور (کانادا)، بەسترا.. کەوا لێرەدا وێڕای سپاس، نووسراوەکەی کاک د. کەمال پێشکێشی خوێنەرەوانی بەڕێز دەکەین و بۆ ژمارەی داهاتووش، وتارەکەی کاک د. ئەمیر بڵاودەکەینەوە.

گزینگ

١) سەرەتا:

ئەم باسە لێکدانەوە وشیکردنەوەیەکی ئاخاوتنە پێشەکیەکانی «خانی» یە لە (مەم و زین)دا.. سەرجەمی تێکستی (مەم و زین) پرۆژە یا ئاخاوتنێکی نەتەوەیی یە. بەڵام لە دوو توێی ئەو ئاخاوتنە نەتەوەییە گشتییەدا، خانی کۆمەڵە ئاخاوتن (خیتاب / discourse) ێک دێنێتە ئاراوە:

- ئاخاوتنی سیاسی
- ئاخاوتنی کۆمەڵایەتی - رەخنەیی
- ئاخاوتنی کولتووری - شارستانی
- ئاخاوتنی ژیۆپۆلیتیکی
- ئاخاوتنی رەخنەی ئەدەبی
- ئاخاوتنی فەلسەفی

ئامانج و ئەنجامی سەرجەمی ئەو ئاخاوتنانە ئەوەیە خانی دەریبخا و بیسەلمێنێ کە کورد نەتەوەیەکە ئەگەر لەگەلانی خاوەن قەوارەی نەتەوەیی، زیرەکتر ولێهاتووتر و خاوەن مەرجی نەتەوەیی زیاتر نەبێت، کەمتر نییە. تەنیا پێویستی بە یەکێتی ناوخۆ وسەرکردە و رێبەری لێزان و خاوەن شەخسییەت وکەرامەت هەیە.

٢) خوێندنەوەکە:

وەکوو هەموو مەزنەکارەکانی فیکریی رێچکەشکێن، (مەم و زین) تێکستێکە هۆشیاری خۆیی هەیە. مەبەستم ئەوەیە خانی خۆی ئاگای لە کارەکەی خۆی، لە وتە و مەبەستەکانی خۆی هەیە. وەک پرۆژەیەکی نەتەوەیی - مێژوویی بە خواست وبەمەبەست ئەنجام دراو - پێشکەشی دەکات. کەوایە بەرهەمەکەی خانی لە پێش هەموو شتێکدا تێکستێکی مێژوویی یە، ئاخاوتنێکی مێژوویی یە، بەو مانایەی لە دایکبووی هاوجووتبوونی هۆشیاریی و تێگەیشتنی خۆیی مرۆڤێکە لەگەڵ دەوروبەرە کۆمەڵایەتییە - سیاسییەکەی خۆی لە لەحزەیەکی مێژوویی تایبەتیدا، کە سێسەد ساڵێک پێش ئەمڕۆ بووە. لەبەر ئەو هۆشیارییە - خۆیی یە، خانی خۆی بە روونی ورەوانی، بەکورتی و بەکوردی پێمان دەڵێ:

١) چ دەکات؟ پرۆژەکەی چییە؟

٢) کێ دەیکات؟

٣) بۆچی دەیکات و ئامانجی چییە؟

ئەم خۆهۆشیارییەی لە تێکستەکەیدا هەیە، وا لە خوێنەر دەکات هەر زوو هەست بکات خانی لەگەڵ هەست وهۆشی ئەودا دەدوێ، بۆ گفتوگۆ و دیالۆگ بانگی دەکات، هەوڵ دەدات سەبارەت بە بیر و هزر و خولیا و بۆچوونەکانی خۆی قەناعەتی پێبێنێت.

بۆیە منیش - لە خوێندنەوەیەکی تازەی خانیدا - خۆم دایە دەست ئەو خواستە رەسەنەی خانی و لەگەڵیدا کەوتمە ئاخاوتنەوە.

٣) ئاخوتنەکە:

«خانی»م بینی، تەمەنی بەساڵدا چووبوو، چل وپێنج و ژوورتر، بەڵام تابڵێی بەخۆوە وهۆشیار، کۆمەڵە کاغەزێکی بە سنگی خۆیەوە نابوون. بۆ ئاسمانی دەڕوانی. لێوەکانی دەلەرزین. هەر وەک بڵێی لەبەر خۆیەوە لەگەڵ خۆیدا، کەوتبێتە مۆنۆلۆگێکی قووڵەوە.

دیاربوو، پرسیارێکی مێژوویی، عەقڵی، عاتیفیی گەورە دەروونی خانی هەژاندبوو.. بێدەنگ، دڵ ئامەزرۆ، چاو پڕ لە پەسیار بەرانبەری دانیشتبووم. ئاخری کەوتە قسە.. نا، کەوتە ناڵە:

ئەز مامە د حیکمەتا خودێ دا
کورمانج د دەولەتێ دنێ دا
ئایا ب چەجهێ مانە مەحروم
بیلجوملە ژ بۆچ بوتە مەحکووم؟
وان گرتی بە شیر شەهرێ شوهرەت
تەسخیر کرن بیلادێ هیممەت
هەر میرەکی وان بیەزلێ حاتەم
هەر میرەکی وان بەرزمێ رۆستەم
بفکر ژ عەرەب حەتا ڤە گورجان
کورمانجیە بویە، شوبهێ بورجان
جوامێری و هیممەت وسەخاوەتێ
مێرینی وغیرەت و جەلادەت
ئەو خەتمە ژ بۆ قەبیلێ ئەکراد
وان دانە ب شیر وهیممەتێ داد

ئەز لە حیکمەتی ئەو خودایە سەرم تێماوە.. بۆچی لەناو هەموو گەل ودەوڵەتانی دنیادا کورد لە دەوڵەت وپادشایەتی خۆیان بێبەش ومەحرومن؟ بۆچی، هەر هەموویان، لەهەر شوێنێکدا بن ژێردەست و مەحکومن؟ ئاخر خۆ مرۆڤی کورد ترسەنۆک وچرووک وپووک نییە.

ئەوان شاری شۆرەت و ناوبانگیان بەزەبری شیری ئازایەتیی خۆیان داگیر کردووە، ولاتی هیممەت ومەردایەتیان بۆ خۆیان تەرخان کردووە، هەر میرێکی کورد، لە بەخشندەییدا حاتەمێکە، هەر مرۆڤێکی کورد لە ئازایەتیدا رەزمی رۆستەم دەنوێنێ. سەیری کەن. هەر لە ولاتی عەرەبانەوە تا گورجستان، کرمانجی وەک بورجی بەرز راوەستاون.. جوامێری وهیممەت وسەخاوەت، مەردێتی و غیرەت وجەلادەت، بووتە خەتم وپێناسەی کوردان.. کەچی ـ تێماوم لە حیکمەتی خودا ـ بۆچی هەر ئەوان بێدەست و بێ دەولەتن.

ئەمە ئەو واقیع وئەو پرسە مێژووییە گەورەیەیە کە وەکوو مار لە گەرووی بیری خانی دەئالێ و ژەهری ئازار دەرێژێ. داوای گەلالەکردنی پرۆژەیەکی نەتەوەیی دەکا کە وەلامی ئەم پرسیارە بنوێنێ. کێ ئەم پرۆژە نەتەوەییە ئەنجام دات؟ کێ ئەم تەحەدایە مێژووییە گەورەیە بخاتە ئۆبالی خۆی؟ کێ بێ، لەم سەحرا سامدارە چۆل وهۆلەی بیری نەتەوەیی کورددا، ئەسپی هۆشی تاو دات؟

کێ بێ.. لە تۆ بەولاوە، هەی قەلەندەر، هەی خانی؟ هەی پرس زان؟

ـ خانی ژ کەمالێ بێ کەمالی
مەیدانی کەمالێ دیت خالی
یەعنی نە ژ قابیلی و خەبیری
بەلکی ب تەعەصوب وعەشیری
حاصل ژ عیناد نەگەر ژ بێ داد
ئەڤ بیدعەتە کر خیلافێ موعتاد
صافی شەمراند ڤخوار دوردی
مانەندێ دەری لیسانێ کوردی
ئینایە نیظام وئینتظامێ
کێشایە جەفا ژ بۆ وی عامێ

خانی، تۆ هێندە تەواو نی لە جیهانی کەمالدا، لە پەراوێزی بێ کەمالیدای. تۆ لە عۆدەی ئەم ئۆبالە گەورەیە نایەی.. بەلا چ دەکەی؟ مەیدانی کەمالی کوردیت چۆل وهۆل بینی. بیرت کردەوە: چاکە. خانی، راستە تۆ کەسێکی قابیل و بەتوانست وشارەزا نیت. بەلام دەمارگیریی نەتەوەیی و هەستی هۆزپەرستییت هەیە. تا، چ لەسەرسەختی ولاسارییەوە بێ، یا لە لادانت لە رێی راستەوە بێ، تۆ بە پێچەوانەی بیری باو و نەریتی چەسپاو، ئەم(بیدعەت)ەت هێنایە گۆرێ.

**دەیەوێ ئەو پەیامە بە دنیا بگەیەنێ کە کوردیش خاوەن زمانی ڕەسەنی خۆیانن، کەللە ودڵیان پڕە لە جۆشی عیشق وئەوین**

کارێکت کرد کە تائێستا نەکرابێ ونەخوازرابێ. تۆ پێکی شەرابی ساف و روونت تووڕهەلدا و، دەست بە خلتەوە نا.. تۆ زمانی فارسیت وەلانا، لە جێگەی ئەو زمانی کوردیت هێنایە ناو دنیای نیزام وهونەری نووسینەوە.. سالێکی رەبەق ئازار وئێش و جەفات کێشا، تا ئەم کارەت ئەنجام دا..!

وتم: ئەرێ سەیدای مەزن! ئەوە تەعەسوبت بۆ زمان و گەلی خۆت هەیە.. بەلام ئەوەت بۆ کرد! ویستت چ ئامانجێک بپێکی؟ چ پەیامێک بگەیەنی.. ویستت چ بلێی.. خانی؟!

ـ دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد
بێ مەعریفەتن، بێ ئەسڵ وبونیاد
ئەنواعی میلەل خودان کتێبن
کورمانج تەنێ د بێ حسێبن
هەم ئەهلێ نەزەر نەبێژن کو کورمانج
عیشقێ نەکرن ژ بۆ خوە ئامانج
تێکدا نە د طالبن نە مەطلوب
ڤێکرا نە موحیبن ئەو، نە مەحبوب
بێ بەهرەنە ئەو ژ عیشقبازی
فاریغ ژ حەقیقی و مەجازی
کورمانج ئەپڕ د بێ کەمالن
ئەمما د یەتیم وبێ مەجالن
ڤیلجوملە نە جاهیل و نزانن
بەلکی د سەفیل وبێ خودانن!

گەلۆ! مەبەستم لەم پرۆژە کوردییە نەتەوەییە ئەوەیە چیدی خەلکی نەلێن کورد گەلێکی بێ نووسین و بێ زانیارین، گەلێکی بێ رەگ وبناغەو بنیاتی نەتەوەیین. یا نەلێن سەیری کە: هەموو میلەتانی جۆراوجۆری دنیا، عەرەب، فارس، تورک، هەموو خاوەنی کتێبی خۆیانن بە زمانی خۆیان. تەنیا کرمانجی لەو ناوەدا، بێ ژمارە وحسێبن، بێ نووسین و کتێبن! یا خاوەن را و لێزانان کە سەرنجی وەزعی ژیانی دنیا و کارنامەی مێژوو دەدەن، نەلێن کورد هیچ جۆرە هەستی خۆشەویستی و خولیای عیشق و ئەدەبیاتی لەسەردا نییە، کوا! بۆ لەناو کوردانیشدا داستانێکی عیشق چێ نەبوو؟ کورد نە دلبەرن، نە دلدار، نە سۆراغکەری عیشقن، نە سۆراغکراو. لە بەهرەی ئەوین بێبەشن، لە خۆشەویستی راستەقینە ومەجازی بێ بەرین.

دەمەوێ بلێم: کورد بێ کەمال وسۆزی عیشق نین، بەلام بێکەس وبێدەولەتن. جاهیل ونەزان نین، بەلام گیرۆدەی دەستی نامەردان وبێ خاوەنن!

بەلێ! تا ئێرە خانی پرۆژەکەی پێناساندین کە بەرهەمی بەهرەی هۆشیاریی مێژوویی خۆیەتی: بە مەبەستەوە ئەنجامی دەدا، خەیالێکە دەیکا بە خەباتێکی راستەقینە، بیرێکە دەیکا بە بەرهەمێکی بەرچاو، بەلام خانی هەر لە گۆشەی ئەم هۆشیارییە بالایەوە، دەزانێ کە پرسەکانی ئێمە ـ پرسەکانی مێژوو ـ لێرەدا بۆی تەواو نابن. راستە، تەواوی پرۆژەکەی، بە داستانی(مەم و زین)یشەوە، وەک لە دواییدا سەرنج دەدەین، پرۆژەیەکی نەتەوەیی یە، ئاخاوتنێکی نەتەوەیی یە، وتارێکی نەتەوەیی یە.. بەلام لە چوارچێوەی فراوانی ئەو وتارە نەتەوەییەدا، کۆمەلە ئاخاوتن و وتارێکی دی پێشکەش دەکا: بە بێ ئەوانە پرۆژە نەتەوەییەکە، تەنیا بیرێکی رووت دەمێنێتەوە.

تا ئێستا خانی، تەواو کارەکەی خۆی پێناساندین:

١) پرۆژەیەکی نەتەوەیی ـ مێژوویی یە

٢) «خانی»یەکی قەلەندەر وکەمدەست بە خواست ومەبەست لە ئەنجامی هەستی نەتەوە پەرستییەوە ئەنجامی دەدات.

٣) دەیەوێ ئەو پەیامە بە دنیا بگەیەنێ کە کوردیش خاوەن زمانی رەسەنی خۆیانن، کەللە ودلیان پڕە لە جۆشی عیشق وئەوین و دەتوانن بە زمانی خۆیان عیشقی خۆیان بۆ خۆیان و دنیا دەربڕن.

بەلام خانی؟ تۆ سێسەد سال لەمەوبەر ئەو کارەت کرد، ئێستا بەم پرۆژەیەت تامەزرۆت کردین؟ چەندین هەستی مێژوویی کۆنت لا هارووژاندین. ئێمە بەوەندە رازی نین، تەنێ پێمان بلێی: هەی، ئەم کارە بۆیە دەکەم خەلک نەلێن کورد بێ کتێبن.

ئەی سەیدای مەزن؟ ئەی کۆگای حیکمەت وبلیمەتی؟ ئەگەرچی لە هەستی بێفیزی وبێنازی خۆتەوە، نزم دەروانی، وەک ئەو گولە گەنمە

پۆشتە پڕ دانەی سەری بۆ خاک دەنوشتێتەوە، بەم چەند پەیڤە پیرۆزەتدا دەزانم زۆر دەزانی. دەزانم زۆر تێدەگەی و حاڵی دەبی. ناکرێ هەروا پێمان بڵێی: لەم هەموو گەل وگرووپەی دنیایە، هەر کوردن بە هەموو تیرە و هۆز و کۆمەڵیانەوە، مەحکووم و بندەستی خەڵکی دین. دەخیلت بم پێمان بڵێ بۆ وایە؟ ئەمە نەفرەتێکی خودایی یە تووشیان بووە؟ یا دەردێکی خۆیی یە دەرکی پێناکەین؟ چارمان چییە؟

خانی، بە زەردەخەنەیەکی پێغەمبەرییانەوە، بە نەرمییەکی شاعیرانەوە، بە گەرمییەکی سۆفییانەوە گوتی: دەتەوێت ئەز گوتارێکی سیاسیت بۆ بێژم؟

ـ بەڵێ سەیدای گەورەم.

ـ لەوە، نە ترسم هەیە نە گومان.

ـ ئیدی گەورەم، گیانم گوتییە. بڵێ پێمان دەردمان چییە؟ چارمان چییە؟

خانی لێرەدا، وتارە نەتەوەییەکەی کردە وتارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی ورەخنەیی، بە زیرەکییەکی عەبقەرییانەوە، بە حاڵەتێکی سۆفییانەوە، کەوتە باسکردن وشیکردنەوەی دەردەکورد. پێش ئەوەی زار هەڵبرێ، ئەختێک مات بوو.. ئەوسا ڕووی کردە ساقییەکەی و گوتی:

ساقی تۆ ژ بۆ خودێ کەرەم کە
یەک جورعەیێ مەی د جامێ جەم کە
دا جام بەی جیهان نوما بت
هەرچی مە ئیرادە یە خویا بت
دا کەشف ببت ل بەر مە ئەحوال
کاتێ دبتن موسەر ئیقبال؟
ئیدبارا مە وا گەها کەمالێ
ئایا بویە قابلێ زەوالێ
یا هەر وەهە دێ ل ئیستیوا بت
حەتتا وەکو د سرێ ئینتیها بت
قەت مومکینە ئەڤ ژ چەرخێ لەولەب
طالع ببتن ژ بۆمە کەوکەب؟
بەختێ مە ژ بۆمە را ببت یار
جارەک ببتن ژ خواب هوشیار؟
رابت ژ مە ژی جیهان پەناهەک
پەیدا ببتن مە پادشاهەک
شیرێ هونەرا مە بێتە دانین
قەدرێ قەلەما مە بێتە زانین
دەردێ مە ببینتن عیلاجێ
عیلمێ مە ببینتن ڕەواجێ

**گەلۆ! مەبەستم لەم پرۆژە کوردییە نەتەوەییە ئەوەیە چیدی خەلکی نەڵێن کورد گەلێکی بێ نووسین و بێ زانیارین، گەلێکی بێ دەوڵ وبناغەو بنیاتی نەتەوەیین.**

گەر دێ هەبویا مە سەرفرازەک
صاحیب کەرەمەک، سوخەن نەوازەک
نەقدێ مە دبو ب سککە مەسکوک
نە دما وەها بێ ڕەواج ومەشکوک
هەرچەندی کو خالیص وتەمیزن
نەقدین ب سککەیێ عەزیزن
گەر دێ هەبویا مە پادشاهەک
لایق بدی یا خودێ کولاهەک
تەعیین ببویا ژ بۆ وی تەختەک
ظاهیر قدبو، ژ بۆمە بەختەک
حاصل ببویا ژ بۆ وی تاجەک
ئەلبەتتە دبو مەژی ڕەواجەک
غەم خواری دکر ل مە یەتیمان
تینانە دەرێ ژ دەست لەئیمان
غالب نەدبو ل سەر مە ئەڤ روم
نە دبونە خەرابەیێ د دەست بوم
مەحکومێ عەلیبە وصەعالیک
مەغلوب وموطیعێ تورک و تاجیک!

خانی فەرمووی:

مەیگێڕ! بۆ خاتری خودا قومێ مەییم بۆ بکە ناو جامی جەمەوە، تا دنیای تێدا بنوێنێ و خواست و خۆزگەکانی ئێمە ڕوون وئاشکرا بکات. تا ئەحواڵی دنیامان لا کەشف بێت و بزانین کەی بەخت هاورێمان دەبێ؟ داخۆ نامرادیمان گەیشتووەتە لووتکە و خەریکی دابەزینە یان لە سەر خەتی خۆی چەقیوە و نابزوێ. داخۆ بەخت هەروا خەریکە پشتمان تێدەکا یان لە خەوی قووڵی فەرامۆشی جارێک هۆشیار دەبێتەوە و دەبێتە یارویاوەرمان. داخۆ لەم جیهانە بەرینەدا، پەنایەکیش بۆ کورد پەیدا دەبێ؟ داخۆ ئێمەش دەبینە خاوەن پادشایەک؟

ئەوسا شیری هونەری ئێمەش دەدرەوشێتەوە، قەڵەمی ئێمەش قەدری دەزاندرێ، دەردی ئێمە دەرمانی بۆ دەدۆزرێتەوە، زانستی ئێمە ڕەواج پەیدا دەکات؟ ـ ئاخ ئەگەر ئێمەش ڕێبەرێکی سەرفرازمان هەبایە، کەسێکی خاوەن کەرەم وکەرامەت، کەسێکی قسەزان و شارەزای مەجلیس ومەیدانەکانی دنیا، ئەوسا دراوی ئێمەش دەبوو بە سکەی لێدراو، هەروا بێڕەواج وگومان لێکراو نەدەمایەوە. گەر ئێمەش پادشایەکمان هەبایە، ئەوەندە هیمەت و مەردێتی تێدابایە، تاجی سەربەستی بەشیاوی سەری خۆی بزانیایە، ببوایە خاوەن تەختی حوکمڕانی خۆی، ئەوسا بۆ ئێمەش بەرەبەیانی بەختێک دیاری دەدا، ئەو دەبووە خاوەن تاج، ئێمەی میللەتیش دەبووینە خاوەن ڕەواج. دەبوو بە غەمخواری هەتیوان و خەڵکی هەژاری لە دەستی نامەردان دەردێنا. بەم شێوەیەی ئێستا تورکان نەدەبوونە زاڵ بەسەرماندا، وڵاتی ئێمەیان وا کاول و وێران نەدەکرد کوندەبەبووی تێیدا بخوێنێ. نەدەبووینە مەحکوومی عەلیپەرستانی سەفەوی و دز وجەردە و سەعالیک، نەدەبووینە نۆکەری تورک و تاجیک!!

خانی، هەناسەی سوار بووبوو، فرمێسکی گەرم لە چاویدا قەتیس مابوون. منیش بەدەست خۆم نەبوو، کوڵی گریان لە دڵمەوە سەری کرد، لە چاوەکانمەوە ئەشک دەباری. دوای بڕێک بێدەنگی، گوتم: سەیدای مەزن! تۆ فەرمووت کرمانج میللەتێکی هێندە ئەجیب و ئازا ونەبەردن، ئەدی چۆنە وا بندەستی و نۆکەرێتی تورک وعەجەمان قبووڵ دەکەن؟

خانی درێژەی بە هەناسەکەی دا وفەرمووی:

ئەما ژ ئەزەل خودێ وەسا کر
ئەڤ روم و عەجەم لسەر مە ڕاکر
تەبەعییەتێ وان ئەگەرچی عارە
ئەو عارە ل خەلقێ نامدارە
ناموسە ل حاکم و ئەمیران
تاوان چییە شاعیر وفەقیران؟
......
بفکر ژعەرەب حەتا قە گورجان
کورمانجییە بویە، شوبهێ بورجان
ئەڤ روم وعەجەم ب وان حەصارن
کورمانج هەمی لە چار کەنارن
هەر دوو طەرەفان قەبیلێ کورمانج
بۆ تیرێ قەزا کرینە ئامانج
گۆیا کو ل سەر حەدان کلیدن
هەر تایفە سەددەکن: سەدیدن
ئەڤ قولزومێ روم وبەحرێ تاجیک
هندی کو بکن خروج وتەحریک

کـــورمـــانج دبن ب خـــون مـــولەطەطەخ
وان ژێک ڤـــە دکن مـــيـــشـــالێ بەرزەخ

خانی فـەرمووی: وادیارە لە ڕۆژی بەرییەوە خـــودا وای لە چارە نووســـيـــوين ڕۆم[ تورک] وعەجەم بەسەر ئێمەدا دەسەڵاتدار بن. بندەست وژێرفەرمانی ئەوان ئەگەرچی شەرم وشوورەیی یە، ئەو شـــوورەیی یە بۆ کـــەســـانی ناودار و خـــاوەن پایەیە، شـــوورەیی وبێنامـــووسی بۆ حـــاکم وئەمیرەکانە کە بوونە پاشکۆی ڕۆم وعەجەم، شاعیر وفەقیران تاوانیان چییە؟!

بڕوانە گـەرچی لە سنووری عـەرەبسـتـانەوە تا گـــورجـــســـتـــان گـەلی کـرمـانج وەک بورج بەرز وەســـتـــاون، ئەوەتا دەبینن کـــورد لە هەر چوار کەنارەوە، بوونەتە دیوارێک بۆ پاسەوانیی تورک وعـەجـەمـان، هەردوو لایان کـورد بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردێنن و کردوویانن بە نیشانەی تیری هەمــوو بەڵا وقـەزایەک. کـردوویانن بە بەند و پاسـەوانی سەر سنوورەکانیان، هەر تایفەیەکیان بۆ ئەوان بوونە سـەددێکی قـایم، هەر کـاتێک دەریای ڕۆم و بەحری فـارس شـەپۆلێکی ڕقـاوی بدەن، هەر کـاتێک تورک وعـەجـەم بۆ دژایەتی یەک کـەوتنە جـووڵە، دێن کـورد بەکـاردێنن وکرمانج لە خوێندا خلتان[ شەلاڵ]دەبن و ئەوان پێی بەرزدەبنەوە!!

فـرمـێـسـکـەکـانی چاوم بوونە خوێن، گـوتم: سەیدای هێژا! بەڕاستی پەنجەت لە سەر دەردەکە دانا، بەڕاسـتـی قـامکت خـسـتـە سـەر برینە گـەورەکـە. یەقین سـەرشـۆڕی وخـۆفـرۆشـیـی گەورەکانی کوردە، ئەوان کوردیان کردۆتە خۆڵی بەر پێی سـەرباز و ژەندرمـەی تورک و عـەجـەم، کردوویانن بە دیواری پارێزگـاری دوژمن و پردی پەڕینەوەی داگیرکـەران. گـوتم: بەڵام ئەدی ئەو دەردەش چارەی نییـە؟ ئەدی وەک تاکـەتاکـەی مرۆڤی کورد، وەک میللەت، ناکرێ یەک بگرین و خـۆمـان لەو جـوغـزە مـێـژووییـە خـوێنبـەر وویرانکەرە دەرباز کەین؟!خانی فەرمووی:

هندی ژ شـــەجـــاعـــەتێ غـــەیورن
ئەو چەند ژ مـــــيـــنـنـەتێ نەفـــورن
ئەڤ غـيـرەت ونەڤ علوێن هيـمـەت
بو مـــانعێ حـــەملێ بارێ مـــيـنـنەت
لەو پێکڤـــە هەمـــيـــشـــە بێ تفـــاقن
دايم بە تەمـــەررود وشـــيـــقـــاقن
گـــەر دێ هەبووا مـــە ئيتـــيـــحـــادەک
قـــيکرا بکرا مـــە ئينقـــيـــادەک

**ڕەنگە غـــوربەتی زاتیی خـــۆت دەورێکی گـەورەی لە تەقـاندنەوەی هەستی نیشتمانی و کوردایەتیت دا هەبێت!**

روم وعـــەرەب وعـــەجـــەم تەمـــامی
هەمـــيـــان ژمـــەرا دکـــر غـــولامی
تەکـــمـــيل دکـــر مـــە دين ودەولەت
تەحصيل دکر مە عيلم وحيكمـەت
تەمـــيـــيـــز دبون ژ هەڤ مـــەقـــالات
مـــومـــتـــاز دبون خـــودان کـــەمـــالات

خانی فەرمووی:

کـــورد ئازایەتیـــان لە هەمـــوو بەهایەک لا بەهادارترە، کـەسـێـتـی خـۆیان لە ئازایەتی ومـەردێتی وچاونەترسـیـدا دەبینن.. بۆیە بە کـەمـتـرین لەکـەی ترس و خـۆبەدەسـتـەوەدان و چاوبەرەژێری، غیرەت دەیانگرێ وقبوولی ناکەن. ئەو غـيـرەت وخـۆ بەئازا زانین و خـۆ بەرزگـرتنە، وای لێکردوون کە منەتی یاریدە و پاڵپـشـتـیی یەکتر قبووڵ نەکەن، هەر گرۆپە خۆی، خۆی بە مـــەردی مـــەیدان وزاڵی جـــەنگان بزانێ و لە ئەنجامدا هەمیشە بەیەک ناکۆک وتارێک بن. هەمیشە شەڕ وهەرا و یاخیبوون و دابەشبوونیان لە نێو دابێ. گەر ئەمە نەبایە، گەر ئێمەش لەناو خۆماندا یەکێتیمان هەبایە، گەر هەموومان بۆ یەک سـەرکـردایەتی ژێر فـەرمـان بووینایە، ئەوا باوەڕ بکە ڕۆم وعـەرەب وعـەجـەم و هەمـوویان دەبوونە غـولامی ئێمـە، دین و دەولەتمان تەواو دەکرد، زانست وژیری ودانایيمان بەدەست دێنا، وتارەکانمان هەموو پاک وتەمیز دەبوون، خاوەن بەهرە وتوانسـتـەکـانمان لە پلەی هەرە بەرزی شایستەیی و باشییدا دەبوون.

هەستم کرد خانی ئاخاوتنە سیاسییەکەی تا ڕادەیەک گەڵاڵە کرد کە تینوێتی دڵم بشکێنێ.. بەڵام ئەو بیرەم لە مـێشکدا بوو: خـودایە.. «خانی»یەکی وا زانا، وا بیر بەرز وفراوان، وا تێگەیشـتـوو، زرینگ ولێـزان لەم دەورووبەرە تاریک و لەو فـەزایە پڕ دەرد و ئازارەدا، دەبێ خۆی هەست بە چ غـەریبییـەک بکات؟! ئایا دەبێ، هەر نەبێ سـوـوچێکی هەڵایسـانی هۆشیارییە نەتەوەییەکەی، (غوربەتی) زاتی خۆی نەبێت؟! ئایا، دەبێ هەستی بەوە نەکردبێ کە ئەو بەهرە بەرزەی خـۆی، ئەو هەمـوو زانینە ئینسیکلۆپێدیایی هەیەتی، ئەو توانستە زەینی وزمانەوانییەی خاوەنیەتی، ئەگەر کورد نەبایە، ئاوا تاک وتەریک وتەناسراو نەدەمایەوە؟! دەسا «خـانی»ی بایەزیدی کـورد، چی لە «نیـزامی گـەنجەیی» و«ئەوڕەحـمـانی جـامی»ی فـارس کـــەمـــتـــرە؟ بۆچی لە«فـــیـــردەوسی»و «سـەعدی»و«حـافز»بالادەسـتتر وبەهەسـتتر وهونەرمەندتر نییە؟!

دڵم نەهات بڵـێم: سـەیدای مـەزن، ڕەنگە غـوربەتی زاتیی خـۆت دەورێکی گـەورەی لە تەقاندنەوەی هەستی نیشتمانی و کوردایەتیت دا هەبێت! ترسام خراپ لێم حاڵی بێ و هەست بکا ئەو ناماقوولییەم لە ڕوویدا کردووە کە هەڵبەتا بۆ خـاتری خـواسـتێکی زاتیی خۆی، ئەم پرۆژە نەتەوەییـە گـەورەییـەی هەڵچنیـوە.. نا، تۆبە! سـەیدای مـەزن کـوفـری وابە چریەش بە دڵمـا نەزەری نەکـردووە. گـەر سـایەی مـوبارەکـتـان خولیـای خۆپەرستی هەبایە، ئەوا دەتتـوانی بە زمانی فارسی وعەرەبی بنووسی و خۆت بکەیتە شاسواری ئەدەبیاتی ئەو دوو گەلە و لە جیهاندا دەنگ بدەیەوە. نا، سـەیدای مـەزن.. بە ڕیشی سـپی بێگەردت قـەسـەم، من قـەناعـەتم هەیە پرۆژەکەت، پرۆژەیەکی میللیی مەزنە، تۆ بۆ یەک بە یەکی مرۆڤی کـورد بەپەرۆشی، هەر لە گـەدا وپاڵە وجووتیارەوە، تا شاعیر ونووسەر وزانا و ئاغا ومیر وسەردارانی..

بەڵام سەیدای مەزن، دەمـەوێ بڵـێم: تۆ وەک شـاعـیـرێکی بالادەست، بیرکـارێکی بەهەست، بلیمەتێکی مێژووناس، وڵاتپەرستێکی خاکی و گەلپەرست، تۆ هەست ناکەی(پرۆژەی نەتەوەیی تەنیـا پرۆژەی بوونی پادشـا و دەوڵەت نییـە. مـيللەت خـۆی خـاوەنی هەبوونی کـولتـوور و شـارسـتـانیـەتی خۆیەتی.. خـانی هەر زوو بە نیگایەکی گلەیی بارەوە، قـسـەکـانی لە زاردا ویشک کردم. لە سـەرنجەکەیدا گلەیی دیاربوو. خێرا بەخۆمدا چوومەوە. هەرزەم و لێم مەگرە گـەورەم.. ئەوەتا تۆ بە ئاشکرایی وڕوونی پێت وتم: بۆ ئەوەی کـوردیش وەک نەتەوە، توانست ولێهاتوویی و خاسیەتە نەتەوەییەکانی، ڕێچکە وبیچم وقەوارەی شارستانی وسیاسی خۆیان وەربگرن، دەبێ کورد ببێتە خاوەن دەوڵەت. گەر پارەی سکەلێدراوی خۆت نەبێ خاوەن پارە نیی،

تەختی خۆت نەبێ خاوەن تەخت نیی، پادشای خۆت نەبێ خاوەن وڵات نیی، دام ودەزگای نەتەوەیی خۆت نەبێ خاوەن زانین وهونەر وشارستانی نیی. دەبێزرێیت وناناسرێیت و دەبیتە پاشکۆو و ژێردەستی خاوەن تەخت وخاوەن دەوڵەتانی دراوسێ.

بەڵێ، سەیدای مەزن.. لەم مەبەستانەت حاڵی بووم. تەنیا ویستم ـ ویستم بڵێم ـ وەک شاعیرێک، وەک زانایەک، وەک...، تۆ زیاتر گرینگی نادەی بە توخم وخاسیەتە کولتوورییەکانی نەتەوە، بە بنچینەو بنەما شارستانییەکان، بە شاعیر و ڕۆشنبیر ولێزانانی نەتەوە..

خانی فەرمووی:

گەر دێ هەبوویا مە ژی خودانەک
عالی کەرەمەک لەتیفەدانەک
عیلم وهونەر وکەمال ونیذعان
شیعر و غەزەل وکیتاب ودیوان
ئەڤ جینس ببا ل باوێ مەعمول
ئەڤ نەقد ببا ل نک وی مەقبول
من دێ عەلەما کەلامێ مەوزون
عالی بکرا لە بامێ گەردون
ئینائە رحا مەلێ جزیری
پێ حەی بکرا: (عەلی حەریری)
کەیفەک وە بدا (فەقیهی تەیران)
حەتتا بنەبەد بمایێ حەیران
چبکەم!! کو قەوی کەسادە بازار!!
نینن ژ قوماشێ را خەریدار!!
خاصما دڤێ عەصرێدا کوهەمیان
مەعشوق و حەبیبە بۆمە هەمیان
یەعنی ژ طەمەع دراڤ ودینار
هەر یەک ژ مەرا وەبونە دلدار
گەر عیلمێ تەمام بدی ب پۆلەک
بفرۆشی تۆ حیکمەتێ بە صۆلەک
کەس ناکەتە مەیتەرێ خوە(جامی)
ڕاناگرتن کەسەک«نیظامی»

خانی فەرمووی هەیهات! تۆچ دەبێژی؟ من وەک وتم تەنیا ئەو کاتە دەوڵەت وسیاسەت و شارستانییەتمان دەبێ کە کوردیش خاوەنێکی بێ، سەرکردە و ڕێبەرێکی بێ، خاوەن کەرەم وکەرامەت بەرز بێ، قسەزان ولێزان بێ، ئەوسا زانست و هونەر و پێگەیشتنی شارستانی وگوێرایەڵی بۆ نیزام، شیعر و غەزەل وکتێب و دیوان، هەموویان دەبوونە بابەتی باوی ناو

**ئەمدەویست بزانێ، کە بابایەکی وەک من، دوای سێسەد ساڵ، هێشتا هاوژان وهاو خەم وهاو چارەنووسی ئەوم.**

کۆمەڵ. دراوی ئێمە قبووڵ دەکرا. دەمدی ئاڵای شیعری کوردی لە بەرزایی گەردووندا دەشەکایەوە. ڕوحی مەلای جزیری لە ئاسمانا دەدرەوشایەوە، عەلی حەریری دەژیایەوە، فەقێ تەیران وەها دەکەوتە جەزبە و جۆنبوشی خۆش هەتاهەتایە بە سەرمەستیی شادی دەمایەوە.

بەڵام، چ بکەم، چ بکەم بازاڕی هونەر و زانینی ئێمە کەسادە. قوماشە ڕەسەن ونازدارەکەمان کڕیاری نییە. بەتایبەت ئێمە لە سەردەمێکدا دەژیێن کە خەم وخولیای دەسەڵاتداران بۆتە پارە وگیرفان. مەبەستم ئەوەیە: بوونەتە عاشقی دراو ودینار، ئەگەر تۆ هەموو زانستەکانی دنیایان بۆ کۆکەیتەوە و لەبەر دەمیان دابنێیی بە پووڵێک لێت ناکڕن. گەر هەموو حیکمەت وفەلسەفەیان بدەیتێ: بە تاکە کەوشێکی پێیان نایکڕن. ئەگەر زانایەکی گەورەی وەک«جامی»یان بۆ بێنی، نایکەن بە مەیتەری خۆیان تا خزمەتی تەویلە و ئەسپەکانیانی پێبکەن. ئەگەر«نیظامی»یان بۆ بێنی، بەخزمەتکاری خۆیان ڕایناگرن!!

لێرەدا هەستم کرد، بۆچرووکی جەرگی خانیم بە لووتدا هات.. لەوەتی لەگەڵمدا کەوتبووە قسە، کوڵی گریان هەر لە دڵمدا بوو. بەڵام بەسەر خۆم نەدەهێنا. ئەمدەویست بزانێ، کە بابایەکی وەک من، دوای سێسەد ساڵ، هێشتا هاوژان وهاو خەم وهاو چارەنووسی ئەوم. بەڕاستی لەم قسانەی دواییدا، بێ هومێدی و داخ وڕەشبینییەکی گەورەم بەدیکرد. خەریک بوو جەرگم هەڵتۆقێ وهەڵێم، ڕووکەمە خەراباتی خەونەکان وشێتیی خۆم ڕاگەیەنم. بەڵام، نا. وتم، با ئەم دوا پرسیارەش بکەم. داخۆ، قەلەندەرێکی دڵ پڕ لە داخ و غوربەتی وەک خانی، بەرانبەر ئەم ئاسۆ ڕەشە ودنیا دڵرەقە چ دەکات. گوتم: سەیدای مەزن، تۆ وەک تاقەسوار، بەرانبەر ئەم هەموو شێتیی وگەمژەییەی گەورەکانتان و تێنەگەیشتنی هاووڵاتیانت، تۆ چت لە دەست هات؟!

خانی فەرمووی:

وەقتێ کو مە دی زەمانە ئەڤ ڕەنگ
فیلجوملە ل سەر دراڤێ بو جەنگ
حەظ کر مە ببینە کیمیا گەر
گافا مە دی ئەبو مویەسسەر
نیصفیە مە پێلەکی عەمەل کر
تەصفیەیێ جەوهەرێ دەغەل کر
قەلبێ مە نەکر قەبولێ حیلە
قەت بۆ غەرەضێ نەبو وەسیلە
دین چو و نەکەت بە دەست مە دینار
پاشێ ژ نەچارێ بوینە صەففار
صیفرێ خوێ خەڤ مە ئاشکرا کر
قرطاسیە بو، مەلێ دوعا کر
دەعوەت گەرێ یا ب صدق ئیجابەت
بو: واسطەیێ قەضایێ حاجەت
ئەڤ پۆل ئەگەر چی بێ بەهانە
یەکرونە و صاف وبێ بەهانە
بێ حیلە و خوردە وتەمامن
مەقبولێ موعامەلا عەوامن
کورمانجی یە صرفە بێ گومانە
زێر نینە ببێن سپیتمانە
صفرێ مەیێ سۆرە ئاشکارە
زیڤ نینە ببێن کو، کەم عەیارە
نەقدێ مە مەبێژە کەم بەهایە
بێ سککەیێ شاهە، شەهردوایە
گەردێ ببویا بضەربێ مەنقوش
ئەدما وەهە بێ ڕەواج ومەغشوش
مەحبوبە ب کەس نە ئام زادە
لەو بەخت سیاهـ و نامورادە
قیرطاسیە یا مە بێ پەناهان
بێ ضەربێ قەبولێ پادشاهان
مەعلومە ل با گەلەک عەلیمان
مەقبولە ل با گەلەک حەکیمان

خانی فەرمووی:

کاتێک من زەمانەم بەم چەشنە بینی، سەیرم کرد لەسەر پارە و دراو کردوویانە بە جەنگ و تێکیەربوون، ئەز حەزم کرد ببم بە کیمیاگەر و هەوڵدەم سکەیەکی ئاڵتوونی لێبدەم، کە ئەودەم بۆ هەڵنەسوورا، ئیشی نیوەناچڵیم ڕەچاوکرد، هەستام بە پاڵاوتن وپاکردنەوەی جەوهەر ومەعدەنە نا ڕەسەن وپۆخڵەکان. لە دڵی مندا هیچ فێڵێک نەبوو، هیچ مەبەستم نەبوو ئەوکارە بکەمە هۆیەک بۆ دەستکەوت. بەم حاڵە بەردەوام

بووم، دین چوو، دینارمان دەست نەکەوت. لە ئاخریدا، بە ناچاری بوومە مسگەر و مسی نهێنی خۆم ئاشکرا کرد: لەوحێک بوو، کاغەزبوو (قرطاسیە بوو). من شوکری خودام کرد ودوعام کرد ئەودم بۆ بکاتە وەسیلەی دابینکردنی پێویستییەکانم. دوعاکەم قبوول بوو:

ئەوەتائێستا من دراوی خۆم لێداوە، ئەو پوولانەی لەبەر دەست دان ئەگەرچی بێ بەهان بەلام یەک روویان هەیە، ساقن، بێ فێلن، وردەکارن، تەواون، بۆ کاروباری عامەی خەلک دەست دەدەن. سەیری کەن: بێ گومان کرمانجی سرفە، ئالتوون نییە، سپیتمانە، مسی سوورە، زێر نییە کەم عەیارە.. مەبێژن ئەو دراوەی ئێمە کەم بەهایە، سکە ومۆری شاهانی پێوەنییە، لەبەر ئەوە پووچەلە و ناچێ دیارە ئەگەر لەسەر ئەو دراوە مۆر و رەنگی پادشایەکی کوردی هەلکەنرابایە، ئاوا بێ رەواج وگومان لێکراو نەدەمایەوە. بەلام لەگەل ئەوەشدا، لای من زۆر ئازیز وشیرینە، جگەرگۆشەیە، ئەگەرچی بەخت رەش و نامرادە. بەلام دیارە کتێبەکەی ئێمە بەوەی کە پشتی ناگیرێ، پەنای نییە، خەتمی قبوولی پادشای پێوە نییە، لای زۆر زانایان نەخۆش وخەستەیە، بەلام زۆر کەسی دانا وحەکیمیش قبوولی دەکەن.

گوتم: خانی، کتێبەکەی تۆ زۆر لە تەخت وبەختی میر وپادشاکان بەهادارترو پیرۆزترە. بەلام ئایا ئەدی میرەکەی بۆتان.. کوردە، کرمانجە؟! کە تۆ بۆ ئەو و بە زمانی ئەو، بۆ سەرەوری ئەو و پێشرەوی کوردان ئەم کتێبەت نووسیوە؟! چۆنە ئەو مۆری قبوولکردنی خۆی لە بەرهەمەکەت نەدا، چۆنە لایەکی بەلادا نەکردوویەوە؟! خانی فەرمووی:

میرێ کو بناڤێ (میرزایە)
مەحظا نەظەرا وی کیمیایە
قەلبێ د زەغەل دکەت بلوری
پولێ د دغەل دکەت فلوری
صەدبار هەبن فلوسێ ئەحمەر
دەرحال دکەت بە یەک نەظەر زەر
ئەعلایێ دکەت ب قەهرێ: ئەدنا
ئەدنایێ دکەت بە لوتفێ ئەعلا
پادشاهان دگرت وەکی ئەسیران
ئازا دکەتن وەکی فەقیران
هەر رۆژێ هەزار بێ نەوایان
هەر لەحظە ب لوطف، صەد گەدایان
زەنگین دکەتن بدەستێ هیممەت
حیکمەت ئەوە: ناکەتن چو مینەت
گەر دێ وی ئەظەر بدا مە جارەک
ئیکسیرێ تەوەججوها موبارەک
ئەڤ قەول هەمی د کرنە ئەشعار
ئەڤ پول هەمی دبونە دینار
ئەمما!! ئەظەرا وی زێدە عامە:
لەو خاصێ ئەظەر ژ دل ئەدا مە!!
ئەو رەحمەتێ خاصە بۆ عەوامێ
یارەب تو بدی وی هەر دەوامێ

بەلێ میری بۆتان کە ناوی میرزایە، هەر تێروانینی ئەو کیمیایە، دەتوانێ دلی گەرددار وەک بلوور سپی بکاتەوە، پوولی پووچەل بکاتە دراوی رەواجدار، مسی سور بکاتە ئالتوون، کەسانی پایە بەرز بە رقی خۆی نزم کاتەوە، پایەنزمان بە لوتفی خۆی بەرزکاتەوە، پادشایان بە دیل بگرێ، فەقیران ئازاد بکا. دەتوانێ هەر رۆژە هەزار گەدا وبێنەوا بە بەزەیی وبەخشندەیی خۆی دەولەمەند بکات، بەبێ ئەوەی هیچ منەتێک بکات. ئەگەر ئەو میرە هەر جارێک ئیکسیری ئاورێکی بەلای ئێمەدا بدابایە، بەتەنگەوەهاتنی پیرۆزی خۆی بۆ ئەم کارەی منیش دەربخستایە، ئەوا هەموو قسە وقەولە ئاساییەکان دەبوون بە شێعر، ئەم پوولە بێرەواجە دەبوو بە دینار..

بەلام موخابن.. تێگەیشتنی ئەو زۆر رەمەکی و عامیانەیە. هەست بە گرینگی وبایەخی ئەم جۆرە کارانە ناکات. بۆیە بۆ ئەم کارە تایبەتییەی من جێگەیەک لە دلیدا نەبوو.. هەر چۆنێک بێ خوا تەمەن درێژی بکات!

کز ومەلوول، بەلام بە تێگەیشتنێکی مێژوویی و دانایییەکی پترەوە، «خانی»م بە جێهێشت.

وەک لە خەوێکی قوول رابووبم، تەمزانی من لە سالی ١٦٩٥دا دەژیم یان خانی لە سالی ١٩٩٥دا دەژییت. *

****

* سەرنج: ئەم باسە بەشێکە لە پرۆژەی کتێبێک سەبارەت بە خانی. ■

## خانی و دوو بۆچوون

وەرگێر: هێدی

بە بڕوای«ی. ئۆربێلی(Y. Orbeli) لە رۆژهەلاتی نێوەراستدا سێ شاعیری گەورە هەن کە لەگەلەکەیان زۆر نیزیکن. ناوبراو لە پێشەکییەکدا لە سەر شاعیری گورجستانی«روستاوێلی»دەنووسێ: «ئەگەر باسی شاعیرێک بکرێ کە دە نووسراوەکانیدا بە گەلەکەیەوە بەسترابێتەوە دەبێ بێ ئەملاوئەولا نێوی سێ شاعیری گەورەی رۆژهەلات هەلدین و پێکیان بگرین. یەکیان «فیردەوسی»ی ئێرانییە، دووهەمیان «روستاوێلی»ی گورجستانییە و سێهەمیان«ئەحمەدی خانی»ی کوردە. هەموو نەتەوەکان « ئەحمەدی خانی»یان لەبیر بردووەتەوە. دەراستیدا نەتەوەکانی دی « ئەحمەدی خانی»یان هەر نەشناسیوە. تەنیا نەتەوەی کورد نەبێ کە ئەوی لەبیر نەبردووەتەوە و لە کوردستان وەک شاعیری گەل زۆر بە نێوبانگە.»[1]

***

«کوردۆیێڤ»(Kurdoev) لەسەر«خانی»دەنووسێ: "فیردەوسی «شاهنامە»کەی لەسەر بنەمای داستان وئەفسانە ئێرانییەکان دارشتووە، ئەو بە شا هەلدەلێ، باسی ئەوین دەکا و لەسەر پالەوانی پیاوان دەنووسێ... بەلام بە بڕوای من، «مەم و زین»ی خانی لە نووسراوەکانی فیردەوسی و روستاوێلی بە نرخترە، چوونکە خانی باسی بەدبەختی، هەژاری و چارەنووسی نەتەوەی کوردیش دەکا، پەرە بە بیری نیشتمانپەرستی دەدا و کوردان هاندەدا دژی دەسەلاتداریی بێگانە راپەرن."[2]

***

1, 2)*Geographie der unterdrückten - die Kurden*, Jürgen Roth u. a. / Rowohlt, verlag, 1978.

نووسینی: تەیفور

# دیمەنی ژن لە "مەم و زین"ی "خانی" دا



تابلۆ: قەرەنی جەمیل

یەکێک لە شێوەکانی زانین و لێکدانەوەی چۆنیەتی ژیانی هەر سەردەمێک، لێکۆڵینەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمەیە. بە گشتی دەتوانین بڵێین هەر بەرهەمێکی هونەری دەستکەوتی هەلومەرجی تایبەتی کۆمەڵگایەکی ئینسانییە لە کات و سەردەمی خۆیدا. هەر بەو چەشنە کە ژیان و چۆنیەتی پەیوەندییەکان و بیروڕاکان و داب ونەریت و یاسا لەو بەرهەمانەدا ڕەنگ دەداتەوە، خودی بەرهەمەکانیش بە پێی ئەو هەل ومەرجە خولقاون. بۆیە دەبێتە ئاوێنەی نیشاندەری سەردەمی خۆی.

بە پێی ئەوەی مەبەستی لێکۆڵینەوەکە چ بێ، شێوەی تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکە جیاوازە. ئێمە لێرەدا دەمانەوێ بزانین ئەحمەدی خانی چۆن دیمەنی ژنی لە کۆمەڵی سەردەمی خۆیدا نیشانداوە و لەم ڕێگایەوە کونەوەجێک بۆ ڕوانین لە هەلومەرجی ژیان و دەوری ژن لە کۆمەڵی ئەو سەردەمەی کوردەواریدا بکەینەوە.

یەکەم: شێوەیەک کە بۆ ئەم مەبەستە باوە، ئەوەیە کە وشەی بەکاربراو بۆ پەسنی خاوەن ڕۆڵەکان چن و لەکۆکردنەوەی ئەوانە چ ڕوانگەیەک بەدەست دێ؟

دووهەم: بە پێی لێکدانەوەی ڕووداوەکان چ شتێکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە؟

سێهەم: خاوەن دەورەکان بە چ بیرو وبڕوایەکەوە بەرەنگاری ڕووداوەکان ـ لەو بابەتەدا کە مەبەستی ئێمەیە ـ دەبنەوە و بیروباوەڕی دانەر بۆ خۆی چۆنە؟ چوونکە هەرکام لەمانە نوێنەری بەشێک لە بیروڕاکانی کۆمەڵی سەردەمی خۆیانن.

لەم لێکۆڵینەوەدا لە هەر سێ ڕێگا کەڵک وەرگیراوە و تا ئەو جێگایە کە چیرۆکەکە ڕێگای داوە هەوڵ بۆ مەبەستەکە دراوە.

بۆ ئەم لێکۆڵینەوە لەو«مەم و زین»ە کەڵک وەرگیراوە کە «هەژار» پەراوێزی بۆ نووسیوە(چاپی ئەنستیتووی کورد لە پاریس).

ئەو مەم و زینەی کە هەژار بە زاراوەی باشووور(سۆرانی)دایرشتۆتەوە جیاوازی لەگەڵ«مەم وزین»ی خانیدا زۆرە و گۆڕانکاریی زۆری تێدا کراوە. ڕەنگە بۆ لێکۆڵینەوەی بیروبۆچوونی خودی هەژار و سەردەمی ژیانی ئەو بەکار بێ، بەڵام بۆ لێکۆڵینەوەی سەردەمی خانی دەست نادا.

خانی لە دارشتنی چیرۆک و تەنانەت لە بەیتەکاندا ئاگای لە یاسای نووسین و گرینگی وشە هەبووە ولە بەر ڕازانەوە و بە بێ مانای تایبەتی خۆیان بەکاری نەبردوون، بۆیە دەکرێ هەر وشەیەک کە دایناوە بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە. ئەم گرینگی دانە دەگاتە ئەو جێگایە کە ٥٨ بەیت بەس بەباڵای قەڵەمەکەیدا دەڵێ و چاک و خراپ لە ئەو دەزانێ(بریا سێسەد ساڵ پاش خانی ئەو ڕێزدانانە بۆ وشە و قەڵەم لای ئێمە هەرمابا).

دوو خوشکی میری بوتان:«ستی و زین»دەورگێڕی ژن لە چیرۆکی خانی دان. دانەر ئەم دوو خوشکە لەدووانەیە بەم وشانە دەناسێنێ: نازەنین، حۆری، خۆر، شیرین، لەبەردڵان، دڵڕفێن، لێوسور، گوڵ روخسار، سورگوڵ، چاومەست، پەری، برۆکەوان، مامز، گەروقومقمۆک، نینۆک خەناوی، ئەستێرە، شەوچرا، ڕازاوە، مانگ، دلارام، پەریزاد، شۆخ، شەککەر دەم، زێڕین کەمەر، کەمەر باریک، مەمک هەنار، سەروی باخچان، خونچەدەم و ئاسک بەدەن.

دەبینین کە تەواوی وشەکان پەسنی جوانی و ڕازاوەیی و ڕێکوپێکی دەموچاو و لەشی ئەم دوو کچەن و هەمووی دەستکردی سروشتن و هیچ پێوەندییان بە هونەر و کردەوەی خۆیانەوە نییە. پەسنی کاراکتێر و ئەخلاقییان بەم وشانە دەردەبڕێ: بەشەرم، داوێن پاک، باکرە، خۆپارێز، گوڵی داوێن پاک و سەروی پاکێی شەرم.

بەم جوانی و خوو و خەسڵەتانەوە، تەنیا کاریان ئەوەیە دڵی خەڵک بڕفێنن و بیانکەنە شێت وشەیدای خویان.

تالان دکرن جەماد و حەیوان
تالان دکرن نەبات و ئینسان

( لێرەدا مەبەست لە ئینسان: پیاوە)

کەس نینە نە طالبی جەمالێ
کەس نینە نە ڕاغیبی ویصالێ

مەبەست لەکەسیش لێرەدا هەر پیاوانن، چوونکە لە بەیتی دواییدا کەسەکان ئێو دەبا:

گەر شێخن، ئەگەر مەلا و میرن
دەرویش و غەنی وەگەر فەقیرن

(بەیتی ٤٢٠ ـ ٤٢٥)

لە کاتێکدا خەمی ئاشقیی دایگرتوون، پێچەوانەی هەر ئەم پەسنانەیە کە لە چۆنیەتی حالیاندا دەگوترێ:

بێحاڵ، مەلال، ڕەنگ زەعفەرانی، ژاکاو، خەمگین، پەشێو، وەڕەز، تێشکاو، شێت و خونچەی دڵتەنگ.

بە پێی ئەمانە دەتوانین بڵێین ژن لەوپەڕی بەرزیی خۆیدا دەگاتە ئەوەی کە نرخی تەنیا بە پێی جوانییەکەی بێ. هەموو کەسەکانی چیرۆکەکەش لە تایەن(دایان)و خزمەتکاری خەڵوەتی(حەرەم)ەوە بگرە هەتا میر و خەڵکی بازێڕ هەموو هەروا بیردەکەنەوە و خانی بۆ خۆشی هەر لەسەر ئەو بڕوایەیە. بۆ وێنە:

ـ کاتێک زین لە پاش مێرد کردنی ئەستێ، خەمی ئەوین دایگرتووە، کەسەکانی دەوروبەری تەنیا مۆژیارییەک کە پێی دەکەن ئەوەیە کە: خۆ برازێنەوە و دڵان بڕفێنە! کەس باسی خۆ خلافاندن بە کارەوە یا هەوڵدانێکی دیکە ناکا، «خانی»ش ئەرکێکی دیکەی بۆ دیاری ناکا جگە لە فرمێسک ڕشتن و ئاخ هەڵکێشان(بەیتی ۱۲۰۰تا ۱۲٤۸). دەردەکەوێ کە ژنان ـ لانیکەم ژنە بەگزادان هیچ کارێکیان نەبووە جگە لە خۆ ڕازاندنەوە و لە خەڵوەتیدا ئەسیر بوون.

ـ کاتێک میر ـ بەڕواڵەت ـ بۆ ئاشت کردنەوەی زین دێ و لەگەڵی دەدوێ، جوانییەکەی زین بە تاوانبار دەزانێ نەک کردەوەکانی:

حوسنا تەیە ئەو کری گرفتار
حوبیا تەیە ئەو کری بریندار
زولفا تە ل دەست و پێ وی بەستی
عەقرەب صیفەتا دلی وی گەستی
(بەیتی۲۰۱۳ و ۲۰۱٦)

ـ کاتێک زین لە سەر گڵکۆی مەم دانیشتووە و لەگەڵی دەدوێ، باسی جوانییەکەی خۆی دەکا کە بە ئەمانەت ڕایگرتووە و تەسلیمی دەکا. یانێ خۆشی تەنیا شتێک کە خۆی پێ دەناسێنێ هەر ئەوەیە.

بادامی سیاه و چەشمی شەهلا
نار و بیە و، سێف و، شاخی بالا
خوەش ڕەنگ و ب لەذذەت و بەطامن
بێ شبهە لە غەیرێ تە حەرامن
(بەیتی۳٦-۲۳۳۵)

لە تایەکی دیکەی تەرازوی ئەم دوو کچەدا، دوو کوڕ دەوری ئەویندارن دەگێڕن. "تاژدین" کوڕی وەزیرە و "مەم" کوڕی میرزایەکی بارەگا. هەرچەند برا نین بەڵام لە برا نزیکترن. ئەم دووکاراکتێرەش لە سەرانسەری چیرۆکەکەدا بەم وشانە پەسن دەکرێن: دیندار، بەجەرگ، بە هەیبەت، سەرداری خاوەن دیوان، بەخشندە، ژیر، شێر، مانگی چواردە، پەهلەوان، گودەرزی زەمانە، سەروەری کوڕان، پیاوەتی، ئازایی، لاوچاک، هەڵۆ، بەبەزەیی، شەهین، ئاوێنەی جەمالی ذات، سەربەرز، میرزا، کێوی گران و دەریای بێ کەف وکۆ.

تەواوی ئەم وشانە پێوەندییان بە کردەوە وکارکردی کۆمەڵایەتی ئەوانەوە هەیە. ئەمە نیشاندەدا کە دەوری گشت لایەنی پیاو لە کۆمەڵدا چەند بووە. تا ئەو ڕادەیە کە خانی "بووکی جیهان بۆ کوڕێک دەزانێ کە شیرێکی بەدەستە و شێر درە"(۲۱۰-۲۱۵).

لە کاتی ئەویندارێدا ئەم وشانەیان بۆ بەکار دەبرێ: چاودۆڕاو، پەڕپووزاو، نیمچە شێت، مەخموور، سیامەست، نەخۆش، بریندار، لاواز، دڵ شەکەت، جەرگ سوتاو و بێ تاقەت.

ئەم وشانە هیچیان بە ناتەواوی خاوەنەکەیان نادرێنە قەڵەم، بەتایبەت کاتێک لێی زیاد دەکرێ کە:کچان لێیان بوونەتە جەللاد و قاتڵ(۲٦-٦۲٤).

لەم هاوتاییەدا زۆر بەڕوونی جێگای کوڕ و کچەکان دیاری کراوە. بۆ وێنە لەم بەیتەدا لە زمانی تاژدینەوە:

ئەم شێرن و ئەو خوە دو غەزالن
پڕ عەیبە کو ئەم ژ بەر بنالن

بە بڕوای من ئەمە بیروڕای سەردەمە و خانی بۆ خۆی لە زمانی "مەم"ەوە وەڵامی دەداتەوە: ئەگەر ئەوین هات، شێریش چۆک دادەدا.

لە کاتی دووریی و پەژارەدا گرۆقان کچان دەژاکێن و سیس دەبن بەڵام پیاوان عەقڵ و خیرەد و شعوور و حیس و حەرەکەتیان دەکەوێتە مەترسییەوە! بێ ترس دەتوانین بڵێین کە ئەم پەسنانە بۆ ژن قایل نەبوون، بۆیە سەبارەت بە ئەوان بەکار نەبراون.

بەرانبەردانانێکی تر بە پێی ئەو ئامرازانە دەکرێ کە ژن یا پیاو بەکاری دێنن. لە ئامرازی ژنانەدا تەنیا ئەم شتانە نێویان هەیە کە ئامرازی خۆ ڕازاندنەوەن. وەکوو: سووراو، کل، تانجی زێڕ، ژێرچەنە، ملوانکە و خرخاڵ و... لە بەرانبەردا بۆ پیاوان ئامرازی شەڕ باس کراوە، وەکوو: زرێ، قۆڵبەندی ئاسن، تێغی جەوهەردار(دەبان)شیر و گورز.

ئێستا با بزانین ئەم پیاوانە کە شێر و شێردڕ و خاوەن عەقڵ وکەرامەت و بڕیارن و چەکی جۆربەجۆریان پێیە، لە بەرانبەر ئەو ژنانەدا کە لە ژووری ڕاگیراون و تەنیا پەسنیان جوانیی وکاریان خۆ ڕازاندنەوە یە، لە ڕووداوەکاندا چۆن بەرەوڕووی یەک دەبنەوە.

سەرنجدانی ڕووداوەکان جگە لەوەی هێندێک لە داب و نەریتی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە دەخەنە ڕوو، جیاوازیی بەرەنگار بوونەوە و بۆچوونی کاراکتێرەکانی ژن و پیاو و هەروەها دانەر نیشان دەدەن.

دوو خوشکی میر جلی پیاوانە لەبەر دەکەن و بۆ سەیرانی نەورۆز لەماڵ وەدەر دەکەون. ئەمە نیشان دەدا کە کچە بەگزادان نەیانتوانیوە بە ئاسایی بچنە نێو خەڵک و هاتووچووی نێو بازێڕ بکەن.


لە لایەکی تردوە، هەر لەو ڕۆژەدا مەم و تاژدین جلی ژنانە لەبەر دەکەن و دەچنە سەیران بۆ دیتن و هەڵبژاردنی کچان. یانێ بۆ خەڵکی ئاساییش ژوانی کچ و کوڕ شتێکی قەدەغە بووە و بە هاسانی نەیانتوانیوە چاویان بەیەک بکەوێ. لە ڕۆژی نەورۆزیشدا سنووری دیاریکراو بۆ چاوپێکەوتنی کچان و کوڕان هەبووە.

لیکن نە ب توهمەت و ب مننەت
بەلکی ب طەریقی شەرع و سوننەت

وەک لە چیرۆکەکەدا هاتووە، تاژدین و مەم گەرچی خۆشەویستی میر بوون و هاتووچووی بارەگایان کردووە، بەڵام«ستێ و زین»یان پێشتر نەدیتبوو، کە بە وتەی دانەر باسی جوانییان لە هەموو عالەمدا بڵاو بۆتەوە. کاتێک مەم و تاژدین لەگەڵ ستێ و زین لە سەیراندا یەکتر دەبینن، گەرچی مەستی بادەی یەکترن بەڵام لەبەر ئەوەی کە خەڵک بەسەریاندا دێ ناچارن لێک جوێ ببنەوە.

ناگاه ئەجانیبن خویا بون
ناکام کرن ویداع و رابون

جلی ژنانە لەبەرکردنی پیاوان، لای پیاوانی کورد زۆر بە شوورەیی زانراوە و بیستراوە کە سەرداری لە شەڕدا دۆڕاویان کاتێک بە یەخسیری بردووە جلی ژنانەیان لەبەرکردووە (من پێم وایە ئەم نەریتە لە مەغوولانەوە بەکورد گەیشتووە). کە وابوو دەکرێ بڵێین خانی ویستوویەتی دژی ئەم دابە بجووڵێتەوە، گەرچی تەنیا بۆ خولقاندنی ڕووداوێکە کەڵکی لێ وەرگرتووە و لە ڕەوتی چیرۆکەکەدا کەم وکووڕی



گۆڕی مەم وزین

خولقاندووە. بۆ وێنە مەم و تاژدین لە بیریان دەچێتەوە کە جلی ژنانەیان لەبەردایە (یا خۆ خانی لە بیری دەکا) و لە پیاوێک دەپرسن کە چ باسە؟ هەر وەها لە یەکەم ژوانی ئەواندا ئەم کز بوونە بە تەواوی خۆی نیشان دەدا.

یەکەم ژوان: دووکوڕ بەجلی ژنانەوە ئاشقی دوو کچ دەبن کە جلی پیاوانەیان لەبەردایە، لە ڕواڵەتدا وای لێدێ کە دوو کوڕ دڵ بە دوو کوڕی دیکە دەسپێرن، یا خۆ دوو کچ دڵ دەدەن بە دووکچی دیکە. ئەمە خۆ لە خۆیدا موشکیلەی "هێمۆسێکسوالیتە" دێنێتە گۆڕێ، کە خانی ئاگای لێبووە و دواتر لە زمانی تایەنی کچەکانەوە سەر کۆنەی کچان دەکا کە کچ بۆ کچ نابێ (٦٩٥ـ ٧٠٠) بەڵام سەرکۆنەی ئاوەها بۆ کوڕان لە چیرۆکەکەدا نییە (لە یەک دوو جێگا خانی باسی غیلمان و کوڕە لاو، لە خەڵوەتی میردا دەکا) بۆ وێنە:

حووری وی دە جەننەتێ گەلەک بوون
غیلمان وی د حەضرەتێ مەلەک بوون

یا خۆ پیاوە پیرەکە بە تاژدین و مەم دەڵێ کە ئەو دووکوڕە عەقڵ و دینی خەڵکیان ڕفاندووە، بە پێی ئەمانە دەکرێ بڵێین کە نێربازی ئاسایی بووە. دیارە خانی گرفتەکەی خۆی بە جۆرێکی تر حەل دەکا، لە زمانی هەر دوو لاوە، کوڕ و کچەکان بە پەری و حۆری نێو دەبا. ئەوین دەکاتە شتێکی ئاسمانی کە پێوەندی بە جل و ڕواڵەتەوە نییە. ئەمەش لە چوارچێوەی بیری قەدەری (چارە نووسی) بوونی چیرۆکەکەدا دەگونجێ. بەڵام یەک دوو شت هەروا بێ وەڵام دەمێنێتەوە. ئەگەر بیر بکەینەوە کە کچان لە نێو خەڵکدا ڕوویان گرتووە و پەچەیان بە بەردەمی خۆیاندا داوە (کە دەبێ وا بووبێ) دەکرێ بڵێین بەم شێوەیە مەم و تاژدین سمێلی خۆیان شاردۆتەوە. بەڵام کاتێک ئەنگوستیلە دەگۆڕنەوە دەبوا ژن و پیاو بوونی ئەوانە بۆ یەکتر دەرکەوێ چوونکە ئەنگوستیلەی پیاو و ژن جیاوازی هەیە.

دوای ئەوە کە ئەویندارەکان بە هۆی تایەنەوە بۆ یەکتری دەناسرێن، کچەکان وەڵام دەنێرن کە پەردەی حەیا ـ کە بوونی بۆ کچان لازمە ـ بەرگری لەوە دەکا کە ئەوان دەست پێشخەر بن، بەڵام ئەم پەردە لە کۆنەوە بۆ پیاوان نییە و پێویستە ئەوان بێنە خوازبێنی.

عیشقا وە جلەو ژ مە ڕەفایە
مانیع لەمە پەردەیا حەیایە
ئەو پەردە ژ بۆ وەرا عەدیە
بێ پەردەیی بۆ وەرا قەدیە

لە پێشدا خوازبێنی بۆ تاژدین دەکرێ (دیار نییە لەبەر چی مەم یش هەر ئەو کاتە خوازبێنی ناکا ـ ڕەنگە، تەنیا بۆ خولقاندنی ڕووداوەکانی دوایی بێ) و میر لەبەر ئەوەی کە تاژدین لە شەڕدا لە پشتی ڕاوەستاوە و بەکەڵکی دێ ئەم داواکارییەی زۆر پێ خۆشە و پێشوازی لێدەکا. ئەمە بەشێوەیەک ژن و مێردایەتی سیاسی یە کە لای بەگزادانی ئەو سەردەمە ـ و ئێستاش ـ زۆر باو بووە. لێرە بە هیچ شێوەیەک باسی ئەوە ناکرێ کە میر لە خوشکی پرسی بێ: ئایا ئەو پێی خۆشە مێرد بە تاژدین بکا یا نە؟ دیارە ئێمەی خوێنەر دەزانین بەڵام خۆ میر نازانێ. واتە میر، خۆی بە خاوەن بڕیار دەزانێ و پرسینی ناوێ. ئەم خاوەن بڕیاربوونەی پیاو لە ئاستی کچ و خوشک و هەموو ژناندا دواتر لە باسی زین دا زیاترخۆی دەنوێنێ.

خەڵاتی بووک بە تێر وتەسەلی باس کراوە (سەد کارەکەر و دووسەد خولام، دوڕ پڕ بە پێستی گایەک، بارە یاقوت، بە خەروار زێڕ و...) بەڵام باسی مارەیی نییە. دەکرێ بڵێین لانیکەم میر مارەیی وەرنەگرتووە، یا خانی نەیویستووە ئەو پەرییە کە باسی دەکا بە پارە بگۆڕێتەوە، یا خۆ دژی مارەیی و فرۆشتنی کچ بووە، چوونکە دەزانین مارەیی دان بە تایبەت لای دەوڵەمەندان هەر لە پێش ئیسلامیشەوە لە ناوچەدا هەبووە. لە باتی ئەمە زێڕەشانی بووکی بە زێڕ و گەوهەر هێناوە بۆ نیشاندانی دەوڵەمەندی زاوا.

لە هەموو پێوەندییەکاندا خانی ئاگای لەوەیە کە وتەکانی دژی ئایین و دابی سەردەم نەبێ، بەڵام لە هێندێ شتدا بە ئەنقەست لا دەدا و بیروڕای خۆی دەکاتە مایەی ڕووداوەکان. بۆ وێنە، سەرەڕای ئەوە کە مەی لە ئیسلام دا حەرامە و بۆ خۆی دەڵێ:


ساقی بدە من شەرابێ گولگوون
بێ دەنگی دەف و صەدایی قانون
دا شەحنە و موحتەسیب نەبینن
شاهی بچڤن چو غەم نەمینن

بەڵام لە هەموو مەجلیساندا باسی دەکا. بەتایبەت ئەو کاتەی کە تاژدین و ستێ دەچنە پەردەوە لە ناو ئەو شتانەدا کە بۆیان داناون مەی هەیە و هەردوویان دەخۆنەوە. مەی خواردنەوەی ژن ـ با شەوی بووکێنیش بێ ـ داناێکی بوێرانەیە و نیشانەی ئەوەیە کە زۆر شت لە پەنادا کراوە کەچی بە ڕواڵەت قەدەغەکراو بووە. بەگشتی باسی شەوی یەکەمی زاوا و بووک، بەوجۆرەی خانی هێناویە و بە ئاشکرایی باسی "سێکس" دەکا، داهێنانێکی زۆر پێشڕەوانەیە و دەکرێ بڵێین نووسەرانی کورد ئێستاش ناوێرن ئاوا باسی سێکس لە چیرۆکەکانیاندا بکەن. سەرەڕای ئەوەش، لە پێوەندی لەگەڵ ئەم شەوەدا و هەروەها لە ژوانی مەم و زیندا بە ڕاشکاوی باسی گرینگیدان بە کچێنی و حەرام زانینی پێکەوە نووستن پێش زەماوەند هاتووە (بڕوانە بەیتەکانی ١٥٧١تا ١٥٧٦). لە دابی شەوی یەکەمدا و لە پێوەندی لەگەڵ کچێنیدا باسی پێخەسو (بەر بووک) نییە، باسی مەحرەمان هەیە و باسی مەم کە لە پشت دەرکە دادەنیشێ. دەکرێ وای دانێین کە ئەم دابە لای بەگزادان باو نەبووە، یا خۆ خانی نەیویستووە تا ئەو ڕادەیە چیرۆکەکەی کز بکا.

لەوەو دوا ستێ لە چیرۆکەکە دەچێتە دەرێ و نێوی نابردرێ مەگەر لە دوو جێ، یەک: ئەو کاتەی کە تاژدین دەیەوێ ماڵەکەی ئاور بدا کە ستێ نێوی هەیە بەڵام لە بڕیارداندا دەوری نییە. دوو: لە ناو ئەو کەسانەدا کە لەگەڵ زین دەچنە زیندان بۆ سەردانی مەم نێوی ئەویش هەیە. ئەمە خۆ بە خۆ نیشانەی ئەوەیە کە کچ پاش مێرد کردن کەسایەتی خۆی لە دەست دەدا و نیتر لە ڕەوتی ڕووداوەکانی کۆمەڵ دەچێتە دەرێ و تەنیا بە نێوی مێردەکەی و بنەماڵەکەیەوە بوونی هەیە. کە وابوو بە هەڵکەوت نییە کە لە ڕەوتی چیرۆکەکەدا، باسی برایەتی کردنی تاژدین بۆ مەم هەیە، باسی هەوڵدانی ئەو بۆ ڕزگاری مەم هەیە، بە باڵای برایەتیدا هەڵگوتن هەیە، بەڵام یەک وشە نییە کە ستێ بۆ زین کارێک بکا، خوشکایەتی بنوێنێ، یا خۆ لە بیری شتێ وادابێ و لانیکەم خەمی بۆ بخوا. یانێ ئەم جۆرە کارانە لە ژن ناوەشێتەوە و لە کۆمەڵدا ئەم دەورەیان بۆ قایل نەبوون.

هەرچەند لە تراژێدیادا چارەنووس بەسەر کردەوەی مرۆڤدا زاڵە، بەڵام تراژێدیاکە لەبەر ئەوە دەقەومێ کە ئینسان ئاگای لە چارەنووس نییە. ئەم ئەسڵە لەگەڵ فەلسەفەی قەدەری بوونی خانی دا بەتەواوی ڕێک دەکەوێ، کەچی هێندێک پێشزانی کردووە کە کەڵێنی خستۆتە چیرۆکەکەوە. ئەم پێشزانیانە ئەمانەن کە: مەم و زین هیچ هەوڵ بۆ بەیەک گەیشتن نادەن. باسی خوازبێنی کردنی مەم لە زین نییە، تەنانەت پێش ئەوەی کە میر بزانێ و "بەکر" ئاژاوە بنێتەوە، خەمەکەیان وا باس دەکرێ کە دەڵێی ئەوان دەزانن قەت بەیەک ناگەن. یان زین پێش ئەوەی سەری مەم بدا، تەنیا بە بیستنی مەرگی مەم وەسیەت دەکا وخەڵاتی دەبەخشێ و خوێنەر لە مەرگی خۆی ئاگادار دەکا.

لە هەوڵنەداندا زین زۆر تەسلیمتر و دەست بەستراوترە. بۆ وێنە: زین خەمی خۆی بە شەم و پەپوولە دەڵێ، کەچی مەم پای چوونە دەرەوەی هەیە و بۆ چەم و ڕووبار و با، پەژارەی خۆی باس دەکا. لە باسی تەنیا ژوانیاندا زین بۆ خەم ڕەواندنەوە و سەیری باخ دەچێتە دەرێ، بەڵام مەم بۆ دیتنی زین بەرەو باخی میر دەڕوا. ئەم وێنە جگە لەوەی کچان لە بڕیاردان بۆ ژوان بێبەش دەکا نیشانەی ئەوەیە کە ئەوان بە دڵیشیاندا نایە کە هەوڵێک بۆ خۆیان بدەن.



ئەم ژوورە گۆڕەکانی (مەم و زین)ی تێدایە

لەو ئانەیدا کە میر بە سەریاندا دێ، ئەوە زینە کە دەبێ بشاردرێتەوە، شوورەییەکە لە پێشدا ڕووی لە ئەوە. هەلێکیش بۆ مەم کە خۆی بکاتە قەڵخان و پیاوەتی بنوێنێ. هەروەها هەلێک بۆ تاژدین کە برایەتی بنوێنێ (برایەتییەک لە میر سەبارەت بە زینی خوشکی ناوەشێتەوە)سەیرتر ئەوەیە ئەم ژوانە هێندە گوناھ بووە کە دەبێ بۆ داپۆشینی ماڵێک ئاور بدرێ (بەیتی ١٦١٠ هەتا ١٦٢٤).

ئەم بێ کردەوە مانەوەی مەم و زین لە ڕەوتی چیرۆکەکەدا بەردەوامە. (نە زین وەک مەنیژە دەچێتە سەرچاڵی بیژەن، نە مەم وەک فەرهاد سینگی کێوی بێستوون هەڵدەدڕێ ـ لەم بابەتەوە «مەم و زین»زیاتر خۆی لە لەیلی و مەجنون نزیک دەکاتەوە) دوای ئاشکرابوونی دڵدارییەکەیان لە مەجلیسی شەترەنجدا میر فەرمانی گرتنی مەم دەدا، تاژدین و براکانی ڕادەپەڕن بەڵام مەم بۆ خۆی هیچ ناکا، دەڵێی ئەویش خۆی بە تاوانبار دەزانێ، یا خۆ ئاگای لە چارەنووسی خۆیەتی ـ دواتریش لە نێوان تاژدین و براکانیدا تەنیا عارفە کە دیەوێ وەڵامی میر بە شیر بداتەوە ـ هەروەها زین هیچ هەوڵێک بۆ ڕزگاریی مەم نادا، تەنیا کاری خەم خواردنە و ئاوات خواستنە. تا ئەو ڕادەیە کە بۆ دیتنی مەم ئاوات بە کۆت و زنجیر و زیندان دەخوازێ:

خوەزیا کو ل من غەضەب کرا میر
مانەندێ مەمێ ب غولل وزنجیر

کەچی هیچ تەکانێک نادا کە بەم ئاواتەی بگا. وەک بڵێی ئەم ئەرکە بۆ ژنان دانەتراوە. ڕۆیشتنی بۆ زیندان و سەردانی مەم یش دوای داوای میر و ئیزنی ئەو بە جێ دێ و زین بۆ خۆی دەست پێشخەر نییە.

هاوتا و یاری مەم، تاژدینە و بۆ زین یش، ستێیە. کەچی ئەو هەر ئاگاشی لە خوشکەکەی نییە و خوشکیەتی لە هیچ کوێ باسی نییە.

بە ڕواڵەت ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی تووڕەیی میر و لە ئاکامدا پێک نەگەیشتنی زین و مەم، دوو زمانی کردنی «بەکر»ی بەدکارە، بەڵام بەکر چ هەستێکی میر هەڵدەخڕێنێ کە ئەو بەو شێوەیە تووڕە دەبێ وگرێ بنچینەییە تراژێدیاکە دروست دەکا؟ «هەستی خاوەندارێتی(مولکییەت)و خاوەن دەسەڵاتی بەسەر ماڵ و مولک دا»: زین بە مولکی میر دەژمێردرێ، کە وابوو تاژدین مافی ئەوەی نییە بڕیاری لەسەر بدا. هەروەها مەم (کوڕە میرزایەکی بێ قابل) مافی ئەوەی نییە چاوی لە ماڵ و مولکی ئەو بێ و ئەگەر هەڵەیەکی وەها بکا، کۆت و زنجیر دەکرێ و لە زیندان دەخرێ. لەم بەینەدا تەنیا کەسێک کە مافی قسەکردنی نییە و لێشی ناپرسرێتەوە و خۆشی ناوێرێ باسی بکا "زین"ە. خانی بە تاوانبار نەزانینی میر و تەنیا تاوانبار زانینی بەکر ئەم خاوەندارێتییە بە حەق دەزانێ. بەڵام لە هەمان کاتدا لایەنی ئەوین و ئەویندارێش دەگرێ کە لای میر و ئەوانیتر نە تەنیا بایەخێکی وەهای نییە، بەڵکوو دەتوانێ تاوان بێ. بۆیە گەورەترین پاڵەوانییەک کە مەم دەیکا ئەوەیە کە خۆشەویستیی خۆی ئاشکرا دەکا ودەوێرێ بە ڕاشکاوی بیڵێ، کەچی بوێریی ئاوا لە زین ناوەشێتەوە. تەنیا نەخۆش کەوتنیەتی کە دەبێتە هۆی ئاشکرا بوونی ئەوینی. میریش بۆ بەرپەرچدانەوەی تووڕەیی تاژدین و براکانی و بە مۆژیاری بەکر ڕوو لە زین دەکا و ڕەزا دەدا کە زین بڕوا و مەم لە زیندان دەرێنێ، دەنا زین هەر

بە هیچ دانراوە.

خـاوەندارێتی پیـاو بەسـەر ژندا لەلایەن ژنیشەوە قەبوڵ کراوە و ئەمە لە پێوەندی نێوان میر و زین دا بەم شێوەیە باس کراوە:

کـەی پادشـەهی روحـان و قـەلبان
هەمشـیرە بویی فـیدا و، قـوربان
قـوربانی تە بن هەرژ دو صـەد زین
ئەز هێـڤی دکم نەبی تو غـەمگین
شـاهم ب مـرا مـەبە مـونازیع
ئەز بومە ب حیصصەیا خوە قانیع

هەروەها زین لە سـەر گـۆڕی مـەم یش باسی خاوەنیەتی مەم بەسەر گیان و روحی خۆیدا دەکا و جـوانییـەکـەی تەنیـا بە مـوڵکی ئەو دەزانێ. (بەیتی ٢٣٥٤-٢٣٣٩)

دوایین داوا و ئارەزووی زین ئەوەیە کـە سـەرەخۆشییەکەی وەکوو زەماوەند بێ (ئاخر ئارەزوویەک کـە پیـاوان بە ژنانی رەوا دەبینن) داوای خـەڵاتیش دەکا بەڵام بە میری دەبەخشێ و گەردنی ئازا دەکا. گەرچی ئەم داوا و بەخـشینە کـەوتووەتە بەشی دووەمی چیرۆکـەکـەوە کـە قـەزایەکی دیکە بە سـەر چیرۆکەکەدا زاڵە.

لەو کـاتەوە کـە هەواڵی مـەرگی مـەم دەگـاتە بارەگای میر، چیرۆکەکە پڕ دەبێ لە رەمز و راز و دیمەنی ئەکسیری کە زۆربەیان لەگەڵ واقیع ناگونجێن. وەکوو:

- هاوبەندییەکانی مەم دەرچوونی روحی مەم، کە شەوقدار بووە، دەبینن.
- زین وەکوو عیسـا مـەم زیندوو دەکاتەوە و لەگەڵی دەدوێ، پاشان مەم دەمرێتەوە.
- زین بەسـەمـاکـردن وەپێش تەرمی مـەم دەکەوێ و...

ئەوین بە تەواوی لە پێوەندی خاک دەردەچێ و دەبێتە عیرفانی. مەم چاو لە هەرچی دەکا زین دەبینێ، لە زیندان دەبێتە چلەکێش و سۆفییانە دەمرێ ... ئەمە ئەو کاتەیە کە خانی لە وتەی مەم دا شیعری بەرزی خۆی بۆ رزگاری دەڵێ:

ئەز ناچمە حەضـرەتا چو مـیران
ئەز ناچمـە بەندیی ئەسـیران
ئەڤ مـیرە، وەزیری یا مـەجازی
ئەڤ شوعـبەدە و خـەیالبازی
بیلجـوملە بەطال و بێ بەقـانە
بێ عـاقـیبەتن، هەمی فـەنانە
مـیرێ کـو مـرن هەبت ئەسیرە
مـەعـزولی هەبت ئەوی ئەسـیـرە
ئەم چونە حـضـورێ مـیرێ مـیران
وی حـاکـمێ حـاکم و قـەقـیران

کە بە تەواوی دووپات کردنەوەی ئەو شیعرەی "سەعدی"یە

رسد آدمی به جائی که بجز خدا نبیند/ بنگر که تا چه حد است مقام آدمیت (ئینسان دەگاتە ئەو جێگا کە جگە لە خودا نەبینێ/ بڕوانە هەتا کوێ دەگا پلەی ئینسانی)

هەرلەم کاتەدایە کە زین بەکر دەبەخشێ و دەڵێ ئەگـەر ئەو نەبا ئێمـە بەم جـێگا بەرزە نەدەگەیشتین.

لەم بەشە دایە کە خانی ئەوینی سەرزەمینی بە شەرم دەزانێ و رەتی دەکاتەوە:

حـەیوان صـفـەت ئەم بکـەین زینایێ
بیهـودە د مـەسکەنی فـەنایێ
تەردامـەن و سـەرنگون و مـەردود
شەرمەندە بچینە پێشی مـەعبود

لەم بەشەشدا گەرچی مەم و زین بە ـ کۆ ـ ئێوی خۆیان دەبەن و تاکەکەسی بۆ ئەوان نامێنێ بەڵام هێشتا لە هاوتایی نێوان زین و مەم دا بارەکە بەلای مەم دا قورسترە و رێزی زیاتر دەگیرێ و زین بە بۆنەی ئەوەوە دێتە پێشەوە.

شین بۆ مەم زۆر بە رازاوەیی و بە شێنەیی (لە ٤١ بەیتدا) گوتراوە کەچی بۆ زین تەنیا پێنج بەیت گوتراوە، گەرچی دەڵێ ئەوەی بۆ مەم کرا بۆ زینیش کرا.

باسی شینی تاژدین بۆ مەم هەیە، بەڵام باسی شینی ستی بۆ زین نییە.

مـەم بە خـۆ رنین و سـینگ کـوتان دەبەن و دەینێـژن و لەوەدوواش هەمـوو سـاڵێـک (هەتا قـیامـەت) لەو رۆژەدا ئەو بیرەوەرییە دووپات دەکـەنەوە و شین دەگـێـڕن. (شـتـێـک وەک "عاشوورا" لای شیعە). شتی وا بۆ زین نییە.

هەروا کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد زین لەسەر گۆڕی مەم باسی ئەوە دەکا کە جوانییەکەی خۆی تەنیا بۆ ئەو راگرتووە و دەیەوێ تەسلیمی بکا و دلە وەدوایە کە نەکا مەم لێی قەبوڵ نەکا.

تەرکـیبی وجود: جیسـم و جـانێ
مـولکێ د تەنە بەبێ خـودانێ
نوقـصـان بێتێ ژ حـوسنێ مـویەک
بەڵکی تو بکی لە من توسـویەک
گـافـا کـو ل من بکی عـیـتـابێ
زانم کـو نەشم بدەم جـەوابێ

واتە بوون و مـەرگی زین بە بۆنەی مـەم دوو مانا پەیدا دەکا و لەو ئەوینە عیرفانییەشدا ئەو بە پلەو پایەی مەم ناگا و بەدووی دەکەوێ. (لە هەمـوو مێـژووی عـیرفـاندا باسی یەک ژنیش نییە) ژن بە تەنێ و بە بێ سەبەب (کە سەبەبی زین لێرە "مەم" ە) دەستی بەو بارەگا ناگا.

لە ئاخر دێڕەندا خانی بە تەواوی فەلسەفەی قەدەری (چارەنووسی) خۆی دەچەسپێنێ و لە باسی چەقڵی مەم و زیندا داری گۆڕی "بەکر" دەکـاتە کـۆسـپی پێک نەگـەیشتنی دوو داری گـوڵکۆی مەم و زین و دەڵێ: ئەوەی سروشتی خراپ بێ لە هەر دوو دنیا هەر خراپە و بە هیچ شـتێک چارە ناکرێ. (بڕوانە بەیتی ٢٤٠٥ تا ٢٤١٠) کە وابوو چارەنووسی ژنیش هەر ئەوەیە کـە بۆی دانراوە. ... بەڵام چیـرۆکـەکـە تەواو نەبووە. خانی یەک قسەی پێ ماوە کە دژی ئەم حوکمەی ئاخریشە. خانی لەو دنیاوە خەبەر دێنێتەوە. مەم و زین لەوێ هاوتا و بەرابەرن و بەکریش بەخشراوە و خزمەتیان دەکا (دیارە لەو دنیاش ئەرباب و خزمەتکار هەیە و پیاو خراپان دەبنە خزمەتکار ـ ئەمە هەر هەمان فەلسەفەیە کە هێندێ تناسخ ی تێکەڵ کـراوە). دەکـرێ وای دابنێین کە خانی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەوەی ئێمە بە چارەنووسی دادەنێین کردەوەی خۆمانە و بە پێی داب و نەریت خـۆمـان دەست و پێی خۆماغان بەستـووە و لە ئەستۆی چارەنووسی دادەنێین. دەنا ئەگـەر چارنووس لە لای خوداوە دێ، ئەوەتا لە بارەگای ئەودا شتی وا نییە و ژن و پیـاو دەتوانن ـ ئەگـەر لەم دنیـا بەو پلە لە ئەوینداری گەیشتن و ئەو "گەنجینە"یان دیتەوە، هاوتا و هاوشان بن. دەش توانین وای دابنێین کە خانی هیوای بە کۆمەڵی ئەو سەردەمە نەبووە (ئێستاش بایە هەر هیوای نەدەبوو) بۆ ئەوەی ژن و پیاو ببنە هاوتا و گوتوویەتی مەگەر لەو دنیا شتی وا روو بدا.

دوو وشـەش بۆ ژنێکی تر کـە دەوری لە چیرۆکەکەدا هەیە بڵێین، ئەویش تایەتی زینە. ئەم ژنە بە پێچەوانەی پیرەژنەکەی«شیرین و فەرهاد»ەتەنیا کاری خراپ ناکا (خانی ئەم دەورەی داوە بە پیـاوان) بەڵکوو خزمـەتی ئەویندارەکان دەکا و بەیەکتریان دەگەیێنێ، کەچی هێشـتـاش لای خانی هەر بە ناقـۆڵا و بەڵای ئاسمانی و لەلای هەژار بە دێو و فەرهادکوژ نێو براوە. بۆ؟! ■

# شاکری محۆ:
# «خانی بەحرەکە بێ بن»

نووسینەوە بە شێوەی کرمنجی: پەناهی

☐ چاوپێکەوتنێکی سەرپێیی لەگەڵ پرۆفیسۆر «شاکری محۆ»(سەرۆکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی لە مۆسکۆ) لە کۆنفرانسی بیرەوەری (مەم وزین)ی«خانی»لەستۆکهۆلم(٧/٥/٩٥).

*** کاک پرۆفیسۆر زۆر بەخێرهاتنتان دەکەین.. پێمخۆشبوو چەند دەقیقەیەک سەبارەت بەو کۆنفرانسە کە بەبۆنەی سێسەد ساڵەی دانانی«مەم و زین»ەی خانی بەڕێوە دەچێ، ئاخافتنمان هەبێ.. جەنابت وابزانم هەر لەبەر ئەو کۆنفرانسە هاتوونە سوێد؟**

ـ بەرێ هەر تشتێ ئەز دخوازم سپاسداریا خوە بێژم بۆ برادەرێ مە ژێن کورد و دۆستێ مەێن سوێدێ. ئە ب تەنێ یە ل سوێدێ ل وڵاتێ مەیبرژی کوو هاتنێ سێسەد سالیا نڤیسارا ئەحمەدێ خانی «مەم و زین»ەددنە پاشی. «مەم و زین»براستی دورِ و جەواهیرەکی ئەدەبیاتا مەیە، چاندا مەیە. ئەحمەدێ خانی ستوونەکە مەزنە یا ئەتەوەیێ کورد. خانی وەکی ئەینوکەکێ عەینەکەک، وەکی ئەم کورد ئەم ئاو هەوەدە دبێژین سۆرانین، کورمانجین، هەورامین، زازایین، ئەم گشت سفەتێ ئەحمەدێ خانی دا دبینین. چونکی ئەحمەدێ خانی مەزناییکە وسانێ وەکی مە سەربلند دکە ئەم ب سەرێ ئەحمەدێ خانی جیهانێ دا تێین کرشێ وەکی مسیلەتەکی ترادیسۆنی دەولەمەند و پڕ باش.

کیژانە مەزنێ ئەحمەدێ خانی؟ ئەو بەحرەکە بێ بن و بێ سەرێ، مرۆ دکارێ ب ساڵا بهەست ودڵ کار بکە سەر کرنا وێ. لێ ئەز دخوازم سێ تشتان بێژم. ئەمەگێ ئەحمەدێ خانی یا پێشین ئەوە کی خانی بزمانێ کوردی دەلال نڤیسارەکە نووسا هەست کر بو ددرسەکە مەزن بۆ مە وەکی زمانێ مە زمانەکی دولەمەندە وەکی ئەم هەر سیتیاسۆنەک(هەلکەوت) لاپە گرینگ و چەتین و بدل گشکی دکارین ب زمانێ کوردی بدن. ئەز بێژم وەکی خانی پێش نڤیسارا«مەم و زین» دده دبێژە، مە دکاری بو ب عەرەبی وب فارسی بنڤیسیبا و ل جیهانێدا ببونا مرۆڤەکی ناودار. لێ من ئەو ئەکر، من ب کورمانجیا خوە نڤیسی، من ب کوردیا خوە نڤیسی وەکی خەلق و دونیا نبێژە کورد قەدرێ شەرەفا ب دەو نزانە. دوو تشت مەزنی وەکی ئەز دووها راست دبێ ناوێ وان بێژم، دوو دەرسێ مەزن ئەحمەدێ خانی دانینە، یەک ئەوە ئەحمەدێ خانی دبێژە: وەکی مەعنیبیا ژی دەنگا بێ بەختیا مە، بەخت رەشیبیا مە ئەزانی و ئەخاندی بوویە. ئەو خوە وی دەبستان وەکر دەرس دا زارۆکە کوردا. تا دوودا، ئەحمەدێ خانی گۆت وەکی ئەگەر ئەم یەک بن، دوو تیرەکی ناو مەدە توئەبا، ئەگەر شەرێ عەشیرا ئەبا ئەکوو ئەمێ خولامێتیا فارسا، عەرابا و تورکا را بکن؟ لێ ئەو بێ خولامێتیا مەرا بکن. وی ئیرۆ ئەحمەدێ خانی دخوونی! ئەوێ رەحمەتی ئەو مرۆڤە مەزن تێ بێژی ئیرۆ هاتیە گۆتنێ. ئەم جار جارا سەربلند دبن ژی بۆ مەزنایەتیا وی، ئەم جارجارا ژی شەرم دکن، وەکی ئەم چوکا ئەحمەدێ خانی سێسەد ساڵ بەرێ گۆتییە ئەم هەلا وی فێرنەبوونە.

ئەز دخوازم سەر نوختەیەکی تاخاوتنێ خوە خلاس بکەم. گەلێ کورد ئالیێ ئامداریێدا، ئالیێ فۆلکلۆریێدا، ئالیێ نڤیساریێدا، ئالیێ میرانیێدا ژی هەر ئالیێدا ل جیهانێدا ناوەکی گەلەک خاس دەرخستییە. لێ گەرەکە ئەم خوە خوەرا بێژین ناوێ مە خراب دەرکەتییە، پیس دەرکەتییە، ژی ئالیێ تو ئەبوونە پێکەتیێدا. ئەز دخوازم ئەو خەبەردانا من دۆست ودوژمن ل کوردستانا باشوور ببهێن و بلاهی وربێت.

وەکی ئەم ئەولادێ ئەحمەدێ خانی، ئیزنا مە تونە ئیرۆ ئەم گوللا بەری هەو دونە. نوها دەمەکە ئەز هاتیمە ور گەرەکە ئەم نیشانی جیهانێ بدەین وەکی ئەم ئەک تەنێ دکارین شەر بکن. ئەم دکارین دورِ و جەواهیر چاندینێ ژێ چێکن.

*** کاک شاکر ئەورۆ هیچ پێشکێش دەکەن لەو کونفرانسەدا؟**

ـ براستی خەبەردانەکە من هەیە، لێ ئەز دبێ ورا ئەخوونم لێ ئەمێ ورا جەم خوە چاپ بکن. ئەز سەرۆکێ ناوەندا لێکۆڵینا کوردیە ل مۆسکۆ، ئەم پرسێ دیرۆکی و یێن ئەدەبییێن فۆلکلۆری مەسئول دەبن. من باوەرم ئەو سالێن نزیک تشتەکی باش ل سەر ئەحمەدێ خانی چاپ بکن. ئەم بە زمانێ رووسی و هەر دوو زاراوا سۆرانی وکورمانجی، ئینگلیسی وهنەک زمانێن دن، چاپ دکن.

ئەز دخوازم تشتەکێ ژی ببێژم مە دیرۆکا (مێژوو) گەلێ کورد را نڤیسییە ژێ دەستپێکێ هەتا رۆژا ئیرۆ، جارا یەکەمینە ئەو تێ نڤیساری. ئینشاڵلا جارەکە دن هەکی ئەم راستی هەو بێێن ئەم ویا دیاری وە بکن. ■

## کەریم حیسامی

دەمەوێ وتارەکەی خۆم بە گێڕانەوەی ئەم حیکایەتەی «شێخ جامی» دەست پێبکەم کە دەڵێ: «کاتێکی لە میسر یوسفیان هێنابوو بیفرۆشن، پیرێژنێکیش چەند گوریسی هۆندبوونەوە و هاتبوو لە ڕیزی کڕیاراندا ڕاوەستابوو، دەیگوت: هەمین بە گرچە بس کاسد قماشم ـ کە در سلک خریداران باشم. منیش هەرچەندە نایەمە ڕیزی ئەو زانا و مامۆستایانە کە لە شاکاری «مەم وزین»ی خانی دەکۆڵنەوە، بەڵام دیسان لام وایە چ قەیدی نییە بە کەڵک وەرگرتن لە وتارێکی دوکتور عیزەدین مستەفا، بە چەند وتەیەکی هەرچەندە ساکاریش بن، بەشداری بکەم و ئەم مەسەلەیە بخەمە بەرباس، کە داخوا هەوێنی دارشتنی «مەم وزین» لە گەرا وینچەکەوە، بەرهەمی فیکر و بیری خانی خۆیەتی؟! یان بۆ سازکردن و ڕازاندنەوەی ئەو شاکارە هەوێنی لە بەرهەمێکی پێش خۆی وەرگرتووە و هەستی ئەتەوایەتی وبیری سۆفیگەری خۆشی تێدا ئواندووە.

بێگومان بەیتی«مەم وزین»لە پێش «مەم وزین»ی خانیدا لە فۆلکلۆری کوردیدا باو بووە. لە کوردستان گەلێک بەیتبێژی ئەخوێندەوار، لە کۆڕوکۆمەڵەی شەوانەدا بەیتی «مەم وزین»یان گوتووەتەوە.

دیارە هەر وەک لەنێوان«مەم وزین»ی خانی و ئەو«مەم وزین»ەی بۆ «ئۆسکار مان»تۆمارکراوە، فەرق وجیاوازی هەیە، هەروەها لە نێوان«مەم وزین»ی ئۆسکارمان و بەیتبێژەکانی کوردەواریشدا جیاوازی هەیە. ئەم جیاوازییەی نێوان «مەم وزین»ی فۆلکلۆر و«مەم وزین»ی خانی لە چەند ڕووەوە خۆ دەنوێنێ.

یەکەم: لە«مەم وزین»ی بەیتبێژاندا، دیداری «مەم وزین» گەلێک خەیاڵی و دوور لە واقیعە. لەو بەیتەدا سێ پەریی خوشک دەچن زین هەڵدەگرن وبۆ مەمی دەبەن و لە پەنای دادەنێن. لە کاتێکدا خانی جێژنی ئەورۆزی کوردەواری کردۆتە هۆکار بۆ دیداری «مەم وزین» و بناخەی دلداریان لەم جێژنەدا دادەڕێژێ. خانی بەم بۆنەوە ئەورۆزی وەک جێژنێکی ئەتەوایەتی و کوردیش ←

# بۆ چوونێکی سەرپێیی

وەبیردەخاتەوە.

دووەم: لە بەیتی فۆلکلۆریدا، مەم تاقە کوڕی برایم پاشای یەمەنە و، لە سێوی بەهەشت گووراوە. کەچی خانی نەک هەر مەمی نەکردووەتە توخم وتۆوی بەهەشت، بەڵکوو کردوویەتە لاوێکی ئاسایی کورد و بە کوڕی نووسەری میری بۆتانیشی ناودەبا. وەک دەبێژێ:

تاژدین وەلەدێ وەزیری دیوان
مەم ژێ خەلەفێ دەبیری دیوان

سێیەم: لە بەیتی فۆلکلۆریدا، بەنگین نۆکەری مەمە و دەوری بەرچاویشی هەیە. لە کاتێکدا، لە«مەم وزین»ەی خانیدا هەر ناوی نییە.

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەگەر خانی لە ساڵی ١٠٩٥ی کۆچیدا، داستانی«مەم وزین»ەی دارشتووە، بەر لەوی لەنێو خەڵکدا، بەیتی «مەم وزین»هەر هەبووە. چونکە «مەلای جزیری»یش کە لە پێش خانیدا ژیاوە، لە شێعرێکی خۆیدا باسی«مەم وزین»دەکا ودەڵێ:

مویەکی ئەز ژ تە نادەم ب دوسەد زین وشیرینان
چ دبێت گەر تو حسێب کەی مە ب فەرهادومەمێ

جگە لەوانە خانی لە هێندێک شێعرەکانیدا بەڕوونی دەری دەخا کە بەرلەوەی ئەو داستانی «مەم وزین»بەم شێوەیە برازێنێتەوە و هەستی نەتەوایەتی و بیری سۆفیگری بەبەردابکا، «مەم وزین»ێک ناویان هەبووە. خانی هۆی نووسینی داستانەکەی خۆی زیندووکردنەوەی ناوی «مەم وزین»دەزانێ:

شەرحا غەمێ دڵ بکەم فەسانە
زینێ وەمێ بکەن بەهانە
نەغمێ وە ژ پەردەیێ دەرینم
زینێ وەمێ ژ نۆ ڤە ژینم
دەرمان بکەم ئەز ئەوان دەواکەم
وان بێ مەدەدان ژ نۆ ڤە راکەم

خانی ویستوویەتی بە شێوە وئوسلوبی تازە«مەم وزین»بناسێنێ و ناوبەدەریان بکا.

مەشهور بکەم بە طەرز وئوسلوب
مومتاز بێن موحیب و مەحبوب

ئەوەی مرۆڤ والێدەکا بیری لێبکاتەوە و لەسەری بسەکنێ، ئەو ئەزاد و ناتەبایی یە کە لە بۆچوونی خانیدا خۆ دەنوێنێ. خانی لەسەرەتای هێندێک فەسلەکانی«مەم وزین»دا، بەسەرهەتەکە وا دەست پێدەکا، وەک بۆیان گێڕابێتەوە. هەر وەک بڵێین فلانە کەس وای دەگوت. با سەیری ئەو چەند دێڕانە بکەین:

ئەقڤاشێ صەحیفەیێ حیکایەت
ئەقڤادی سەبیکەیێ ریوایەت
کێشا بقێ تەرحێ رەسم وئایین
لێ دا بقێ طەرزێ ضەرب و تەزیین
گۆ: پادشاهەک زەمانێ سابیق
رابو د حوکومەتا خوە فائیق

یان لە جێگەیەکی تر دەڵێ:

صەییادێ شکارێ حوسنێ ئەخبار
کر بۆمە کو سەرگوزەشتە ئیظهار
گۆ: ڕۆژەکی خوەش بە فەصل و ئەییام
دەورا فەلەکا فەنا سەر ئەنجام
تەدبیر کوننده پیرێ عاقیل
ئەڤ ڕەنگە هە بوژ بۆ مە ناقیل
گۆ: میر ب مشاوەری و ڕایێ
وەقتێ وەکو چو حەرەمسەرایێ
راوی وەهە گۆتە من ریوایەت
زینێ کو بهیستێ ئەڤ حیکایەت

ئەم دێڕانە وا نیشان دەدەن کە داستانەکەیان بۆ خانی گێڕابێتەوە و ئەویش بەم شێوە جوان و شیرینە دەستکاری کردبێ و دایرشتبێتەوە.

لەگەڵ ئەم دێڕانە، مرۆڤ تووشی هێندێک شێعری دیکە دەبێ کە خانی وانیشان دەدا داستانی «مەم وزین»شتێکی تازەیە وپێشتر نەبووە و ئەو، بۆ هەوەڵ جار دایرشتووە. با سەیری ئەم دێڕانە بکەین:

ئەڤ نامە ئەگەر خرابە گەر قەنج
کێشایە مە ڤێ د گەل دوو سەد ڕەنج
نوبارەیێ تیفلێ ئەو رەسیدە
هەر چەندە نەهن قەوی گوزیدە
لێ من ژ رزان نەکر تەمەتوع
مانەندێ دزان بکەن تەتەبوع
ئەورەستەی حەدیقەیێ فوئادە
مەعسوم وعەفیفە پاکزادە
نوبارە ئەگەر شیرینە گەر تال
مەتبوعە ژ ڕەنگێ ئەوعێ ئەتفال
ئەڤ تیفلە ئەگەر نە نازەنینە
نوبارە بە من قەوی شیرینە
مەحبوب ولیباس و گوشوارە
مولکێ د مێ نە موستەعارە
ئەلفاز ومەعانی و عیبارات
ئینشا ومەبانی و ئیشارات
مەوزوع ومەقاسید و حیکایات
مەرموز ومناقیب ودیرایات
ئەسلوب وسیفات ومەعنی ولەفز
ئەسلەن نەکرن مە یەک ژ وان قەرز
بیلجوملە ئەتایجی د فیکرن
دوشیزە وئەوعەروس وبیکرن

ئەم دێڕانە ئەوە دەسەلمێنن کە خانی ئەم شاکارەی بە تێپەرەی کاری خۆی دەزانێ کە لەگەڵ دێڕەکانی پێشێ لە ناتەبایی دان. لە ڕووی زمانەوە خانی داستانەکە بە دیەنی وشەی کورد دەزانێ و بە تەوازوعەوە دەڵێ:

گرمانجم وکوهی و کەناری
ڤان چەند خەبەرێد کورردەواری
ئیمزابکەن ئەو ب حوسنی ئەلتاف
ئیسغا بکەن ئەو بە سەمعێ ئینساف

خانی لە ڕووی ناوەڕۆک و کەرەسەی دارشتنەوە، داستانەکەی بە سێ بەش دابەش کردووە، وەک دەبێژێ:

هندەک ژ فەسانەیێ د بۆهتان
هندەک د بەهانە هندە بوهتان

لەم شێعرەدا خانی مەبەستی خۆی ئاوا دەردەبڕێ:

١) هندەک ژ فەسانەیێ د بۆهتان واتە هێندێک لەم داستانە لە وڵاتی بۆتان بڵاوبووەتەوە. دیارە لەوەش مەبەستی داستانی فۆلکلۆری «مەمێ ئالان» بووە کە ئەو دەم لە نێو خەڵکدا باسی کراوە.

٢) هندەک د بەهانە.. وابزانم خانی لێرەدا مەبەستی هەر ئەو شێعرەیە کە لە پێشدا باسمان کرد: شەرحێ غەمێ دل بکەم فەسانە ـ زینێ ومەمێ بکەم بەهانە. واتە مەبەستی لە نووسینی «مەم وزین» دەربڕینی غەم وپەژارەی دڵیەتی کە «مەم وزین»ەی کردووەتە بەهانە.. غەم و پەژارەکەشی بێکەسی وبێبەشی کوردە. یان کردوویەتە بەهانە بۆ باسی ژیان و زانست و مێژوو، کە فەلسەفەی خانیان پێکهێناوە.

٣) هندە بوهتان. واتە هێندێک شتی هەڵبەستە و دروستکراون کە خانی ناچار بووە بۆ دارشتنی داستانەکەی وەک کەرەسە پەنایان بۆ بەرێ. ئەوەش کارێکی ڕەوایە و هەموو نووسەرێک و هونەرمەندێک بۆ کەرەسەی دارشتنی داستان و چیرۆک پەنای بۆ دەبەن. هەرچۆنێک بێ «مەم وزین»ەی خانی کە سەرەتای گەشە پێدانی ڕۆشنبیری کوردە، لە زۆر بار و لایەنەوە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی زیاتر هەیە. ■

# ,ئەحمەدی خانی،
# کێ بووە وچی کردووە؟

**ڕەحمانی سۆفی**

دیارە نووسین لەم بارەیەوە، خۆی بابەتێکی لێکۆڵینەوەی مێـژوویی یە و ئەوەش کـاری مێژوونووسانە کە لەم بوارەدا لێی بکۆڵنەوە و لەسـەری بنووسن. زۆر نووسـەر و شـاعـیـر دەربارەی خـــانی و«مـەم وزین»نووسیویانە وهەرکەس لە ڕوانگەی خۆیەوە، هەوڵی داوە ئەو پیـاوە ئەدیبـە گـەورەیە بە خـوێنەرانی کـورد بناسـێنێ. ئەلبـەتە هەرکـەسـەش، بە مـەزندەی تێگەیشتنی خۆی، ویستوویە گەورەتری کاتەوە و وەکوو شاعیرێکی میللی وکوردێکی نیشتمان خۆشەویست و سۆفییێکی خواناس، پەسنی بکا و بیناســـێنێ. لێـــرەدا چەند نموونەیەک لەو نووســراوانە دەهێنمـەوە و دەیخـەمـە بەرچاوی خوێنەران. مامۆستـای ئەمر حەسەنی قزلجی دەڵێ:

«.. ئەحـمــــەدی خــــانی یەکـــێکە لەو هەڵکەوتووانە کـە لە دڵی مـیللەتی کـورددا ئەژین، لەو ڕۆڵە بەنرخانەیە کە وەجاخی کوردی ڕۆشن کردووەتەوە، لەو ئەستێرە گەشانەیە کە لە عـاســمــانی ئەدەبی کـــوردیدا هەمــیـــشـــە ئەدرەوشێتەوە[1]».

جا، بۆچی «خانی»وەکوو ئەستێرە گەشە و لە عاسمانی ئەدەبیاتی کوردیدا دەگەشێتەوە؟ خۆ ئەستێرەی دیکەش هەن، هەر لەوعاسمانەدا. بۆ ئەوان وەکوو خانی پرشنگدار وشا ئەستێرە نین؟ دیارە هەر ئەستێرەیەک تریفە ورۆشنایی تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام بە بیروڕای من گەشانەوە و درەوشانەوەی ئەحمەدی خانی لەوە دایە کە ئەو لەو هەلومەرجەدا کە کورد، بێجگە لە حوجرەی فـەقـێـیـان وخـوێندنی دەرسی ئایینی، نە خـوێندنگەی هەبووە و، نە زانکۆ وزانسـتـگا، توانـیـویە چیـرۆکی «مـــەم وزین»داڕێژێ. ئەگـەرچی هێندێک کـەس لایان وایە کـە چیرۆکی«مەم وزین»زۆر کۆنترە و بە شێوەی بەیتی فۆلکلۆر سەدان ساڵ لەپێش ئەحمەدی خانیدا هەبووە. مام(هێمنی موکریانی)ی ڕەحمەتی دەڵێ:

«.. بێگومان سەرچاوەی مەم وزینی خانی هەر ئەو بەیتە کۆنانەیە، هەر وەک پێمـوایە سـەرچاوەی چیرۆکەکانی بیژەن ومـەنیژە و ڕۆستەم وسۆهراب و سیاوەش و.. شاهنامەش هەموو بەیتی کۆن بوون و فیردەوسی تازەی کردوونەتەوە[2]».

جا، ئەگەر وای دابنێین کە ئەم چیرۆکە، ئەفسانە بێ یان بەیتی فۆلکلۆری کۆن ودەم بەدەم و سینە بە سینە لە بەرەیەک بۆ ئەوەیەکی دیکە گێردرابێتەوە و بە چیرۆکی فۆلکلۆریش مابێتەوە، دیسانیش هیچ لە نرخی شاکارەکەی خانی کەم نابێتەوە. دوای ئەوەی کە فکری بەرز و هەستی شاعیرانەی خانی، یان فەلسەفەی سۆفییانەی ئەو میللەتە هونەرمەند و پایەبەرزە، لەو قۆناخە مێژووییەدا، توانیویە بەشێوەی ئەدەبی کلاسیکی دەریبڕێنێ. بەهەر شێوەیەک بێ، دوو شت بۆ ئێمە دەسەلمێن:

١) فۆلکلۆر، یانی ئەدەبێک کە هی گەلە و لە ناخی ئەوانەوە هەڵقـوڵاوە، هەر گـەلیش پاراستوویە و خزمەتی کردووە. کەوابوو هەر هی گەلی کوردە.

٢) ئەحمەدی خانی شاعیرێکی میللی و گەلی بووە و ئیلهامی لە گەلەکەی خۆی وەرگرتووە و لە ڕوانگەی فەلسەفەی سۆفیزمەوە ئەم چیرۆکەکەی بە شێوەی نەزمی شاعیرانە دەرهێناوە و دووبارە دایڕشتووەتەوە و لەم ڕێگایەوە هەوڵی داوە خزمەتی نەتەوەکەی خۆی بکا. ئەوە نییە خۆی لەم چەند دێڕەدا دەبێژێ:

دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد
بێمەعریفەتن، بێ ئەسڵ وبونیاد
ئەنواعی میللەل خودان کتێبن
کورمانج تەنێ د بێ حسێبن
هەم ئەهلێ نەزەر نەبێن کو کورمانج
عیشقێ نەکرن ژ بۆ خوە ئامانج
کورمانج ئەپڕ د بێ کەمالن
ئەمما د یەتیم وبێ مەجالن[3]

ئەگەر ئەحمەدی خانی ئەوەدەم فکری لەوە ئەکردبایەوە کە چیرۆکی مەم و زین بنووسێتەوە، ڕەنگ بوو ئەمەش وەکوو زۆربەی چیرۆک و بەیتەکانی دیکە کە گەلی کورد خوڵقاندوونی، بکەوتبانە بەر پەلامار وهێرشی دوژمن و، وەک زۆربەی بەشەکانی دیکەی کەلەپووری گەلەکەمان لەناو چووبان.

خانی بەم شاکارە توانیویە بە میللەتانی دیکە بێژێ کە کورمانج (کورد) بێ کەماڵ وبێ عیشقیش نین، بەڵام داخەکەم مەودایان نییە، چونکە بە درێژایی مێژووی لەمێژینە، وڵاتەکەیان داگیرکراوە، بێ خوێندنگە و زانستگە بوون.. بەڵام بەو حاڵەش بلیمەتی زۆریان تێدا هەڵکەوتووە کە خانی یەکێک بووە لەو بلیمەتانە.

من ڕام وایە لە هەر ڕوانگەیەکەوە بڕوانینە «مەم و زین»ەی خانی کە ٣٠٠ ساڵ لەمەو پێش داندراوە، دیسانیش هەر مایەی شانازییە بۆ ئێمەی کوردی مافخوراو، بۆمان هەیە کە خۆمانی پێ ڕانێین و بێژین ئێمەش نووسەر و شاعیری وەکوو خانی و شاکارێکی وەک «مەم و زین»مان هەیە.

ئەگەر مەجالمان هەبێ و مەودامان بدەن، ئێمە کێوی نین وەک دوژمن پێمان دەڵێ، بەڵکوو ئێمەش سەرمان لە زانست وفەلسەفە دەردەچێ. بەڵام ئاخ وسەد داخ کە بەشی ئێمە تائێستا لە بەرانبەر ئەو هەموو داگیرکەرانەدا هەر بەرگریی و خۆ پاراستن ولەناو نەچوون بووە.

***


**سەرچاوە وپەراوێز:**

١) هەژار(کـردوویە بە موکـریانی)، مەم وزینی خانی، سەرەتا نووسین(حەسەنی قزلجی). چاپی یەکەم بەغدا، ١٩٦٠، چاپی دواییتر، چاپخانەی جەواهیری تاران.

٢) ئۆسکار مان، **تحفه مظفریه**، پێشەکی و... هێنانەسەر ڕێنووسی کوردی: مامۆستا هێمن، چاپی یەکەم، ١٩٧٥

٣) ئەحمەدی خانی، مەم وزین، ڤەشاندنا: پەرویز جیهانی، انتشارات صلاح الدين ايوبى، ورمێ، ١٣٦٧.




## ناساندنی نامیلکەیەک لەسەر«خانی»

**هێدی**

بەڕێز کاک عەزیزی ئیبراهیمی دە نامیلکەیەکی ٢٤ لاپەڕەییدا بە نێوی: «معرفی شخصیت احمد خانی ـ شاعر میهن پرست کرد» (ناساندنی کەسایەتی ئەحمەدی خانی ـ شاعیری نیشتمانپەروەری کورد)، خانی و «مەم وزین»ەکەی بە فارسزمانان دەناسێنێ*.

بلاوکردنەوەی بەرهەمێک بە زمانی فارسی، لە پێناو ناساندنی کورد وئەدەبیاتەکەیدا، لەهەر دەرفەتێکدا بێ کارێکی بەجێیە، هەرچەند پێمـوایە نەک هەر ئەونامیلکەیە، بەڵکوو ئەگەر هەزار قەبە کتێبانیش، سەبارەت بەکورد، دەفارسان بسریوێنێن، دەگوێی گادا پرخەیان نابڕێ و، پێیـانوایە ئەگەر چاویان بە کورد هەڵات، هەودای تەواوەتی ئەرزیی ئێران دەپسێ.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەرچەندی بەزمانی بێگانان لەسەر کورد بنووسرێ، هەر کەمە. ئەو بەرهەمەی کاک عەزیزیش هەنگاوێکە لەو بوارەدا.

کاک عەزیز لە سەرەتای بەرهەمەکەیدا لە ژێر سەردێری «بیر ورای رۆژهەڵاتناسان لە سەر ئەحمەدی خانی» باسی ئەو رۆژهەڵاتناسانە دەکا کە خۆیان بە کورد وئەدەبیاتەکەیەوە خەریک کردووە و بۆچوونی هێندێکیان سەبارەت بەخانی دەخاتە بەرچاو.

پاشان لەسەر«خانی و ئەوینی نیشتمانپەرستی وی» دەنووسێ و دەڵێ: نرخی ئەدەبیی بەرهەمی خانی هەر لەبەر ئەوەی نییە کە بۆ یەکەمجار هەستی نەتەوایەتی کوردانی بزواندووە، بەڵکوو بە پێی بەراوردێکی ورد و قووڵ دەکرێ بڵێین: «بەرهەمی وی لە زۆر بارانەوە لە بەرهەکـانی "نیزامی گـەنجەوی" و "عـەبدولڕەحـمـانی جامی"سەرترە»... لەو بەشەدا نووسەر بەکورتی کاکڵی داستانی «مەم وزین» بە خوێنەران دەناسێنێ و پاشان شێعرەکەی «پیرە مێرد»: (شینی یای زین بۆ کاکە مەمێ)ی ـ بە وەرگێرانی فارسییەوە ـ پێوە دەلکێنێ. پێموایە بێ جێ نەدەبوو ئەگەر نووسەر لەباتی شێعرەکەی«پیرەمێرد»کورتێک لە دەقی«مەم وزین»ـخانی هێنابا و بۆ خوێنەرانی شیکردباوە.

نووسەر بە گێڕانەوەی «بەسەرهاتی ئەحمەدی خانی»کۆتایی بە نامیلکەکەی دێنێ. دیارە دەنامیلکەیەکی ئاوا تەسک دا، ناکرێ کەسایەتی و بەرهەمی خانی بە باشی بناسێندرێن، بەڵام ئەو نامیلکەیە ـ سەرەڕای کەم وکوورییەکانی ـ هەرنەبێ تیشکێکە لەسەر رێی ئەوانەی کە دەیانەوێ دەکورد و ئەدەبیاتەکەی بگەن.

هاوینی ٩٥ ـ ئاڵمان

* تاریخی چاپی لە سەر نەنووسراوە.

## ئەحمەدی خانی(١٦٥٠-١٧٠٦)*

**خوالێخۆشبوو عەلایەدین سەجادی**

قـەڵەم کـە نووسی نەخشی زێڕکـفـتی
شـەیدای دەنگی بوو کـەوا ژنەفـتی
چیـرۆک نووسـەکـان تا بە هومـیـروس
لەبەر ئەو دەنگە بوون بە چیـرۆکنووس
ئەو دەنگە دەنگی ئەوای خـانی بوو
شـمـشـاڵی گـیـانی ئەوجـەوانی بوو
بادەپەرسـتـان سـەرخۆشـانی ڕاز
قـەتارەی عـاشق پۆلی چاو بەناز
مـیـر وشـاریار، بەگـزادەی دیار
فـریشـتـە وپەری، ئاغـە و جـووتیـار
ڕەواڵنی مـەم، کـناچـانی زیـن
سـەراپەردەکـەی ئەمـیـر زەین دین
چەکـۆ و عـارف، سـتی و تاژدین
حـەیزەبوون بەکـر، وەیشـومـەی بە کین
ئەمـانە هەمـوو کـەوتنە خـۆشـخـوانی
بە تیـشکی فـیکری ئەحمـەدی خانی!..

پێغەمبەری شێعری میللی وچیرۆکی لە خاکی بایەزیدا، سەرچاوەی ئەدەبی کوردی و باوەڕی کوردی لە کورد زەیدا، جەمالی تەبیعەت مەفتوون بە دوڕ ومەرجانی قسەی خاسی، شەماڵ ونەسیمی فێنکی بەیان شەیدا بە لالەزاری باسی. لە دیوانی ئاشنایانی حەقپەرستیدا وەک گەلاوێژی گەش، لە هەمـوو زانایانی عیلم و هونەردا وەک بازی سـەراوێژی چەش!.. ئەسـتێـرەی گـەشی ئەم شوێنە ناوی(ئەحمەد) و وەکوو بیستوومە کوڕی (شێخ ئەلیاس)ە، و لە عـەشـرەتی خانیانی وڵاتی بایەزید وبۆتـانە، لە ساڵی(١٠٦١ هـ )لە بایەزید هاتۆتە دنیاوە وەکـوو خۆی ئەیڵێ:

لورا کـە دمـا ژ غـەیب فـەک بو
تاریخ هەزار و شـێـست ویەک بو

کە بە میلادی ١٦٥٠ئەگرێتەوە..

بەسـەرهات و ڕابواردن و مردنی ئەحـمـەدی خـانی زۆر تاریکە.. هەرکە قسەیەکی لێوە کردووە.. سیر ئەکەم هەموو پێچـەوانەی یەکن.. تا لە سـاڵی ١٩٤٦دا لە مـەلایەکی پیرەوە شتێکم دەست کەوت و بۆم بوو بە بەڵگە، لە پاش ئەوەش هەرچەندە خەریک بووم لەوە زیاترم بۆ ساغ نەبوودوە و دەستم نەکەوت. گۆیا بە پێی ئەو بەڵگەیە(طار خانی الی ربە) مـێـژووی مـردنی ئەحـمـەدی خـانیـیـە کـە بە حـیـسـابی(ابجد)ی هیـجـری ئەکـاتە(١١١٨) کـە بەرامبەر(١٧٠٦)ی میلادییە..

شێخ ئەحـمـەدی خانی.. لە ناو مـەردمـا دوو جێگەی هەبووە؛ یەکێ عـیـلمی ، یەکێ بنەمـاڵەیی. هەروەها پیـاوێکی دیندار و خـواپەرسـتێکی وابووە کـە سـۆزی مەعنەوییاتەکەی کاری کردووەتە هەموو کەس.[خانی] لە تەمەنی«٥٦»ساڵیدا کۆچی دوایی ئەکا و هەر لە بایەزید ئەنێژرێ، گۆڕەکەی ئێستەش هەر مەزارە.

* «مێژووی ئەدەبی کوردی»

# ڕێبازی فکری و شێوازی شێعریی خانی لە مەم و زین دا

هێرش

ئەمـــا خانی هەتا چیرۆکی عیشقی ئێمە داڕێژێ
دەنا هێشتا لەکوردستان دەژین «زین ومەم»ێکی تر
هێمن

**بەشی یەک) جیهانبینی خانی**

بە داخەوە تا ئێستـا لێکۆڵینەوەیێکی تێر وتەسەل لەسەرەمەم و زین» ئەو بەرهەمـە گرینگەی خانی نەکراوە. هەر کەس بە گوێرەی پێوانەی خۆی، جیهانبینی و شێوەی داڕشتن وجـۆری دەربڕینی خـانی لە مـەم و زین دا لێکداوەتەوە کـە ئەگـەر بە وردی سەرنج بدەین ئەوبیر و بۆچوونانە پڕ بە پێستی خۆیان نەبوون و نین. هەڵەی سەرەکیش لێرەدا سەرچاوە دەگرێ کە بۆ یەکەم جار نووسەرانی هەندەری ئەرکی ئەو کارە بە ترخەیان وەئەستۆ گرت و ئێمەی بێ دەرەتانیش چاومان لە زاری وان بووە و هەرچی ئەوان بۆیان نووسیوین بە دڵخۆشییەوە وەرمان گرتووە. هەرچەند ئەو زانایانە بۆ ناساندن و ئەفەوتانی ئەدەب و کولتووری کوردی چ ئەدەبی زارەکی وفۆلکلۆری وچ ئەدەبی نووسراو، ئەو پەڕی دڵسۆزی و ئەمەگی ئینسانی خۆیان نیشان داوە و گەلێک پێچ وپەنای نا لەبار و کەلێن و قوژبنی نادیاری مێژووی ئەدەبی کوردیان ڕوون کردووەتەوە ، بەڵام ئەوان بە گوێرەی کەرەسەی لێکۆڵینەوە و ڕادەی تێگەیشتن و چۆنیـەتی پرۆسەی گەشە سەندنی ئەدەبیی خۆیان و ئەو ڕێباز وشێوازانەی کـە لە ژێر کـارتێکەری ڕاستەوخۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری خۆیاندا خولقاون، پرۆسەی سەرهەڵدان وگەشەسەندنی ئەدەبی کوردیان لێکداوەتەوە. دیارە لێرەدا دەبێ زۆر مەمنوون وملکەچ یان بین کە ئەگەر ئەوان نەبوویان، زەحمەت بوو ئێمەی کورد خۆمان ڕانابا و لە ئەدەبی نووسراوی ئەو دوو سێ سەدەیەی پێش خۆمان، بە شانازییەوە دوابایین.

ئەوەیکە تا ئێستاش ڕەوتی سەرهەڵدانی مێژووی ئەدەبی کوردی پڕە لە تاریکی و بۆشایی شتێکی ئاشکرایە و جارێ عەستەمیشە لەو پێکدادان و سەرلێ شێواوییەی تووشی هاتووین بتوانین بەڕەی خۆمـان لە ئاوێ بێنەوەدەر. . هەرچەند هۆی ئەوەش بەشی زۆری سـووچی هەڵکەوتوویی وڵاتەکەمان بووە لە نێو چەند هێزی خاوەن دەسەڵاتی درواسێ و بەشێکیشی هۆی خۆش باوەڕی ولەشبڵی و کەمتەرخەمی خۆمان بووە کە یان لە مزگەوت ودیوەخان و بەریەڕۆچکە بێ خەیاڵ پاڵمان داوەتەوە و بە گولێک ئاو وەمەلە کەوتین؛ یان بە شەڕی خۆقڕکەری خۆخۆیی، دوژمنی لاسار ولاپەرەسەنی خۆمان کە لە تەڕی فرمێسکی ئێمەی خواردووە و لە ویشکی مێشکی ئێمە ڕای بواردووە، وەسەما خستووە؛ خۆشمان ئاوی بێنە ودەستان بشۆ...

لەو هەل ومەرجە ئاڵۆزەدا ولەم بار و دۆخە ناله بارە دایە کـە زۆر جـار لە خـۆم دەپرسم و دەڵێم خـوایە ئەگـەر ئێمـە ئەو«خانی»یە خواپێداوەمان نەبایە خۆمان بە چی ڕانابایە، نووسەر و ئەهلی قەڵەم لە کام ئەدەبی نووسراو وبەرهەمی کلاسیک دوابایە، ئەگەر ڕووداوی تراژێدی عیشقیی ئەو دوو دڵدارە ناکامەی خـانی نەبوایە، چۆن چۆنی دەمانتوانی بە خولقاندنی چەند کارەساتی دەستکردی پڕ لە حیماسەی دوژمن پەسند!! لە جیهانی ئەدەبدا ناومان هاتبایە.

ئەوەی بە گوێرەی توانا لێرەدا ولەو باسەدا دەخـرێتـە ڕوو، ئەوەیە بزانین خـانی چ جیهانبینیێکی هەبووە، لە جۆری خولقاندن وداهێنانی ئەو بەرهەمەیدا، چ بیـر و بۆچوونێکی فەلسەفی و عیرفانی دەکار هێناوە، هەروەها لە بەیان ودەربڕیندا چ ڕێبـاز وشێوازێکی ڕەچاوکردووە.

بەڵام بەر لەوەی بچینە سەر باسی ئەسڵی پێویستە ئەو پرسیارە ئاراستە بکرێ کە ئایا خانی سۆفی بووە؟ ئەگەر سۆفی بووە سەر بەکام تەریقەت وخانەقا بووە؟

ئەوەی کـە هێندێک لە زانایان و نووسەرانی خۆماڵی و هەندەری لێرە و لەوێ بە گشتی خانی وەک سـۆفی دەناسێن، وابزانم تووشی هەڵە هاتوون و ئەوەش هەر وەک دەپێشـدا گـوتم لە زانیاریی و نووسراوەی ئەو نووسەرە هەندەرەییانە سەرچاوەی گرتووە کە بە هەموو عـالم وعـارف وخواناسە ئیسلامییەکانیان گوتووە سۆفی و ڕێبازەکەیان ناوناوە(سۆفیزم)سۆفیگەری، ئەهاتوون لە جۆراوجۆری وجیاوازی تەریقەتەکان وردبنەوە. لە حـالێکدا بە لە بەرچاوگـرتنی کـاکـڵی مـەعنایی هێندێک وشـەگـەلی وەک:(حـەقـیـقـەت و شـەریعـەت و تەریقـەت)،(خـانەقـا ، سۆفی) ، (تەکـیـە ، دەروێش) ، کـە لانیکەم لە کوردەواریدا مـانای جـێکەوتوویان هەیە ، ناکـرێ هەروا لە خـۆڕا دەکاریان بێنین. بەکارهێنانی وشەی سۆفی بۆ خانی جارێ لە پێشدا چووک کردنەوەی پلە و پایەی ئەوفەیلەسوف و عارفە خواناسەیە. ئەوەی کە تەریقەتە باوەکانی کوردستان، چ نەخشبەندی و چ قادری، هێندێک ڕەگە وماکەی زۆر بەرزی مەعنەوی وئینسانییان تێدایە، هیچ شک نییە و دەگەڵ ئەو قسـەیەش دژایەتی نابێ کـە ئەگـەر خـانی ڕاسـتەوخۆ لایەنگریشـیـان نەبووبێ، بەریەرەکـانی نەکـردوون؛ بەڵام بەکـارهێنانی لەفزی سۆفی بۆ خانی بێ خانەقا و پیر، ئەویش بێ بەڵگە و پشتیـوانە، کـارێکی ئەشیـاو و ئەسەلماوە. خانی لە هیچ شوێنی مەم وزین دا بە تایبەت لەو جێیەی کە پەسنی خودا وپێغەمبەر دەکـا، شـتـێکی ئەوتۆی باس نەکـردووە، لە حالێکدا ئەگەر وابا وەک زۆربەی ئەو شاعیر و مەسنەوی نووسـانەی کـە بە شانازییەوە باسی تەریقەت و پیر و شێخەکانی خۆیانیان کردووە، ئەویش باسی دەکـرد و ئەیدەشـاردەوە، یان هەروەک خۆی دەفەرموێ:

ئەلقیـصـصـە ژ حـیکمـەتا تە ئاگـاه
فـەردەک مـە ئەدی تەبارەکـەڵلاه
عـیرفـان طەلەبێ د صـاحیب ئیدراک
دەرحـەقـقێ تەگـۆتی:(مـاعـرفناک)
تەئانەت ئەدەهات بە زمانی تانە و کینایە

(زاهید و صۆفی و فەقیە) بە وشەگەلی(جاهیل و نوێی و سەفیل)هاوبەر بکا و بڵێ:

کەس نینە ژ عیشقێ بێ ئەثەر بت
مومکین کو ژ ذەوقێ بێ خەبەر بت
هەرکەس ب قیاسێ هیممەتا خوە
دێ صەرف بکەت ئیرادەتا خوە
لێ ئەکثەری عامی یان نەزانن
ئەفسا خوە ژ بۆ خوەرا نزانن
نابالغ و ئەبلەه و سەفیهن
یا زاهید و صۆفی یو فەقیهن

دیارە مەبەستی خانی لە(صۆفی) بێجگە لە مانای گشتی و قاموسییەکەی، بنەماڵەی سەفەوی بووە کە لەسەرەتادا بە مەیزەر وخەرقەی سۆفییایەتی هاتنە مەیدانەوە و پاشان پشتیان تێکرد و خەنجەر و پاشایەتییان هەڵبژارد.

بۆیە دەکرێ بڵێین خانی لە عیرفان وخواناسییدا ڕێبازێکی تایبەت بە خۆی هەبووە و بە پێچەوانەی تەریقەتەکانی سۆفیگەری کە سۆفی و دەرویش و مورید، بە هۆی ڕێنوێنی و ئیرشادی پیر و قوتب و شێخەکانیان لە حەق و حەقیقەت نزیک دەبنەوە، ئەو تەنیا(موصطەفا) بە ڕێبەری خۆی دەزانێ و لە ڕێی ئەوا دیەوێ بە حەق و حەقیقەت بگا:

یارەب تو بە حەقێ موصطەفا کی
(خانی)ب خوەڕا تو ئاشنا کی

خانی وەک زانایێکی پایەبەرزی زەمانی خۆی لە هەموو زانستەکانی فەلسەفی و عیرفانی و ئیسلامی تەنانەت هێندێک بیر و بۆچوونی ئایینی زەردەشتی و حیکمەتی یۆنانی( بە تایبەت ئەو بەشەی کە دەگەڵ فەلسەفەی ئیشراقی سوورەوەردی و هێندێک ڕەگەی وەحدەتولوجود لە عیرفانی ئیسلامیدا یەک دەگرنەوە) کەڵکی وەرگرتووە و هەرکام لەوانە بە جۆرێک لە مەم و زین دا ڕەنگیان داوەتەوە. بەگوێرەی ئەو ڕیزەڵە وتانەی سەرەوە، دەکرێ بەو ئاکامە بگەین کە خانی لە ئاوێتەکردنی ئەوانەدا جیهانبینییێکی تایبەت بە خۆی بنیات ناوە.

سەر نامەیێ نامە نا مە: ئەڵڵاه
بێ نامی وی ناتەمامە وەڵڵاه
ئەی مەطلەعێ حوسنێ عیشق بازی
مەحبوبێ حەقیقی و مەجازی...

لە ناوەندی جیهانبینیی خانیدا، عیشق(خودا) هەموو شتێکە و دەوری سەرەکی دەبینێ. عەرز وعاسمان بۆنی ئەوی لێدێ و هەموو بوونەوەری ناسووتی نیشانەی زاتی ئەون و هیچ شتێک بەبێ فەرمانی ئەو نەبووە ونابێ، ئینسان وەک سەروەری هەر دوو جیهان جیلوەیێکە لە نووری عالەمی لاهووت.. هەر کەس بە گوێرەی ئیرادە و هەوڵ وکۆششی خۆی یان بە هۆی سرشتی پاک و ڕەوشتی چاک دەتوانێ ئەم جیهان، بەو جیهانەی کەتێیدا دەژی بکڕێ ولە بەحەشتی پڕ لە حووری وغیلماندا پاڵداتەوە.

هەروەک دەزانین لە تەواوی دیباچەکەیدا بە وردەکارییێکی وەها شاعیرانە پەسنی خودا دەکا کە هیچ خوداناسێک نەیتوانیوە بەمجۆرە وەسفی بکا، بەڵام لەگەڵ تەواوی ئەوانەشدا کە دێتە سەر ژیانی واقیع، بیر وباوەڕی خوداناسی وخۆناسی و خەڵک ناسی (کوردایەتی) بە جۆرێک ئاوێتە دەکا کە کەم زانای دەهری وەک وی دەتوانێ ناکۆکی و ناتەباییەکانی کۆمەڵایەتی بخاتەڕوو..

لە بیر وتێڕوانینی خانی(ئەوەی لەمەم وزین ڕەنگی داوەتەوە)دا، دیاردە کۆمەڵایەتی وئینسانییەکان شێوەییکی وەها دیالکتیک و زیندوو بەخۆوە دەگرن کە تەنانەت جارجار خالی شک وگومانیش دەکەوێتە سەر لایەنی خوداناسییەکەی. هەر وەک ئەمر هێمن موکریانی لە پێشەکی «تحفەمظفریە» دا بە دروستی گوتوویە کە: «.. لە سەرانسەری بەیتی مەم و زین دا لە نێوان خودای خێر وشەڕدا ملانەیە، ملانەیەکی توند و بەربەرەکانییێکی سەخت و لەئاشتی نەهاتووە، هەرواش لە تەواوی مەم وزینی خانیدا، ئەو ململانێ و ناکۆکییە دەبیندرێ بەتایبەت کە ماکە هاوبەر(دژ بەیەک)ەکان وەک: خێر و شەڕ، ڕووناکی وتاریکی، چاکی و خراپی، جوانی ودزێوی، باشی وجاشی، پاکی و پیسی، ڕەوشتی و پەلەشتی.. بە مانای ئەورۆیی باس دەکرێن، کەوا هیچکام لەو دووماکە هاوبەرانە، نە بێ یەک هەڵدەکەن و نە بەیەک هەڵدەکەن واتە بە یەکەوە بوونیان هەم مایەی دژێتییە و هەم مایەی یەکێتی:

ئەفلاک وعەناصیر و مەوالید
ئەخلاط و طەبایع و مەقالید
ڤێکرا د بەدیعول ئیشتیراکن
تێکدا د سەریعول ئینفیکاکن
سەر ڕشتەیێ گەوهەرا بەقانە
سەرمایەیێ عیللەتا فەنانە
هندەک د ثەقیل و هن خەفیفن
هندەک د خەفی یو هن لەطیفن
هەم کار و ژ بۆمەرا مەزیجن
هەر چار ژبۆمە ناخشیجن
ئاگر ڤەکوژێ هەوا هەوایە
ئاڤ ئەر چکی یا هەبا هەبایە

بەگوێرەی ئەو جیهانبینییە خانی، مەم (و زین)وەک نموونەیێکی پاک (گەوهەری بەقا) بۆ عیشقی دنیایی(ناسووتی) کە خۆی جیلوەیێکە لە عالەمی عیشق(لاهووتی) لە لایێک و بەکر عەوانی وەک نموونەیێکی پیس بۆ فیتنەی دنیایی(شەڕ / شەیتان) دەست نیشان دەکا کە هەردووکی ئەوانە وەک دوو جەمسەری ئەو ناکۆکی(دژێتی ویەکێتی)یە هەم کێشەری یەکترین و هەم ڕادەری یەکتر، واتە تا ماکەی خێر و پاکی و باشی نەبێ ماکەی شەڕ و پیسی وجاشی مانای نابێ.

سەرەڕای ئەوە، هەموو کەسەکانی(مەم وزین)لە ڕوانگەی خانییەوە، وەک نموونەیێکی کۆمەڵایەتی(کوردایەتی)ش کە هەرکام چارەنووسێکی دیاریکراویان هەیە خۆ دەنوێنن و، دروست تا لێرەدایە، وەختایێک خانی بۆ ئەو ناتەبایی وناکۆکییانەی سەردەمی خۆی کە وەڕووی خستوون و بەڵام ناتوانێ چارەیێکیان بۆ بدۆزێتەوە، جیهانێکی ئیدەئالیستی وخەیالاوی ـ وێڕای هێندێک بیر و بۆچوونی عیرفانی تازە و شاز ـ دەخولقێنێ کە لەم جیهانەیدا گورگ و مەڕ پێکەوە ئاوێ دەخۆنەوە.

ڕاستە خانی وەک زۆربەی عارفانی خوداناس باوەڕێکی تەواوی بە چارەنووس هەیە ولەو ڕوانگەویە دەکرێ بڵێین لایەنگری قەزا وقەدەر(چارەنووسخوازی/ فاتالیسم)بووە، بەڵام چارەنووسخوازییەکەی بە پێچەوانەی عالمانی شەریعەتپەنای لایەنگری زوڵم وزۆر کە لە پەنای دین و مەزهەبدا وەک گورگ کەوتبوونە گیانی خەڵکی بێ تاوان، لایەنی دەمارگیری و ویشکەڕۆیی نەبووە وتەواوێک ئاوەڕۆکی ئینسانی و عیرفانی هەبووە و تەنانەت غەمی شەیتانی بێچارەشی خواردووە کە بە ناحەق لە بارەگای خودادا دەرکراوە :

ئیبلیسێ فەقیرێ بێ جینایەت
هیندی تە هەبوو د گەل عینایەت
هەر ڕۆژێ دکر هەزار طاعات
لەوڕا کو تە دا وی ئیستیطاعات

وی سەجدە نەکر لغەیری مەعبود
گێرا تە ژ بەردەرێ خوە مەردود
یەک سەجدە نەکر لپشتێ ئەغیار
قەهرا تە کرە موخەللەدوننار

خانی کە لە کاروباری دنیایی دا، لەلایەن کەرەمی خودایی - سەبارەت بە ویست وخوازی کۆمەلایەتی(کوردایەتی) خۆی - بە هیچ کوێ ناگا، پێشنیارێکی زۆر سەیر ئاراستەی(مەعبود)دەکا و دەڵێ کە تۆ مادام ئێمەت لە جیهانی نوور و پاکی را بۆ ئێو جیهانی خاکی تورهەڵدا و ئاوا زەلیل ومالوێران و چارەرەشت کردووین و هیچ شتێکیش بە دەست خۆمان نەبووە، لانیکەم لەو جیهاندا عەتا وکەرەمی خۆتمان پێ رەوا ببینە ومەمانسووتێنە:

لەورا کو خرابی یو، قەبولی
نینن بە فەضایل وفضولی
عابید ب ریایەکی هەلاکن
عاصی بە دوعایەکی د پاکن
عالەم کو وەکی خەیالێ ظیللە
صانیع ب خوە هادی یو، موظیللە
ئەو تینەتە مەنظەرا خەیالێ
ئەو تی ختە پەردیا ضەلالێ
لێ دایە مە جوزئێ ئیختیاری
نەفسا مە پەلید وحیلە کاری
ئەو ژێ بری یە ژ دەست مە ناچار
ئەم مانە ولوطفێ حەق مەدەدکار

خانی بە گوێرەی ئەو بیرە عیرفانییەی بە تایبەت کە لە زمان پیرێکی میهرداری عاشق هەواڵی چوونی بەکر عەوانی بۆ بەحەشت دێنێتەوە و سەرەڕای ئەوە غەمی هەموو ئەو ئینسانانەش دەرەوێنێتەوە کە بیری سووتانی دۆزەخ ئاوێک لێیان نابێتەوە:

دوژمن کو ژ عیشقێ بەهرەوەر بن
پەس دۆست نە دێ د موعتەبەر بن؟!
ئەڤ رەنگە تەعەللوقا رەقیبان
پەس چەندە تەفەووقا حەبیبان؟

ئەوەشمان بۆ دەخاتە روو کە بیری چارەنووسخوازییەکەی تەنیا پێوەندی بە ئینسان و دانەری جیهان، یان ئەو سزا و پاداشتانەوە هەیە کە لەو دنیا خودا بۆ مەخلووقی خۆی دیاری دەکا، نەک پێوەندی خودی ئینسانان لە جیهانی خاکیدا. خانی پێی وایە کە جەمسەر و پێکهێنەری هەر دوو هێزە دژ بە یەکەکان کە ئەویش لە لایەن خوداوە لە ئەزەل(قەدیم) دوە دیاری کراوە، بۆ ئەزم ونیزامی جیهان و بۆ ڕەوتی بوون و لەناوچوون (گەوهەری بەقا و فەنا)دا پێویستن و دەبێ وابن. بە کورتی خانی بە گوێرەی ئەو بیرە عیرفانییە، جیهانێکی دوور لە زوڵم وزۆریی وچەوسانەوەی گەرک بووە.. کە ئەوەی لە ژیانی دنیایی دا بۆ نایەتەدی، لە جیهانێکی دیکەدا ئارەزووی بۆ دەخوازێ...

هەر وەک لە پێشدا باس کرا، خانی سەرای ئەوەی کە لە شەریعەتی ئیسلامیدا مەلایێکی زۆر زانا وشارەزا بووە، لە عیرفان و خوداناسیشدا پلە و پایەیێکی بەرزی ئینسانی هەبووە. ئەو بەپێچەوانەی زاهیدانی ڕیایی و فەقیهانی لەخۆبایی، زانست وعیرفانی خۆی نەکردە مەبەستی گیرفانی و وەسیلەی دنیایی. بۆیە جگە لە تەعەسسوب و خۆخۆیی کوردایەتی(کە هۆی سەرەکی دانانی مەم و زینیش هەر ئەوە بووە) هیچ چەشنە ویشکەڕۆیی مەزهەبی و بیرەڕۆیی مەرامی و زۆرگۆیی عەقیدەیی نەبووە و تەنانەت لەوکاتەشدا کە بنەماڵەی سەفەوییەکان لە ئێران جەماعەتی سوننی مەزهەب قەتڵ وبردەکەن و عوسمانییەکان جەماعەتی شیعە: خانی بیر و زمان وقەڵەمی خۆی بە ژەهری تەعسسوبی مەزهەبی وخۆخۆیی فیرقەیی ئالوودە ناکا. ئەگەر لە یەک دوو شوێنیش باسی(عەلییە و صەعالیک) دەکا، مەبەستی تەعەسسوبی ئەتەوەیی یە نەک مەزهەبی:

مەحکومێ عەلییە و صەعالیک
مەغلوب وموطیعێ تورک وتاجیک!

ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە هەم بنەماڵەی سەفەوییەکان وهەم عوسمانییەکان دوژمنی ڕاستەوخۆی میللەتی کورد بوون کە خانی بە نێوی (شەیاطین و مەلاعین)ناویان دەبا و پێغەمبەر دەکاتە تکاکار تا خودا لە ناویان بەرێ:

دێ شاد بن ل مە شەیاطین
مەسرور بن گەلەک مەلاعین
ئەڤ گورگێ لەعینێ بەد سەرئەنجام
ژێ کەر بکرن مە شبهێ ئەغنام
ئەلقیصصە بکی کو دێوێ سەرکەش
تەنها وتەنێ بچیتە ئاتەش

ئەگەر لەو چەند دێڕانەی سەرەوە وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە خانی مەبەستی شەیتان وگورگ ودێوەکانی دنیایی بووە نەک ئەوشەیتانە گورینەی کە لە بارەگای خودا دا بۆی دەپارێتەوە. هەرچەند لە باری عیرفانییەوە، مەبەست لە دێو و شەیتان، ئەفسی پیس وپەلەشت و دەروونی دێوسفەتانەیە، بەلام خانی بە هێنانی نیوەبەیتی(ژێ کەر بکرن مە شبهێ ئەغنام)، بە وردی مەبەستی هەر ئەوان بووە کە ئەو مەبەستەی بە وردەکارێکی شاعیرانە(کینایە وئیهام) دەوێدا گونجاندووە.

خانی بۆچی ئەو ڕووداوە ئاساییەی چەند سەدساڵ پێش خۆی کە بە شێوەی بەیتی فۆلکلۆر لە نێو زۆربەی خەڵکی کوردی ناوچە جۆربەجۆرەکاندا باو بوو، بۆ بنەمای بەرهەمەکەی هەڵبژارد؟ بۆچی بۆ دەربڕینی ویست وخواستی ڕوحی وکۆمەلایەتی خۆی، ئەوشاکارەی لە ژێر ئەو ناوەدا داهێنا؟ ئەدەکرا وەک زۆربەی نووسەرانی کوردی فارسی نووس و عەرەبی نووس، ئەو«بیدعەت»ەی بە جێ نەهێنابایە وهەر خەریکی خوداناسیی ومەلایەتی خۆی بایە؟ چ هۆیێک پاڵی پێوەنا کە بە تەمەعی دراو ودینار، عیلم بە پولێک و حیکمەت بە سەولێک نەفرۆشێ و وەک کیمیاگەرێک جەوهەری فێڵ و دەهۆ و دەغەڵکاری دەخۆیدا بپالێوێ و غەرەز ومەبەست و ئامانج نەکاتە وەسیلە و ماڵی دنیایە؟ ئایا خۆشەویستی چ کچە شۆخێکی کوردی دڵ ودین بەتالانبەر، دڵی ئەو مەلاعارف و خوداناسەی وەجۆش هێناوە تا مەم و زین بکاتە بەهانە بۆ دەربڕینی عیشقێکی پاک و ئەبەدی؟

ئەوانە پرسیارگەلێکن ڕەنگە هەرکەس بە پێی گەز و مقەستی خۆی بیبڕێ یان بە گوێرەی بیر و مەبەستی خۆی لێکی بداتەوە، بەلام ئەوەی ڕوونە و خانی خۆشی لە زۆر جێگای شاکارەکەیدا باسی دەکا، ویستوویە کەسایەتییکی شیاوی ئەدەبی و ئینسانی و

**• مەم(و زین)ئوێنەری عیشقی پاک و هەروەها سەمبۆلی ویست وخوازی(کوردایەتی)خانی و بەکر و میر زەینەدین ئوێنەری پیسی و ناپاکی و سەمبۆلی جاشی و دووبەرەکی...**

**• ئایا لە سەردەمێکی ئەوهایی دا کە تەواوی ئەمارەتە خاوەن دەسەڵاتەکانی کورد یەک لەدوای یەک . لەوانە ئەمارەتی بۆتان(جزیر) لە حاڵی لەناوچوون و توانەوە دان، خانی جگە لە چیرۆکێکی تراژیدی چی خوڵقاندبایە؟!**

نەتەوایەتی بۆکوردی ون و بێ ناو و نیشان بخاتەڕوو و گەلی کوردیش (وەک گەلانی خودا شت پێداو) بەگەلانی دراوسێ وجیهانی سەردەم بناسێنێ.

دەوەدا کە مەم وزینی خانی وەک گرینگترین و بەپێزترین بەرهەمی ئەدەبیی کوردی و جیهانی چاولێدەکرێ شک نییە، بەڵام بە لەبەر چاوگرتنی شێوازی داهێنان و جۆری دەربڕینی ئەدەبی ئایا مەم و زین، دەخرێتە خانەی کام بەشی ئەدەبییەوە؟ ئایا داستانێکی سادەی دلدارییە لەسەر بنەمای بەیتێکی فۆلکلۆری کۆنەسال، یان چیرۆکێکی حیماسی(epic)یە لە سەر ئەساسی ئەفسانە و خەیاڵ؟ ئایا رۆمانس(romance) یکی رۆمانتیکە یان چیرۆکێکی تراژیدی و عەنتیکە؟ ئایا ڕووداوێکی زەمانی ومەکانییە یان چیرۆکە شێعرێکی عیشقی ـ عیرفانی؟ ئایا پۆئێم(poem) یکی خۆماڵی وداهێنەرانەیە یان کۆمەلە هۆنراوەیێکی ئالی وچاولێکەرانە؟

هەر وەک خانی دە بەرهەمەکەی خۆیدا بۆمان ئاشکرا دەکا، ئەو داستانە لە کۆنەوە وەک بەرسەرهاتێکی ڕاستەقینە ڕووی داوە و شێوەی بەیتی فۆلکلۆری(ئەدەبی زارەکی) بە خۆیەوە گرتووە و پاشان بەرەبەرە لەلایەن بوێژان و بەتایبەت بەیتبێژە خۆماڵییەکان، بە گوێرەی زەوق و بیر و باوەی کۆمەلایەتی سەردەم گۆڕانکاری تێدا کراوە. گومان لەوەدا نییە کە ئەو ڕووداوە، چ لە شێوەی بەیتە فۆلکلۆرییەکە بێ و چ لە شێوەی سەرلە نوێ دارشتنەوەکەی خانی بێ، بە ڕووداوێکی تراژیدیک لە قەڵەم دەدرێ و لە باری جۆری دارشتنی ئەدەبییەوە دەچێتە نێو خانەی تراژیدی، بەڵام تراژیدی نەتەوەیی یان تراژیدی عیشقی؟ ئەگەر بێتوو قەڵەمی لێکدانەوە بۆ لای هەرکام لەو دوو دیاردانە داشکێنینەوە، ئاخر سەر هەر تراژیدییەکە دەمێنێتەوە و جیا کرنەوەیان زەحمەتە. ئەو ناکۆکی و ناتەباییانەی کە لە نێوان کرمانج(کورد) و دوژمنانی ڕاستەوخۆی کورددا هەبوون لەلایێک و لەلایێکی دیش بێتەوبەرە و بەربەرەکانی نێوان خودی سەرۆک عەشیرەتەکان(ئەمیرەکان)، بوونە هۆی ئەوە کە خانی خوازی روحی و ویستی کۆمەلایەتی خۆی بخاتە نێو چوار چێوەی شێعرەوە. مەبەستی سەرەکی خانیش هەر ئەوە بووە کە شەرحی غەمی دڵ(تراژیدی نەتەوەیی) بکاتە چیرۆک و مەم و زین(تراژیدی عیشقی)یش بکاتە بەهانە کە ناوێتە کردنی ئەوانە پێکەوە و گونجاندنیان لەگەڵ بارو دۆخی زەمانە، خۆی ئەوپەڕی بیر بەرزی و ناسک خەیاڵی خانی دەگەیێنێ:

شەرحا غەمێ دل بکم فەسانە
زینێ وەمەمێ بکم بەهانە
نەغمێ وە ژ پەردەیێ دەرینم
زینێ وەمەمێ ژنو قەژینم
مەعلول بوین حەبیب وعاشق
نیرۆهە وەکی طبیبێ حاذق
دەرمان بکم ئەز ئەوان دەوا کەم
وان بێ مەدەدان ژ نو قە را کەم
دەردێ د دلێ مەمێ جگەر ڕێش
زینا ژ دەرونێ دل جەفا کێش
وێ پەردەگی یا، عەفیف و مەستور
وێ بێ گونەهێ ژ توهمەتێ دور
مەشهور بکم ب طەرز و ئوسلوب
مومتاز بێن موحیب ومەحبوب..

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تراژیدی(بەتایبەت تراژیدی عیشقی) ئەوەیە کە هیچ چەشنە پێوانەیێکی عەقلی ومەنتیقی بە خۆوە ناگرێ و هیچ حەوڵ و تەقەلایێکیش کاریی وچارەساز نییە. دیارە خۆی ئەو دیاردەیەش دەگەڵ کاکڵی جیهانبینی خانی کە باوەڕی بە چارەنووس هەبووە، یەک دەگرێتەوە. پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ئەو قۆناغەی خانی تێیدا ژیاوە، هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرا. کە وابوو، لە تراژیدیدا، دژێتی لە نێوان ویست وخوازی مێژوویی و کۆمەلایەتی لەلایێک و نەبوونی وزە وتوانایی بۆ گەیشتن بە ئامانج لەلایێکی دی، خۆ دەنوێنێ. هەر وەک لۆسیێن ئەدیبی گەورەی چینی دەڵێ: «لە تراژیدی دا هەمیشە لەناوچوون و توانەوەی شتی جوان و پڕبایەخ نیشانی خەڵک دەدرێ». لە بارودۆخ و قۆناغی تراژیدیدا، قارەمانی تراژیک هەمیشە دەستەودامانی کارەسات و بەدبەختی و نەهاتییە و ئەنجامەکەشی هەر مەرگ ونەمانە. مەم و زینێکی هەناسەسارد و بێ تاوان، یەکیان لە گۆشەی زیندان و ئەوەی دیکەیان لە قوژبنی ماڵ دەئاخندرێ و هیچیشیان توانایی ئەوەیان نییە خۆیان لەو قۆناغە تراژیدییە ڕزگار بکەن.

بۆ کوردستانی دوو پارچەکراوی سەردەمی خانی، ئێمە دوو دەستە قارەمان دەبینین، مەم(و زین)نوێنەری عیشقی پاک و هەروەها سەمبۆلی ویست وخوازی(کوردایەتی)خانی و بەکر و میر زەینەدین نوێنەری پیسی و ناپاکی و سەمبۆلی جاشی و دووبەرەکی؛ دیارە لە نێوان ئەو دوو هێزە هاوبەرە سەرەکییەدا، هێندێک قارەمانی دیکەش خۆ دەنوێنن کە دەیانەوێ ڕووداوەکان بەردو لایەنی حەق و خێر وچاکە داشکێننەوە، بۆ نموونە چەکۆ و عەرفۆ دە سیمای دوو قارەمانی حیماسیدا دژی بارەگای میردەخرێنە مەیدان و هەڕەشەو گورەشەیێک دەکەن، بەڵام لە توانایان دا نییە گۆڕانکارییێکی بنەڕەتی پێک بێنن. هەرچەند بەکر عەوانی وەک ماکەی خراپە لەو نێوەدا سەری تێدا دەچێ، بەڵام لە ڕاستییدا، ڕەوتی ناکۆکی ودژێتی وەک واقیعی کۆمەلایەتی بۆ لای بەرەی حەق و خێر داناشکێتەوە کە جەوهەری تراژیدییەکەش هەر لێرەدایە.

هەر بۆیەشە خانی بە پێچەوانەی لایەنی عیرفانی بەیتە فۆلکلۆرییەکە، کە زۆر ماکەی ئەفسانەیی ودوور لە باوەڕی تێدایە، لانیکەم بۆ گونجانی واقیعی سەردەم، دێنێ هەموو کەسەکانی چیرۆکەکەی دەخاتە شوێنێکی دیاریکراو و بنەماڵەیێکی خاوەن ناوی کورد تاکوو وەک سەمبۆلی کوردستان ئەو دیاردەیە پڕ ڕەنگ بکاتەوە. بۆیە هەموویان، ڕواڵەت و بوواڵەتی تراژیدیان هەیە، لە (میر زەینەدین)ەوە بگرە هەتا بەکرعەوانی و قەرەتاژدین.. ئەوەی کە ئەمارەت و بارەگای میر، بێ بەکرعەوانی سەهەندە و سەیانی هەڵناسوڕێ، تراژیکە. یان ئەوەی کە قەرەتاژدین هەموو کۆشک و سەرای خۆی ئاور تێبەردەدا و.. ئاخر سەر دەبێتە بکوژی بەکر( بە دووریشی نازانم کە سەرچاوەی هەموو ئەو دەهۆ ودووزمانییەی کە بەکر دەیکا لەوانەیە یەکێک بووبێ لە ڕەقیبانی کاکە مەم، بەڵام ناوێری دەری ببڕێ) هەر تراژیکە... بە کورتی

ئەوەیە چارەنووسی قارەمانی تراژیک کە خانی بۆخۆشی هەر چارەنووسێکی تراژیدی هەیە.

خانی ئەیویستووە لە بەرهەمەکەی دا ـ سەرەرای کاکڵ و مانا عیرفانییەکەی ـ گۆرانکاریێکی سەیر ودوور لە واقیعی کۆمەڵایەتی پێکبێنێ و ئەو دوو دڵدارە ناکامەی سەردەمی خۆی بە حالەتێکی رۆمانتیکی بە یەک بگەیێنێ و پاشان چەپڵەی درۆی بۆ لێبدرێ. چونکە بە گوێرەی سرشت وجەوهەری تراژیدی بە تایبەت کە قۆناغەکەش هەر تراژیدی(نەتەوەیی) بێ، قارەمان بۆی نییە یان بۆی نالوێ نیازی روحی و ویستی مێژوویی و خوازی کۆمەڵایەتی خۆی بە دی بێنێ. جگە لە ناکامیێکی تراژیک هیچ چارەنووسێکی دیکەچاوەروان ناکرێ. بۆیە ئەگەر بە وردی لێکی بدەینەوە، یان وەک لەسەرەوە گوتمان ئەگەر بە پێوانەی عیرفانیش بێ، دەبینین ئەوە خودی خانی یە کە دە روخساری مەم (مەبەست و ئامانج )دا خۆی دەنوێنێ و لە راستیشدا مەم هەر خۆیەتی کە مەرگ و نەمانی خۆی لە پێناو ئەوینی زین(کوردستان) دا دەقەبڵێنێ و ناخرسەر کوردستانەکەش دەدۆرێنێ.

ئایا لە سەردەمێکی ئەوهایی دا کە تەواوی ئەمارەتە خاوەن دەسەڵاتەکانی کورد یەک لەدوای یەک ـ لەوانە ئەمارەتی بۆتان(جزیر) لە حالی لەناوچوون و توانەوە دان، خانی جگە لە چیرۆکێکی تراژیدی چی خولقاندبایە؟! چۆن وەک چارەنووسێکی دیاریکراو، پێش وەخت خۆی لە(مەم وزین)دا نەمراندبایە؟! ئەوە لە حالێکدایە دوای تێپەربوونی سێسەد ساڵ هەر دەڵێی ئەورۆیە کەوا خانی، لەگۆشەی حوجرەکەیدا دانیشتووە و بۆ هەمووئەو مەم و زینانەی سەردەمی خۆی و بەتایبەت کوردستانەکەی کە بەدەردی «مەم وزین»ان چووە و ئێستاش هەر لە قۆناغی تراژیدی دایە.. مەزلوومانە و بەو پەری هەناسەساردییەوە دەلالێتەوە و دەڵێ:

ئەز مامە د حیکمەتا خودێ دا
کورمانج د دەولەتێ دنێ دا
ئایا بە چ وەجهێ مانە مەحروم
بیل جوملە ژ بۆ چ بونە مەحکوم؟

لێرەدایە کە تراژیدی و چارەنووسی مەرگەساتی قارەمانانی خانی بە تەواوی تایبەتمەندییکانی سەردەمی خۆی، جارێکی دیش لە سەردەمی ئێمەدا دووپاتە دەبێتەوە.

(درێژەی هەیە)

# شێعرە نەزانراوەکانی ئەحمەدی خانی

## م. ب. رودینکۆ

وەرگێرانی دەقی رووسی و ژێرنووسەکانی:
**قارەمان چالاک**

**تێبینی:** لە دەقی رووسییەکەدا، هەموو شێعرەکان بە شێوەی «مەتنی رەخنەیی»چاپ کراون، بۆیە ئێمەش لێرەدا، بێ دەستکاری وەک خۆیان بلاویان دەکەینەوە. (گزینگ)

هەموو ئەو زانایانەی کە لەسەر شاکارەکانی ئەحمەدی خانی(سەدەی حەڤدە)[1] لێکۆڵینەوەیان کردووە دەڵێن: نووکی قەڵەمی ئەو، بێجگە لەوەی کە شاکاری «مەم و زین»و«نوبار»ی نووسی، چەند شێعر و هەڵبەستی دیکەشی نووسیوە. بەلام تائێستا هیچ دانەیەک لەو شێعرانە بلاونەکراونەتەوە.

لە ناو ئەو دەستنووسانەی کە کورد نووسیویەتی و « ئا. ژابا »ی پسپۆر کۆی کردووەتەوە، لە کتێبخانە دەوڵەتییە میللەییەکەی لێنینگراد، بەناوی «م. ئی. سالتیکۆڤ شچدرین» پاراستراوە. ئەو نووسەرەی کە ئەم باسەی کردووە توانی چەند شێعرێکی شاعیری ناوبراو(کورد٣٦ - ٢٦ غەزەل ، کورد ٢٦ - ٦، کورد٢٧ - ٢ و کورد٣٢ - ١)[2] دەستنیشان بکا.

ئەو شێعرانە بەرزیی ئەزموونی شێعریی و گەورەیی ئەحمەدی خانی ئیسپات دەکەن و ئەوە دەگەیەنن کە چ فەلسەفەیەکی بەکارهێناوە و بیروڕای سیاسی و کۆمەڵایەتی چ بووە ، هەروەها دەتوانین بگەینە ئەوەوە کە وێنەیەکی تەواومان هەبێ لەسەر حاڵ و بارودۆخی ئەوکاتەی کە شاعیری تێدا ژیاوە. بە داخەوە چەند دێرێکی شێعرەکان نەتوانرا تەرجومە بکرێنەوە.

لە خوارەوە، هێندێک لە دێرە هەرەخۆش و بە تامەکانی شێعری خانی بلاودەکەینەوە. لە کورد ٣٦ دا، ئەم دێرانە بە روونی نووسراون و بە ئاسانی دەخوێندرێنەوە. هێندێک جار دەبینن کە مانای هێندێک لەو وشانەی کە لە ژێرەوە نووسراون، بێجگە لە کورد ٣٦، لە سەرچاوەی دیکەرا وەرگیراون.

**١) احمدی خانی فرمايد**

زاهدي خلوت نشين پابست كرداري خويه
تاجري رحلت گزين دربندي ديناري خويه
عاشقي دلبر حبين دلداي دلداري خويه
ڤى زماني هر كسك بى شبه غمخواري خويه
بى عمل تو ژ كس مكه هيڤى عطا و همتي
بى غرض ناكيشتن قط كس ژكس زحمتي
كس نهن هلگرت باري ته بى اجرتي
گر چي عيسي بت كو وي فكرا كر و باري خويه
هوشيار بى دا نكي عمري خوه بيحاصل تلف
لو كو ناكت فايده مال و گنج و اولاد خلف
ماجرايا خضر ديواري يتيمي بو سلف
ڤى زماني هر كسك معماري ديواري خويه
جا نظر كه عبرتى پيلا كو واقع بت سواش
گر نه بيتن التفات و موجه و دبر و معاش

جندی یی رمباز فارسی نادتن جانی بلاش
ساعتا سربازی هیڤی ژ سرداری خویه
خانیا ضائع مکه وقتی خوه ای نادان عبس
بی طلب نابی ژ وصل بهرەمند ای بوالهوس
صانعی مطلق کو نین احتیاجک وی بکس
لطف واحسانا و ژی در حق طلبکاری خویه

کورد ٣٦، لیستۆک، ١٤ئا، پ.

٢) احمد خانی فرماید

ای آینه• دل به جەمالا ته مجلّا
وی صد صفحه به یەک ذره ژ نورا ته مطلّا
انسان نه ژ بو عالمی کبرا کره نوسخه
لو مضفیکی ژ تو دکی عرش معلّا
وحدت بحسب کثرت اعیان مظاهر
هر سو د صفتان دکتن کشف تجلّا
لو مختلف القول و عمل بونه خلایق
کافر ژ صنم بوته بناڤی ته تسلّا
سرّا خوه نهانی ته کو دا احمد خانی
از غیر بری شد بتو آورد تولّا

کورد ٣٦، لیستۆک، ٩٦.

٣) احمد خانی فرماید

میر مجلس نکنت مطرب گویا چه دکت
غنچه خندان نه بتن بلبل شیدا چه بکت
بنکا حسن بتان لازمه صاحب نظرک
کس بینا کو نبت دلبر زیبا چه بکت
کرمه ناچته تیپا عدوان مرد شجیعی
تیغ اهیخته بی دست توانا چه بکت
طالب علم وکمال نبتن قابل فیض
حکمت وتربیتا عالم دانا چه بکت
طبع خانی صدفا گوهر عرفانه ولی
متن خانک نبتن صاحب معنی چه بکت

کورد ٣٦ (لاپەڕەی ٢٠)

٤) احمدی خانی فرماید

هه دنالم شڤ و روژان مگر ایوبم از
هیستران هر ڤه دمالم مگر یعقوبم از
بکرم دست ژ مه برون کل وردان یکن
ور به پیچین به جفای خونه مکتوبم از
هندکی غم هیه دائم لمن او ڤیک دکڤن
از نزانم کو بچاڤ وان ڤوی محبوبم از
غم طلبکار مین ام خو طلبکار دیار
و طلسمی طلبی طالب ومطلوبم از
عجب اقبال ژ من نهه خانی کو لبال
پادشاهی غم ودردان وهه مرعوبم از

کورد ٣٦ (لاپەڕەی ٢٣)

٥) احمدی خانی فرماید

ای دل گر ته دجیتن بەبی دائم مسرور
د طرب خانه• دنیا ڤخوه اڤا انگور
پنبه• غفلت غوغای جهانی بدرین
ژ مقامی کو بهشتی ژ صدای طنبور
زمزما زمزمیا راه حسینی ژ حجاز
ڤخونت کعبهٔ دل نابته بیت المعمور
پردهٔ ظلمت اشغال جهانی بدرین
ژ نظرگاه جمالی تو حجابی بکه دور
منظر دیده جانی ته منور نبتن
نخل ما زاغ نکشی[3] تو ژ خال و خطا هور
گنهان گر نبوا لذت وذوقک حاشا
فاعل اثم ندبو تارک وتائب مهجور
من گنه تی به گنهان کو دنیو باغ جهان
ثمری خوشتر اڤن بون به حرامی مشهور
هنگی دور فلک ساغر مه دور دکت
مه و سالان دکرت هروه ژ عمری مه قصور
رابه ای ساقی مهوش تو ژ غما فلکی
بده من بادهٔ لعلی ژجاما ڤغفور
شیخ جام ار نفسی همدم دلکت بمراد
المرادی دل مرده دبتن کشف قبور
یعنی او خانه گل نابته حائل قطعا
نه به چشم دل ناظر نه به روی منظور
شب ظلمانی امکان دبت صبح نما
افتابی احدیت ژ فلق تی ته ظهور
عشق بازی دو طریق چه حقیقت چه مجاز
شمع جان دی بصژیتن چه بنار وچه به نور
سر ومال و دل و جان مه فدای ته بتن
بکه قلبی مه تو ساقی ژ شرابا[4] خوه طهور
دا بکم کسب مقامات علوی درجات
یا بکم کشف کرامات[5] ژ دارا منصور
زاهدا گر ته دڤیتن تو خودای ناس بکی
وره بر سایهٔ شمشاد قدان قط مچه دور
به زیاری[6] وره قیمدی شجری وادی قدس
گر بزانی ببهی صیت انا الله ژ طور
از لما شیفته واله محبوبانم
کو دنیو آینهٔ جبهت وان من دیه نور
هر دما ندرک خلخال بنی هر تینه خروش
هر دما طره ژ بر طای قصب تی ته صدور
یانه کاکل ژ مناری هلکی[7] کج بدرین
یا خط برشکت[8] ژ کناری کافور
کافری عشقم اگر از نه دمی ایمانی
یا به محراب[9] بروپان نبرم سجده ژ دور
واعظا گه بده من دا به بهی نقل صحیح
مصحفی چهرهٔ خوبان کتیبا مسطور
دفتری عشقا ندا دستا ته معلم ژ ازل
معنیا آیته حسنی لته لوما مستور[10]
بی تکلف دخورم سوند به قران شرین
خانیا صورت جانا ته بمن سورهٔ نور

کورد ٣٦ (لاپەڕەی ٤-٥) و کورد ٣٦ (لاپەڕەی ٢-٣)

٦) خانی فرماید

ای دل اگر به نقد جان جنس گران بهای زولف
دی بکری بزان مجال جوهر جان[11] فدای زولف
هر سر مو به سازکی جلوه دکت به نازکی
عاشق عشق بازکی بند دکت بلای زولف

روم و فرنگ وهندیان خال و نشیانۆ خمریان[12]
خنجر وشیر وترکیان جنگه لبر لوای زولف
تاج وتومار بن پران لعل وگوهر گوهران
سرخوش ودین وابتران رقصه لبر[13] همای زولف
لاو روال رسپیان میر و وزیر وجندیان
سرخوش ومست تبکیان درده ژ ماجرای زولف
شیخ ومرید وسالکان شاه و فقیر و مالکان
چست وچلنگ وچاپکان دل کته بند پای زولف
افعی و مار و لژدره مسک وزیاد و عنبره
نفخهٔ روح پروره رایحهٔ هوای زولف
میر وملا وماهران چەند بلیغ شاعران
خانی و هنده حاضران داده ژ دست دوای زولف

کورد ٣٦ (لاپەرەی ٥) و کورد ٢٦ (لاپەرەی ٤)

٧) احمدی خانی فرماید

ای درغا مامه تنها از ژ شمس خاوری
خان ومان تیک بونه ظولت پاشی وی دیم خاوری
پاش لڤید[14] وی ڤناخوم مطلق اڤا کوثری
بی قرارم شبه زیبق بی اوی سیمن بری[15]
گر بزانم از دحشری دی نەبینم[16] دلبری
جنتی از چبکم از پی وریکم خاکستری[17]

صد مخابن چوژ با من[18] او حبیبا چاڤ بلک
اه و فغانم شڤ و روژان دچن حتی فلک[19]
وی ژ فریادید من عاجز بوین انس وملک[20]
مام د قیدا داغ ودردان پاش اوان زولف هلک[21]
گر بزانم از دحشری دی نەبینم دلبری[22]
جنتی پی چبکم از پی وریکم خاکستری

هجرتا یاری بهارتم[23] شبه فندا[24] شوعلەدار
کتمه حالی احتراقی ژ اڤتراقی بومه نار
از وجودی بێ وجودم صوت تیکدا بو غبار[25]
من نقی[26] دنیا به جارک پاش وان چاڤیت خمار[27]
گر بزانم از دحشریدا نەبینم دلبری
جنتی از چبکم از پی وریکم خاکستری

گر د حینا از وفا[28] بم بیته سر من عزرائل
مژدیا خلدی دوی[29] گاڤی بدتت[30] من جبرائل
خضر فرخ پی ژ من رابت دوی ریدا دلیل[31]
دی به بیژم من نڤیێ خلد وکوثر سلسبیل[32]
گر بزانم از دحشری دی نەبینم دلبری
جنتی از چبکم از پی وریکم خاکستری

چرخی کج رفتاره و او بلا کو از حیران کرم
سرفراز بوم از ولیکن زیده سرگردان کرم
بێ دل و بی عقل و بی هوش وبی اذعان کرم
پاش کو وی بی مروتی اڤرنگه از تالان کرم
گر بزانم از دحشریدا نەبینم دلبری
جنتی از چبکم از پی وریکم خاکستری

زینهار ای دوستان[33] وقتی بکم از هجرتی
ڤان دو مصراعان کتابت کن لبرگی کاغتی
دا د دست [34] مندا سند بیێ د بیتا حسرتی[35]
عرضی حالا من اڤ مضمون د حینا حضرتی[36]
گر بزانم از دحشریدا نەبینم دلبری
جنتی از چبکم از پی وریکم خاکستری

خانیا اڤ هرزەگونی و خطا و ناصواب
چند ژ ته صادر بەبن ای بی ادب ای مال خراب
اڤ قضایا باری به راضی بەبه ای بی حجاب
بلکو بیتی موجبی ناری ژ بو ته اڤ جواب
گر بزانم از دحشریدا نەبینم دلبری
جنتی از چبکم از پی وریکم خاکستری

کورد ٣٦ (ل ٢٨ - ٣٠)، کورد ٣٢ (ل ١٥ - ١٦)، کورد ٢٧ (ل ٢٢ - ٢٣)

***

<u>پەراوێزەکان:</u>

١) بۆ زانیاری دەربارەی ئەم مێژووە، بڕوانە: م. ب. رودینکۆ، دەربارەی ئەدەبی کوردی. سەرچاوە: پێداچوونەوەیەک بە سەر ئەدەبی میللەتانی ڕۆژهەلات (کۆکراوەیەکە بۆ ئاکادیمی تی. ئا. تۆربیتلی) ە. م ـ ل.، ١٩٦٠، لاپەرە ٤٣٦-٤٣٧.
٢) بۆ زانیاری تەواو لە سەر ئەو دەستنووسە، بڕوانە: م. ب. رودینکۆ. کۆکراوەی ئا. د. ژابا (دەستنووسی کوردی). «کتێبخانەی میللی ـ دەولەتی بەناوی م. ئی. سالتیکۆف شچدرینە، دەستنووسی II (V). کۆکراوەی ڕۆژهەلات. ل.، ١٩٥٧، لاپەرەی ١٧٧ - ١٧٩.
٣) ٢٦ ئکیشی، ١١ میللەتانی ئاسیا وئەفریقا، ژمارە ٣.
٤) لە ٢٦ بەو مانایە دێت: ٣٦: ژ شرا خوە
٥) لە ٢٦ بەو مانایە دێت: ٣٦: کرمات
٦) ٢٦ نریانی
٧) ٢٦ ژکنارا کلهی
٨) ٢٦ یا خط مشک برشکت
٩) لە ٢٦ بەو مانایە دێت؛ لە ٣٦ دا: یا به محریا
١٠) لو مایە مستور. ١١) ٢٦ مجان جوهر و جان
١٢) روم و فرنگ وهندیان خال ونشیان و خمریان
١٣) ٢٦ دگل. ١٤) ٣٢ لڤیت
١٥) بە پێچەوانەی ژمارەی میسرەع.
١٦) ٣٢ د حشریدا بینم
١٧) ٣٢ خاکسری. ١٨) ٣٢ ژ بال من
١٩) ٣٢ آه و فغانی دمن داتم دچن نی فلک
٢٠) ٣٢ عاجز دا نبرا انس وملک
٢١) ٣٢ پاش وا زلفیت ملک
٢٢) کەمی هەیە. ٢٣) ٣٢ بهاتا. ٢٤) ٣٢ فندان
٢٥) ٣٢ صوهتمه بومه غبار
٢٦) ٣٢ نڤیت. ٢٧) ٣٢ خار
٢٨) ٣٢ وفا بنی. ٢٩) ٣٢ دڤی. ٣٠) ٣٢ بدن
٣١) ٣٢ خضر فرخ بیژتن رابه تو ای زیبا دلیل
٣٢) ٣٢ دبیژم من نڤیێ خلد وکوثر سلسبیل: ٣٢ لێرەدا پچڕاوە.
٣٣) ٢٧ استان دوستان. ٣٤) ٢٧ لد د دستی
٣٥) ٢٧ بت د حنا هجرتی
٣٦) ٢٧ وصف حال من د وقتی حسرتی

# کورد و ئەرکی مێژوو

**وتوویژ لەگەڵ د. عەبدوڵلا مەردوخ**

ئامادەکردن: هاشم



**عــەبدوڵلا مــەردوخ لە ســالی ١٣٢٧(١٩٤٨ز) لە شــاری سنە دا هاتۆتە دنیاوە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەو شارە تەواو کـردووە. پشان لە سالی ١٩٦٧ لە بەشی مێژووی زانکۆی ئەدەبیاتی زانستگای تاران دا درێژەی بە خوێندن داوە و لە هەمان کاتیشدا لە بەشی کوردی رادیۆ تەلەفیزیۆنی تاران دا خەریکی کار بووە. لە ســالی ١٩٧٥ لە هەمــان زانســتگا دا ماجستێری مێژووی وەرگرتووە. لە سالی ١٩٧٧دا بەرەو پاریس چووە و لە زانستگای سۆربۆن، لە بەشی مێژوو دا دەستی کردووە بە خـوێندن و تێـزی دوکتـورای لە سـەر ،مێـژووی ئەمـارەتی ئەردەلان، پێشکێش کــردووە. لە ســالی ١٩٨٠دا بەرەو وڵات گەڕاوەتەوە و بۆ ماوەی دوو ساڵ بەرپرسی رادیۆ تەلەفیزیۆنی مەهاباد بووە. لەسالی ١٩٨٢دا ئەویش وەکــوو زۆر کــەسی تر بەرەوازەی هەندەران بووە و ئێستا لە پاریس لە ئەنستــیتــووی مــیللی زمــانان و شارستانیەتەکانی رۆژهەلات دا مامۆستای زمان و ئــەدەبی کـــــوردی یــە.**

**پ:** کاک عەبدوڵلا، وێڕای بەخێرهاتننتان، ئێوە مـێـژووتان خـوێندووە و خـەریکی لێکۆڵینەوەی مـێـژوویین لە سـەر کـورد و کوردسـتان، پێم خـۆشـبوو وتووێژێکی تێر و تەسەلمان هەبێ لە سەر هێندێک باسی مێژوویی. لە پێشدا با بزانم بە رای ئێوە مێژوو چییە و ئێوە چۆن سەیری مێژوو دەکەن؟

**و:** مـێژوو زانسـتێکی یەکـجار کـۆن و بە تەمەنە، بەلام زۆر لە مێژ نییە وەکوو زانست و زانسـتێکی سـەربەخۆ سـەیری دەکرێ. مـانا و واتای مـێژوو بە درێژایی تەمـەنی مـرۆڤ و لە روانگەی جـۆر بە جـۆرەوە مـانا کـراوەتەوە و لێکدراوەتەوە. بە واتایەکی تر دەبێ بڵـێم هەر بیر و بوچوونێکی مـێژوویی بەستراوەتەوە بە هەلومـەرجی کـات و سـەردەم و شـوێنی بیـر لێکەرەوەکـەی. بۆ نموونە لە سـەدە کـانی ناوەندیدا کـە هەمـوو باری ژیان و کـردەوەی خـەلک لە ژێر کـارتێکردن و دەسـەلاتی دین و ئایین دا بوو، مـێژوونووسـەکـان تێگەیشتنی زانستییانەیان لە مێژوو نەبوو، مێژوو بۆ ئەوان برێتی بوو لە ویست و حـــەزی خــودا و سێبەرەکەی لە سەر ئەرز، واتە پاشاکان و خاوەن دەسەلاتەکان. ئەوە بوو مـێژووەکانیان جگە لە باسی خودا و پەیامبەر و خاوەن دەسـەلاتان و شەڕ و شورەکانیان شتێکی دیکە نەبوو. بەلام لە سەردە می ئێمە دا ئیتر مێژوو وەکوو چیرۆک و سـەرگوزەشـتەی پاشـاکـان و گـەورە پیـاوان بۆ فریودانی جەمـاوەری خەلک سـەیر ناکرێ. لەو کـاتەوە کـە مـەسـەلەی دابەشـبوونی کـۆمـەلگای مرۆڤایەتی بە سەر چین و توێژی جۆر بە جۆردا هاتە ئێوان، تیۆری هەمەچەشنەش لە سەر مێژوو یەک لە دوای یەک دەرکـەوتن و مـێژووش هاتە ریزی زانستەکانی تر، وەها زانستێک کە بتوانێ بنچینەی کارەساتە مێژووییەکان و هەموو چەشنە ئال و گـۆڕی کـۆمـەلایەتی دەربخـات و دەور و بەرژەوەندی هەمـوو چینەکـانی کـۆمـەڵ نیشـان بدات و رەوتی پەرەگرتن بە گشتی روون بکاتەوە و هـەروەهـا رێـگـای بـەرەو پـێش چـوونـیش بکاتەوە. ئەمەیە تاریفی مێژوو وئەو ئەرکە وا مێژوو بە ئەستۆی گرتووە.

**پ:** کـاک عەبدوڵلا لێرەدا پرسـیارێکم بۆ دێتـە پێش، بە بڕوای من هەتا سـەدەی نۆزدە و وەدیهـاتنی هێندێک ئیـدەئۆلۆژی و تیـۆری زانستی کە ئێستاش هەر درێژەیان هەیە، وەک گـوتت مـێـژوو، مـێـژووی پادشـا و شـەڕ و لەشکرکێشی بووە.. کەوابوو ئێمە ئەورۆ لە سەر سـەکۆی ئێسـتـاوە چاو لە ڕابردوو دەکـەین، تەنانەت چاو لە بەدیهـاتنی ئینسـانە سەرەتاییەکان دەکەین، سترۆکتوری ژیانی ئەوان د دوایە لە فۆرماسیۆنە کۆمەلایەتییەکان و لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان، دەبینین هەتا سـەدەی نۆزدە و بگرە تاڕادەیێکی زۆر ئێستاش هەرچی بەلگە هەبووە دەخزمـەت پادشـاکـاندا بووە یان ئەوان ویسـتـوویانە.. کـەوابێ چ بەلگەیەکی دی لەدەست ئێمـەدا هەیە - بۆ نموونە - بۆچوونێکی دروست پەیدا بکەین لە ژیانی خەلک، هەر وەک دەفەرمووی مێژوو ڕەنگدانەوەی ژیانی خەلکە.. لە ڕووی چی ئەو شتانە بدۆزینەوە؟

**و:** لێکۆلینەوەی مـێژوویی زۆر زەحـمـەتە و مێژوو نووس دەبێ مرۆڤێک بێ پڕ تاقەت و ورد و وریا. لە کـاری لێکۆڵینەوەی مـێژوویی دا مـێژوونووس هەر وا زوو خـۆ ناگـا بە ئاکـام، بەلکوو بەر دەوام و سـسـتـیـمـاتیک دەبێ بخوێنێتەوە و هەوڵ بدا و بە بەراوردی مێژوویی و ڕەخنەگرانە سەنەد و بەلگەکان هەڵ بسەنگێنێ و بیری لێ بکاتەوە هەتا بتوانێ ئەو شتـە وا مەبەستیەتی بیدوزێتەوە. جا، جگە لە مێژوو و بەلگە ڕەسمییەکان گەلێک شتی دیکە لە بەر دەستی مێژوونووسی پسپۆڕ دایە وەکوو زمان، فۆلکلۆر، فـەرهەنگ و ئەدەبی خـۆمـالی و زور شتی دیکە. دەلێن گـەلی کـورد مـێـژووی لە بیرکـردووە واتە ئەم گەلە مێژوویەکی نووسراوی ڕەسمی تێر و تەسەلی نییە. دیارە هیچ گەلێک بێ مـێـژوو نییـە بەلام رەنگە تارادەیەک لە بیرکرانی مێژوو لەلایەن گەلی کوردەوە راست بێ، کـە ئەویش زۆر هۆی تایبـەتی خـۆی هەیە بەلام بۆ دۆزینەوەی مێژووی کورد، مێژوونووسی شـارەزا دەبێ روو بکاتە بەیت و باو و پەندی پێشینان و گۆرانی و چیرۆکی کوردی. هەمـوو ئەمـانە دەتوانن بەلگەی باوەڕ پێکراو بن، چونکە ئەم کەرەسانە لە لایەن خەلکەوە دروست کراون کە هەر کام لە کات و سەردەمی تایبەتی خۆیاندا شەقلی هەمـوو ئەوانەی پێوە دیارە. مێژووە ڕەسمیەکانیش راستە لە خزمەت چینی چەوسـێنەر دان، بەلام مــێـژوونووسی زانا و لێهاتوو دەتوانێ بە چاو و بۆچوونی ڕەخنەگرانەوە

**بەڵێ ڕاستە زمانەکانی گۆرانی و ئاڵانی بە مۆرفۆلۆژی و سینتاکس ناچنەوە سەر زمانی کوردی و جیاوازییان لە نێوان دا هەیە.**

زۆر شتی باشیان لێ دەربێنێ.

**پ:** دروستە.. پێموایە هێندێک بواری زانستیی دیکەش دەخزمەت مێژوو دان وەک ئارکیۆلۆژی( دێرینەناسی) وزمانناسی..

**و:** بەڵێ وایە.

**پ:** جا ئەگەر مێتۆدۆلۆژی چاولێبکەین، لە لێکۆڵینەوەی مێژوویيدا کە ئەوەش نیسبییە، بە پێی تاقیکردنەوەی شەخسی یان ئەوەی کاری لێکۆڵینەوە دەکا، بەڵگە بۆ ئەوەیکە ڕووداو یان شوێنەوارێکی مێژوویی، ڕاستی ودروستییەکەی بەرچاو بێ چییە؟ بۆ نموونە مەسەلەی ئارياييەکان.. ئەمن کتێبێکم لە مالۆری(J. P. Mallory)، زانای زمانناس دەخوێندەوە کە دەڵێ: لە نیوەی سەدەی نۆزدەرا، هەتا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە، هێندێک لە دێرینەناس ومێژووناسەکان بە ئانقەست بەو مانایەی کە لە ژێر کارتێکەری بارو دۆخدا بوون، جێگەی ئاریایی و ڕیشەی هیندوئورووپاييەکانیان دەگۆڕی، یانی بەڵگەی مێژووییان بۆ دەهێناوە. بۆنموونە دەیانگوت ئاریایی وەک ڕەگەزی سەردەست نابێ لە ناوچەی قەفقاز ژیابێ، بەڵکوو دەبا لە لێواری دەریای بالتیک، لە خوارووی ئیسکاندیناڤیا، یان لە شیمالی ئورووپا بووبا، هێندەیان باس کرد تا هێنایانە سەر ئالمان وەک هەوەڵین شوێنی ئارياييەکان، مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە مێژوونووس چۆن دەتوانێ خۆی لەو تەئسیرانە چ سیاسی یان کۆمەڵايەتی بپارێزێ؟

**و:** ئەو پرسیارە زۆر جوانە و ئەمن پێموایە کەم مێژوونووس توانیویەتی خۆی لەم کارتێکردنە بپارێزێ. لەبەر ئەوە مێژوونووسیش مۆر و نیشانەی چینی خۆی پێوە دیارە و هەر مێژوونووسێک لە ڕوانگە و بەرژەوەندییەکانی چینی خۆیەوە مێژوو دەنووسێ. سەبارەت بە ئاریيايەکانیش دەبێ عەرزت بکەم هەتا ئەمڕۆش چۆنیەتی ژیان و جێگای سەرەکی ژیانیان کە لە کوێ بوون و بەرەو کوێ کۆچیان کردووە، دەتوانم بڵێم هەر وەکوو فەرزییە(گریمانە)یەک ماوەتەوە و مێژوونووسانی وڵاتان بۆچوونەکانیان یەک نییە. جا چونکە باسەکە کراوەیە زۆر بیر و باوەڕی چەوت و نارەسەن و خەڵک فریودەریان بە ئیشتیای خۆیان بەکاریان هێناوە. بەڵام هەر وا کە تاو لە ژێر هەوردا هەمیشە نامێنێتەوە بیر و کردەوەی چەوت و ناڵەباریش تەمەنێکی ئەوتۆی نابێ.

**پ:** لێرەدا کە باسی کاری «مالۆری»م لە سەر ڕەگەز وشوێنی ئارياييەکان کرد، واچاکە پرسیارێکیش لە سەر بنەچەکەی کوردان بکەم کە لە کوێ ڕا هاتوون وکێن؟

**و:** کوردەکان یەک لە کۆنترین گەلانی ئاسیای ڕۆژئاوان و مێژوویان زۆر کۆنترە لە فارسەکان و تورکەکان و عەرەبەکان کە ئێستا بەسەریانەوە حوکم دەکەن. ئەگەر بە وردی سەیری مێژووی ئاسیای ڕۆژئاوا بکەین دەبینین ئەم هەرێمە یەک لە بێشکە کۆنەکانی شارستانیەتی دنیای کۆنە و زۆر گەلانی جیاوازی تێدا ژیاون وەکوو گوتییەکان، لولوبییەکان، ئورارتوويیەکان.. و پاشان ئارياييەکان و عەرەبەکان و ئینجا تورکەکان. ئەگەر قەبوڵ بکەین لە دنیا دا هیچ ڕەگەزێ پاک و بێگەرد نییە دەبێ بگەین بەو ئاکامە کە کوردەکان پاشماوەی گەلانی کۆنی ناوچەی ئاسیای ڕۆژئاوان. واتە لە بەرە بەرە تێکەڵ بوونی ئەم گەلانە پێک هاتوون. ئەوڕۆ دەبێ بڵێین لە دروست بوونی گەلی کورددا هەموو ئەم گەلە کۆنانە بەشدارییان کردووە و ئێستا شوێنی ئەم گەلانە بە باشی لە زمان و ئەدەب و شێوەی ژیان و فەرهەنگی کوردەواریدا دیارە. بەڵام ئەوەی کە دەڵێن کورد لە ئەوەی کاوەیە یا ئەوەی ڕۆستەمە یا ئەوەی ماد و کەیخوسرەوە، بێ بایەخ کردنی مێژووی کوردە و دیارە ناشارەزایانی مێژووی کورد ئەم باسەیان ساز کردووە. کاوە و ڕۆستەم و کەیخوسرە و پاڵەوانانی ئەفسانەیی فیردەوسی و لە پێشیشدا گەلانی ئێرانیین کە دیار نییە چ بوون و مێژووی کورد گەلێک بەربڵاوترە لە مەودای تەسکی ئەم ئەفسانانە. سەبارەت بە مادەکانیش ئەوانیش کۆمەڵە خەڵکێک بوون لەم ناوچەدا بەڵام لەوانیش شتێکی وا ساغ نەکراوەتەوە. بە ڕای من مێژوو دروستکردن بۆ خەڵکی کورد زۆر پر مەترسی ترە لەوەی کە کورد بێ مێژووە. کورد بێ مێژوو بمێنێتەوە زۆر باشترە، لەوەی هێندێ کەسی ناشارەزا و دۆستی ساویلکە مێژووی بۆ دروست بکەن. میللەتی کورد وەک میللەتێکی هەرەکۆن لە شاخەکانی زاگرۆس و بەینولنەهرەینی سەرەوودا ژیاوە و پاشماوەی ئەو میللەتانەیە کە لەوێ ژیاون. ئێمە میللەتێکی زۆر کۆنین. مێژوو شاهیدی هەبوونی ژیانی مێژوویيمانە و لە خۆڕا نییە ئەم گەلە هەر لە کۆنەوە بە شاسواری ڕۆژهەڵات ئێسپانگی دەرکردووە. ڕەنگە کەم میللەتێک وەک کورد کۆن بێ لەم ناوچەیە دا. هەر ئەوە بۆ میللەتی کورد بەسە. جا قەیدێ ناکا با ئێستا نەزانین چۆن پەرەی گرتووە. من بەزەقی دژ بەوەم کە گەلی کورد لە ئەوەی مادە، یا لە ئەوەی کەیخوسرەوە کە لە شێعری «ئەی ڕەقیب»دا هەیە. ڕەشید یاسەمی هەر بەم چەشنە بەڵگە داتاشراوانەوە دەیەوێ بیسەلمێنێ کەکورد فارسە.

**پ:** کاک عەبدوڵلا، دەمەوێ شتێکت لێ بپرسم، وەختێک دەڵێی ئێمە لە میللەتی کۆنین مەبەستت چییە؟ پێموایە دەبێ ئەو باسە شی بکرێتەوە، چونکە ئەوە ئێستا زۆر باوە کە کورد هەر میللەت بووە و.. دیارە بە پێی مەفهوومی سیاسی و زانستی سیاسی واتای میللەت شتێکی دیکەیە.. جەنابت ئەو گوتەیەت هەروا دەکارهێنا یان دژی ئەوەی کە ئێمە زەمانێک ئێتنوسێک بووین، قەومێک بووین، نەک میللەت؟

**و:** عەرزت بکەم، تاریفی میللەت لە سەردەمی ئێمەدا تاریفێکی لێنینیە. من لێرەدا مەبەستم لە میللەت کۆمەڵە خەڵکێکن کە پێکەوە لە سەر ئەرزێکی دیاریکراو و بە زمان و فەرهەنگی تایبەتی خۆیانەوە دەژین. جا بۆ ئەوە ماناکەم گەیاندبێ وشەی میللەتم بەکار هێنا دەنا بۆ ئەو سەردەمە وشەی میللەت بە مانای ئەمڕۆ بەکارنابرێ.

**پ:** بەڵێ.. دەمەویست ئەو پرسیارەی بکەم، بۆ خۆت گوتت: لە لێکۆڵینەوەی مێژوويیدا، یەکێک لەو ئامرازانەی کە دەدەست مێژوونووس دایە، زمانە، یانی بە پێی زمان، دەتوانرێ ڕابردووی ئەو شتە وەدەست بخرێ. هەر وەک دەزانی لێکۆڵینەوە لە سەر بنەماڵەی زمانەکانی دنیایە کراوە. بۆنموونە تەنانەت زمانی هیندوئورووپایی پێشوویان سەرلەنوێ ساز (Reconstruction)کردووەتەوە، بە پێی

ئەو لێکۆڵینەوەیە زمانی کوردی سەر بە خێزانی زمانەکانی ئێرانی لقی ڕۆژئاوایی هیندوئورووپایی یە. مەکەنزی دروست بە پێی ئەو لێکدانەوەیەی، سەر بەمادبوونی کوردان ڕەت دەکاتەوە. بەڵام مێژوونووسی گەورە مینۆرسکی کە کارەکانی لە بواری ئێراناسی وکوردناسیدا بەرچاوە دەڵێ: هەر چەشنە لێکدانەوەیەک لە سەر مێژووی کورد دەبێ هاوپێوەندی بە مادەکانەوە بێ.. هەرچەند ئێستا بن و بنەچەکەی کوردت بردەوە سەر میللەتانی کۆنی ئاسیای ڕۆژ ئاوا، بەڵام بە کورتی دەمەوێ بڵێم جەنابت ئەزەرت لەسەر ئەو بۆچوونانە چییە؟

**و:** گەلی کورد بە گشتی و مێژوونووسان بە تایبەتی ڕێزێکی تەواویان هەیە بۆ مینۆرسکی. ئەو لەگەڵ ئەوەیدا کە سیاسییێکی گەورە بوو، زانایەکی لێهاتوو و دۆستی گەلی کوردیش بوو. لەسەردەمی مینۆرسکی دا هەر ئەوەندە کەرەسە وماتریاڵ بەدەستەوە بوو کە بڵێ ڕەنگە میللەتی کورد لە پاشماوەی مادەکان بن. لە لایەکی تریشەوە زانستی زمانناسی(Linguistics) و فیلۆلۆژی (philology) کوردناسی وەکوو ئەمڕۆ پەرەی نەئەستاندبوو، مینۆرسکیش وابزانم قەت بانگاشەی ئەوەی نەکردووە کە زمانەوان و فیلۆلۆگە. بەڵام لە سەردەمی مەکنزی دا کەرەسەیەکی زۆر کەوتە بەردەست و ئەو زانستانەش وا باسمان کرد پەرەیان گرت و بەرەو پێشتر چوون و هەرکەسیش ئەمڕۆ لە کار و مەودای تێکۆشان و لێکۆڵینەوەی خۆیدا بەراستی پسپۆڕ و خاوەن ڕایە، ئەوەیە گریمانەکەی مینۆرسکی ناچار بایەخی نەما. ڕەنگە لە داهاتوودا کەرەسەی تازەتر بدۆزرێتەوە و بۆچوونەکەی مەکنزیش ئاڵ و گۆڕی بە سەردا بێ، بەڵام ئەوەی کە ئێستا لە بەرچاوە و هەموو دەیزانن مەکنزی لە کاری خۆیدا بەراستی پسپۆڕە. شتێکی دیکەش هەیە نازانم بۆ دژەکانی رای مەکنزی قەت باسی ناکەن، ئەویش ئەوەیە کە لە زمانی مادەکان جگە لە حەوت هەشت وشە، شتێکی دیکە نەماوە چۆن زمانێکی ڕێک و پێک وەکوو زمانی کوردی دەبەنەوە سەر ئەم چەن وشەیە؟ لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەم بۆچوونە وا بە ناوی مەکنزی یەوە ناوبانگی دەرکرد لە ڕاستیدا هی ئەو نییە بەڵکوو بۆ یەکەم جار ئۆژێن مەیر بێنێدیکتسینی دانمارکی لە کتێبی «زاراوەکانی هەورامان و پاوە» کە بە زمانی فەرانسەیی لە سالی ١٩٢١ لە کوپێنهاگ دا دەری کرد، هێنایەگۆڕێ. مەکنزی بۆچوونەکەی ئەوی پەرەپێدا. لایەکی دیکەی ئەم باسە ئەوەیە کە خاوەنی ئەم بۆچوونانە قەت نەیگوتووە گۆرانەکان یا زازاکان کورد نین. من لێرەدا بەرگری لە مەکنزی ناکەم بەڵکوو مەبەستی من تەنیا بەرگرییە لە ڕەوتی زانست.. بەڵێ ڕاستە زمانەکانی گۆرانی و زازایی بە مۆرفولۆژی و سینتاکس ناچنەوە سەر زمانی کوردی و جیاوازییان لە نێوان دا هەیە. ئەم دوو زمانە کە زۆر نزیکی یەکن لقێکن لە داری زمانە ئێرانییەکان کە لە شاخ و داخە بەرزەکانی کوردستان دا خۆیان لە هێرش و دەستدرێژی عەرەب و تورک پاراستووە. بەڵام گۆرانەکان و زازاکان بیانەوێ و نەیانەوێ کوردن. ئەمە لە مێژووی گەلان دا شتێکی سەیر نییە. با نموونەیەکی باشتان بۆ بێنمەوە ماشەرەف خانم واتە مەستوورەی کوردستانی نووسەری «مێژووی ئەردەڵان» و دانەری گەلێک شێعری جوان بە زمانی گۆرانی و فارسی بە ڕەگەز کورد نەبووە. بنەماڵەکەیان لە دەرگەزینییەکانی هەمەدانن، لە سەردەمی شاسولتان حوسێنی سەفەوی (نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدە) دا کە دەستیان کرد بە قەڵاچۆی سونییەکان، بەرەو شاری سنە هەڵاتن و لە ڕێگای ژن و ژن خوازیەوە تێکەڵ بە خەڵکەکە بوون و، بوون بەکورد. بەشێ تر لەم دەرگەزینییانە لە شاری سلێمانی دا نیشتەجێ بوون و ئەوانیش تێکەڵ بە خەڵکی ئەو ناوە بوون. ماشەرەف خانم و میرزا عەبدوڵڵای مامی کە دانەری یەکەم مێژووی ئەدەبی کوردییە بەڵام بە زمانی فارسی و، میرزا عەلی ئەکبەری مونشی کوری میرزاعەبدوڵڵا و ئامۆزای مەستوورە خانم کە دانەری چەند کتێبی مێژووی کوردە بە زمانی فارسی، بە کورد بوونی خۆیان زۆر شانازی دەکەن. میرزا عەبدوڵڵا دەنووسێ زۆر سەیری کتێبم دەکرد لە هەموویان دا باسی شاعیرانی هەموو ناوچەیەک کرا بوو جگە لە شاعیرانی کورد و کوردستان، گوتم با ناو و نیشانی شاعیرانی کوردیش ون نەبێ ئەم کتێبەم نووسی. هەروەها میرزا عەلی ئەکبەر جگە لە کتێبە مێژوویییەکانی، دانەری یەکەم فەرهەنگی کوردییە بە فارسی. با بێینەوە سەر باسەکەمان.. ڕووناکبیری کورد نابێ مەسەلەی

**زمانی گۆرانی زمانی چینی ئاریستۆکراتی شاری سنە و هەروەها زمانی شێعر و ئەدەبی پێش سۆرانی بوو لەم ناوچە و گەلێک جێگای تردا.**

سیاسی و زانستی تێکەڵ بکا، ئەگەر گۆرانی یا زازایی کوردی نەبێ هیچ زەرەر و زیانێک لە کورد ناکەوێ، لەبەر ئەوە هەم گەلی کورد و هەم زمانەکەی جێگای خۆیان کردووەتەوە و ئەمە شکی تێدا نەماوە، بەڵام زۆر جێگای داخ و شەرمەزارییە بۆ گەلی کورد، ڕووناکبیرەکانی نائاگا و دژ بە ڕەوتی زانست بن. لەولاشەوە جێگای گەلێک سەربەرزییە بۆ گەلی کورد و کوردستان کە لەوانەبوو ئەم دوو زمانە لە بەر پەلاماری دوژمن بفەوتێن بەڵام لە سای شاخە بەرزەکانی کوردستانەوە خۆیان پاراست و هەتا ئەمڕۆ ماونەوە. لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردیشدا کەم نین ئەو زازا و گۆرانانە وا لە پێناوی ڕزگاری کوردستان دا گیانی شیرینیان بەخت کرد وەکوو شێخ سەعیدی پیران و...

زمانی گۆرانی زمانی چینی ئاریستۆکراتی شاری سنە و هەروەها زمانی شێعر و ئەدەبی پێش سۆرانی بوو لەم ناوچە و گەلێک جێگای تردا. ئەم دوو زمانە گەلێک کاریان کردووەتە سەر زمانی کوردی و هەروەها زمانی کوردیش کاری کردووەتە سەریان. کارتێکردنی زمانی گۆرانیش هەتا ئەوەندەیە کە زمانی کوردی ناوچەی کوردستانی ئەردەڵانی تا ڕادەیەک لە زاراوە سەرەکییەکەی کوردستان جیا کردووەتەوە بۆیە پێیدەڵێن زاراوەی ئەردەڵانی.

**پ:** زمان دیارە لە مەسەلەی هەر نەتەوەیەک دا پێناسێکی گەورەیە، بەڵام ئەو شتەی کە ئەوڕۆ وەک ناسیۆنالیزم ناوی لێدەبردرێ، لە ڕاستیدا تەنیا بە زمان تەوزیح نادرێ، ئەو هەستی نەتەوایەتی( ناشناڵ ئیدێنتیتی)یە شتێکە جیا لەوە. بۆ نموونە لە زۆر جێگایان زمان یەکە، کەچی ناسیۆنالیزم جیاوازە، وەک سەرب و کرۆواتەکان. یان ئەو شتەی کە لە ئیرلەند دا دەگوزەرێ. لە ڕاستیدا ڕەنگە جیاوازیی زمانی ئەخشی نەبێ یان بەپێچەوانە، بەڵام بە بڕوای من ئەو بۆچوونەی کە ئێستا باوە

و هه‌موو شتێک به زمان ته‌وزیح ده‌ده‌ن، به تایبه‌تی ده‌باره‌ی کورداندا ــ بۆچوونێکی زۆر دروست نییه..

**و:** بۆ گه‌لێکی دامه‌زراو و خاوه‌ن ده‌وڵه‌ت و ده‌سه‌ڵات به‌ڵێ وایه. هه‌ر وا خۆتان گوتتان زۆر گه‌ل هه‌ن به زمانێک ده‌په‌یڤن به‌ڵام هه‌ر کام گه‌لێکی جیاواز و سه‌ربه‌خۆن وه‌کوو عه‌ره‌به‌کان و چه‌ند گه‌لی ئینگلیسی زمان. به‌ڵام بۆ ئێمه‌ی کورد مه‌سه‌له‌که سیمایه‌کی دیکه‌ی هه‌یه، لێره‌دا به پێچه‌وانه ده‌بینین گه‌لی کورد زمانه‌که‌ی کردووه‌ته به‌ڵگه‌ی هه‌بوون و مانه‌وه‌ی. ئه‌گه‌ر سه‌یری دنیای ئیستیعمار بکه‌ین و چاوێک به سه‌ر مێژووی داگیرکردن و تواندنه‌وه دا بگێڕین ده‌بینین له رابردوودا گه‌لێک یا ده‌وڵه‌تێکی ئیستیعماری وه‌کوو هوله‌ند یا ئینگلیس یا فه‌رانسه له‌وپه‌ری ده‌ریاکانه‌وه هه‌ڵده‌ستا ده‌چوو ئه‌فریقا و هێندی داگیر ده‌کرد. داگیرکه‌ر به ره‌نگی پێست و چاو و قژ، زمانه‌که‌ی و زۆر شتی دیکه‌ی له‌گه‌ڵ خه‌ڵکی داگیرکراودا جیاوازیی هه‌بوو . ئه‌م گه‌لانه به شێوه‌ی خۆیان و له‌و بارودۆخه که تێیدا ده‌ژیان دژ به داگیرکه‌ر خه‌باتیان ده‌کرد. به‌ڵام ئێمه‌ی کورد چۆنین؟ ئێمه‌ش هه‌مان به‌ڵامان به سه‌ردا هاتووه، واته داگیرکراوین به‌ڵام ئه‌وانه وا داگیریان کردووین له‌و په‌ری ده‌ریاکانه‌وه نه‌هاتوون، به ره‌نگی پێست له‌گه‌ڵمان هیچ جیاوازیێکیان نییه له باری ئایین و مێژووشه‌وه تێکه‌ڵاویمان هه‌یه، ته‌نیا شتێک که ئێمه له‌وان جیا ده‌کاته‌وه زمانه‌که‌مانه. جا لێره‌دایه ده‌بێ زۆر هۆشیارانه ده‌ست به زمانه‌که‌مانه‌وه بگرین به‌ڵام نه به‌و چه‌شنه که له سه‌ر بانه‌که‌وه بمانخاته خواره‌وه. هه‌موو که‌س ده‌زانێ زمانی ئێمه فارسی نییه، عه‌ره‌بییش نییه، تورکیش نییه، ئه‌مه ئه‌وه‌نده زه‌قه ئه‌وانیش به باشی ده‌یزانن، جا چونکه ده‌زانن هه‌ر له‌م لاشه‌وه هێرشمان بۆ دێنن. نموونه‌یه‌کتان بۆ ده‌ر بخه‌م، له دوا ساڵانی رژێمی شادا هه‌وڵێکی زۆر بۆ تواندنه‌وه‌ی کورد له ئێران ده‌درا، من له رادیۆ و ته‌له‌ڤیزیۆنی به‌شی کوردی دا کارم ده‌کرد، جارێک بانگیان کردین بۆ تاران بۆ به‌شداری له سمینارێک، ئه‌م سمیناره دوو که‌س به‌رێوه‌یان ده‌برد، مه‌حموودی جه‌عفه‌ریان و په‌رویزی نیکخواه، ئه‌م دووانه کۆنه تووده‌یی و ده‌مراستی ساواک بوون، ئێمه‌ش هه‌موو به‌رپرسانی به‌شی ده‌نگ و باسی رادیۆ و ته‌له‌ڤیزیۆنی ناوچه کورد نشینه‌کان بووین، کاتێک سمینار کراوه پاش هێندێک قسه و باس په‌رویز نیکخواه گوتی هیچ ده‌زانن ئێمه بۆچی هه‌شت ئیستگه‌ی رادیۆی کوردیمان خستووه‌ته‌گه‌ر؟ پاش تۆزێ درێژه پێدان گوتی له‌به‌ر ئه‌وه کورده‌کان به زمان له‌گه‌ڵ ئێمه جیاوازن. جا بیرمان کرده‌وه‌ته‌وه بۆ ئه‌وه کورد نه‌ڵێ میلله‌ته ده‌بێ زمانه‌که‌ی تێک بدرێ. چۆن؟ هاتین هه‌شت رادیۆی به رواڵه‌ت کوردیمان کرده‌وه به‌ڵام به هه‌شت زاراوه‌ی جۆر به جۆری کوردی(سنه‌یی، مه‌ریوانی، هه‌ورامی، ئیلامی، قووچانی، کوردی کرمانجی لای ورمێ، سابلاغی و سۆرانی ستاندارد)، کارێکیش ده‌که‌ین ورده ورده وشه‌ی فارسی به زۆر بخه‌ینه ناو زمانه‌که‌یان به‌م چه‌شنه زمانی کوردی هیچی به سه‌ر هیچه‌وه نامێنێ. دیتمان به‌ڵێ راسته وا بووه و ئێمه به خۆمان نه‌زانیوه. له رادیۆدا، وێژه‌رمان هه‌بوو و ده‌بوو دقی هه‌واڵه‌کان که به زمانی فارسی نووسرابوون بکه‌ن به کوردی، ئه‌وان ئیتر زه‌حمه‌تیان به خۆیان نه‌ده‌دا وه‌کوو هوزواریش له ئه‌ده‌بی کۆنی ئێرانی دا ده‌نگ و باسه‌کان که به فارسی بوون ده‌یان گرت به ده‌سته‌وه و به کوردی ده‌یانخوێنده‌وه، جا ئیتر بزانه زمانه‌که چی لێ به‌سه‌ر هاتبوو. له‌ولاشه‌وه قه‌ده‌غه‌یان کردبوو که هیچ چه‌شنه به‌رنامه‌یه‌ک تایبه به زمانی کوردی له سه‌ر ته‌له‌ڤیزیۆن بڵاو بکرێته‌وه. کورت و موخته‌سه‌ر زمانی کوردی هه‌ژاریان کردبووه فارسی. له سنه و کرماشان و ئیلام و چه‌ند شاری دیکه‌دا زمانی کوردی له گیانه‌ڵلا دا بوو. ئه‌وه‌ی ئه‌ختێ خۆی راگرتبوو سابلاغ و بانه و بۆکان بوو، به‌رنامه به کوردی ستانداردیش بۆ پروپاگانده و بۆ ده‌ره‌وه بوو. جا ده‌مه‌وێ به‌و ئاکامه بگه‌م که پێویسته له سه‌ر زمان و داب و نه‌ریت و رابردوومان زۆرتر بزانین، لانیکه‌م چاو له داگیرکه‌ره‌کانمان بکه‌ین بزانین چۆن سه‌یرمان ده‌که‌ن و له کوێوه ده‌ستمان لێ ده‌وه‌شێنن. ئه‌گه‌ر ده‌ڵێم ده‌بێ ده‌ست به زمانه‌که‌مانه‌وه بگرین هه‌ر ده‌بێ له‌م روانگه‌وه بێ نه ئه‌وه که زمانی ئێمه ئه‌و زمانه بووه وا حه‌زره‌تی زه‌رده‌شت گاته‌کانی پێ نووسیوه و ده‌بێ بیپارێزین و پاک و خاوێنی رابگرین، نه ئه‌مه رگه‌ز په‌رستی و دواکه‌وتووییه ئه‌گه‌ر ئه‌و گه‌له هه‌وڵبدا زمانه‌که‌ی کوێرانه خاوێن راگرێ و چاو له ره‌وتی په‌ره‌ئه‌ستاندنی زمان نه‌کا، به ده‌ستی

> **له باری سیاسییه‌وه کوردستان دابه‌ش بوو، زۆربه‌ی نیشتمانی کورده‌کان که‌وته ده‌ست عوسمانییه‌کان و به‌شی ئێرانیش که‌وته به‌ر قه‌ڵاچۆ و راگوێزان و کاول کردن.**

خۆی زمانه‌که‌ی داده‌وه‌شێنێ، ئه‌ڵبه‌ت دیاره زمان وه‌کوو گیان له به‌رێکی زیندوو ده‌ژی و به‌ره‌و پێش ده‌چێ و که‌س ناتوانێ پێشی پێ بگرێ. له سه‌رده‌می ئێمه دا هیچ زمانێک نییه ساف و بێگه‌رد بێ و له زمانانی دیکه‌وه وشه‌ی وه‌رنه‌گرتبێ. سه‌یری زمانی خزمه‌تکراوی فه‌رانسه‌یی بکه‌ن، باسی ئه‌وه ناکه‌م چی له زمانه‌کانی ده‌ور و پشتی به قه‌رز وه‌رگرتووه، گه‌لێک وشه‌ی له زمانی عه‌ره‌بییه‌وه راگوێستووه‌ته‌وه.

**پ:** که‌وابوو کاک عه‌بدوڵلا، له گه‌ڵ ئه‌م قسه‌ی کلێمانسو سیاسه‌تمه‌داری فه‌رانسه‌یی دا هه‌ی که ده‌ڵێ بۆ ئه‌وه نه‌ته‌وه‌یه‌ک بنبڕ بکه‌ی دوو شتی لێ بستێنه‌وه: زمانه‌که‌ی و مێژوویه‌که‌ی..

**و:** به ته‌واوی له‌گه‌ڵ ئه‌م قسه‌یه‌م، کلێمانسو سیاسی و ده‌سه‌ڵاتداری وڵاتێکی ئیستیعماری بوو و هه‌ر به‌م شێوه خه‌ڵکی باکووری ئه‌فریقایان له خودی خۆیان بێگانه‌کرد، ئێستا پاش ئه‌م هه‌موو ساڵه خه‌ڵکی جه‌زایر و توونس و مه‌راکێش تازه به ئاگا هاتوون که زمانێکیان هه‌بووه ئێوی عه‌ره‌بی بووه و خۆشیان عه‌ره‌بن. ئه‌گه‌ر به وردی سه‌یری مێژووی خۆشمان بکه‌ین هه‌روامان لێ به‌سه‌ر هاتووه، کورده‌کانی باکوور که به ژماره زۆرترین، ده‌وڵه‌تی شوڤێنیستی تورکیا و سووریا به ته‌واوی زمانه‌که‌یانیان لێ قه‌ده‌غه کردوون، سه‌باره‌ت به مێژووه‌که‌شیان خۆ که‌س له وزه‌یدا نییه هه‌ر باسیشی بکا، جا که شتێک له چاو ون بوو له بیریشدا ون ده‌بێ. کورده‌کانی ئێرانیش هه‌ر هه‌مان به‌ڵایان به سه‌ردا هاتووه، له کوردستانی گه‌رمێن ئه‌ختێ بار و دوخ جیاواز بووه. به هه‌ر حاڵ زۆر به باشی دیاره قسه‌که‌ی کلێمانسو به سه‌ر گه‌لی کوردی به‌شخوراویشدا وه‌راست گه‌راوه، هه‌م زمان و هه‌م مێژووی لێ سه‌ندراوه‌ته‌وه.

**پ:** کاک عه‌بدوڵلا ئه‌و شته‌ی فه‌رمووت سه‌باره‌ت به مێژووی کۆنی کوردان و نه‌بوونی

> ئەمە هەر ئەو شەڕە براکوژییەیە کە ڕووناکبیری مەزنی پاش مەلا ئیدریس واتە ئەحمەدی خانی بە دواکەوتوویی و هۆی زۆر دەستەبوونی کوردی دەزانێ.

بەڵگە، بەڵام لە دوای هێرشی عەرەب یان هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە وردە وردە ناوی کوردەکان و هەڵسوکەوتیان دێتە ناو مێژووەوە. دوو سێ سەدە دوای هەڵمەتی عەرەبەکان چەند بنەماڵەیەکی کورد وەکوو شەدادییەکان، ئەیوبییەکان، حەسنەوەییەکان و... دێنە سەر شانۆی مێژوو، دەکرێ بە بەراورد لەگەڵ دوو یان سێ هەزار ساڵ لەوەپێش کە زەردەشت کورد بووە یان نەبووە هێندێک بەڵگە لە دەست دا بێ کە کورد وردە وردە خۆیان نیشان دەدەن لە سەر لاپەڕەکانی مێژوو و ئێمە پاشماوەی ئەوانین ئەڵبەت بە بەڵگە و سەنەد؟

و: بە بڕوای من هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی مێژووی کورد بەر لە ئیسلام، ئەگەر مێژوونووس زمانزان و پسپۆڕ و لێهاتوو و خوێندەوار نەبێ هەوڵدانێکی بێ کەڵکە. وابزانم جێگای خۆیەتی لێرەدا ئەو سکاڵایە بکەم کە بە داخەوە زۆربەی ئەوانە وا مێژووی کۆنی کوردیان نووسیوە بە قەد ئیسکێک فڕیان نەبووە بە سەر مێژوونووسینەوە. لای ئێمە وا باوە هەرکەس دەستی قەڵەمی گرت دەتوانێ مێژوو بنووسێ. بڕوا ناکەم هێچ زانستێک ئەوەندەی مێژوو لە لای ئێمە بێ حورمەت کرابێ. داخم ناچێ ئەم دۆستە ساویلکانە مێژووی کوردیان زۆر خراپتر لە دوژمنەکانمان شێواندووە. با بگەڕێینەوە سەرباسەکەمان، گەلی کورد پاش ئیسلام بە ڕێکوپێکی باسی لێوە دەکرێ و ئەوەی کە گرینگی دەدا بە باسەکە ئەوەیە زۆربەی مێژوونووسانی دنیای ئیسلام بۆ خۆیان کوردن کە بە داخەوە بە عەرەب و فارس ناویان دەبەن وەکوو ابن الاثیر، ابن خلکان، دینەوەرییەکان و زۆری تر. لە سەردەمی ئەواندا کوردایەتی (ناسیۆنالیزمی کوردی) باو نەبووە و هەروا کە گوتمان لە سەدەکانی ناوەندیدا دین و ئایین بڕبڕەی پشتی هەر چەشنە بیر و بۆچوونێک بووە، جا ئەم زانایانەش وەکوو ڕووناکبیری سەردەمی خۆیان بەزمانی قورئان واتە زمانی عەرەبی و لە چوار چێوەی ئایینی ئیسلام و دەوڵەتی ئیسلامی دا بەرهەمەکانی خۆیانیان نووسیوە، هەروا چۆن مێژوونووسانی مەسیحی بە زمانی لاتین و لە چوارچێوەی ئایینی عیسا و دەوڵەتانی سەردەمی خۆیاندا دەیاننووسی. ئەم مێژوونووسە کوردانە لە تەنیشت باسەکانیان دا گەلێک شتیان لە سەر کورد نووسیوە و ئەم باسانە دەتوانێ بەشێ بێ لە مێژووی میللی ئێمە.

پ: لە سەرەتای سەدەی ١٦ دا کە ئیمپراتووری سەفەوی لە ئێران بەدی دێ لەو دەورە دا و لە شەڕی چاڵدیران دا، قسە لە پشتیوانی ئەمارەتەکوردەکان دەکرێ کە یارمەتی عوسمانییەکان دەدەن و دەبنە هۆی سەرکەوتنیان.. دەکرێ هێندێک باسی دەوری ئەم ئەمارەتانە بکەن؟

و: مێژووی کورد لە سەدەی شازدەهەمەوە تووشی ئاڵ و گۆڕی بنەرەتی دەبێ. کوردەکان وەکوو گەلانی دیکە فارس و تورک و عەرەب، لە بەر ئەوە ناوچەکەیان شاخاوی بووە وەکوو هۆز و خێڵ و عەشیرەتی کۆچەر ژیاون. هەر لەبەر ئەم شێوە ژیانە بەجەرگ و بەگوڕ و سوارچاک بوون، نیشتمانەکەشیان لە باری ئابووری و ستراتێژییەوە زۆر گرینگ و لە بەر چاو بوو، دوو دەوڵەتی دژ بەیەکی ئێران و عوسمانی بە بێ لەبەرچاو گرتنی کوردەکان نەیاندەتوانی دەست بە هیچ کارێکەوە بدەن. ئەم بار ودۆخە تایبەتییە هەم باش بوو بۆ کوردەکان و هەم خراپیش، باش بوو لە بەر ئەوە هیچکام لەم دەوڵەتانە لە ترسی ئەوی تر نەیاندەوێرا خۆیان لە کار و باری کوردان بدەن و دەسەڵاتی ئەم دەوڵەتانە بە سەر کوردەکانەوە دەسەڵاتێکی سەر زاری بوو و کوردەکان بۆ ماوەیەک بەدەستیانەوە ڕزگار ببوون و تامی ئازادییان چێشتبوو. خراپیش بوو لەبەر ئەوە ئاغا و سەرۆک عەشیرەتەکانی فێری ئەو باوە کردبوو کە بۆ بەرگری لە بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆیان جارێک ئێرانی بن و جارێک ڕۆمی[عوسمانی] واتە بە ئەم سەر و ئەو سەری گورێسەکە یارییان دەکرد. ئەم کردەوە ناڵەبارە کە بنچینەی عەشیرەتی هەیە و تا رادەیەکیش با ودۆخی وڵاتەکە ڕەخساندوویەتی، ئێستاش بە قەوەتی خۆی هەر ماوە و هەر ئەمەش بووەتە کۆسپی هەرە گەورەی ڕێگای سەرکەوتنی هەموو بزووتنەوە کانی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد. لەم سەر و بەندەدا ئێرانی شیعە زەختی خستە سەر کوردەکان، بەڵام لەوبەرەوە عوسمانییەکان هەلەکەیان قۆستەوە و بە هێندێ وادە و بەڵێن کوردەکانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا و بەم چەشنە تورکەکان ئێرانیان لە ساڵی ١٥١٤ لە دەشتی چاڵدیران دا شکاند، کوردە موسوڵمانەکان کە خەلیفەی عوسمانییان بە جێگری پەیامبەر دەزانی بڕوایان بە گفت و بەڵێنەکانیان کرد و وازیان لە دۆستایەتی لەگەڵ ئێران هێنا. ئەم سەردەمە لە مێژووی سیاسی و ئەدەبی گەلی کورددا کارێکی یەکجار زۆری کردووە. لە باری سیاسییەوە کوردستان دابەش بوو، زۆربەی نیشتمانی کوردەکان کەوتە دەست عوسمانییەکان وبەشی ئێرانیش کەوتە بەر قەڵاچۆ و ڕاگوێزان و کاول کردن. شکانی ئێران لەم شەڕە دا کەسایەتی ئێرانیشی لای کوردەکان شکاند. پێشتر زمانی خوێندن و نووسین ئەگەر باسی ئایین نەبوایە بە فارسی بوو، پاش شەڕی چاڵدیران زمانی فارسییش ئەو ڕێزەی جارانی نەما، لەو لاشەوە ئەمارەتەکوردییەکانی ئەو دیو چەشنە سەربەخۆییەکیان بە دەست هێنابوو و هەر کام لەم سەرۆکانە دام و دەزگای ئەوعە دەوڵەتێکیان پێکهێنابوو، ئەمە ئەدەب و فەرهەنگی کوردی زۆور وەپێش خست. لە شاعیران و نووسەرانی کورد وەکوو مەلای جزیری، عەلی تەرمووکی، شەرەف خان بدلیسی و پاشان ئەحمەدی خانی، هی ئەم سەردەمە و پاش ئەم دەورەن.. لێرەدا نابێ دەوری هەرە گرینگی مەلا ئیدریسی بدلیسی کە پیاوێکی تێگەیشتوو و وریا بوو لە پێکهێنانی ئەم بار ودۆخەدا لە بیر بکەین. بە داخەوە هەتا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەل لە سەر ئەم پیاوە مەزنە نەکراوە هیچ، بە تاوانباریشی دەزانن. مەلا ئیدریس نەک هەر خاین نییە بەڵکوو حەقێکی زۆری بە سەر گەلی کوردەوە هەیە، ئەو کارەی ئەو بۆ کوردی کرد کەم کەس کردوویە. ئەوانە وا مەلا ئیدریس تاوانبار دەکەن، دیارە شتێکی وای لە سەر نازانن چونکە ئەگەر بیانزانیبا بە تاوانباریان نەدەزانی. مەلا ئیدریس بە بێ شەڕ و هەرا کوردستانی سەربەخۆ، یان بناغەی دەوڵەتی کوردستانی دا بە دەست سەرۆک و مەزنانی کوردەوە، بەڵام ئەوان ئەوەندە لێنەهاتوو وگەندەڵ بوون، نەیانتوانی شتێک بە شت بکەن و بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان دیسان پێی دەوڵەتانی ئێران و

عوسمانییان هێناوە ناوكوردستان .

**پ:** ببوورە كاك عەبدوڵڵا باسەكە دەبڕم، بۆ ئەوە خوێنەرەوە چاكتر مەلا ئیدریس بناسێ ئەم باسە ئەختێك بكەوە.

**و:** مەلا ئیدریس لە بنەماڵەی شەرەف خانی بدلیسی یە و لە ساڵی ١٥٢٠دا مردووە. سوڵتان سەلیم زۆر ڕێزی لێناوە و پرس و مەسڵەحەتی پێ كردووە. پێش شەڕی چاڵدێران بە هەوڵ و تێكۆشانی مەلا ئیدریس، سوڵتان سەلیم ڕێككەوتننامەیەكی لەگەڵ سەرۆك و مەزنانی كورد مۆر كرد كە تێیدا هاتبوو: ١) سەربەخۆیی ئەمارەتەكان بپارێزرێ. ٢) كوردەكان باجی شەرعی خۆیان بدەن بە سندووقی خەلیفە. ٣) ئەگەر كوردەكان كەوتنە بەر پەلاماری هێزی بێگانە، توركەكان پشتیوانی لە كوردەكان بكەن و... ئەگەر ڕقەبەری و چاولێكەری سەرۆك عەشیرەتەكان نەبا و لە جێگای ئەوە پێوەندی و یەكێتی هەبا ڕەنگ بوو كوردستان لە زوڵم و زۆری ئێران و عوسمانی ڕزگاری بووبا.

**پ:** وابزانم یەك شت لە چوارچێوەی ڕێككەوتننامەكەدا ئەوەبوو كە سەرۆكە كوردەكان نابێ دەستدرێژی بكەنە سەر یەكتر، یانی مەیدانی دەسەڵاتی خۆیان نابێ فراوان تر بكەن. ئەو شتەی كە سنووری ئەو ئەمارەتانە بوو دوو شتی سەرەكی بوون، ترادیسیۆن واتە داب و نەریتی كوردەكان و ئەو میراتە وا لە بابەوە بۆ كوڕەكەی بە جێ دەما، ئەوی تریان دەسەڵات بوو. جا دەبێ وای بۆ بچین ئەگەر لە نێو ئەو ئەمارەتانە دا ئەگەر یەكێكیان وەها بە هێز بووبا كە ئەوی تری لە خۆیدا تواندبایەوە، لەوانەبوو هەل ومەرج شتێكی دیكە با و لەو هەموو ئەمارەتانە ئەمارەتێكی گەورەتر و بە قەوەت تر پەیدا بووبا. ڕای ئێوە چییە؟

**و:** من وای بۆ دەچم ئەمە بیر و ئاواتی مەلا ئیدریس بووە . لەبەر ئەوە شەڕی عەشیرەتە كوردەكان كۆتایی پێ بێنێ. چونكە لەو سەردەمە ئەمارەتێكی زۆردار و بەقەوەتی كورد كە بتوانێ ئەوانی تر بێنێتە ژێر ركێفی خۆیەوە لەئارا دا نەبووە، بار ودوخی جوغرافیایی و سیاسی و ئابووریش ئەو هەلەی ئەرەخساندبوو. هەر ئەوە دەتوانین بڵێین كە مەلا ئیدریس بەم حوكمە توانی شەڕی ناوخۆیی كوردەكان بۆ ماوەیەك دامركێنێ. مێژووی كورد پڕە لەوە كە زۆربەی ئەم

> **ئەو سەردەمە ئەمارەتێكی زۆردار و بەقەوەتی كورد كە بتوانێ ئەوانی تر بێنێتە ژێر ركێفی خۆیەوە لەئارا دا نەبووە**

شەڕە ناوخۆییانە بە دنەدانی ئێران و عوسمانی ڕووی داوە. ئەمە هەر ئەو شەڕە براكوژییەیە كە ڕووناكبیری مەزنی پاش مەلا ئیدریس واتە ئەحمەدی خانی بە دواكەوتوویی و هۆی ژێر دەستەبوونی كوردی دەزانی.

**پ:** بەڵێ، بەڵام ئەگەر بە گشتی چاو لە ناوچەكە بكەین، لە ئێرانیشدا ئەوەمان چاو پێدەكەوێ بەتایبەت دوای عەبباسییەكان هێندێك بنەماڵەی پاشایەتی لە ئێران دا دادەمەزرێن كە هەمووی ناوچە ناوچەن وەكوو ئەوانەی هەر دوای دەسەڵاتی عەرەبەكان لە باكووری ڕۆژهەڵاتی ئێران دا دێنە سەر كار واتە سەفارییەكان، سامانییەكان و پاشان چەند بنەماڵەی تر دێنە سەر حوكم و ئینجا بەر هێرشی عەشیرەتێك دەكەون و ئەوان دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن هەتا دەوری قەجەرەكان مێژووی ئێران هەر وایە. من وا چاو لە مەسەلەكە دەكەم واتە بە پێچەوانەی بۆچوونی جەنابت كە ئەوە هێمنی و ئارامییە كە دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و گەشە كردنی ئەدەبی كوردی.. باشە چ دەبوو، گریمان ئەگەر ئەو مێكانیزمە كە لە ئێران دا كاری كردووە لە كوردستانیش كاری كردبا؟

**و:** بار ودۆخی كوردستان و ئێران زۆر لە یەكتر جیاوازن و قەت پێكەوە بەراورد ناكرێن. لە ئێران دا تەجرەبەی دەوڵەت و بازاری هاوبەش و زمان و فەرهەنگێكی دەوڵەمەند هەبووە، ڕابردوویەكی دوور و درێژی ئەدەبی و فەرهەنگی و سیاسی هەبووە، بەڵام كوا ئێمە ئەوانەمان هەبووە؟ **بازیل نیكیتین** لە یەكێ لە سەرۆكەكانی دومبولی كە عەشیرەتێكی كوردی زۆر بە قەوەت بوون دەگێڕێتەوە دەڵێ گەورەی بنەماڵەی دومبولی وەسیەتی كردووە كە « لەحنەتی خودا لەو كەسە لە منداڵانی ئێمە بێ كە ناوی پاشایەتی بە خۆیەوە دەنێ، ئێمە واز لە كوردستان ناهێنین و داب و نەریتی كۆنی باو و باپیرمان لە بیر ناكەین». یا ئەوە كە خەسرەو خانی گەورەی ئەردەڵان پاش مردنی كەریم خانی زەند تاقە پیاوی خاوەن دەسەڵاتی هەموو ئێران بوو، ڕۆژێك ڕوو دەكاتە وەزیرەكەی و پێی دەڵێ ئەم دەسەڵات و دام و دەزگایەی ئێمە چون دەبینی؟ وەزیر لە وەڵام دا دەڵێ: خان كەشك و شێلمەكەی خۆمان ناگۆڕمەوە بە هەزار دەسەڵات و دام و دەزگای وا. خەسرەو خان گورج هەموو ئەو دەسەڵاتە و گەلێك پێشكەشی ڕەوانە دەكا بۆ ئاغا محەممەدخانی قەجەر و پاشان ئاغا محەممەد خان لەبەر ئەوەی لێی دەترسا، ئاخری كوشتی. بەڵێ چوار چێوە و ڕادەی تێگەیشتنی سەرۆكی كورد تا ئەوەندە بووە. تاقە بیری ئەوان خۆیان و عەشیرەتەكەیان بووە. لە باری فەرهەنگیشەوە مەلا و فەقێكانمان تەنیا ڕووناكبیرەكانمان بوون كە زۆربەیان خەڵكیان بە تەسلیم و ڕەزا هان دەدا و دەیانگوت ئێمە موسوڵمانین و دەبێ ئیتاعەی ساحێبی ئەمر بكەین. ساحێبی ئەمر كێ بوو، شا و میر و خاوەن دەسەڵاتەكان بوون.

**پ:** مەبەست ئەو ئایەتەی قورئانە كە دەڵێ: اطیعوا الله و اطیعوا الرسول و اولی الامر منكم؟ (ئایەی ٥٩ سورەی النسا)

**و:** بەڵێ ئەمە و قسەیەكی ئیمام شافعی. كوردەكان زۆربەیان شافعین و بەم قسانە بڕوایان بووە . هەر شتێكی وابوو كە **پاشا كوێرەی** سارد كردەوە كە خۆی بدا بە دەستەوە.

**پ:** دەمەوێ لێرەدا بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەو ڕووداوانە، مێژوونووسیی لای كورد بكەینە دوو دەستەوە، ئەو مێژوونووسییە كە كورد بۆ خۆی هەیەتی لە گەڵ ئەوەی دەرەوە . ئەگەر لە پێشدا ئەو مێژوونووسییەی كوردی بێنینەگۆڕێ، چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟ یانی ڕابردوو و ئێستادا؟

**و:** مەبەستتان لە مێژوونووسیی كوردی چییە؟

**پ:** مەبەستم ئەوەیە من و تۆی كورد مێژوو بنووسین... شەرەفنامە، ئەوە مێژوونووسیی كوردی نییە؟ یا مەلا مەحموود بایزیدی و ئەمین زەكی بەگ و كەسانی تر، چۆنیان هەڵدەسەنگێنی؟

**و:** من وەكوو قوتابییەكی قوتابخانەی مێژوو، شەرەف خان و مەلا مەحموود بایزیدی بە مامۆستای ئەم قوتابخانە دادەنێم، هەر وەها مێژوونووسانی بەرەی پاشتر وەكوو قازی شەریف ←

ئەردەلانی ، ماشەرەف خانم و میرزا عەلی ئەکبەر مونشی.. ئەمانە منداڵی سەردەمی خۆیان بوون و مێژووی زەمانی خۆیان نووسی و هەر ئەوەندەشیان لە دەست دەهات و پێشکەشیان کرد. جا ئێمەش وەکوو منداڵانی ئەم سەردەمە دەبێ ئەم میراتە بەرنەدەین و ئێستا کە ئەم هەلە بۆ ئێمە رەخساوە و لە ئورووپا دەژین دەبێ مێتۆدۆلۆژی واتە رێگا و رەوشی نووسینی مێژوو وەکوو زانست فێر بین. بەداخەوە لە کۆمەڵی کوردەواری ئێمەدا هێشتا مێژوونووسیی زانستی جێگای خۆی نەکردووەتەوە. زۆربەی کتێبە مێژووییە تازەکانمان یا زۆر ناسیۆنالیستانەیە یا زۆر نەخوێندەوارانە. زۆر کەسانی ناشارەزا تەنانەت چوار کەلاس دەرسیان نەخوێندووە کە دەکەونە بێکاری و بێ دەرەتانی دەست دەکەن بە نووسینی بیرەوەری و مێژووی کورد. دیارە ناوەرۆکی ئەم کتێبانە جگە لە هەلەق مەلەق شتێکی دیکەی تێدا نییە.

**پ:** دیارە جەنابت ئەوە دەسەلمێنی کە لە سەر ئەو حالەش را مێژوونووسی باشیشمان هەیە..

**و:** ئەوە راستە، بەلام ناشارەزاکان ئەوەندە زۆرن پیاو ناچارە ئەوا رەش بینی بێ.

**پ:** جا با بێینە سەر مێژوونووسانی رۆژئاوایی. کاری ئەوان سەبارەت بە کوردان چۆن هەلدەسەنگێنی؟

**و:** چاک و خراپ لە هەموو لایەکدا پەیدا دەبێ. بەلام بەگشتی مێژوونووسانی رۆژئاوایی بەرژەوەندی خۆیان و ولاتەکەیان دەوێ. ئەگەریش بێ لاین بن زۆربەیان ئەو کەرەسە و بەلگەیانە بەکار دێنن کە لە لاین حکوومەتەکانەوە بلاوبوونەتەوە و ناچار هەر بەو ئاکامە دەگەن وا مەبەستی ئەو حکوومەتانەیە. سەرەرای ئەمانەش زۆریان تێ دا کە بە راستی دۆست و دلسۆزی گەلی کوردن. هەر وەکوو ژابا، مینۆرسکی، بازیل نیکیتین، پروفیسۆر مانوئێل حەسرەتیان و توما بوا و...

**پ:** یانی بە بڕوای جەنابت مێژوونووسانی ناکوردی دەرەوە کە لە سەر کورد شتیان نووسیوە دەکرێ جیا بکرێنەوە ، ئەوانەی دۆستانە لەسەر کوردیان نووسیوە و ئەوانەی دوژمنانە شتیان نووسیوە..

**و:** دیارە جیایان دەکەمەوە، هەندەرانی بێ یا کورد. زۆر جار هەلکەوتووە کابرا کورد بووە و دژ

**☐ پاش شەرەف خان بۆ ماوەی نزیک دوو سەدە بێدەنگییەکی زۆر سەیر دەبینین و باس و هەواڵی کورد هەر لە تەنیشت کتێبی مێژوویی فارسی یا تورکی و عەرەبی دەردەکەوێ.**

بە کورد شتی نووسیوە، بۆ نموونە کتێبەکەی رەشید یاسەمی بە ناوی «*کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او*» کتێبێکە بە رواڵەت مێژووی کوردە ، بەلام ئەم کتێبە بۆ ئەوە نووسراوە کە بیسەلمێنێ کورد نییە ئەگەر کۆمەلێک هەن و پێیان دەلێن کورد ئەوانە فارسن. یا کتێبی «*تاریخ ریشه نژادی کرد*» کە بە ناوی ئێحسان نووری پاشاوە نووسراوە هەر لە هەمان بابەتە. با ئەوەش بلێم لە سەرەتای حەفتاکانەوە بوو رۆژێک بە خزمەت ئێحسان نووری پاشا گەیشتم کە قسە هاتە سەر ئەم کتێبە، سوێندی خوارد کە « ئەم کتێبە من ئەم نووسیوە و کاری دەولەتی ئێرانە و ناوی منیان لە سەر دانا، جا لە بەر ئەوە پەنابەر بووم چم پێ نەدەکرا و دەسەلاتم نەبووە. شتێک کە دەمەوێ لێرەدا باسی بکەم ئەوەیە کە لە هەر چوار پارچەکانی کوردستان دا کەم و زۆر باسی مێژووی کورد قەدەغە بووە، تەنانەت لە کوردستانی گەرمێنیش کە ئەو هەموو کتێبە کوردییە بلاوبووەتەوە کتێبی مێژوویی لە چاو کتێبەکانی تر یەکجار کەمن. کوردستان میلیتاریزە بووە و هەیە و پسپۆری کار و باری کوردستان لەم ولاتانەدا لەشکرییەکانن. مەسەلەن لە ئێراندا رەزم ئارا، زەنگەنە، ئەورەنگ و پەژمان.. ئەمانە هەموویان لەشکری بوون و بێ هیچ رابردوویەک لە کاری مێژوو و خوێندن و نووسین دا دەستیان داوەتە نووسینی مێژووی کوردستان و پسپۆریی ئەوان تەنیا لەمەدا بووە ئەیان هێشتووە بە رەحەتی ناو بەگەروی کورد دا بڕواتە خوارەوە. لە تورکیا و لە عێراق و سووریاش هەر وایە. ئەوەش نیشان دەری ئەو ستەمە مێژووییەیە کە بە سەر گەلی کوردەوە هەیە، کە بە هەموو قەوەتەوە خەریکی شێواندنی مێژووەکەیین.

**پ:** لەم دواییانە دا دوو کتێب لە سەر کورد بە زمانی فارسی لە سوێد لە چاپ دران نازانم چاوت پێیان کەوتووە یا نە؟ بە ناوی « *جنبش های کرد از دیر باز تا کنون* » نووسینی: م. کاردوخ و ئەوی تر « *تاریخ نیاکان باستانی کرد*»نووسینی: ج. مفرد.

**و:** بەلێ هەردووکیانم بینیوە، کتێبی یەکەم لە ئەدەبی فارسی دا هەتا ئێستا وێنەی نەبووە، بەلام داخی گرانم هێندێ کەم و کوری هەیە. ئەو وەرگێرانە کە باسەکانیان وەرگێراوەتەوە سەر زمانی فارسی دیارە لە سەرچاوەی رووسییەوە، فارسی باشیان نەزانیوە و ئاشنای مێژووی کوردیش نین. زۆربەی ناوەکان بە هەلە تۆمار کراون. رستەکان روون و باش نین. دەبێ کاک کاردوخ بۆ چاپی دووەم ئیشانی چەند کەسێکی شارەزای بدا بەشکوو هەلەکانی بۆ چاک بکەن. ئەوی تر شتێکی تازە نییە . بەهەر حال دەست و چاویان خۆش بێ هیوا دارم لەم چەشنە کتێبانەمان زۆر بێ.

**پ:** ئێستا با نەختێ لە سەر تێزی دوکتوراکەت قسە بکەین . ئەم تێزە لە سەر چ باسێکە و کەی نووسراوە؟

**و:** ئەم تێزە لە سەر ئەمارەتی ئەردەلانە لە سەرەتای دامەزرانیەوە واتە سەدەی دوازدەی زایینی هەتا دوا سالانی تەمەنی واتە سەدەی نوزدە. لە سالی ۱۹۸۸ دا بەزمانی فەرانسەیی پێشکەش بە زانستگای سۆربۆن کرا، مامۆستاکەم ژان ئوبەن بوو کە یەکێک لە ئێراناسە گەورەکانی زانستگای سۆربۆنە. چوار سالی رەبەق خەریکی نووسینی بووم. لەم تێزە دا بۆ یەکەم جار گەلێک سەرچاوەی مێژوویی دەسنووس لە سەر کورد ناسراون کە پێشتر زانیارییەکی ئەوتۆیان لێ بەدەستەوە نەبوو و هێندێکیان لە کاتالۆگەکان دا بە هەلە ناو و نیشانیان تۆمار کرابوون. هەروەها لەم تێزە دا بۆ یەکەم جار قوتابخانەی مێژوونووسیی ئەردەلان بە دوور و درێژی قسەی لە سەر کراوە.

قوتابخانەی مێژوونووسیی کوردی ئەلبەت بە زمانی فارسی لە شەرەف خانەوە دەست پێدەکا، پاش شەرەف خان بۆ ماوەی نزیک دوو سەدە بێدەنگییەکی زۆر سەیر دەبینین و باس و هەوالی کورد هەر لە تەنیشت کتێبی مێژوویی فارسی یا تورکی و عەرەبی دەردەکەوێ. لە دوا سالانی سەدەی هەژدەهەم لە سەردەمی خەسرەو خانی گەورەی ئەردەلان دا لە شاری سنە مێژوونووسانی ئەم ناوچە میراتەکەی شەرەف خانیان زیندووکردەوە یا بۆ خۆیان مێژووی سەربەخۆی

ناوچەکەیان دەنووسی یا دەست دەکەن بە زەیل نووسین بۆ شەرەفنامە واتە پاشەبەند. دانەری ئەم قوتابخانە قازی شەریف ئەردەلانە. ناوبراو کتێبێکی نووسی بە ناوی « *زبده التواریخ* » کە دوازدە بەشە، بەشی یازدەهەمی لە سەر ئەردەلانەکانە کە دوای شەرەفنامە یەکەم مێژووی کوردە. پاش قازی شەریفیش گەلێک مێژوو نووسی تر رێگاکەی ئەویان گرتە بەر وەکوو ئیبراهیم کوڕی مەلامەحەمەد حوسێنی ئەردەلانی، ئیسماعیل کوڕی مەلا مەحەمەد حوسێنی ئەردەلانی، خەسرەو کوڕی محەمەد کوڕی مەنوچێهری ئەردەلان، ماشەرەف خانم، عەبدولقادر کوڕی رۆستەم بابانی، میرزا عەلی ئەکبەر مونشی و میرزا شوکرولڵا سنەیی. لە بەشێکی دیکەی تێزەکەدا هەروەها بارودۆخی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی ناوچەی کوردستانی ئەردەلان لێکدراوەتەوە و باسی عەشایری ئەم ناوە وەکوو جاف و هەمەوەند و گۆران و گەلباخی و زۆری دیکە کراوە، پاشان لە سەر ئەردەلانەکان بە دوور و درێژی قسە کراوە، لێرەدا روون کراوەتەوە کە ناوی کوردستان بۆ یەکەم جار لە سەردەمی سەلجووقییەکانەوە بۆ ئەم ناوچە بەکار هات کە ئەردەلانەکان حوکمیان تێدا دەکرد. ئەم وشە بۆ یەکەم جار لە کتێبەکەی حەمدوڵلا مستەوفی دا بە ناوی «نوزهەتولقلووب» بەر چاو کەوتووە. لە سەر ئەمە کە ئەردەلانەکان کێ بوون و لە کوێوە هاتوون زۆر بیر و ڕا هەیە. لەم تێزە دا بە پشت بەستن بە هێندێ سەرچاوە روون کراوەتەوە کە یەکەم ئەردەلانەکان هەرکام وشەی (بابا)یان لەگەڵ بووە، بە هۆی ئەمە و زۆر شتی دیکەوە دەردەکەوێ کە بابا ئەردەلان لە پیرانی ئەهلی حەق بووە کە هەم بەڕێوەبەری سیاسی و هەم ئایینی کوردەکانی ئەو ناوچەی بە دەستەوە بووە.

وابزانم بەم شێوەش بتوانین رچەڵەکی بابانەکانیش بدۆزینەوە. هەروەها پێوەندی دوو ئەمارەتی ئەردەلان و بابان چ بە دۆستایەتی و چ دژایەتی خراوەتە روو. بەتایبەت سەردەمی ئەوڕەحمان پاشای بابان کە زۆر جار بە یارمەتی ئەمانەڵلاخانی گەورە حکوومەتی بابانی دەست کەوتەوە. ئەوڕەحمان پاشا ماوەیەکی زۆر لە سنە و تاران و کرماشان بووە و چۆنیەتی حکوومەت و بارودۆخی ئەو ناوەی دیبوو، بۆ خۆیشی پیاوێکی لێهاتوو بوو کە گەڕاوە بۆ وڵات بە چەشنێ لاسایی ئەوانی کردەوە و بۆ خۆی دام و دەزگای حکوومەتی بە شێوەی ئەوان دامەزراند، بەڵام ئەیویست دەقاودەق وەکوو ئەوان بکا، لە سەردەمی ئەویشدا زمانی گۆرانی هەر زمانی شێعر وئەدەبی ئەوێش بوو، زمانی فارسیش زمانی نامە و نامەنووسین بوو زمانی عەرەبیش زمانی کار و باری ئایینی. ئەوڕەحمان پاشا لە بەر ئەو رقەبەرییە کە لەگەڵ میرەکانی ئەردەلان دا هەیبوو ئەیویست گۆرانیی بکا بە زمانی رەسمی دام و دەزگاکەی و هات زمانێکی هەڵبژارد کە ئەمڕۆ پێیدەڵێین سۆرانی. ئەم زمانە زمانی ناوچەی موکری و ئەردەلان و بەشێکی سۆرانە، کە بە هۆی هەڵکەوتووی سەردەم عەلی بەردەشانی یەوە چەسپێنرا، پاشان نالی و قوتابییەکانی ئەو پەرەیان پێدا. ئەمە کە ئەو زمانە زمانی ناوچەی سلێمانی و دەور و بەری بووە گومان ناکەم راست بێ. جا هەرچی سۆرانی لە گەشە کردن دا بوو، میرەکانی ئەردەلان ڕووەو ئێران و زمانی فارسی دەچوون و زمانی گۆرانی رێزی جارانی نەما و بەرەو کزی و نزمی ملی نا.

**پ:** کاک عەبدوڵلا ئەم تێزە چاپ نەکراوە ؟

**و:** نا، چاپ نەکراوە بەڵام قەول وایە بنەماڵەی ئەردەلان لە چاپی بدەن.


**پ:** جا با باسی تەجرەبەیەکی دیکەی جەنابت بکەین، ئەویش رادیۆیە. تکایە ئەختێک باسی رادیۆ کوردییەکانمان بۆ بکە.

**و:** رادیۆ کوردی لە ئێران بۆ ئەوە نەبوو رادەی تێگەیشتن و هۆشیاری گەلی کورد بباتە سەر، بەڵکوو بۆ فەوتانی زمان و فەرهەنگی کورد بوو. پاش ئەوە کۆماری مەهاباد رادیۆی کوردی دامەزراند و پاش لە ناو چوونی کۆمار، رژێم کەوتە بیری دانانی رادیۆ بە کوردی بۆ ئەوە یادی کۆمار و رادیۆکەی لە دڵ و دەروونی گەلی کورد دا بسڕێتەوە. یەکەم رادیۆ لە ساڵی ۱۹۵۰ دا لە شاری سنە دەستی پێکرد. پاشان بەرە بەرە رادیۆکانی تر دەستیان پێکرد. یەک لەوانە دانانی رادیۆ کوردیی تاران بوو کە بۆ مەبەستی سیاسی رۆژ وەرێخرا. ئەو سەردەمە کە رژێمی پاشایەتی لە عێراق دا روخێنرا و مەسەلەی دوو گەلی هاوبەش واتە کورد و عەرەب لە عێراق دا هاتەکایەوە، ئەم رووداوە کارێکی زۆری کردە سەر کوردەکانی ئێران و کێچی خستەکەوڵی رژێمی ئێران. چ بکەن چ نەکەن .. تەیموری بەختیار سەرۆکی دام و دەزگای ئەمنی ئێران بە هۆی یارمەتیدەرەکەی واتە سەر لەشکر پاکرەوان پێوەندیان کرد بە **کامران بەدرخان**، بەشکوو سەبارەت بەم گێچەڵە یارمەتییەکیان بدات. کامران بەدرخان بۆ ئەوە سەری کوردەکانی ئێران بە خۆیانەوە قاڵ بکات گوتی کار بەدەستانی ئێران دەبێ سێ شت بکەن، یەکەم دانانی رادیۆی کوردی، دووەم بڵاوکردنەوەی رۆژنامەیەکی کوردی، سێهەم دەرس گوتنەوەی کوردی لە زانستگای تاران دا. رژێمی ئێران هەر سێ پێشنیارەکەی قبوول کرد و پاش ماوەیەک یەک لە دوای یەک، ئەڵبەت بە لووت و گرێچکەکراوی بە جێیی گەیاندن. ئەوە بوو رادیۆی کوردیی تاران کرایەوە، پاشان رۆژنامەی کوردستان بڵاوکرایەوە. هەروەها، دوو سەعات دەرسی رێزمانی تێکەڵ و پێکەڵی کوردیش لە زانکۆی ئەدەبیاتی زانستگای تاران بۆ خوێندکاران داندرا.

**پ:** کاک عەبدوڵلا، چ نووسراوەیێکی تازەت بەدەستەوەیە؟ قەول وا بوو گۆڤاری بروا دەربکەن چی لێ بەسەر هات؟

**و:** سەبارەت بە نووسینی تازە، لەم رۆژانەدا کتێبێکم بە ناوی « *چارە رەشیی وەرزێر* »، خستە بەر چاپ کە نووسەرێکی کوردی لە بیرکراو بە ناوی **ئەحمەد خودادادە** لە ساڵی ۱۹۲۷دا بە زمانی فارسی نووسیبووی و لە شاری کرماشان بڵاوبووبۆوە و من وەرم گێڕابووەوە سەر زمانی کوردی. ئەم کتێبە بەسەرهاتی ئەو زوڵم و زۆر و چەوسانەوە مێژوویییە وا گەلی کورد بە گۆشت و ئێسک دەیچێژێ. ئەم کتێبە لە سەردەمی پەهلەوییەکاندا قەدەغە بوو. لە ساڵی ۱۹۳۰ دا لە لایەن شاعیری بەناوبانگی کورد **ئەبولقاسم لاهووتی** یەوە، کرا بە زمانی رووسی و چوار پێنج جار لە شورەوی جاران دا لە چاپ درا.

سەبارت بە گۆڤاری (بروا)ش دەبێ عەرزت بکەم، گۆڤارێکی تایبەتە لە بواری کوردناسییدا بە دوو زمانی کوردی (سۆرانی) و فەرانسەیی کە ساڵی دوو ژمارەی لێ دەردەچێ. هیوا دارم بە یارمەتی زانایان و پسپۆرانی کوردناس بتوانین بەردەوام لە چاپی بدەین. بە هەلی دەزانم داوا لە هەموو کوردێکی دڵسۆز و خوێندەوار بکەم کە یارمەتیمان بدەن. ■



## تۆم نەبایە.. لەم مەنفایە

بۆسەرکۆی هاوڕێ ویرام.

**گۆران قەرەداغی**

من بەردێ بووم
لە زێدەی خۆم هەڵکەندرابووم
لەمدیو دەیان سنوورەوە
لە لێواری نێوان مەرگ وژیانمدا
تووڕ درابووم.

بەڵام کە تۆ
هەواری خۆت هێنایە لام

لە جێی زێدە وخاکی دایک
لە ئامێزتا جێتکردمەوە و
وەکوو نەمام تیاتا ڕوام.

ئەو دەمانەی لە بەرامبەر ئوردووی خەما..
دۆش دادەمام،
ئەو دەمانەی دەبوومە دوو دڵۆپ ئەشک و
لە لێلایی چاوەکانما قەتیس دەمام،
تۆم نەبایە..
کوا کێ هەبوو.. لەم مەنفایە
پەنایەکم بۆ بردبایە ؟

ئەو شەوانەی شەوەی غوربەت..
کورپەیەکی ئاسوودەیی لێ دەفرانم،
ئەو شەوانەی دەستەوسانیی..
تا بەیانی دەیگریانم،
کوا ئەگەر من.. تۆم نەبایە
لەم مەنفایە
کێ ئەسرینی چاوەکانی بسڕیبایە ؟

تۆم نەبایە..
لەم شەوگاری ونبوونەدا
لە ناو «توونی بابا»ی گیان و..
تا ئەم «ناوی ئامونە»دا
لەم مەنفایە

کێ سۆراخی بکردمایە ؟.

کوا من بێ تۆ
لە مەنفادا هەڵمدەکرد ؟
تۆم نەبایە
لە دۆزەخی ناخی خۆمدا..
دەتوامەوە و
لە چاومەوە سەرمدەکرد.

تۆم نەبایە
لەم مەنفایە..
ئاهی ساردم.. لێ دەبوو بە.. بای خەزان و
گەڵا گەڵای ئانوئومێی هەڵدەوەران،
تۆم نەبایە
لەم مەنفایە.. وەک شێرپەنجە
تاڵ بە تاڵی ڕیشەی دڵمی هەڵدەپرووکان.

ئاخۆ ئەگەر تۆم نەبایە
کامە خاکم بەسەر سەردا بکردایە ؟
تۆم نەبایە
هەناوی من.. لەم مەنفایە..
ئاخۆ بە چ داخێکەوە بسووتایە ؟

***

کربلی
١٩٩٥/٦/٢

### تەنهایی

ئیمرۆ دەزانم سڵاو لە جوانی بکەمەوە
رامبۆ

ئێوارە دەستە ئێرۆسیەکانی ـ
خستە ناو دەستی ژنێکی قژ قاوەیی
بۆ ناو شەو چوون
بەیانی من لە دایکبووم
خۆر هاتە دیدەنیم
بردمی بۆ ناو ڕووباری جوانی
بە پەنجە پەنهانییەکانی
رۆشنایی لە جەستەم چاند

خۆر گەورە بوو
بە پلیکانەی یا سەرکەوت ـ
بۆ بن باڵی ئاسمان
منیش بۆ هەتاهەتایە تەنیا مامەوە.

پاریس ١٩٩٣




قەرەنی جەمیل

### پارانەوەی پیرێک

بۆ کوێ دەڕۆی ئەی گلگامێش
هەرگیز نایدۆزیەوە
ئەوەی تۆ بە دوایدا وێڵی
داستانی گلگامێش

منالەکە
زەردەخەنەت هەناسەی سەوزی ژیانە
پەنجە وردیلەکانت هێمای مێهرەبانین
گەورە مەبە منالەکە
رۆشناییت بەسەر جیهاندا پەخشکە
گەورە مەبە منالەکە
تۆ کە شکۆفەی بوون ـ ی
ژین نیازتە
گەورە مەبە منالەکە
پلیکانەی ئەمەریت پێتابردری
ئێستا مەگۆوێنە
بچووکیت مەزنترین سەرفرازییە.

پاریس، ١٩٩٢



قەرەنی جەمیل

# لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی کۆمەڵگەی کوردەواری

د.حوسێن محەمەد عەزیز

زۆر لە مێژە فەیلەسوفی چینیی کۆن(کۆنفۆسیۆس) گوتوویەتی: سروشتی مرۆڤ چۆن بێ هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە و ناگۆڕێ. کوردیش لە ئەنجامی تاقیکردنەوە قووڵ و دوور و درێژ و دەوڵەمەندە مێژووییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا، لەو بارەیەوە گوتوویەتی: کێو ئەمبەر و ئەوبەر بکا، سروشتی مرۆڤ ناگۆڕێ. شتێکی چەند سەیرە، ئەو خوو و ڕەوشتەی مرۆڤێکی دیاریکراو، هەر لە منداڵییەوە دەڤی پێوە دەگرێ، تا مردن بە تەواوی ناتوانێ دەسبەرداری زۆربەی زۆریان بێ، بە کاڵتەش ئەم پەندە کوردییە: ( خوویە گرتت بە شیری، تەرکی ناکەی بە پیری) خۆی بەسەر بیر و هۆشی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەماندا نەسەپاندووە!

یەکێ لە خەسڵەتە نێگێتیڤەکانی نەتەوەی کورد، دواکەوتوویی یە. ئەم دواکەوتوویییەش، خۆی لە هەموو کایەکانی ژیانی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانستی و ڕۆشنبیری و ئایینی... نەتەوەکەدا دەبینێ. هۆی ئەم دواکەوتنەش بۆ دوو خاڵی گرینگ دەگەڕێتەوە:

١) **هۆکارە دەرەکییەکان**: زیاتر خۆی لە داگیرکردنی کوردستان و دابەشکردنی بەسەر پێنج دەوڵەتی جیاواز و دانەمەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی بەهێزی ناوەندیی کوردیدا دەنوێنێ.

٢) **هۆکارە ناوەکییەکان**: ئەمەش پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە خودی کۆمەڵگەی کوردەواری خۆیەوە هەیە، هەر لەڕۆژی دروسبوونی نەتەوەکەوە تاکوو ئەوڕۆ. ئەم هۆکارە ناوەکییانەش لە کۆمەڵێ خەسڵەتی خراپی وەکوو ناکۆکی و ناپاکی و خۆخۆری و لە یەکدی دوورکەوتنەوە و نەگونجاندن لەگەڵ یەکدی و لە یەکدی دابڕان و هەلپەرستی و بەخیلی بە یەکدی بردن و بڕوا بە خۆ و بە یەکدی نەکردن و بڕوا بە بێگانە کردن و سادە و ساکاری و سافیلکەیی و هەڵخەڵەتاندنیان بەقسە و پەیمانی درۆی داگیرکەران و دوژمنانی نێوخۆ و دەرەوە... پێک

هاتووە. سەرجەمی ئەم خەسڵەتە نێگێتیڤانەش، بوونەتە هۆی دواکەوتنی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان و بە تەواوی ڕێی لە گەشەکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری گرتووە.

زۆر لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد، هۆی یەکەمی ئەم کەموکوڕی و دواکەوتوویییەی نەتەوەکەمانیان بۆ فاکتەری دەرەکی گێڕاوەتەوە، بە تایبەتی لە مێژووی کۆنماندا، بۆ پەلاماردان و هێرشە بەربڵاو و فراوانەکانی ئاشوورییەکان (٦١٢ پ. ز)، شەڕەکانی نێوان میدییەکان و فارسە هەخامەنشییەکان ( ٥٥٠ پ. ز)، جەنگەکانی نێوان کاردۆخییەکان و گەڕانەوەی دە هەزار سوارەی یۆنانی لە ئێرانەوە بە کوردستاندا، بە سەرکردایەتی ئیگزینفۆن ( ٤٠٠ - ٤٠١ پ. ز)، کورد و ئەرمەنییەکان کە دەیانویست کوردستان بکەن بە ئەرمەنستان، کورد و ڕۆمانییەکان، کورد و یۆنانییەکان ( ٣٣٠ پ. ز)، کورد و پارسییەکان( ٢٤٧ _ ٢٢٦ پ. ز)، پاشان کورد و ساسانییەکان( ٢٢٦ز)، دواتریش پەلامارەکەی(عیازی کوڕی غەنەم ) لە سەردەمی( عومەریی کوڕی خەتاب)دا (٦٦٥ز)، کە لە ژێر پەردەی ئایینی ئیسلامدا کوردستانیان تاکوو ئەوڕۆش داگیرکردووە، پەلامارەکانی مەغول و تەتەر، شەڕە گەورەکانی نێوان کورد و سەفەوییەکان، قاجارییەکان، کورد و عوسمانییەکان، شەڕە گەورەکانی نێوان هەردوو ئیمپراتۆرییەتی فارسی و مەکەدۆنی، عوسمانی و سەفەوی، مەغول و فارس... تاد، هەر هەموویان لەسەر خاکی کوردستان بوون و کوردستانیشیان بە تەواوی کاول کرد، بە تایبەتی لە کاتی هەر سێ هێرش و پەلامارەدانە ماڵوێرانکەرەکانی تورکە سەلجوقییەکان (١٠٥١ز)، مەغولییەکان (١٢٣١ز) و دوا هێرشی تەیموری لەنگ (١٤٠٢ز)، بەم شێوەیە کوردستانیان کاول و وێران و چۆڵ کرد، تا ماوەیەکی زۆریش نەتەوەی کورد نەیتوانی، لە دەست شوێنەواری ئەو داگیرکردنانە ڕزگاری بێ

و بێتەوە سەرخۆی. لە مێژووی نوێشماندا بۆ پۆلێتیکی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی ئەورووپا و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بە تایبەتی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەگێڕنەوە. زۆربەی زانایان و شارەزایانی مێژووی کورد، هەر وەکوو چۆن لەڕۆژانی کۆندا، هەموو هۆی دواکەوتوویی نەتەوەی کوردیان بۆ فاکتەری دەرەکی دەگێڕایەوە، تاکوو ئەوڕۆش هەر لەسەر ئەو ئاوازە کۆنانەی خۆیان بەردەوامن، گلەیی لە بەخت و چارەنووسی خۆیان و نەفرەت لەو هۆکارە دەرەکییانە دەکەن، کە غەدرێکی زۆریان لە نەتەوەی کورد کردووە. بەڵام هۆکارە دەرەکییەکان، لە دەسەڵاتی مرۆڤدا بێ یا هۆکاری ئاسمانی و سروشتی بێ، بە تەنیا چەقی ڕێگەی بە نەتەوەی کورد نەگرتبوو، بەڵکوو ئانوێژی زۆربەی زۆری نەتەوەکانی سەر ڕووی زەمینی ئەو سەردەمانەی تەنیبوو، ئەو نەتەوانەش بە دەست ئەو پەلاماردان و داگیرکردنانەی وڵاتەکانیانەوە لە لایەن داگیرکەرانی بێگانەوە، تووشی چەندین گیروگرفت و کارەساتی ماڵوێرانکەرانەی نەتەوەیی بوو بوون و بەدەم ئازارەکانیانەوە وەکوو کورد ناڵاندوویانە، وەکوو نەتەوەکانی فارس، عەرەب دوای ڕووخاندنی دەوڵەتی عەبباسی، ئەڵمان، پۆڵۆنی، مەکەدۆنییەکان و باسکەکان...تاد.

دیارە نکوڵی لەوە ناکرێ، هۆکارە دەرەکییەکان ڕۆڵێکی باڵایان لە دواکەوتنی نەتەوەی کوردا گێڕاوە، بەڵام ئەز پێم وانییە، ئەوە تەنیا هۆی کاریگەر بوو بێ، بەڵکوو هۆکارە دەرەکییەکان تەنیا بەشێکی ئەو دواکەوتوویییە لێک دەدەنەوە، بەشەکەی دیکەی بۆ خەسڵەت و پێکهاتە و ژێرخانی کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد خۆی دەگەڕێتەوە، بە شێوەیەکی زۆر تایبەتیش، زیاتر خۆی لە هەڵسوکەوت و وەڵامدانەوە و ڕاهاتن و کاردانەوەی نەتەوەی کورد، لە بەرامبەر ئەو هۆکارە دەرەکییانەدا دەبینێ. هەستی نەتەوەیی لای کورد هەر لە کۆنەوە تا ئەوڕۆش زۆر کز و لاواز بووە، کورد نەتەوەیەکی بێگانەپەرستە، زۆر زوو لە هەوڵدان بێزار دەبێ و تا سەر لەسەر هیچ کارێ بەردەوام نابێ و واز لە زۆر شتی خۆی دەهێنێ، بە شانازییەوە بن وبنەچەی خۆی بۆ سەر گەلانی دیکەی دەسڕۆیشتووی دەوروبەری دەگێڕێتەوە و فێری زمانی داگیرکەرەکانی دەبێ و لەگەڵیاندا ڕادێ و تێکەڵیان دەبێ و مل بۆ کاری سەپاو دەدا.

گرینگترین هۆکارێکیش کە کار لە دروستکردن و دارشتنی خەسڵەتەکانی تاکەتاکەی

کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو دەکا، بریتییە لەو شێوە تایبەتییانەی بۆ ڕێکخستن و پەروەردەکردنی کۆمەڵگەکە بەکار دەهێنرێ. زانست و زانیاری و خوێندەواری و پەروەردەکردن و خۆ فێرکردنیش، ڕۆڵێکی یەکجار گەورە لە دروستکردن و گەشەکردن و پێشکەوتنی نەتەوەکەدا وازی دەکا. گەلێ هۆکاری دیکەش کار لەو پرۆسێسە گەورە و گرینگانە دەکەن، بەڵام لە هەموویان گرینگتر، زیاتر خۆی لە خەسڵەتە ڕەگەزییەکانی نەتەوەکە و چۆنێتی دروستبوون و باری دەروونی و لەشساغی و بیرکردنەوە لە چاککردنی کۆمەڵگەکە و لە پاشەڕۆژی نەتەوەکەدا دەبینێ، کە تاکەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵگەکە بە گشتی، پشتا و پشت لە باو و باپیرانیانەوە بە میرات بۆیان دەمێنێتەوە.

ئەگەر بمانەوێ لە دەست ئەو بارە ناهەموار و دواکەوتووییە ڕزگارمان بێ، پێش هەموو شتێ دەبێ هەوڵ بدەین، خۆمان زۆر چاک بناسین، خەسڵەتە چاک و خراپەکانمان دەسنیشان بکەین، بۆ مێژووی کۆنمان بگەڕێینەوە، تا بزانین ئێمە کێین و لە نەوەی کێین؟ باو و باپیرانمان کێ بوون؟ چۆن بوون؟ کێ بوون ئەوانەی بۆ یەکەم جار خاکی کوردستانیان ئاوەدان کردەوە؟ بە چییەوە خەریک بوون؟ چۆن و بە چ شێوەیەک لەسەر ئەو خاکە ژیاون؟ بەرهەمیان چی بووە؟ جۆری پیشە و کردار و ڕەوشت و پلەی خوێندەواری و ڕادەی ژیاریی و خواردن و پۆشاکیان چۆن و چی بووە؟ ئەمانە و گەلێ پرسیاری دیکەش، کە هەموویان پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی قووڵی مێژوویی و توێژینەوەی وردی سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و دەمەتەقێی لەسەرخۆ و هێمنی زانستانە هەیە. ئەگەر توانیمان زۆر بە وردی و بە شێوەیەکی زانستانە، وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بدەینەوە، ئەوا دەتوانین لە باری دواکەوتوویی ئەوڕۆی کۆمەڵگەی کوردەواری بکۆڵینەوە، زۆر بە چاکی خەسڵەتە پۆزێتیڤ و نێگێتیڤەکانی دەستنیشان بکەین و لێیان بدوێین و چارەسەریشیان بۆ دابنێین، چونکە بناغەی هەموو کۆمەڵگەیەکی شارستانی و پێشکەوتوو و هاوچەرخ، لەسەر بنچینەی خەسڵەتە چاکەکانی کۆمەڵگە مێژووییەکە دادەمەزرێندرێ.

زۆربەی زانایانی مێژووی کورد و بێگانە، لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، کە نەتەوەی کورد دەوروبەری شەش هەزار ساڵ دەبێ، لەسەر خاکی خۆی و لە ناوچەکەدا دەژی، ئەم کوردانەی ئەورۆش لە نەوەی میدییەکانن. میدییەکان لە ساڵەکانی ( ٧٠٠ ـ ٦١٢ پ. ز) خاوەنی زمانی نەتەوەیی و ئاینی دیاریکراو و دەوڵەت و دەسەڵاتی ڕامیاریی و هێزی چەکداریی و شارستانییەتی تایبەتی خۆیان بوون، سنووری دەسەڵات و فەرمانڕەواییەکەیان زۆر بەرفراوان بووە، تا لە ئەنجامی ناکۆکی و ناپاکی نێوخۆدا، لە( ٥٥٠ پ. ز) دا، لەسەر دەستی فارسە هەخامەنشییەکاندا، بە تەواوی کۆتایی بە دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتەکەیان هێنراوە. ئیدی لەو کاتەوە هەر ژێردەست و یەکنەگرتوو و خاک داگیرکراو و دەربەدەر و ماڵوێران و تێهەڵدراو بوون، زمانە پاکەڕەسەنەکەیان لەگەڵ زمانی داگیرکەراندا تێکەڵاو بووە، لە چەکی ئاینە ڕەسەنەکەی باو و باپیرانی خۆیان ڕووتیان کردوونەتەوە، ڕەوشتی کۆمەڵایەتییان گۆڕاوە، مێژووەکەیان بە تەواوی شێوێندراوە، دەسەڵات و هێزی ڕامیاریی و سوپاییان لە دەست داوە، لەت وپەت و پارچەپارچە کراون. نەتەوەی کورد لەو پەڕی هێز و دەسەڵاتی خۆیدا، لە سەرانسەری مێژوودا، ڕۆژێ لە ڕۆژان، دەستدرێژی بۆ سەر مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی دەوروداوسێ نەکردووە، بەڵکوو هەر نەتەوەکانی دیکە هێرشیان بۆ سەر کوردستان هێناوە و دەستدرێژییان بۆ سەر مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد کردووە، هەر کورد وەکوو نەتەوەیەک لە سەرانسەری مێژوودا شەق تێهەڵدراو بووە. چونکە بە شێوەیەکی گشتی، ئارییەکان بە بەراوردکردن لەگەڵ سامییەکان (کلدانی و ئاشووری و عەرەبە ئەمەوی و عەبباسییەکان) و ڕەگەزی زەرد(مەغۆل و تەتەر)دا، هەمیشە لەو گەلانەی دیکە نەرمونیانتر و هێمنتربوون و گیانی شەڕخوازی و داگیرکردنی وڵاتانی دوور و نزیکیان کەمتر بووە.

دوای ئەوەی نەتەوەی کورد ئەو قەوارە ڕامیارییەی( ئیمپراتۆرییەتی میدیا ) لە دەست داوە، ئیدی لەوڕۆژەوە بە ژێردەستەیی ژیاوە. هەرچەندە بە ژیانی ژێردەستەیی قایل نەبووە، بەڵام هەرچی چۆنێک بوو بێ، خۆی لەگەڵ ئەو بارە ناهەموارە نوێیەدا ڕاهێناوە و بە کوڵەمەرگی ڕایکێشاوە. تاڕادەیەکی زۆر پارێزگاری زمان و کلتوور و خوو و ڕەوشت و بوونی نەتەوایەتی خۆی کردووە. بە تەواوی لە کوردستاندا جێگیر بووە و قاچی لەسەر زەوی نیشتمانەکەی خۆی قایم کردووە، لە پرۆسەیەکی دوور و درێژ و پڕ لە گرێ وگۆڵی مێژووییدا، کە پتر لە( ٢٥٠٠) ساڵی خایاندووە، کورد وەک نەتەوەیەک دروست بووە و هەموو خەسڵەتە تایبەتییەکانی خۆی لە قاڵبێکی نەتەوەییدا داڕشتووە، پاشان ئەو خەسڵەتە نەتەوەییانە، چەکەرەیان کردووە و سەوز بوون، لە هەموو کردار ورەفتار و هەست و نەست و بیر و هۆش و گیان و ژیانی ڕۆژانەی ئەوە دوای ئەوەماندا، بە تەواوی ڕەنگیان داوەتەوە. خوێنی لەگەڵ خوێنی چەندین نەتەوەی وەکوو ئاشووری و ئەرمەنی و عەرەب و فارس و تورک و ئازەری و گورجی و ڕوسدا تێکەڵاو بووە. هەرچەندە زمانەکەی خۆی لە تواندنەوە پاراستووە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە دەست کارتێکردنی زمانی ئەو نەتەوانەش خۆی پێ قورتار نەکراوە و بە سەلامەتی دەرنەچووە، بە شێوەیەکی گشتی خوو و ڕەوشت و کلتووری ئەو نەتەوانە، کاریان لە خوو و ڕەوشت و کلتووری نەتەوەی کورد کردووە. هەر زۆر لە کۆنەوە، نەتەوەکە لە ڕووی نەتەوەییەوە لە نێو خۆدا، یەکنەگرتوو، ناکۆک، دابڕدابڕ و پچڕپچڕبووە، هەستی نەتەوەیی زۆر کز و لاواز بووە. لەبەر گەورەیی و بەرفراوانی نیشتمانەکەی و دابەشکردنی بەسەر چەندین ناوچەی جیاجیادا، هەرگیز دەسەڵاتی بەسەر هەموو کون و قوژبنێکی وڵاتەکەیدا ڕانەگەیشتووە. لە ڕووی جوگرافی و جیۆپۆلیتیکەوە، لە ناوچەیەکی شاخاوی سەختی چڕوپڕ پێکهاتووە، کە گرینگییەکی زۆری بە وڵاتەکە داوە و لە ناوچەکەدا بۆتە هۆی چاوتێبڕینی گەلانی دوور و نزیک و هەمیشە هەوڵی داگیرکردن و کۆنترۆڵکردنیان داوە. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بەسەر چەندین تیرە و هۆز و خێڵی گەورە و گچکەدا دابەش کراوە. لە ڕووی ئاینییەوە، بەسەر ئاینەکانی( دیان، جوو و ئیسلام ) و ئاینە کۆنەکانی کورد( زەردەشتی، کاکەیی و یەزیدی) و چەندین ئاینزای جیاجیای وەکوو(سوننە، شیعە و عەلەوی) و چەندین ڕێبازی تەسەوفی جیاوازی ئیسلامی وەکوو ( قادری، نەقشبەندی و هەقـە)دا دابەش کراوە. هەرچەندە لە ڕووی ئابوورییەوە کوردستان وڵاتێکی زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام لەبەر ئەوەی سەروەت و سامانی وڵاتەکەی، لەلایەن داگیرکەرانی دوور و نزیکەوە بە تاڵان براوە، تووشی لەبەرڕوێشتنێکی ئابووری تەواو بووە و بە تەواوی هێز و توانا و وزەی لێ براوە. لە ڕووی زمانەوە، بەسەر چەندین دیالێکتی سەرەکی و ناسەرەکیدا دابەش کراوە. لەڕووی هونەر و وێژە و زانستەوە، جگە لە حوجرەی مزگەوتەکان و تەکییەی شێخەکان، هیچی دیکەی نەبووە و زۆر دواکەوتوو بووە. لە ڕووی

**• هەرچەندە کوردستان لە ڕووی نەوت و کانەکانی دیکەی ژێر زەوی و کەرەسەی خاوی جۆربەجۆرەوە، بە وولاتێکی زۆر دەوڵەمەنددادەنرێ، بەڵام هەرگیز نەتەوەی کورد نەیتوانیوە، لەبەر نەبوونی دەسەڵاتێکی کوردی، بناغەی پیشەسازییەکی پچووک یا گەورە لە کوردستاندا دابمەزرێنێ.**

دەسەڵاتی ڕامیاریی و هێزی سوپایشەوە، هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان نەتەوەی کورد، کۆک و تەبا و یەکگرتوو، بەهێز نەبووە. جا نەتەوەیەک هەر لە کۆنەوە، بەو چەشنە سەربەستی و سەربەخۆیی خۆی لە دەست دابێ، داگیرکەران نیشتمانەکەیان داگیر کرد بێ، خاکەکەیان لەت وپەت و دابەش دابەش کردبێ، بەو شێوەیە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی دەروردراوسێیدا تێکەڵ بوو بێ، ئەوەندەش لە نێوخۆدا ناکۆک و ناتەبا و بڕبڕو کەرکەرت کرابێ، لە هەموو ڕوویەکەوە لە گەلانی جیهان دواکەوتووتر بێ، خاوەنی ئەو هەموو خەسڵەت و خوو و ڕەوشتە نێگێتیڤانە بێ، دەبێ لەوە زیاتر چیدیکەی لێ چاوەڕوان بکرێ؟

نەتەوەی کورد وەکوو هەموو نەتەوەکانی دیکەی سەر ڕووی ئەم زەوییە، سەرەتای ژیانی نەتەوەیی خۆی بە بەخێوکردنی مەڕومالات و شوانکارەییەوە دەست پێ کردووە، واتە فاکتەری جوگرافی و ئاو وهەوا و کاریگەرێتی وەرزەکانی ساڵ و بوونی یا نەبوونی سەرچاوەی ئاو و لەوەڕگای زۆر و دەوڵەمەند، شێوە و چۆنێتی ژیانی نەتەوەکەی دیاری کردووە. زۆربەی زۆری ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، ژیانێکی کۆچەرییانەیان بەسەر بردووە و لە شوێنێکی دیاریکراودا جێگیر نەبوون، تا لەگەڵ ڕۆڵەکانی تیرە و هۆزەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردەواریدا، تێکەڵاوی پەیدا بکەن و پێکەوە بە ئاشتی و هێمنی بژین، بەڵکوو زۆر جار لەسەر لەوەڕگا و کانیاو و سەرچاوەکانی دیکەی ئاو، زۆر بە توندی لە یەکدییان داوە و چەندین شەڕی خوێناوی لە نێوان ئەو تیرە و هۆزانەدا ڕووی داوە، تەنانەت لە نێوان ئەندامانی یەک تیرە و هۆزیشدا پێکدادان و هەرا و ئاژاوەی نێوخۆ ڕوویداوە. پاشتریش لەبەر پێویستییەکانی ژیان و لەگەڵ پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری و کارتێکردنی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کورد لە ژێر ئاڵایاندا ژیاوە، بەرەبەرە زۆربەی زۆری تیرە و هۆزەکانی نەتەوەی کورد، لە نێوچە بەپیت و دەشتاییەکان و لە نزیک سەرچاوەی ئاوەکاندا، جێنشین بوون و خۆیان بە کاروبار و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵەوە خەریک کردووە، لە پاڵیشیدا وەکوو هەموو گوندنشینییەکی ئەم جیهانە، مەڕ و ماڵات و باڵندەی جۆراوجۆریان ڕاگرتووە و بەخێو کردووە.

هەرچەندە کوردستان لە ڕووی نەوت و کانەکانی دیکەی ژێر زەوی و کەرەسەی خاوی جۆربەجۆرەوە، بە وولاتێکی زۆر دەوڵەمەند دادەنرێ، بەڵام هەرگیز نەتەوەی کورد نەیتوانیوە، لەبەر نەبوونی دەسەڵاتێکی کوردی، بناغەی پیشەسازییەکی پچووک یا گەورە لە کوردستاندا دابمەزرێنێ. هەرچەندە هەر لە کۆنەوە، لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا، چەند پیشەسازییەکی پچووکی دەستیی هەبووە، بەڵام ئەو جۆرە پیشەسازییانە، نەک هەر بەشی ئەوەندەی نەکردووە، بۆ دەرەوە بنێردرێ و بزووتنەوەیەکی بازرگانی گەورە لە نێوان کورد و دراوسێکانیدا بهێنێتە کایەوە، بەڵکوو بە تەواویش بەشی بەکارهێنانی نێوخۆشی نەکردووە، بۆیە فاکتەری پیشەسازی ڕۆژێ لە ڕۆژان، ڕۆڵێکی گرینگ و لەبەر چاوی لە دارشتنی بناغەی ئابووری کوردستاندا نەگێڕاوە. کەواتە بناغەی سەرەکی ئابووریی کۆمەڵگەی کوردەواری، هەر لە کۆنەوە لەسەر ئاژەڵداری و کشتوکاڵ دامەزراوە و تا ئەوڕۆش ئەو خەسڵەتە ئابوورییە، زۆر بە زەقی بە ژێرخانی ئابووریی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە دیارە و بە سەرچاوەی یەکەمی ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری دادەنرێ. لە هەمان کاتیشدا لەبەر دواکەوتوویی شێوەی بەرهەمهێنان و نەبوونی کەرەسە پێویستە جۆراوجۆرەکانی کشتوکاڵ و بەکارنەهێنانی میتۆدی زانستییانە لە کاری کشتوکاڵیدا و پەرشوبڵاوی جووتیارانی کوردستان و دوورییان لە یەکدی و هاوکاری نەکردنیان لەگەڵ یەکدیدا و کۆ نەبوونەوەیان لە گوندی گەورە و کۆمەڵە هەرەوەزییەکانی جووتیاراندا... بەرهەمهێنانی بەروبوومی کێڵگە و لقەکانی دیکەی کشتوکاڵ لە کوردستاندا، ئەوەندە زۆر و پێشکەوتوو نەبووە تا جووتیارانی کورد بتوانن، زیادەکەی بۆ بازاڕەکانی دەرەوە بنێرن و لە ئەنجامدا جووڵانەوەیەکی بازرگانیی گەورە، لە نێوان گوندەکان و شارەکاندا لە کوردستاندا بێتە کایەوە، بەڵکوو ئەوەی بەرهەمیشیان هێناوە، تەنیا بەشی تێرکردنی سکی خۆیان و خێزانەکانیانی کردووە و ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی خۆیانیان پێ بەسەر بردووە، خۆ ئەگەر کەمەکێکی کەمیشیان لێ زیاد بوو بێ، ئەوا هەر تەنیا بەشی ئەوەندەی کردووە، لەگەڵ شتومەک و کەلوپەلە پێویستییەکانی ژیانی تایبەتی خۆیاندا، بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ چەرچی و دوکاندارە پچووکەکانی گوند و شارۆچکەکاندا ئاڵوگۆڕی پێبکەن. چونکە ڕۆژێ لەڕۆژان، هەرگیزاوهەرگیز جووتیارەکانی کوردستان، خاوەنی زەوی تایبەتی خۆیان نەبوون، تا ببنە خاوەنی بەرهەمێکی زۆر و سەرمایەیەکی گەورە پێکەوە بنێن، بەڵکوو هەموو ئەو زەوییانە بە دەست دەرەبەگ و ئاغا و خان و شێخ و پیاوە ئایینییەکان و خاوەن زەوییەکانی نێو شارەکانەوە بوون، کە بە میرات پشتا و پشت بۆیان ماوەتەوە، یا لەبەر بێتوانایی و کەمدەرامەتی جووتیارەکان و زەبروزەنگی زۆرداران لە بن چنگیان دەرهێناون، سا یا لە ڕێگەی کڕین و فرۆشتنەوە بووبێ، کە ئەم شێوەیەیان کەمتر بووە، یا لە ڕێگەی داگیرکردن و دەسبەسەرداگرتنەوە بوو بێ. واتە جووتیارانی کورد، هەرگیز خاوەنی زەوی و بڕیار و بەرهەم و دەسمایەی تایبەتی خۆیان نەبوون، هەرچییەکیان پەیدا کرد بێ، بە پوختی کردوویانەتە دەستی دەرەبەگ و خاوەن زەوییەکانەوە، ئەوە جگە لەوەی ئەگەر ساڵێک باران کەم بووبێ و بەرهەمیان کەم کۆ کردبێتەوە، یا نەخۆشیی و جروجانەوەر لە بەروبوومەکەیانی دابێ و تووشی زیانێکی گەورەی کردبن، ئیدی ئەو ساڵە تا وەرزێکی دیکەی کشتوکاڵیی، بە ماڵوێرانی و هەناسەساردی و ئانەسکی و قەرزوقۆڵە، ژیانیان بەسەر بردووە، دەرەبەگە زۆردارەکانیش، هەرگیز چاوپۆشییان لێ نەکردوون و یارمەتییان نەداون، بەڵکوو هەر کردەی بۆ چینی ڕەشوڕووتی جووتیارانی کوردستان و بردەی ئەو تەنگە ئەستوورانە بووە. بەگوێرەی ئەو بارودۆخە ئابوورییە و شێوەی بەرهەمهێنان و خەریکبوونی زۆربەی زۆری ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بە کشتوکاڵ کردنەوە، هەر لە کۆنەوە زۆربەی زۆری کورد لە گوندی گەورە و گچکەدا جێنشین بوون. لە لایەکی دیکەشەوە، لە ئەنجامی داگیرکردن و هێرشە دڕندییەکانی گەلانی ئاشووری و فارس و یۆنانی و ڕۆمانی و ئەرمەنی و عەرەب و تورک و مەغۆل دا... و لەبەر نەبوونی کەرەسەی تەواوی

**• زۆر بیریان لە دروستکردنی شاری گەورە نەکردووەتەوە، لە لانەی شارستانییەت و دامەزراندنی مەڵبەندی پیشەسازی گەورە و بزووتنەوەی بازرگانی نێوخۆ و دەرەوە، خۆیان بە دوور گرتووە، کە ئەو فاکتەرانە بە یەکەم هۆی کۆبوونەوەی خەڵکی لە شارەکان و دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنال دادەنرێ.**

جەنگ بۆ داکۆکیکردن لە خۆ و بەرگەنەگرتنی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لەبەردەم پەلاماردان و هێرشی درندانە و ناڕەوای دوژمنان و داگیرکەرانی دەرەوەدا، لەبەر دروست نەکردنی شاری گەورە و قەڵا و قوڵەی قایم، لەبەر ئەوەی تەنیا سەرچاوەی لە بن نەهاتووی هێز و لەشکری کورد دژی داگیرکەران، لە دانیشتووانی گوندەکان پێک هاتبوون و تەنیا چەکی سەرەتایی و ئاسایی و بچووکیان هەبووە، جگە لە فاکتەری چەندایەتی کە هەمیشە ژمارەی لەشکری دوژمنان و داگیرکەران لە ژمارەی دانیشتووانی کوردەکان زۆرتر بووە، زۆر بە زەحمەت توانیویانە، لەو گوندە بچووکانە و بەو چەکە کەم و دواکەوتووانە و بەو توانا کەمەی خۆیانەوە، تا سەر داکۆکی لە خۆیان و خاکەکەیان بکەن، بۆیە دەستە دەستە و کۆمەڵ کۆمەڵ، رۆڵەکانی نەتەوەی کورد، لە پێناوی پاراستنی ژیانی خۆیان و ماڵومنداڵەکانیاندا، شوێنە دەشتاییەکان و گوندەکانی خۆیان چۆڵ کردووە و بەرەو چیاکان هەڵکشاون، بۆ ئەوەی لەوێوە بتوانن، زۆر بە ئاسانی داکۆکی لە ژیان و بوونی خۆیان و خاکەکەیان و کەرامەتی ماڵومنداڵەکانیان بکەن، واتە هەر لە کۆنەوە تاکوو ئەوڕۆش، چیاکان بۆ داکۆکیکردن لە خۆ و پاراستنی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە دەست لەنێوچوون و تواندنەوەی لە بۆتەی ئەو نەتەوە داگیرکەرانەی دیکەدا، چاکترین قەڵای قایم و سروشتیی نەتەوەی کورد بوون. لەبەر هەموو ئەو هۆیانە و هەندێ هۆی دیکەش، کە زیاتر پەیوەندی بە باری دەروونی و هەڵکەوتی جوگرافی کوردستانەوە هەبووە، هەر لە کۆنەوە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد، فێری ژیانی چیا و چۆڵ بوون و لەو شوێنەوارەدا گەورە بوون و لەگەڵ ئەو ژیانە سەختە کولەمەرگییەدا راهاتوون. گوندی بچووک بچووک و کوێرە دێی دوور لە یەکدییان دروست کردووە، هەمیشە خەریکی بەخێوکردنی مەڕوماڵات و کشتوکاڵ بوون. بێگومان دروستکردنی گوندیش، زیاتر پەیوەندی بە بوونی سەرچاوەی ئاو و زەویی بەپیتی کشتوکاڵییەوە هەبووە و هەیە. لەبەر ئەوەی کوردستان وڵاتێکە، لە رووی سەرچاوەی ئاوەوە گەلێ دەوڵەمەندە، هەمیشە گوندنشینەکان گوندەکانیان لە نزیک ئاوی کانی و گۆم و چەم و رووبارە بچووکەکانەوە دامەزراندووە، بۆیە بەگوێرەی سەرچاوەکانی ئاو، گوندەکان هەمیشە بچکۆلە و بڵاوبڵاو بوون، هەندێ جاریش لە یەکدییەوە دوور بوون، زۆر بیریان لە دروستکردنی شاری گەورە نەکردووەتەوە، لە لانەی شارستانییەت و دامەزراندنی مەڵبەندی پیشەسازی گەورە و بزووتنەوەی بازرگانی نێوخۆ و دەرەوە، خۆیان بە دوور گرتووە، کە ئەو فاکتەرانە بە یەکەم هۆی کۆبوونەوەی خەڵکی لە شارەکان و دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنال دادەنرێ. بۆیە جگە لە دامەزراندنی چەند میرنشینیی و دەوڵەتۆچکەیەکی گەورە و گچکە زیاتر، لە هەندێ نێوچەی کوردستاندا، نەیانتوانیوە دامودەزگای دەسەڵاتێکی یەکگرتووی ناوەندیی رامیاری دابمەزرێنن، کە دەستی بەسەر هەموو نێوچە جیاوازەکانی کوردستاندا رابگا. بنچینەی هەموو ئەو میرنشینیی و دەوڵەتۆچکانەش، لەسەر بناغەی تیرەگەریی و خێڵەکیی و خزمایەتی لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە، لەبەر رۆشنایی بیروباوەڕی نێوچەگەرێتی و خۆپەرستی و تاکپەرستی دامەزرا بوون، پەروەردەکردنەکەش هەرگیزاوهەرگیز، پەروەردەکردنێکی نەتەوەیی نەبووە، بەڵکوو زیاتر تۆوی دووبەرەکی و ناکۆکی و رقوکینە و خۆپەرستی و نێوچەگەرێتییان، لە نێو ئینجانەی دڵ و دەروون و بیروباوەڕی رۆڵەکانی نەتەوەکەدا چاندووە، بۆیە هەمیشە ریزەکانی نەتەوەی کورد، یەکگرتوو ورێکوپێک نەبووە و هەمیشە دوور لە یەکدییەوە ژیاون و تا سەر پێکەوە نەگونجاون و لە یەکدی دوور کەوتوونەتەوە و هەر یەکە بۆ خۆی ئاغایەکی سەربەخۆ بووە و ملی بۆ هیچ دەسەڵاتێکی کوردی دانەنواندووە، واتە کورد خۆی هۆی یەکەمی هەموو ماڵوێرانی و نەگبەتی و بەڵایەک بووە، کە بەسەر خۆیاندا هێناوە. لەو رووەوە شەرەفخانی بدلیسی دەفەرموێ: «چونکە کورد نەهاتووەتە ژێر فەرمانی تاکە فەرمانداریکەوە، بۆیە لە یەکتر نامۆن و خوێنی یەکدی دەڕێژن و گوێ نادەنە هێمنایەتی و رێکوپێکی و لەسەر زۆر کەم زوو هەڵدەچن». (شەرەفنامە: ل ١٣٢)

ئەگەر هەر لە کۆنەوە، نەتەوەی کورد هەندێک شار و شارۆچکەی بچووکیشی دروست کرد بێ، ئەوا چ لە رووی شێوە و چ لە رووی چۆنێتی ژیان و بیرکردنەوەوە، ئەو شارنشینانە نەیانتوانیوە لە دەست جۆری بیرکردنەوە و ژیانی کۆمەڵگەی کشتوکاڵیی، خۆیان رزگار بکەن، جگە لەوەی تا ئەم دواییانەش، دەوروبەر و هەندێ لە گەڕەکەکانی نێو ئەو شارانە، بە کێڵگەی کشتوکاڵ و بێستانی سەوزە و میوە و باخچە ئاوەدان کرا بوونەوە. بە بەردەوامیش خەڵکی لە گوندەکانەوە بەرە و شارەکان گواستویانەتەوە، ئەو جووڵانەوەیە بە جۆرێ بووە، کە بە شێوەیەکی رێکوپێک، لادێکانی کوردستان بەردەوام شارەکانیان بە کادیری هەمە چەشنەی جوتیاری دەوڵەمەند کردووە، هەندێ لەو پیاوە هەڵکەوتووانەی کوردیش، چ لە کایەی فێربوونی خوێندن و نووسین، خوێندەواری و رۆشنبیری، مێژوو، زمان، ئایین، هونەر و وێژەدا بوو بێ، چ لە بوارەکانی نیشتمانپەروەری و شۆڕش و کاری رامیاریدا بوو بێ، تەنانەت زۆربەی زۆری ئەو پیاوە مەرد و بەرزانە، نازناوەکانیشیان بە ناوی شوێنی لەدایکبوون و لانەی یەکەمی پەروەردەبوونیانەوە بووە. بۆ نموونە: لە مێژوودا وەکوو شەرەفخانی بدلیسی، مەلا مەحموودی بایەزیدی، داماوی موکریانی... لە هۆنراوە و زماندا وەکوو حاجی قادری کۆیی، مەلای جزیری، شێخ رەزای تاڵەبانی... لە ئایین و خواپەرستیدا وەکوو شێخ مارفی نۆدێیی و شێخ رەزای دێلیژەیی ... لە کاری شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەریدا وەکوو بەدرخان بەگی بۆتان، شێخ عوبەیدوڵلای نەهرێ، شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحموودی بەرزنجی و بنەماڵەی بارزانییەکان. زۆربەی زۆری نووسینە مێژووییەکان، زانستییەکان، ئایینییەکان، وێژەییەکان، لەبەر مۆم و قوتیلەی مزگەوت و ماڵانی گوندەکاندا نووسراون و هۆنراونەتەوە، پاشان خەڵکی شارەکان خوێندویانەتەوە و لەزەتیان لێ وەرگرتووە، ئەو شۆڕەسوارانەش هەر لە تەکییە و مزگەوتی گوندەکانی کوردستاندا پەروەردە بوون و پاشتر بە مەبەستی زیاتر خۆ پێگەیاندن و خۆ فێرکردن و داواکاری زانست و زانیاری، ڕوویان لە شارە جۆربەجۆرەکانی نێوچە جیاوازەکانی کوردستان کردووە. تەنانەت زۆربەی زۆری پیشەسازییە دەستییە

**• بە شێوەیەکی گشتی ئەو گەلانەی هەموو قورسایی خۆیان لەسەر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ دادەنێن، بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەو گەلانەی لە کایەکانی پیشەسازی و بازرگانیدا پێشکەوتوون، کەمتر گوێ بە ڕێکوپێکی و یاسا و کات دەدەن.**

پچووکەکانیش، سەرچاوەکەی هەر لە گوندەکانی کوردستانەوە سەریان هەڵداوە، وەکوو دروستکردنی گۆزە وگلێنە لە قوڕ، قاپ و کەوچک و شانە و تەشی و تیرۆک لە دار، بەڕە و جاجم و شاڵ و کەلاش لە دەزوو و بەن و خوری و مووی مەڕومالات، چەقۆ و مەنجەڵ لە مس، دۆشاو و دۆشاوی تەماتە و باسوق و سنجوق لە میوە و سەوزە ... ئەوە جگە لە بەروبوومی ئاژەڵ، هەر لە شیر و پەنیر و کەرە و ماست و هێلکەوە، تا دەگاتە گۆشت بە هەموو جۆرەکانییەوە، بەروبوومی کێڵگە و میوە و سەوزە و کەرەسەی خاو بۆ کارگەی شارەکان وەکوو تووتن بۆ کارگەی جگەرە و چەوەندەر بۆ کارگەی شەکر... بەو شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ، بە بەردەوامی لە یەکلاوە لادێ و گوندنشینەکان لە ڕاژەکردنی شار و شارنشینەکاندا بوون، واتە لادێ هەمیشە و بە بەردەوامی هەموو جۆرە شتێکی پێشکەش بە شار کردووە، بەڵام شارەکان لە چاو لادێکاندا، زۆر کەمیان پێشکەش بە لادێکان کردووە.

لە ئەنجامی کۆچکردنی بەردەوامی گوندنشینەکان بۆ شارەکان و تێکەڵاوبوونی خەڵکی لادێ لەگەڵ شارنشینەکاندا، بە ئاشنابوونیان لەگەڵ دابونەریتی شارنشینەکاندا، گوندییە ـ تازە شارییەکانیش هەندێ لە خوو ورەوشت و کلتووری ڕەسەنی کۆمەڵگەی لادێ و کۆنینەی خۆیان لە دەست داوە، وەکوو دڵۆپە بارانێ لە نێو زەریای بێبنی شارەکاندا تواونەتەوە و وون بوون. بە کورتییەکەی زۆربەی زۆری کورد، بە ڕۆڵەی لادێ دادەنرێن و بەشێکی زۆری ژیان و گەورەبوون و پەروەردەبوون و بیرکردنەوەیان، زۆر بە توندی بە بارودۆخی لادێ و بە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵەوە بەستراوەتەوە، لادێش بە نۆرەی خۆی کارێکی زۆری کردۆتە سەر سەرتاپای ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری، بە پێچەوانەی شارەوە کە ئەو ڕۆڵە گرینگ و لەبەرچاوەی نەبووە، بۆیە زۆربەی زۆری ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، نەک هەر ئەوانەی لە کۆنەوە نیشتەجێی شارە پچووکەکان بوون، بەڵکوو تەنانەت ئەوانەشی لە دەرەوەی کوردستانیش ژیاون و پەڕیدەی هەندەرانیش بوون، تاکوو ئێستا بە دەگمەن توانیویانە، بە تەواوی خۆیان لە دەست دابونەریت و کلتووری کۆمەڵگەی لادێ و بیرکردنەوەی تیرەگەرێتی و خێڵەکی و ئێوچەگەرێتی قوتار بکەن، چونکە کۆمەڵگەی جووتیاری و کشتوکاڵیی، لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دیکەی پیشەسازی و بازرگانیدا، جیاوازییەکی یەکجار گەورەیان لە نێواندا هەیە، هەرچی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی هەیە، زیاتر باوەڕیان بە کاری تەنیایی و تاکە کەسی هەیە و هەموو ئومێد و باوەڕێکیان بە خۆیانە و هەرچی بە هێزی بازوو ،ڕەنجی شانی خۆیان، لە زەوی ڕەق پەیدای ئەکەن، هیچ جۆرە شتێکی دیکەیان دەست ناکەوێ. هەرچەندە ژیانی لادێ جۆرە سەربەستییەکی تێدایە و خۆشە، بەڵام هەتا بڵێی لە هەموو ڕوویەکەوە کارێکی قورس و سەخت و گرانە، چونکە پرۆسەی بەرهەمهێنان و کارکردن لە کێڵگەدا، وەنەبێ ئەوەندە کارێکی ئاسان بێ و لە دەست هەموو شلە شارییەک بێ. کارکردن لە کێڵگەدا زیاتر پێویستی بە هێمنی و بەرگەگرتن و خۆڕاهێنان هەیە، دەبێ جووتیارەکان بەرگەی هەموو جۆرە گۆڕانکارییەکانی سروشت هەر لە گەرمای هاوین و سەرما و بەفری زستان و بارانی بەهار و ڕەشەباوە، تا دەگاتە هەورەبرووسکە و لافاو و کەم بارانی بگرێ، ئەوە سەرەڕای ئەخۆشی ڕووەک و جروجانەوەری کێڵگە، کە هەندێ ساڵ لە بەروبوومی جووتیارەکان دەدا و زیانێکی گیانی و مەتیریالییان پێ دەگەیەنێ. جگە لەمانەش هەمووی، پێویستە جووتیارەکان بە بەردەوامی چاودێری ڕووەکەکانی کێڵگە و ئاژەڵەکانی بکا و خزمەتیان بکا. دیارە ئەم جۆرە کارانە، جووتیاران لەسەر چاوەڕوانی و هێمنی و بەرگەگرتنی هەموو جۆرە ناخۆشی و گیروگرفتێ ڕادەهێنێ. لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی کاری کشتوکاڵییەوە، جووتیاران فێری جۆرە ئاژاوە و گێرەشێوێنی و بێ دیسپلینی و خۆپەرستی و هەڵپەرستییەک دەبن، چونکە جووتیاران لەسەر بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی کارکردن بەڕێوە ناڕۆن و ئیشوکارەکانیان زیاتر پەیوەندی بە کەژەکانی ساڵ و مانگەکانەوە هەیە، بگرە پەیوەندی بە ڕۆژ و سات و کاتەوە هەیە، بۆ نموونە تۆوکردن یا دروێنەکردن، پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەسەر ئاووهەوا و پلەی گەرمی و ڕەشەبا و باران بارینەوە هەیە، واتە پرۆسەکە لەسەر ئەو ڕۆژە دەوەستێ کە کارەکەی تێدا جێبەجێ دەکرێ، ئەگەر باران بێ یا بایەکی توند هەڵ بکا، ئەوا جووتیارەکان ناتوانن لەو ڕۆژەدا ئەو کارانەیان بە ئەنجام بگەیەنن، بەڵکوو هەمیشە دەبێ چاوەڕوانی سۆز و بەزەیی سروشت بن. دەتوانین بڵێین جووتیارەکان زیاتر بێ ئەخشە و بەرنامەن، ئەنجامی کارەکانیان بە ڕێکەوت و گۆڕانکارییەکانی سروشتەوە دەبەستنەوە، کە ئەویش لە هێز و توانای مرۆڤ بەدەر و گەورەترن، چونکە جووتیاران ناتوانن کۆنترۆڵی ئەو بارودۆخەی کێڵگە بکەن. بە شێوەیەکی گشتی جووتیاران کەمتر خۆیان بە کاتەوە دەبەستنەوە و زیاتر چاوەڕوانی چارەنووس و ڕێکەوت و دەستی قەدەر دەکەن، بۆیە چالاکی بیرکردنەوە لای جووتیارەکان، بە بەراوردکردن لەگەڵ خاوەن پیشەکانی دیکەدا کەمترە، چونکە جۆری کارەکەیان پێویستی بەو شێوە ژیانە هەیە و بیرکردنەوە و داهێنانی تێدا نییە. بە پێچەوانەی ئەو کۆمەڵگایانەی دیکەوە، وەک کۆمەڵگە پیشەسازییەکان و بازرگانییەکان، کە هەردوو کۆمەڵگاکە کۆمەڵگەیەکی شارنشین و گیانی شارستانی و هەرەوەزی و هاوکاری و پێکەوە ژیان و خەباتیان زیاتر لە نێوان دایە و هەوڵدەدەن بەربڵاوترین پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان خۆیاندا دابمەزرێنن.

بە شێوەیەکی گشتی ئەو گەلانەی هەموو قورسایی خۆیان لەسەر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ دادەنێن، بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەو گەلانەی لە کایەکانی پیشەسازی و بازرگانیدا پێشکەوتوون، کەمتر گوێ بە ڕێکوپێکی و یاسا و کات دەدەن، چونکە جووتیاران هەر وەکوو باسمان کرد، زیاتر بە گۆڕانکارییەکانی سروشت و زەوییەوە پابەندن، جا ئەو زەوییە موڵکی خۆیان بێ یا موڵکایەتییەکەی هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بەسەر ئەوانەوە نەبێ، بەڵکوو وەکوو کرێکاری کشتوکاڵی بە کرێ کاری تێدا بکەن، بۆیە لە پێناوی پاراستنی ئەو زەوییانە و لەدەستنەدانی، هەمیشە ئامادەن هەموو جۆرە جەور و ستەمێکی کۆمەڵایەتی و ناخۆشییەک قەبوڵ بکەن. هەموو ئەم فاکتەرانە وایان لە جووتیاران کردووە، کار و کردەوەی تەنیایی لەگەڵ زەوی و سەرچاوەکانی ئاودا بکەن، کە لە ئەنجامدا لای دانیشتووانی ئەو گوندانە ئارەزوویەکی تاکڕەوی و دوورەپارێزی و خۆپەرستی و گۆشەگیری دروست دەبێ و دەبێتە هۆی کۆنەبوونەوەیان و دانەمەزراندنی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی ←

**• ئایین کارێکی وای لە ئیش و کاری ڕامیاری و شۆڕشەکانی کورد کردووە، بە چەشنێ ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە، ڕۆژێ لەڕۆژان نەیانتوانیوە جیاوازی لە نێوان دۆستی ڕاستەقینە و دوژمنی سەرەکیدا بکەن.**


بەهێز لە نێوانیاندا. هەموو ئەم خەسڵەتانە وای لە جووتیاران کردووە، ئامادەییان زیاتر هەبێ، خۆیان لەگەڵ هەموو بارودۆخێکدا بگونجێنن و خۆیان ڕابهێنن. بەو شێوەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ئێمە لە کوێوە هاتووین؟ چۆن پەروەردە بووین؟ باو و باپیرانمان لە ڕابوردوودا چۆن بوون و چۆن ژیاون؟ تا لێرەوەشەوە دەبێ سەیری خوو ورەوشت و هەڵسوکەوت و شێوازی ژیان و چۆنێتی بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری بکەین و خەسڵەتە سەرەکییەکانی دەستنیشان بکەین.

دیارە جیاوازی بارودۆخی جوگرافی، کارێکی زۆری لە پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی ژیانی نەتەوەکانی سەر ڕووی زەوی کردووە. بۆ نموونە: بیابانە گەورە و گەرمەکانی دوورگەی عەرەب، تەنیا ڕێگەی لەوەڕاندن و بەخێوکردنی حوشتری داوە و ژیانێکی کۆچەریبانەی بەسەر دانیشتووانی ئەو ناوچانەدا سەپاندووە، جگە لە دارخورماش کە لە چەند مێرگێکی کەمی بیابانەکاندا ڕواوە، هیچی دیکەی لێ شین نەبووە. ئەو وولاتانەی دەکەونە سەر کەناری زەریای ناوەڕاست، بۆ نموونە وەکوو کەنارەکانی یۆنان، زۆر بە کەڵکی کشتوکاڵ نەهاتوون، بۆیە دانیشتووانی ئەو ناوچانە، بە زۆری خەریکی بازرگانی و کەشتی دروسکردن و کارکردن لە زەریادا بوون، تا وایان لێهاتووە، هەوڵی داگیرکردنی دوورگە و کەنارەکانی دیکەی وولاتانی دیکەیان داوە و بەو کارەشیان بنچینەی کردار و ڕەفتاری ئیمپریالیزمانەیان لە ناوچەکەدا داڕشتووە. هەروەها دەشتاییەکانی وولاتی مەغۆل، توانای ئەوەیان نەبووە بەرهەمێکی زۆر بۆ هەموو دانیشتووانی وولاتەکە دابین بکەن، تا بە شێوەیەکی تێر و پڕ، گەلی مەغۆل بتوانن بژین و پێویستییان بە هیچ شتێکی دیکە نەبێ، بۆیە بەشی هەرە زۆری ئەو نەتەوەیە، زۆر سەرسەخت و کەللە ڕەق هەڵکەوتوون و بە شێوەیەکی دڕ و کێوییانە پەروەردە کراون و فێری سوارچاکی و جەنگ و وولات داگیرکردن بوون و پەلاماری هەر وولاتێکیان دابێ، یەکسەر گرتوویانە و زۆر بێبەزەییانە تەڕ و وشکی ئەو وولاتانەیان پێکەوە سوتاندووە. دیارە کوردستانیش بە خۆڕایی و بە ڕێکەوت، یا بە خواستی گەلەکەی و داگیرکەرانی کوردستان نەبووە بە وولاتێکی کشتوکاڵی، بەڵکوو لە ئەنجامی کۆمەڵێ فاکتەری جوگرافی و سروشتیدا، وولاتەکە ئەو خەسڵەتەی وەرگرتووە، وەک دەشتاییەکی پان وبەرین و خاکێکی زۆری بەپیت، لە ڕووی پلەی گەرمییەوە مام ناوەندی و تیشکی خۆرێکی فرە، لە ساڵێکدا پتر لە شەش مانگ تیشکی خۆر لە ئاسمانی کوردستاندا ئاوا نابێ، بارانێکی زۆر، کە بۆتە هۆی پەیدابوونی لەوەڕگا و لێرەوارێکی دەوڵەمەند بۆ بەخێوکردنی مەڕوماڵات، سەرچاوە و کانیاو و بەستی ئاو و چەم و ڕووبارێکی زۆر، لە هەموو ڕوویەکەوە وولاتەکەی گەشاندۆتەوە. هەموو ئەم فاکتەرانە وای لە کوردستان کردووە، هەر لە دێر زەمانەوە بە وولاتێکی کشتوکاڵی لە قەڵەم بدرێ.

بێگومان ئایین و پۆلێتیک، هەر لە کۆنەوە دوو فاکتەری هەرە گەورە و گرینگ بوون، بە شێوەیەکی زۆر خراپ کاریان لە سەرتاپای ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری کردووە و بەردەوامیش کار لە بارودۆخی ئێستا و پاشەڕۆژی نەتەوەکەمان دەکەن. مێژووی کۆن بە تایبەتی و مێژووی نوێی نەتەوەی کورد بە گشتی، لە ئایین و خواپەرستی جیاناکرێنەوە. ئایین کارێکی گەلێ گەورەی لە بیر و هۆش و گیان و هەڵسوکەوت و شێوازی ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری کردووە. ئێمە تەنیا بە شێوە و جەستە کوردین، ئەگینا بە گیان و بیروباوەڕ و کلتور و کردەوە، لە ڕێگەی ئایینی ئیسلامەوە عەرەبین. نەتەوەی کورد ئەوەندەی پەرۆشیی بۆ ئایینی ئیسلام هەبووە و هەیە، ئەوەندەی دڵسۆزی بۆ ئەو ئایینە نوێیە نواندووە، هەرگیزاوهەرگیز یەک لەسەر سەدی ئەو سۆز و پەرۆش و دڵسۆزییەی بۆ ئایینە کوردییە کۆنەکانی خۆی نەبووە و نییە، بۆیە لە لایەکەوە دڵسۆزی و پەرۆشی بۆ ئایینی ئیسلام و لە لایەکی دیکەشەوە ترسی لە هەڕەشە و سزاکانی ئەو ئایینە و لەپێناوی ڕازیکردنی یەزدانی مەزندا، قوربانی بە کێشەی نەتەوەکەی و نیشتمانپەروەری و هەموو شتە گرینگەکانی دیکەی ژیان داوە، لە هەمان کاتدا ئایین ئەوەندە کاری لە کۆمەڵگەی کوردەواری کردووە، بە شێوەیەک تا سەر ئێسکوپروسکی داچووە و بۆ هەر کارێکی گیانی یا مەتیریالی، گەورەترین هۆی جوولاندنی ئەو نەتەوەیەی پێک هێناوە. ئایین کارێکی وای لە ئیش و کاری ڕامیاری و شۆڕشەکانی کورد کردووە، بە چەشنێ ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە، ڕۆژێ لەڕۆژان نەیانتوانیوە جیاوازی لە نێوان دۆستی ڕاستەقینە و دوژمنی سەرەکیدا بکەن، نەیانتوانیوە کاری ڕامیاری و فاکتەری ئایینی و خواناسی تێکەڵ بە یەکدی نەکەن و وەک دوو شتی جیاواز سەیریان بکەن.

بەو جۆرە دەبینین، هەموو ئەو دواکەوتوویییەی نەتەوەی کورد، زیاتر بۆ خودی نەتەوەکە خۆی دەگەڕێتەوە، هەموو ئەو خەسڵەتە نێگەتیڤانەی لە پرۆسێسێکی مێژوویشدا لای کورد دروست بوون، زیاتر بۆ تەمەڵی و کار نەکردن و هەوڵ نەدان بۆ گۆڕینی ئەو بارە سەپاوە و گرینگی نەدان بە کێشەکانی ژیان و هەوڵ نەدان بۆ خۆشکردنی باری گوزەران و ژیانی ڕۆڵەکانی و پشگوێ خستنی کاروباری فەرمانڕەوایی و کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، بەڵکوو لە مانەش زیاتر، خۆی نقومی زەریای ئەندێشە و هۆنراوە ووتن و داڕشتنی پەند و گۆشەگیری و تەسەوف و دەروێشی و قایلبوون کردووە، بەو بارە سەپاوە ڕازی بووە، بەبێ ئەوەی بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخە ناهەموارە، تەکانێکی دابێتە بەر خۆی و قۆڵی مەردایەتی و ئازایەتی لێ هەڵکرد بێ، واتە نەتەوەی کورد هەر لە کۆنەوە، ئرخێکی ئەوتۆی بۆ باری ڕیالیستی کۆمەڵگەی کوردەواری دانەناوە، لە هەوڵدان و کارکردن دوور کەوتونەتەوە و زیاتر گرینگییان بە کێشەی تیۆری و قسەکردن داوە و خۆیان داوە بەدەم ڕووباری خۆری چارەنووس و پلاری دەستی قەدەرەوە. بەو کارەشیان هەم گۆڕەپانەکەیان بۆ خەڵکی خراپ و داگیرکەرانی کوردستان چۆڵ کردووە، هەم گەورەترین زیانیشیان بە پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد گەیاندووە، چونکە تەنیا خۆیان بە کاروباری ژیانی تایبەتی خۆیانەوە خەریک کردووە و خۆیان لە بارودۆخی گەلەکەیان دزیوەتەوە، مەگەر جەور و ستەمی داگیرکەران تینی بۆ هێنابێ و سەرە ڕێی پێ گرتبێ، ئەو کاتە تەکانێکیان دابێتە بەر خۆیان و کارێکی کەم و کاتیی و نیوەناچڵیان بە ئەنجام گەیاند بێ، ئەگینا هیچ جۆرە هەوڵێکی ڕاستەقینەیان بۆ گۆڕینی باری دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردەواریی نەداوە. بە پێچەوانەی زانا و خوێندەوار و ڕۆشنبیری نەتەوەکانی دیکەی دەوروبەریشیان، کە لە سەردەمی خۆیاندا،

بروانە لاپەڕەی ٦٢



# ڕووناکبیر و پەسن و ئەرکەکانی

● د. حوسێنی خەلیقی ●

## بەشی سێهەم و کۆتایی

لە بەشی یەکــــەم ودووهەمی ئەم وتارەدا هێندێک لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی«بیر و شێوە بیرکردنەوەمان» خستە بەرباس. بەشێک لە ئەرکـەکـانمان دەسنیـشـان کـرد. لەم بەشـەدا دەمانهەوێ:

١) شـوێنەواری مـەڵبەندە جـۆراوجـۆرەکـانی ژیان لە سەر خولقاندنی ڕووناکبیر

٢) مەبەست لە پێشکەوتنی بیر

٣) هێندێک تایبـەتمەندی تری ڕووناکـبیر و سـەرئەنجام دەوری کـاولکەریی ڕووناکـبیری هەڵەکار لە تێکدانی باری کـۆمـەڵدا، بخـەینە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز.

کـە گـوتمان ڕووناکـبـیـر، دەسـتـبـەجێ وا بیردەکرێتەوە کە ناوەرۆکی ئەو وشە دووبەشییە، گشت لایەنە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤی ڕووناکبیر دەگرێتەوە! بەڵام ئەگەر سەرنجی پلەی زانیاریی و باروددۆخی ژیانی کـۆمـەڵێکی دواکـەوتوو بدەین، تێدەگەین کە لەو شێوازەدا، هەرکەس تۆزقاڵێک زانیاریی خۆی بەرێتەسەر و وردتر لە کـەسانی تر سـەرنجی دیاردەکـانی دەوروبەری خۆی بدا، چەمکی ڕووناکبیری بەسەردا دەبڕێ. ئەگـەر ئەوە پەسند بکەین کـە پلەی فـەرهەنگی کۆمەڵ شوێن لەسەر بیر وهۆشی ئەندامەکانی دادەنێ، پێـویـسـتـە ئەوەش پەسند بکەین کـە ڕووناکبیر هەیە ساکارە و بیری لە پلەی یەکەمی گـەشـەکـردن دایە. هەیە چەند قـۆناخی بڕیوە، هۆشیارترە، قـووڵتر سـەرنجی دەوروبەری دەدا و زیادتر لەبیری ناسین و ناساندنی شتەکان دایە. هەشـە پێشکەوتوویە و زۆر چووەتەپێش و لەو بوارەدا هەنگاوی گـەورەی ناوە. سـاکـارەکـەی ئەوەندەی ژیانە بەرتەسکەکـەی چووەتەپێش و پێشکەوتوویەکەی بە ئەندازەی بەرفراوان بوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووریی و فـەرهەنگیی وسیاسییـەکـانی کـۆمـەڵی خۆی چووەتەپێش. کـەوابوو ئەخـوێندەواریی، بیر و بڕوای پووچ و دواکـەوتووانە، پەرەگـەرتوویی تەنبـەڵیی و کەمتەرخەمیی سەبارەت بە پەروەردە وفێرکردن، نەبوونی بەرنامە وبەفیڕۆدانی کات، نرخ دانەنان بۆ ژیانی خـۆش و بەهیـوای ژیانی باشی پاش مـردن، دەست لەسـەر دەست دانان، ناتوانن ڕووناکبیری پێشکەوتووی بەرپرسیار بخولقێنن. بەپێـچـەوانە ئەگـەر زانیـاریی وزانسـتـەکـان پەرەبگرن، پەسـۆریی ببێتـە خاوەن نرخ و داب ونەریتی کۆن بە هۆی گەشەکردنی کۆمەڵ، جێی خۆیان دەگەڵ داب ونەریتی نوێ بگۆڕنەوە، پلەی ئابووری گەشە بکا، ڕێز بۆ مرۆڤ دابندرێ، یاسا ببێتە سەرمەشقی ڕەفتاری ئەندامەکانی کۆمەڵ، خولقاندن وداهێنان ودروستکاریی پەرەبستێنێ، زەمینە بۆ سەرهەڵدان وگەشەکردنی بیری نوێ و ڕووناکبیری بەرپرسیار ئامادە دەبێ و ئەویش بەشبەحاڵی خۆی لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵ لەوبوارانەدا شوێنەواری کاریگەری دەبێ.

مـەبەست لە پێشکەوتنی بیـر و ئامـانجی ڕووناکـبیـر، پێکهێنانی زەمـینە بۆ ژیانێکی بەختەوارانە بۆ مرۆڤ و پێشکەوتنی کۆمـەڵە. مـەبەست تێکۆشانی هۆشیـارانەیە بۆ گـۆڕینی باری ژیان بەرەو ژیانێکی چاکتر و شیاوتر. ئەم تێکـۆشـانە لەگـەڵ تەنگ وچەڵەمـە بەرەوڕوو دەبێ. ململانی گروپە نەیارەکان، دەست پێدەکا. گـیـروگـرفت، تەنگانە و ژانی ژیان، ناکـۆکی و پێکدادان، چەوسـاندنەوە وهەوڵدان بۆ لابردنی کۆتی یەخسیری، دەستەومـلانێ و پێویستـە ڕووناکـبـیـر ڕێگا و ڕچە بۆ ئەو ململانێ و زۆرانبازییە بدۆزێتـەوە. ئەگەر مـرۆڤ خاوەنی بیـر وهۆشـیـاریی نەبایە، ناچار بۆ ژیانی سـەرەتایی وناخۆش ملی دادەنواند و بەژیانی پڕ لە کـولـەمـەرگی درێژەی دەدا. بەمـجـۆرە بە پاشکـەوتوویی دەمـایـەوە و ملی ڕێگـای گەشەکردنی نەدەگرتەپێش. بەڵام چوونکە خاوەن هۆشـە و لێکدانەوەی هەیە، پێویـسـتـە پێـوەندییـەکـانی نێـوان دیاردە وشتـەکـان، بدۆزێتەوە. دەتوانێ یاسا سروشتییەکان پەیدا بکا وبەپێی نیازی خۆی لە سروشتدا ئاڵوگۆڕ پێکبێنێ. چونکە دەتوانێ لە پێوەندییە پڕ گرێ وگۆڵەکانی باری کۆمەڵایەتی بکۆڵێتەوە و یاسا وتایبەتمەندییەکانیان بناسێ، تەنگانە وستەم، کوشتن وبڕین، کاولکردن و سووتاندن بە درێژایی مێژوو، چۆکیان پێ دانەداوە و باوەڕیان کز نەکردووە و ناشتوانن هیوای لێ بستێنن. هەر بۆیە بەرەوپێش دەچێ، لەگەڵ سروشت و مرۆڤی دەسـتـدرێژکـەر، زۆرانبـازی دەکـا و لەم ململانێیەشدا، دەوری ڕووناکبیری بەرپرسیار بەرچاوە.

مرۆڤ بەبیر وناکار و بە گەشەکردنی مێشک و بەتواناتربوونی دەسـتـەکـانیـەوە، بە بەرهەمـە جۆراوجۆر و دەسکەوتەکانیەوە، بە ڕووناکبیریی وبە فـەلسـەفـەی دروستی ژیانیەوە، توانیـویەتی شـارستـانیـەت بخولقێنێ. دۆزینەوە تازەکـان، پێشبینییەکان، تێهەڵچوونەوە دووپاتکراوەکانی بە دیتن و تێڕامان و ئەزموونە سـەرەتاییـەکـان هەتا گـەیشتن بە یاسـا سـەبارەت بە دیاردە نوێیـەکـان و ئەوگـۆڕانکارییـانەی لە جیـهـاندا دێنەپێش، مـرۆڤ زیادتر دەبەنە پێش و ناستی

ڕووناکبیریی ئەو زۆرتر دەکەن و نیازی ئەم بەرەوپێشچوونە بە بیر وهۆش و ڕووناکبیر، زیادتر نیشان دەدەن.

گوتمان ڕووناکبیر لە مەیدانی تێکۆشانیدا، دەبێتە خاوەنی هێندێک پەسنی پەسند و بەکەڵک بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی کۆمەڵ. هەروەها پێویستە لە هێندێک پەسنی ناپەسند و پاشکەوتووانە و زیان هێنەر خۆی دووربخاتەوە و تەنانەت تێبکۆشێ لە کۆمەڵدا پەسنە باشەکان پەرەپێبدا و ئەندامانی کۆمەڵ لە پەسنە خراپەکان دووربخاتەوە. لە دوو وتاری پێشوودا، ئاماژەمان بۆ چەند پەسنی باش و بەکەڵکی ڕووناکبیر کرد و لێرەشدا بۆ زانیاریی زیادتر لەوبارەدا، چەند پەسنێکی ناسراوی تر دەخەینە بەرباس.

لەبەشی یەکەم و دووهەمی ئەم وتارەدا باسی هێندێک تایبەتمەندیمان بۆ مرۆڤی ڕووناکبیری بەرپرسیار کرد و ئاماژەمان بەوە کرد کە کەسی وەها پێویستە لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ژیانی دا، بەردەوام لە پەسنی خراپ خۆی دوور ڕابگرێ وتێبکۆشێ ببێتە خاوەنی سیفەت یا پەسنی وەک: تێکۆشان بۆ بەهێزکردنی وردەی هاوبیرەکانی بۆ ئەوە ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئامانج بدۆزنەوە، پەیڕەوکردنی ڕێباز وئیدیۆلۆژییەکی زانستیانە کە لەگەڵ ڕوح ودۆخی سەردەم و کۆمەڵ یەکبگرنەوە. پەرەدان بە چەمکەکانی یەکسانی، ئازادیی ئابووری وکۆمەڵایەتی لە نێو جەماوەردا و دامەزراندنی پێوەندیی دروست لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک، وەدواکەوتنی تاکە ئامانجی خۆی کە بریتییە لە ڕزگاری زەحمەتکێشان لە چەوساندنەوەی جۆراوجۆر.

لەم بەشەدا بەچەند پەسنی تر، ئاماژە دەکەین کە پێویستە ڕووناکبیر تێبکۆشێ لەبەرچاویان بگرێ و وەدەستیان بێنێ، یەکێک لەوانە ڕەخنەگرتن و ڕەخنە لەخۆگرتنە. ئەم پەسنە ئەگەر لە ئاکاری مرۆڤدا سەقامگیر بێ، دەبێتە هۆی گەشەکردنی هۆش وباری ڤیداکاریی. پێویستە چەمکی شۆڕشگێڕانەی ڕەخنەگرتن بەهێز بکەین و ڕەخنەگرتن نەبێتە هۆی هێرش بردن بۆ سەر کەسانی تر و ڕەخنە لەخۆگرتن نەبێتە هۆی دیفاع و پارێزگاریی لە هەڵە زاتییەکانی ڕەخنەگر و لابردنی بەرپرسیایەتی لە سەر خۆ و خستنە ئەستۆی کەس یا کەسانی تر، یان دەسەڵات و هەلومەرج. ئەم دیاردەیە لە کاتی تایبەتیدا، بە شێوەیەکی شیاو و پاش وەرگرتنی ئاکام لە بابەتەباسکراوەکاندا، خۆی دەنوێنێ. ڕەخنەگر تێدەکۆشێ بە شێوەیەکی زانستییانە، ئاکامە نالەبارەکانی کردەوەکانی حکوومەت، ڕێکخراو وکەسانی هەڵسووڕێنەری ئەرکەکان، بیر وبۆچوون و گەڵاڵە داڕێژراوە ناپەسندەکان، بخاتە بەرباس و دژایەتییەکانیان لەگەڵ یەکتر و ڕاستییەکانی کۆمەڵ دەست نیشان بکا. هەروەها دڵسۆزانە لە قاویان بدا وبۆ سەلماندنی هەڵەبوونیان بە کۆمەڵانی خەڵک تێبکۆشێ.

ـ کۆڵنەدان و تێکۆشان بۆ بەرەوپێشبردنی باری بیر وبۆچوون و فەرهەنگی کۆمەڵ. پەسند وناپەسندبوونی ئەم تێکۆشانەش لە ئاکامی هەوڵدانەکاندا خۆ دەنوێنن. ئەگەر ئەم تێکۆشانە بە لاڕێییدا بچن، بەرەو ئامانجی گشتی نەچێتە پێش، کات وهێز بەفیڕۆ دەچن و ماندوویی و ڤیداکاری لەو چەشنەش نابنە هۆی شانازیی وسەربەرزیی. زۆر ڕێکخراو، گروپ وتاکەکس هەن لە مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنانی ئازادیدا، ڕەنجی زۆریان کێشاوە و تووشی کولەمەرگی زۆر بوون! بەڵام لەبەر ئەوە کوێرانە چوونەتەپێش و لە فەلسەفەیەکی زانستی و هۆشیارانە بۆ ئامانجیان کەڵکیان وەرنەگرتووە، یان لەهەڵسوکەوتیاندا، ئامانجی تەسکی ڕێکخراوەیی، گرویی و تاکەکەسییان مەبەست بووە، لەبەرەوپێشبردنی باری هۆشیاری کۆمەڵ و ڕزگاریی زەحمەتکێشان لە ستەم، دوورێکیان نەگێڕاوە و بەپێچەوانە تۆوی ناهومێدییان لە زەینی ئەواندا چاندووە!!

ـ نوێ خولقان و قۆستنەوەی هەلومەرجی لەبار، ناسینی دۆخی ژیان و مەڵبەند و خولقاندنی تیۆری زانستیی کۆمەڵناسانە لە بەری کار وکردەوەکانی مەیدانی تێکۆشان، بە لەبەرچاوگرتنی گشت لایەنەکانی باری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووری وسیاسی. خۆ بەستنەوە وپەنابردن بە دەقەکانی ڕێبازی شۆڕشگێڕیی یان تیۆرییە ناسراوەکانی زانایانی وڵاتە پێشکەوتووەکان، مرۆڤ دەکاتە ئامرازێکی میکانیکی(وەک سەعات)و ناتوانێ لە ڕوحی دۆخ وپاسای کۆمەڵ، کەڵک وەربگرێ. واتە دەیکاتە دەروێش وملکەچی تیۆری و ڕێبازی لەوچەشنە دەبێتە ناین. ئەوکات پەیڕەوکردنی لای مرۆڤ هەرچەند نادروست بوونیشی ئاشکرا بێ، دەبێتە کارێکی پێویست و بەسەردا سەپاو! ئەمەش دەبێتە مل دانواندنی تەواو بۆ ڕێکخراوی گەورەترو بەسراوەیی بەوەوە، چ زانایانە وچ نەزانانە سەردەکێشێتە لای خەیانەتەوە! ئەوانەی دەتوانن کۆمەڵ بەرەوپێش بەرن و باری قورسی کولەمەرگی خەڵکی زەحمەتکێش کەم بکەنەوە، ئەو کەسانەن کە خاوەنی هەست وتێگەیشتنێکی خاوەن بەهرە وهۆشێکی بەربلاو وبیرێکی تیژن. ئەوانە لە خەتی گشتیی گەشەکردنی کۆمەڵ ئاگادارن، دروست سەرنجی دیاردەکان دەدەن، خۆیان لەوە دەپارێزن کە بە ئیرادەی خۆیان لە کەرەستەی ڕاست وریس کردن و بێ نرخ لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵ، کەڵک وەربگرن. بەم شێوە، واتای نوێ خولقاندن ودەسپێشخەریی و بۆچوونی دروست کە لە ئاکامدا دەبنە هۆی دەوڵەمەندیی فەرهەنگ وهەڵسوکەوتی زانیارانە، دەست نیشان دەکەن.

ـ پلان یان بەرنامەدانان وکات بەفیڕۆنەدان. داڕشتنی گەڵاڵەی دروست وهەمەلایەنە و لانەدان لە خەتی گشتیی و بناخەکانی ڕێبازی ڕزگاریخوازیی، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی ڕووناکبیری ئەمەگناس و بەرعودەیە. بوونی بەرنامەی لەو چەشنە، داوا لە ڕووناکبیر دەکا لە دۆخەکە بکۆڵێتەوە، ئامرازەکانی پێشخستن بناسێ و زانایانە لەلایەنە جۆراوجۆرەکان ئاگادار بێ. خۆی تووشی کاری توانابڕ ودوور لە ڕوحی سەردەم نەکا. پێویستە پاش هەر هەڵوێست گرتن وئەنجامدانی کارێک، سەرنجی ئاکامەکانیان بدرێ و تیۆری وکردەوە لە بەرانبەر یەکدا دابندرێن و بە تەرازووی کردەوە، ڕاست وناڕاست بوونی تیۆری دیاری بکرێ. ئەگەر بۆ جموجۆڵی جۆراوجۆر بەرنامە هەبوو، سەرنجدانی ئاکام و تێگەیشتن لە دروست ونادروست بوونی، هاسانە...

ـ داڕشتنی بەرنامە، دەبێتە هۆی دابەشکردنی کار وئەمەش خۆی بەواتای سپاردنی ئەرکە جۆراوجۆرەکان بە ئەندامەکانی کۆمەڵە. بێ بەرنامەیی، دەبێتە هۆی ئەوە کەس کەمتەرخەمییەکان وەئەستۆ نەگرێ. ڕووناکبیر نرخ بۆ تاکەکەس وکۆمەڵ دادەنێ و ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی شعووری کۆمەڵ و لە ئەندامەکانیدا ڕوحی نوێ خولقاندن بەهێز دەبێ.

ـ ڕەتکردنەوەی بیری ویشک، بەگوێرەی ئەزموونە وەدەست هاتووەکان بەپێی هەلومەرج ودۆخی مەڵبەندی تێکۆشان، بەردەوام بوون ←

لەسەر درێژەدان بە کاری زانستیی، نیشاندەری ئەوەن کــە ڕووناکــبیــر هەمــیــشــە ملکەچی گەشەکردنە. ئەم پەسنەش ڕووناکبیر هاندەدا، ئەگەر کردەوەکان لەگەڵ ڕاستییەکانی دۆخی کۆمەڵ یەکیان نەگرتەوە، بەرنامەکەی بگۆڕێ، دووبارە دایبڕێژێتەوە و ســەرلەنوێ لە مــەیدانی کردەوەدا تاقی بکاتەوە.

ـ ڕەفتاری ڕۆژانەی ڕووناکبیری بەرپرسیار و بەرعۆزدە، پلە و شعووری کۆمەڵ بۆ ئەنجامدانی کـاری بەکـۆ و ئامـادەبوون بۆ کـاری هاوبەش، دەباتەسـەر. پێویسـتـە هەڵسوکـەوتی لەگـەڵ ڕەفـتاری خـەڵکی ئاسـایی، جیـاوازی هەبێ. شعووری وا پەرەپێبدا کە گشت ئەندامەکانی کۆمەڵ هەست بە هاریکاریی لەگەڵ یەکتر بکەن و ئەوانەی ئامـانجی هاوبەشـیان هەیە، چالاکانە بەو هاریکارییـە درێژەبدەن. ئەو دەتوانێ ڕوحی هەقخوازیی ومافویستیی وپێکهێنانی ڕێکخراو و کـارکـردنی بەکـۆ لە کـۆمـەڵی پاشکەوتوو و بەشخوراودا بەهێز بکا.

لەبەر ئەوە ئەرکەکۆمەڵایەتییەکان جیاوازن و ئامرازەکانی بەرەوپێشبردن فراوان وجۆراوجۆرن، ڕووناکـبیـری بەرپرسـیـار دەبێ لەهەڵبـژاردنی کەرەستەی کـار و وەئەستۆخستنی ئەرکەکان و دابەشکردنیـان بەسـەر ئەنـدامـانی کـۆمـەڵدا، پسـپۆڕی هەبێ. ڕێکخـەر ودارێژەر بێ. بە هەر کەس بە پێی توانا ولێوەشاوەیی کار بسپێرێ ونامـرازی شـیـاوی ئەو کـارە بۆ ئەنجـامـدانی هەڵبژێرێ.

بەمجۆرە، پەسنی باش و بەرنامە ورەفـتاری دروست وپسـپـۆڕیی و بەرعـۆزدەبوون و هی تر.. پلەی شعووری کۆمەڵ بەرز دەکەنەوە. هاریکاریی ئەندامـەکـان زیادتر دەکـەن. مـافـویسـتی وهەقـخـوازی زەق دەکـەنەوە. هەڵ دەقـۆزنەوە و ئامانجی گشتیی و گەشەکردنی کۆمەڵ دەکەنە مەبەستی سەرەکی.. پێچەوانەکەشی دەبێتە هۆی بەفـیـڕۆدانی ڕەنج و تێکۆشانی چەندین ساڵە! پەسن وتایبەتمەندییەکانی ئەو تاکەکەسانە کە هێزی کۆمەڵ یان ڕێکخراو پێکدێنن و جڵەوی کـۆمـەڵانی خەڵک بە دەسـتەوە دەگرن، لەسـەر هێـزی ڕێکخـراو کــۆمــەڵ شــوێن دادەنێن، ئاکـارەکـانیـان لە زەینی جـەمـاوەردا ڕەنـگ دەدەنەوە. ئەگـەر ڕێبـەرە کـۆمـەڵایەتییـەکـان، ڕاســتگۆ ونەمین ونەمــانەتدار نەبن و لەو پەسنانەی باسکران، بە دوور بن، قــازانجی عەشیرە و ڕێکخراو و تاکەکەسیی خۆیان لەبەر چاوبگرن، لە کردەوەکانیان، لە دادگەرییەکانیاندا ڕاست وهەڵە دەسنیشان نەکەن، بە نیازپاکییەوە ئەرکەکانیان ڕانەپەڕێنن، لایەنی ڕاستیی نەگرن، ڕەوتی جموجۆڵیی کۆمەڵ بەرەوپاش دەبەن؛ داب و نەریتی ناپەسندی خێڵایەتی، خـۆبەزلزانیی، لاف لێدان وخۆڕانان بە ئازادیخوازیی لە کۆمەڵدا بڵاودەکــەنەوە و دەوری کــاولکەرانە دەبینن. بەپێـچـەوانەی وشـە بریقـەدارەکـانیـان تۆوی ناهومـیـدی و بڕوا بە چارەنووسی لەپێشدا دیاریکراو دادەچێنن و خـۆیان و کـۆمـەڵ بەرەو زلکاوی نەمان و پاشکەوتوویی دەبەن!

ڕووناکبیری ڕێبەری کەمتەرخەم، لە خۆبایی، خۆبەزلزان وقـازانج ویست، بۆ جێبەجێکردنی کـاروبار، ئەگەر لەو ئامـرازەی کە لەتوانای دایە وەگەڕی بخا کەڵک وەرنەگرێ، خۆی لە گێژاوی لەمـپـەر و دژایەتی لاوەکـیـدا گـرفـتـار بکا، گـەردەلوولی هەڵە و هەڵەکـاریی بەرەو هەڵدێری نەمانی دەبا وخۆی وجەماوەر و ئامانجەکانیان لە گێژاوی چارەڕەشییدا دەخنکێنێ! ئەم ڕووناکبیرە بەهۆی پەیڕەونەکردنی ڕێبازێکی زانستیـانە و بەرعۆزدەنەبوون لە بەرانبەر چارەنووسی کۆمەڵانی خـەڵکدا، لە ڕەفـتـاریدا بێ بەرنامـەیە و بەرەو ئامـانجی گـشـتی ناچێ. کـات ودەرفـەت بەفـیـڕۆدەدا. ڕاڕاییـە و بۆژیانی خۆشی خـەڵک بایەخ دانانێ. پەسن بێـزێیی دەوروبەرەکـانی سـەبارەت بە خۆی پێخۆشە. لە درێژخایەندا ئەم جۆرە ڕەفتارە لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵانی خەڵکدا ڕەنگ دەداتەوە. پەیڕەوکـردنی فـەلسـەفـەیەکی ئاشکرا و پێشکەوتوو، وەلادەنرێ. سـسـتی وشێواوی و دواکەوتوویی پەرەدەسـتێنێ! بیری بەرز ودروست، زانست وپێـشـکـەوتوویی، نرخ ورەوشی پەسند، داب ونەریتی چاک، چالاکی و وەپێـشـخـستن، ژیانی باش وپڕ لە ئاسـایش لەبەرچاو ون دەبن و شـێـوەی نوێ خـولقـان و و بەرەوپێشـچوون، جێی خـۆیان لەگەڵ ململانێی دەمارگیرانە و کۆنەپەرستانە دەگۆڕنەوە. دیارە ئەم بارە نالەبارە بۆ مـاوەیەکی درێژخـایەن ناتوانێ درێژە بە ڕەوتی خـۆی بدا وسـەرئەنجـام بە هۆی هۆشـیـاریی پەرەگرتووی شـارستـانیـەتی نوێی جیهانییەوە، ناچارە سڕ سیپالی تێکەوەپێچێ. بەڵام تا ئەو کـاتە، ڕووناکـبـیـری هەڵەکـار وخـۆبەزلزان، زیانی قـەرەبووئەکـراو، بەرەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ دەگەیەنێ! ■

پاشماوەی ل ٦١

گوتم وێنەگەری لە دیمەنی مرۆڤە. لە ڕۆژئاوادا خـەڵک زۆر دەگـەڵ قـوربانی هاودەردی ناکـەن. ئەوەی تۆ دەیڵێی هەمووی ڕاستە. شتێک کە من دەمـهـەوێ لە وێنەکانمدا نیشـانیـان بدەم و پێـمـوایە تا ڕادەیێکیش تێیـدا سـەرکـەوتووم ئەوەیە کە لەوێش مرۆڤ وەک هەر مرۆڤێکی تر دەژی.. ئـارەزوو وئـاواتـی خـــــۆی هەیە.. دەترسێ.. پێیخۆشە لە ئاشتی و هێمنیدا بژی. ئەمن بە وێنە هەم شۆقی ژیان وهەم نیگەرانی و ترس لە چاوی مرۆڤی کورددا نیشان دەدەم.

*** کیکی سروشتی کوردستانت پێ چۆن بوو؟**

ــ لە تاریف نایە.. زۆر جوان بوو.

*** پێشوازی لە پێشانگاکە چۆن بووە؟**

ــ خـراپ نییـە. هەتا ئێسـتـا نزیکەی ١٠٠ کەسێک هاتوون وچاویان لە وێنەکان کردووە.

*** کوردی دەزانی..**

ــ نا! زۆر کەم.

*** دەتوانی بە کـوردی بە دانیشـتـووانی کـوردی نویسـالا بڵـێی بێن و لە نزیکەوە کـارەکـەت ببینن.**

ــ نا، بۆم زەحمەتە.

*** باشـە ئەمن یارمـەتیت دەدەم، ڕسـتـەیێکی کوردیت چەندجار بۆ دووپاتە دەکەمەوە..**

کـیکی لەو پەڕی دڵسـۆزی و مرۆڤدۆستییەوە ڕستەکە دووپاتە دەکاتەوە..

ــ «تکـایە وەرن، پێشـانگـای وێنەکـانی من ببینن!»

بە گـەرمی سپاسی دەکەم و ئاواتی سەرکەوتنی بۆ دەخـوازم. کـاتێک لێی دوور دەکـەومـەوە چاوێکی دی بە وێنەکـانیـدا دەخـشـێنم، لە یەکیاندا منالێکی کورد، کەڵەبابێکی گەورەی بە دەستەوەیە، لە یەکی تر کچێکی کورد لەسەر هەڵدێرێکەوە بە خـێـرایی دێتـە خـوار.. لەوی دیکەیاندا دایکێکی کـورد لە گـۆڕاپانی پڕ لە سەوزەڵانیدا نووستووە و دوکـەڵی سیـغار دەم وچاوی ڕەش هەڵگێڕاوە.. ئاخر سـەرنجم دایە وێنەکان.. منالێکی کورد لە تەشتێکی ئاودا مەلەی دەکرد.. قـسـەکـانی کـیکی بە زەینمـدا تێدەپەڕن! «تکایە وەرن، پێشـانگـای وێنەکـانی من ببینن!». بە خۆم دەڵێم خۆزیا هێشـتـابـایان ژیان دیمەنی سروشـتی خۆی نواندبا و کـوردیش بە ئاسـوودەیی، وێڕای گـەلانی تری جیـهـان بۆ خۆشترکردنی ژیان هەوڵی دابا! ■

# بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا لە سەر کورد

ژمارە: Fo. 371/120749/377
Me 148/ 54
Ep 1821/ 10
نهێنی

وەرگێرانی: ئەنوەری سولتانی
بەهاری ١٩٩٥

مەسەلەی کورد ١٩٥٦، ١٩٥٠

«ئەم یادداشتانە، وەک پاشکۆی نووسراوەیەکی سەرەکین کە ئیدارەی تۆژینەوە لە ساڵی ١٩٤٦دا سەبارەت بە کورد ئامادەی کردووە(E 7580/19/93). پاشکۆیەکی دیکەش لە لایەن ئیدارەی تۆژینەوە ئامادە کراوە(بەڵگەنامەی ژمارە: Me 89/51، دووهەمی مانگی ئاپریلی ١٩٥١)کە باسەکەی تا کۆتایی ساڵی ١٩٥٠هێناوە و تێیدا باسی ئاڵوگۆڕەکانی کوردستانی ئێرانی پاش ڕووخانی کۆماری خودموختاری کوردستان لە مهاباد(ساڵی ١٩٤٧) کردووە.»

١) دوای ساڵی ١٩٥٠، هەواڵی ڕاستەقینە لەسەر کورد کەمتر بووە و ئەوەش وادەگەیێنێ کە یا«مەسەلەی کورد»فەوتاوە، یاخود لەناو کێشەی گرینگتری کۆمەڵایەتی ـ ئابووری و ئایدیۆلۆژیکی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وون بووە. بەهەموو حیسابێک وادیارە کە ئەو دوو وڵاتەی وا پێوەندییان بە مەسەلەکەوە هەیە، هەر یەکە، بۆ ئەم کاتە، کێشەی کەمایەسیی کوردی ناوخۆیان بەشێوەی تایبەت بەخۆ، چارەسەرکردبێ.

تورکەکان، بە لێبڕاوییەکی تایبەتەوە، شوێنی ئەوەیان گرتووە کە سیاسەتی تواندنەوەی یەکجاری و کوێرکردنەوەی هەموو شوێنەوارێکی جیاوازیی فەرهەنگیی کورد و سیاسەتی بەتورککردنی کورد، بە دیاردەیەکی بێ بزەییانە لەقەڵەم نەدەن؛ لەو ڕاپۆرتانەش وا دەگەنەدەست، دەردەکەوێ کە تائێستا بە چەشنە سەرکەوتنێک گەیشتبێ، بەڵام گومانی تێدا نییە کە بە ئەنجام گەیاندنی ئەو کارە، چەندین ئەوەی پێدەوێ.

عێراقییەکان ـ دوای دەست پێکرانێکی خراپ، ئێستا وادیارە سیاسەتێکی لیبراڵ بەرانبەر بە کورد ڕەچاوکەن و ئیجازە یا تەنانەت تارادەیەکیش هانی کورد بدەن فەرهەنگی جیاوازی نەتەوایەتی خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، پەرەپێبدەن. تا کاتێک کە حکوومەتی عێراق درێژە بەم کارە ژیرانەیە دەدات، کوردانی ڕۆشنبیر وچالاک، بەشداریکردنی ژیانی نەتەوایەتی عێراق لە خواست وئارەزووی ناسیۆنالیستیی کوردیی بە سوودمەندتر و جێگای ڕەزامەندیی زیاتر دەبینن.

کوردی سووریا لەو ڕادەیە کەمتر و بەربلاوترن کە بتوانن دژ بەتوانەوە لەناو خەڵکی دەوروبەری خۆیاندا بوەستن ـ ئەو پرۆسێسێک کە ڕێڕەوە کۆمەڵایەتی وئابوورییەکانی سەردەمیش، یارمەتی بەئەنجام گەیشتنی دەدەن. ئەوی بمێنێتەوە چەشنە بزووتنەوەیەکی لاوازی فەرهەنگییە کە لە لایەن کۆڕێکی بچووک و هەڵبژاردەوە، لە دیمەشق بەڕێوەدەچێ.

لەئێران وادیارە کورد تائێستا دژ بەو هەنگاوە ناڕۆشنەی کاربەدەستان وەستابن کە نەک لەناخی دڵەوە، بەڵکوو تەنیا بۆ خاوکردنەوەی ئەوانیان هەڵێناوەتەوە. جا، وەک کەمایەسییەکی ناڕازی و سەربزێوێن، دژ بە حکوومەتی ناوەندی ماونەتەوە و بەم بۆنەیەوە یەکجار ئامادەی پڕوپاگەندەی ڕووسەکانن.

تورکیا

٢) حکوومەتی ئێستای تورکیا، بوونی کورد وەک تاقمێکی جیاوازی نەژادی دەداتەدواوە و جەختی ئەوە دەکات کە ئوستانەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، زێدی ئەو تورکەچیایی یانەن کە سەرەڕای جیاوازبوونی لەهجەو هەروەها ئەو ئەرێتە جوانانەی وا لەسەردەمی پێش کەمالی یەوە بۆیان ماوەتەوە، لەبنەڕەتدا لە تورکی شوێنەکانی تر جیاواز نین.

٣) سیاسەتی حکوومەتی تورکیا ـ دوای شۆڕش، بریتی بووە لە تواندنەوەی کەمایەسیی کورد: قوتابخانە داندراوە بۆ ئەوەی زمانی تورکی تێدا بگوترێتەوە، قسەکردن بە کوردی و لەبەرکردنی جلوبەرگی نەتەوایەتی کوردیی یاساخ کراوە. بەڵام ئەو هەوڵانە لەناو گەلێکدا کە شێوەی ژیانیان ـ لە بەشی زۆری خۆیدا عەشیرەیی یە و پێشکەوتیان یەکجار کەم بووە، زەحمەتە بگەنە ئەنجام. ئەو کەسانەی وا لەم دواییانەدا چوونەتە ناوچەی کوردنشینەکان، هەواڵ دەدەن کە زۆرێک لە کوردان ئێستاش هەر بە بەرگی کوردییەوە دەگەڕێن وزمانی کوردی لە ڕادەیەکی بەرزدا قسەی پێدەکرێ. ئەو خەڵکانەش کەم نین کە هەر ناتوانن بە تورکی بدوێن. یاساخبوونی چەک هەڵگرتن وادیارە بە گشتی کەوتبێتە ژێر چاودێری و کاروباری ئاسایش زۆر باش بەڕێوەدەچێ، بەڵام کارەکە بۆی هەیە هێشتا ژمارەیەکی لەڕادەبەدەر جەندرمەی پێویست بێت.

٤) نیشانەگەلێک بەدەستەوەن کە دوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٤، دەوڵەت سوور بێ لەسەر ئەوەی ستانداردەکانی ژیان و دەرس خوێندن لە ناوچە کوردنشینەکان ـ وەک مەڵبەندە دواکەوتووەکانی دیکە، بەرەوپێش بەرێ و باشتری بکات. جادەی تازە دروست کراون و سیستەمی ڕێگای ئاسن پەرەی پێدراوە. قوتابخانە و نەخۆشخانەی تازە بەدەست دروست کردنەوەن و پێشکەوتنێکی بەرچاو لە کاری میکانیزەکردنی کشتوکاڵدا هەست پێدەکرێ. پێویستە لەداهاتوودا سەیری ئەو هەنگاوانە بکرێ کە بۆ ئاشتکردنەوەی کوردان هەڵێنراون و ببیندرێ کە هاوڕێ لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەت دەربارەی تواندنەوەی کورد، دەگەنە کوێ؟ ناسیۆنالیزم هێزێکی بەتوانا وبێ مەنتیقە و کەمجاران نەبووە کە کەمایەسیی نەتەوایەتی، حکوومەتی خۆیی لە حوکمێکی باش بە چاکتر دابنێن.

هەرچۆنێک بێ، حکوومەتی تورک، گەرچی هەوڵی تەنیاهێشتنەوەی کوردان دەدات، دیسانەوە، عەستەمە بتوانێ ئەو هیوایەی هەبێ پێوەندی زۆر وکەمیان لەگەڵ کۆمەڵگای کوردیی ئێران و عێراق بپچڕێ، کە نەک هەر بیری نەتەوایەتی زیندوو ڕادەگرن، بەڵکوو هەروەها دەوری ڕێگایەکی پێوەندی بۆ ڕاگرێستنی ئەو پڕوپاگەندەیە دەبینن کە لە ڕووسیای سۆڤیەتەوە دێت.

٥) ناحەزەکانی حکوومەتی ئێستای حیزبی

دیموکرات، بەوەی تاوانبار دەکەن کە وەک هەنگاوێک بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی کورد، سیاسەتی تواندنەوەی خاوکردۆتەوە. ڕاستە ناوچە کوردنشینەکان لە مەجلیسی گەورەی نیشتمانیدا بەزۆریی لەلایەن ئەندامانی حیزبی دیموکراتەوە نوێنەرایەتی دەکرێن، ئەوانیش ـ بەتایبەت دوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٤، زیاتریان خەڵکی ناوچەکەن و ڕەنگە زۆریشیان بە بنەچەک کورد بن. ئەم ڕاستییە زیاتر وا هەیە حکومەت لە ڕوانگەی کوردەوە، ناسکتر بکات هەتاکوو پێچەوانەکەی بێت.

### ئێران

٦) دوای دامرکانەوەی ئەزموونی لە سۆڤیەت ئیلهام وەرگرتووی خودموختاریی کورد لە مهابادی ساڵی ١٩٤٦، حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران، لە دابین کردنی ئاشتی لەناو هۆزەکوردەکانی خۆیاندا سەرکەوتوون، گەرچی بەڵێنییەکی کەمیان لێ وەدەست هێناون. عەمەلیاتی ئیزامیی(عەسکەریی)دژ بە هۆزەکانی هەورامان وجوانرۆ لە بەهاری ساڵی ١٩٥٦ دا، بە هاوکاریی دەسەڵاتدارێتی عێراق بەڕێوەچوو و«جڤاتی کورد»[1] لە پاریس، نارەزانامەیەکی پێشکەش بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد.

توورەیی کورد لە خۆگرتنی حکوومەتی ناوەندی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ناوچە ـ وەک یەکێک لە دواکەوتووترین مەڵبەندەکانی وڵات ـ ڕوو لەزیاد بوونە. «ئەسڵی چوار»[2] لە بابەت پەروەردە وکشتوکاڵەوە هێندێک کاری لە ورمێ[3] کردووە. بەڵام لە شوێنەکانی تر، قوتابخانە یا خەستەخانەیەکی جێی کەڵک یاخود زانیاریی لەمەڕ تێکنیکی کشت وکاڵ نابیندرێ و ڕێگاوبانەکان هیچکاتێک ئەوەندە خراپ نەبوون. نارەزایی زیاتر لە باکووری ڕۆژئاوا هەست پێدەکرێ کە بەنیسبەت ناوچەی باشوورتری «سنە»وە پێشکەوتووتر وخاکی بەپیتترە. گەرچی لەوەدەچێ کە ئامانجی سیاسەتی ئێران وەک تورک، تواندنەوەی کورد بێت، بەڵام بە ئاشکراتر شوێنی دەگرن و بەنیسبەت تورکەکان، دەسکەوتێکی کەمتریشیان هەیە. باوەکوو لە قوتابخانەکاندا بە کوردی دەرس ناخوێندرێ، بەڵام زمانی پێوەندی گرتنی ڕۆژانە هەر کوردییە و ژمارەیەکی زۆری خەڵکەکەش بەتایبەت لەناوچەی ئێوان ورمێ وکرماشاندا، بەرگی کوردی لەبەردەکەن.

لەوە دەچێت ئێستاش هەستێکی زۆری لایەنگری کردن لە خودموختاریی کورد هەر مابێ، بەڵام دوای ئیعدامی قازی محەمەد و کەسانی دەوروبەری، هیچ ڕێبەرێک نییە کە مەرکەزی بزووتنەوەی نەتەوایەتی بێت. هەرچۆنێک بێ، پێوەندییان لەگەڵ حیزبی«کۆمەڵە»[4] لە سلێمانی هەیە و هەندێک ئەدەبیاتی نەتەوەیی ڕێگای ئەوە پەیدا دەکەن کە سنووری عێراق ببڕن. دوژمنایەتی نێوان هۆزەکان و گومان لەیەکترکردنی عادەتیی ئاغاوەت، ئەو فاکتەرە سەرەکییانەن کە کۆسپی ڕێگای پێشکەوتنی بزووتنەوەی نەتەوایەتین.

٧) وەک هەموو شوێنێکی دیکە، کۆمۆنیستەکان بۆ کەڵک وەرگرتن لە نارەزایی قانوونیی کورد لە بواری بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا، زۆر بەخێرایی جووڵاونەتەوە. زۆربەی ئەو ئەدەبیاتەی وا بە نهێنی لە نێوان کوردی ئێراندا، دەستبەدەست دەگەڕێ، یا هەستی کوردانەش ببزوێنن، بە ئاشکرا ئیلهامی کۆمۆنیستییان تێدایە وپڕن لە هێرش بردنەسەر ئیمپریالیزمی ئینگلیس وئەمریکا و، پێدا هەڵگوتنی سۆڤیەت و شتی ناسراوی لەو چەشنە. ئەوەش خۆی یارمەتی پارێزرانی ئەو ئەفسانەیە دەدات کە لە ڕۆژانی کۆماری مهابادەوە تا ئێستا هەرماوە و بریتی یە لە دۆستایەتیی تایبەتی یەکیەتی سۆڤیەت لەگەڵ گەلی کورد.

### عێراق

٨) وادەزانرێ کە کوردی عێراق ژمارەیان لە میلیۆنێک تێپەڕبکات. کوردەکان ئێستا لە پەرەسەندنی ئابووریی نەتەوایەتی عێراقدا ـ کە دوای پەیمانی نەوتیی ١٩٥٢ هاتۆتە ئەنجام، بەشداری دەکەن. ئەو شتەش لەچەند لایەنێکەوە بەرۆبووی بۆ کورد بووە: ڕاستەوخۆ بەشداریی ژمارەیەک پرۆژەی ئاوەدانی دەکەن کە بەپارەی داهاتی نەوت، لە ناوچەکوردنشینەکاندا بەڕێوەدەچوون؛ نموونەی کارەکە، دوو بەنداوە کە یەکێکیان لە«دووکان» و لەسەرچۆمی«لەسەر زاب»[5] و ئەوی دیکەشیان لە«دەربەندی خان» و لەسەر چۆمی«دیالە»هەڵ دەبەسترێن، یان کارخانەی چیمەنتۆی«سەرچنار»کە لەنزیک سلێمانی بەدەست دروستکردنەوەیە، هەروەها بڕیاری دامەزراندنی کارخانەیەکی پالاوتنی شەکر بە نرخێکی نزیک بە ٣ میلیۆن پاوەن لە نزیک شاری«مووسڵ»دراوە. تەنیا پرۆژەکەی دووکان کە چاوەڕوان دەکرێ تا ساڵی ١٩٥٨ تەواوبێت، بەتەنیایی ئیش بۆ دووهەزار کەس پێکدێنێ و دەوروبەری ٨٠٦ هەزار ئاکرا[= ٣٢٦٤٣٠ هەکتار]زەوی ئاودێری دەکات ولە کۆتاییدا، هێزێکی هایدرۆئەلەکتریک بەدەستەوە دەدات کە بەمەزندە ٢٥٠ هەزار هێزی ئەسپە و، لەکاری پەرەسەندنی پیشەسازیدا کەڵکی لێ وەردەگیرێ. پرۆژەکەی دەربەندیخان لەگەڵ ئەوەدا کە ئیش وکار بۆ کوردێکی زۆر دروست دەکات، لەداهاتوودا شوێنێکی گرینگی نابێت، چون زۆربەی ئەو خاکەی وا ئاودێری دەکات، لەدەرەوەی کوردستانە. کارخانەی چیمەنتۆی سەرچناریش گەرچی خۆی لە خۆیدا تەرحێکی خەریک کردن وکار پێدانە، واهەیە پەرەسەندنی خزمەتگەلی دیکەش بە تەنیشت خۆیەوە زیاتر بکات و ڕەواج بەکاری بیناسازی لە ناوچەکانی دەوروبەری خۆی بدات. لەڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆوە، کورد ـ وەک هەموو دانیشتوانی عێراق، کەڵک لە خزمەتە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرن، کە ئاکامێکی بەکارهێنانی عاقڵانەی داهاتی نەوتە لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە. کورد ڕەنگە بەوەش کە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، وەزیری ناوخۆ کورد بووە بەختیار بووبێتن. «سەعید قەزاز»پیاوێکە بە توانا و لێهاتوویەکی جیاوازەوە. بەهۆی دەسەڵاتی ئەو یا هەر شتێکی دیکەوە بووبێت، کورد بەنیسبەت پێشوو، لەم ساڵانەی دواییدا، زیاتر لای حکوومەتی ناوەندی کەوتوونەتە بەرچاو و بەشێکی تەواویان لە فێرکردن و ئەو خێروبێرانەی دیکە پێ براوە کە لە داهاتی نەوت پەیدا بوون. ئاماری حکوومەتی عێراق بۆنموونە، لەساڵی ڕابردوودا، زیادبوونی ژمارەی قوتابییان ولەوەش گرینگتر، ژمارەی قوتابخانەکانی لیوای سلێمانی وکەرکووک وهەولێر، زیاتر لە بەشەکانی دیکەی وڵات نیشان دەدات.

٩) لەباری سیاسییەوە، ئەگەر پێوەندییەکانی ناوکوردستان، زیاد بکرێ، کورد گیروگرفتی کەمتر پێکدێنێ. پەرەپێدانی ڕێگای ئاسن بۆ هەموو شارە گەورەکان(ڕێگاوبانی کوردستان لە هەموو جادەکانی وڵات باشترن)، بەڕێوەبردنی دادگەریی و بەکارهێنانی ئاسایشی گشتیی خێراتر کردووە.

### دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات[6]

١٠) لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا، هێندێک پێشکەوتنی گرینگ لە ناو کوردەکانی سووریادا ڕووی داوە، بەڵام حکوومەتەکەی درێژەدەدات بە سیاسەتی بەرگریکردن لە دەربڕینی لایەنگری لە نەتەوەپەرستی و هەروەها

بەو سیاسەتەی کە «ولاوەکییەکان»بە سوودوەرگرتن لە کەمایەسییەکان تاوانبار بکات.

١١) سیاسەتی نیشتەجێکردنی هۆزەکان لەلایەن حکوتە یەک لەدوای یەکەکانی سووریاوە، پێوەندی سونەتی نێوان ئاغا وئەندامانی عەشیرەتەکەی تێکداوە. لەکاتێکدا لە رابردوو، عەشیرەت وەک ئاغا مافی لەوەڕاندن و کشتوکالیان لەسەر زەوییەکانی هۆز هەبوو، ئێستا وا ئاغا بووەتە خاوەنی زەوی وپایەی هەتا رادەی خاوەن ملک بەرز بووەتەوە بەلام لەلایەکی دیکەوە، ئەندامانی هۆز، هەتا رادەی وەرزێڕ هاتوونەتە خوارێ. لە هەندێک ناوچەدا، بەتایبەت لە جزیرە ـ ئەو شوێنەی وا پێشکەوتن لە کاری چاندنی لۆکە، بووەتە هۆی پەرەسەندنی سیستمی سەرمایەداریی کشتوکالیی، ئێستا عەشیرەتەکان شتێکی زیاتر لە کرێگرتە نین کە سوودیان لە زەوی دایە، بەلام خاوەنایەتیشیان جێگای متمانە نییە. وەک ئاکامێکی کارەکە، زۆرێک لە گەنج ولاوانی عەشیرەت بەرەو شارەکان کۆچیان کردووە یاخود کەوتوونەتە دوای نیش پەیداکردن لە هێڵی لوولەی شەریکەی نەوتی عێراقی و، بەهۆی دوورکەوتنەوە لە پێشینەی هۆزایەتی، وردەوردە ناسنامەی خۆیان وەک کورد، لەدەست دەدەن و شێوەی کاراکتەر و ئەخلاقی سیاسی پرۆلیتاریی ئەو عەرەبانە دەگرن کە ژیانیان لە گەلیاندا هاوبەشە. ئاغاکان ـ چ بەشێوەی خاوەن زەوی و چ وەک شەریکی سەرمایەدارییە تازەکە، گەیشتوونەتە ئەو ئاکامەی کە سوودی زیاتر وزۆرتریان لەوە دا بێ خۆیان لە تایبەتمەندییە سیاسی وکۆمەلایەتییەکانی سوریادا بتوێننەوە و بەم بونەیەوە، دەچنە ناو سیاسەت و ئەرتەش و خزمەتی دەولەتییەوە ـ ئەو شوێنانەی وا لەوێدا حوکم لەسەر هەلسوکەوتیان زیاتر بەهۆی سوودیان وەک ئەندامێکی ئەو چینانەوە دەدرێ کە تیایاندا بوونەتە ئەندام تا بەهۆی بنەچەکی نەژادیانەوە.

١٢) بە مردنی جەلادەت بەدرخان لە سالی ١٩٥٠دا، بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی سووریا، لە ڕێبەرێکی زانا وپێشمەرگەیەکی گیانفیدا بێبەش بوو. [جەلادەت]گەرچی لایەنگری بەهێزی بەدیهاتنی دەولەتێکی خودموختاری کورد بوو، بەلام پروپاگەندەی کۆمۆنیستی بەرەوخۆی نەکێشا و ڕۆژنامەکەی واتە«هاوار»کە بە ماوەیەکی کەم پێش مردنی خۆی ڕاوەستا، ڕێبازی لایەنگیری کردن لە ڕۆژئاوا و دژ بە کۆمۆنیستەکانی گرتبووەبەر. دوای مردنی ئەو، ڕێبەرایەتی جوولانەوەکە لە سووریا کەوتووەتە دەستی تاقمێک کە لەژێر نفووزی«حاجۆ ئاغا»ی قامیشلی لە جزیرە ودوکتورە«ئەحمەد نافیذ»دان. ئەوان گەرچی کۆمۆنیست نین، بەلام وا نیشان دەدەن کە بۆ شوێن گرتنی ئامانجە ناسیۆنالیستییە کوردییەکانیان زۆر زیاتر لە جەلادەت بەدرخان یارمەتی لە کۆمۆنیستەکان دەخوازن. هەر چۆنێک بێت، لەم دواییانەدا، نیشانەگەلێک بەدەستەوەن کە تەنانەت ئەو ڕێبەرایەتییەی کورد کە زیاترین ئامادەیی بۆ وەرگرتنی نفووزی کۆمۆنیزم هەیە، خەریکە گومان لەوە پەیدا بکات کە خۆبەستنەوەی بە حیزبێکەوە کە وێدەچێ هانی توندوتیژترین شێوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بدات، شتێکی ژیرانە نەبێت.

**کۆمۆنیزم وکورد**

١٣) پرۆگرامی[ ڕادیۆیی]سۆڤیەت بە زمانی کوردی لە مانگی ئوگوستی ١٩٥٣دا وەستێندرا. لەوکاتە بەدواوە، پروپاگەندەی کۆمۆنیستی بۆ کورد لە ڕێگەی حیزبە کۆمۆنیستییەکانی ئەو ولاتانەوە بەڕێوەچووە کە کوردیان تێدا دەژین. لە عێراق، حیزبێکی دێمۆکراتی کورد هەیە کە ئێستا هاوکارێکی زۆر نزیکی حیزبی شیوعیی یاساخکراوی عیراقە وا چەند لقێکی لە بەغدا وکەرکووک وسلێمانی هەیە. هەروەها نیشانەگەلێک لە پێوەندی نێوان ICP [حیزبی شیوعی عێراق] و حیزبی دێمۆکراتی کوردی کۆمۆنیست لە ئازەربایجان[ی ئێران] هەیە. حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەم دواییانەدا یارمەتی لە ICP ویستووە و زۆریشیان نابەدلی نەکراوە. حیزبی ناوبراو لە ئازەربایجان کەوێدەچێ پێوەندییەکی نزیکی لەگەل حیزبی توودەدا هەبێت، لەسالی ١٩٥٤ڕۆژنامەیەکی نهێنی دەردەکرد کە لە چاپخانەی ئەشریاتی حیزبی توودە لە تەبرێز[ تەورێز] چاپ وبلاوبووەتەوە.

١٤) هەلسەنگاندنی نفووزکردنی باوەڕی کۆمۆنیستی لەناو کوردا ـ وەک گروپێک، ئاسان نییە. بێگومان هێندێک لە ڕێبەرانی کورد موخلیسانە بەرەو کۆمۆنیزم کشاون بەلام ئەوانیتر ـ وەک دوکتورە«ئەحمەد نافیذ»تەنیا لە هەل دەگەڕێن و ئامادەن لەگەل ئەم یان ئەو تاقم کە ئامانجەکانیان بۆ دابین بکەن دۆستایەتی بنوێنن. گەلێک لە ڕۆشنبیرانی گەنجی کورد ـ وەک هاوتا عەرەبەکانیان، ڕەنگە وابیربکەنەوە کە کۆمۆنیزم دەرمانی هەموو دەردێکە، بەلام ڕەنگە جێی باوەڕ نەبێت ئەگەر بگوترێ بیروباوەڕی مارکس ولێنین زیاتر لەلایەن سەرەک هۆز و شێخە ئایینییەکانەوە وەردەگیرێ کە تائێستاش دەسەلاتی بەربلاوی خۆیان لە ناوچە کوردنشینەکانی عێراق وئێران وتورکیادا پاراستووە. لەسیاسەتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، کەسایەتی خاوەنی گرینگاتییەکی زۆرە، ئەو ڕاستییە کە ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیستی سووریا ـ خالید بەکتاش، خۆی کوردە، ڕەنگە لە باسی نفووز و دەسەلات سەندنی حیزب لەناو کوردی جزیرە و بەشی کوردی دیمەشقدا، یارمەتیان بدات.

کۆمۆنیستەکان لەکاری کەلەک وەرگرتن لەناڕەزایی خەلکدا، مامۆستان ولە ڕابردووشدا هەولی ئەوەیان داوە بەرتیل بە کوردە ناسیۆنالیستەکان بدەن بەوەی کە پشتگیری لە بیرۆکەی دەولەتی خودموختاری کورد بکەن. سیاسەتی ئێستایان لەوەدەچێ کە پشتی جیاوازیخوازانی کورد بەردەن و لایەنگیری بەرنامەی ڕیفۆرمی کۆمەلایەتی و ئەو سیاسەتە دەرەوەییەیان بن کە لەسەر ئوسوولی [کۆنفەرانسی] «باندۆنگ»دانراوە ـ واتە ڕەتکردنەوەی بەستراوەنەوە بە هێزە ئیمپریالیستەکان و هاوکاریکردن لەگەل بەرەی سۆڤیەتی دا.

هەر چۆنێک بێت، ئەوە گرینگە کە حیزبی شیوعی عێراقی لە ڕاگەیێندراوی سیاسی خۆیدا(سپتەمبەری ١٩٥٦)بە پێویستی بزانێت ئاماژە ی تایبەتی بە کەمایەسیی کورد بکات، گەرچی بە وشیارییەوە خۆی لە دەستنیشان کردنی مافەکانیان دەپارێزێ. پێویستە ئەوەش بگوترێ کە «پەیمانی بەغدا» ئەو سێ ولاتەی کە گەورەترین کەمایەسیی کوردیان تێدا دەژین لەگەل ولاتانی ڕۆژئاوایی پێکەوە دەبەستێتەوە وئەوەش، دەتوانێ حەساسیەتی ناڕازیبانی کورد بەهێزتربکات و چاوەڕوانی پشتیوانی کردنی ڕووس لەناواتەکانیان بن.

نیدارەی توێژینەوە ـ ٢٨ی نوامبەری ١٩٥٦

**پەراوێز:**

١) Délegation Kurd

٢) Point IV

٣) لە دەقی بەلگەنامەکەدا بە «رضائیە»ناوبراوە.

٤) دیارە ئیشارە بەوکۆمەلەی هیوایە.

٥) Laser Zab river

٦) Levant States


*****

راپۆرت:

# پێشانگای وێنە

## لە شارەوانیی ئوپسالا

ئامادە کردن: **هاشم**



کیکی لوندگرین(Kicki Lundgren) وێنەگری سوێدی لە هەشتی مانگی ئاگۆستییەوە پێشانگایێکی وێنەی لە stadshus کردووەتەوە. ئەو پێشانگایە هەتا هەشتی سێپتامبر درێژەی هەیە. ڕۆژی چوارشەمۆ(٢١ ئاگۆستی) چوومە شوێنی پێشانگایەکە تا وێڕای سەیرکردنی وێنەکان وتووێژێکیش لەگەڵ وێنەگردا بکەم. کیکی ئەوڕۆژە لەوێ نەبوو، تەلەفۆنم بۆ کرد و گوتم دەمەوێ سەبارەت بە کارەکەت وتووێژێکی کورتمان هەبێ. بە گەرمی وەڵامی دامەوە و ساغ بووینەوە ڕۆژی دواتر یەکتر ببینین و وتووێژەکەمان بکەین.

*** کیکی وێڕای سپاسێکی زۆر لەم کارە جوانەت و لەوەیکە هەلێکت ڕەخساندووە کە لە گۆشە نیگای خۆتەوە مرۆڤی کورد بناسێنی، دەمەویست لێت بپرسم چۆن بوو ڕاست کوردستانت بۆ وێنەگری هەڵبژارد؟**

- (بە هێمنی وەڵام دەداتەوە) ڕاستییەکەی ئەوەیە کە نزیکەی دە ساڵ لەمەوبەر ژنە کوردێکی پیر واتا دایکی دۆستە کوردەکەم، باسی هەلومەرجی ژیانی خۆی لە دێیەکی چووکی باکووری کوردستان بۆ کردم. لە سەرەتادا هەموو ئەو شتانەی ئەو بۆی دەگێڕامەوە بۆ من سەرسوڕهێنەر بوون. پاشان لە زەینی خۆمدا بەراوردێکم کرد لە نێوان ئەو شتانەی داپیرە بۆی دەگێڕامەوە و ئەو شتانەی لە زمان ئەنک وباپیرم کە ئەوانیش لە گوندێکی چکۆلە لە باکووری سوێد گەورە ببوبوون دەمبیست، دەمدیت زۆر وێکچوویی دێتە بەرچاو. هەلومەرجی ناڵەباری ئابووری لە هەر دوو لادا زۆر لە یەکدەچوون. زۆر کات دەمەویست بڕۆم لە نزیکەوە کوردستان ببینم و کامێرایەکەمی لێ دەکارخەم. کاتێ مەدرەسەی وێنەگەریم تەواو کرد هەلێکی جوانم بۆ ڕەخسا ئەم کارە بکەم. یەکەمجار لە پاییزی ٩١ دا چوومە کوردستان. ئەوسا دیتم ئەو شتانەی باپیرم بۆی گێڕابوومەوە لەمەڕ هەلومەرجی ژیانی خۆی، هەموو لە کوردستان دەبیندرێن و ژیان لە گوندێکی چکۆلەی باکووری کوردستان سەرزیندووانە درێژەی هەیە.



*** چ جاری دیکەش چوویەوە کوردستان؟**

- بەڵێ ئەمن بەهاری ٩٢ و پاییزی ٩٤ دیسان چوومەوە کوردستان.

*** ئەم وێنانەی ئێستا لە پێشانگاکەدا هەن، بەرهەمی کام سەفەرتن؟**

- بەرهەمی هەر سێ سەفەرەکەمن. ئەمن زۆرم وێنە لە کوردستان گرتووە. بەڵام لە نێوان ئەواندا ئەم چەند وێنەیەم هەڵبژاردووە.

*** یانی ئەم سی ودوو وێنەیە جوانترین کاری تۆن؟**

- بۆ خۆم پێموایە.

*** لە کوردستان چۆنیان پێشوازی لێکردی؟ مەبەستم خەڵکە..**

- زۆر جوان و ڕێکوپێک. کوردەکان زۆر بە قەدر و مێهرەبان بوون. زۆریش پێیان خۆشبوو بزانن ئەمن کێم وخەریکی چیم.

*** کیکی دەتهەوێ بەم وێنانە چ پەیامێک دەربڕی؟**

تاوێک بیر دەکاتەوە و دەڵێ:

- ئێستا لە کوردستان شەڕێکی ناوخۆ لە



ئازادیە. ئەرتەشی تورکیا خەلکی لە ماڵ وحاڵی خۆی، واتا لە گوندەکان بە تۆبزی رادەگوێزێ. ئەرتەش بە زەبر و زەنگێکی زۆرەوە دەیهەوێ دیهاتەکان کۆنترۆڵ بکا و پێش بە چالاکی پێشمەرگەکان بگرێ و پێوەندی ئەوان لەگەڵ دێنشینەکان بپچڕێ و بەم شێوەیە نەهێڵێ پێشمەرگە لە دژی ئەرتەش کارێک بکەن.. ئەرتەش بە هەزاران گوندی سووتاندووە. دەوڵەتی تورکیا دڵێ بە هەر جۆرێک بێ دەبێ خەباتی کوردەکان سەرکوت بکرێ.

کاتێک ئەم وێنانەم گرت، هەلومەرج لەمڕۆ کەمێک باشتر بوو. بەڵام ئەو کاتیش ئینسانەکان تەواو ترسابوون. ئەمن بە بێ پێوەندی و یارمەتیی دۆستەکوردکانم هەرگیز نەمدەتوانی لە کارەکەم دا سەرکەوتووبم. مەبەستی من لەم وێنانە بە هیچ جۆر ئەوە نییە کە شەڕ لە کوردستان نیشان بدەم و لێکی دەمەوە، بەڵکوو دەمەوێ بیسەلمێنم سەرەڕای هەموو ئەو شتانەی لە کوردستان ڕوودەدا، ئینسان درێژە بە ژیان دەدا و ژیان بەردەوامە.

* کیکی! ئەمن سەرەڕای ئەوەیکە لە هونەری تۆ دەگەم و ئامانجی تۆ بە ئامانجێکی پاک دەزانم پرسیارێکم بۆ دێتە پێشەوە. تۆ دەڵێی ژیان لەوێ درێژەی هەیە. باشە.. بەڵام چ ژیانێک؟ ژیان لە ژێر جەزرەبە و بۆمباران وئاگر و قڕکردن دا.. ئەمن لە وێنەکانی تۆ دا ئەم دیمەنانەی ژیان لە کوردستاندا نابینم.

کیکی هەناسەیێک هەڵدەکێشێ و بە غەمناکییەوە دەڵێ:

ـ وایە.. بەڵام تۆ دەبێ بزانی کاری من هەروەک

بڕوانە لاپەڕەی ٥٦

## خوشکە سوفیا و وتوێژێکی کورت

ڕاپۆرت: هاشم

خوشکە سوفیا وانکە خوێندکاری ڕشتەی ڕۆژهەڵاتناسیی بەشی زانستی سیاسی یە. ڕۆژی دووشەمۆ (٢٨ی ئاگۆستی)، باوەڕنامەی باکالۆریا (B. A)ی خۆی پێشکێش کرد و نووسراوەکەی کە لێکۆڵینەوەیێک بوو سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای کوردستانی باشوور، وەک کارێکی سەرکەوتوو نرخێندرا.

ئەمە عینوانی لێکۆڵینەوەکەیەتی: «تۆ بڵێی کوردەکانی کوردستانی باشوور بتوانن دەوڵەتی ئۆتۆنۆمی خۆیان بپارێزن؟ بەراوردێک لە نێوان بارودۆخی ئێستای کوردستانی باشوور و کۆماری مەهاباد.

ئەم لێکۆڵینەوە لە ٥٠ لاپەڕەی A4 و لە شەش بەش پێکهاتوە.

ئامیلکەکەی بە هێندێک نەخشەی کوردستان وکرۆنۆلۆژێێک لە سەر ڕووداوە گرینگەکانی مێژووی‌کوردستان ڕازاوەتەوە.

ئەمن وێڕای بەشداری لە سمینارەکەی خوشکە سوفیا، داوام لێکرد کە وەڵامی چەند وردە پرسیارێکی من بداتەوە. بەگەرمی پێشنیارەکەی قەبوڵ کرد. لێرەدا کورتەیەک لەم گفتوگۆیە کە بە زمانی سوێدییە بۆ خوێنەرەوانی بەڕێزی «گزینگ» دەگێڕمەوە.

شایانی باسە کە خوشکە سوفیا لە وتووێژێکی تایبەتی لەگەڵ ڕادیۆ«ئەستێرە» (ڕادیۆی کۆمەڵەی کوردستان لە ئوپسالا)دا، لێکۆڵینەوەکەی خۆی خستە بەر باس و بارو دۆخی ئێستای کوردستانی بە شێنەیی شی کردەوە.

لێی دەپرسم، چۆن بوو بابەتێکی وات بۆ لێکۆڵینەوەکەت هەڵبژارد؟

ـ ئەمن ماوەی سێ ساڵە لە بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی زانستگای ئوپسالا خەریکی خوێندنم. لەو ماوەیەدا لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا زۆر بابەتمان خوێند. کە باسی کوردان دەکرا، هەمیشە وەک کەمایەتییێک ناویان دەبردرا. بۆ من جێی سەرسوڕمان بوو! چۆن نەتەوەیێک بەم نفوسە زۆرەوە کە دوای عەرەب وتورک و فارس چوارەمین نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەکەم نەتەوە بژمێردرێ؟ ئەوەبوو کە بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارە کەوتم و دەستم کرد بە لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی کوردان.

*** دەتوانی کورتەیێکمان بۆ باس بکەی؟**

ـ ئەمن لە لێکۆڵینەوەکەم دا کە بریتییە لە شەش بەش دوای سەرەتایێکی کورت و لێکدانەوەی هەلومەرجی پێکهاتنی کۆماری مەهاباد، هاتوومەتە سەر باسی هەلومەرجی ئێستای کوردستانی باشوور و پاشان وێکچوویی و جیاوازییەکانی ئەو دوو قۆناغەم هەڵسەنگاندووە، چ لە باری نێوخۆیی و چ لە باری نێونەتەوەییەوە.لە دوایین بەشی لێکۆڵینەوەکەم باسی ئەو ئاکامانەم کردووە کە پێیان گەیشتووم.

*** لە چ سەرچاوەگەلێک کەڵکت وەرگرتووە؟**

ـ ئەمن پتر لە ١٥ کتێبم لە سەر کوردستان بە زمانی ئینگلیسی و چەند دانەیەکیشم بە زمانی سوێدی خوێندووەتەوە. لە نێو ئەو کتێبانەدا، کتێبی **کۆماری مەهاباد**، نووسراوەی «ویلیام ئیگلتۆن» بۆمن زۆر بە کەڵک بوو. بە پێی ئەوەیکە لەسەر هەلومەرجی ئێستای کوردستانی باشوور کتێب کەمە، ناچاربووم لە نێو ڕۆژنامەکانی ئەو چەند ساڵەی دواییدا، بە شوێن کەرەسەدا بگەڕێم و هەروەک لە بەشی سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکەمدا دەبینی زۆر لە وانم لە ڕۆژنامە جۆراوجۆرەکاندا کۆکردووەتەوە کە کارێکی ئاسان نەبوو.

*** بە چ ئاکامێک گەیشتووی؟**

ـ هەلومەرجی نێونەتەوەیی لە کاتی پێکهاتنی دەوڵەتی ئۆتۆنۆمی کوردستانی باشوور زۆر لە هی سەردەمی کۆماری مەهاباد لەبارترە. بەڵام مەسەلە ئەوەیە ئایا کوردەکان خۆیان هەست بە لەباریی وگرینگی ئەم هەلومەرجە بێ وێنەیە دەکەن؟ شەڕی نێوخۆی کوردستان وا نیشان دەدا کە بەداخەوە وەڵامی ئەو پرسیارە تا ڕادەیێک نێگاتیڤ بێ.

*** شەڕی نێوخۆ چۆن کاری کردووەتە سەر هەلومەرجی سیاسی کوردەکان؟**

ـ ئەم شەڕە لەباری جیهانییەوە بووەتە هۆی ئەوەیکە کوردەکان یارمەتی و سەرنجی نێو نەتەوەیی لە دەست بدەن و لەباری نێوخۆییشەوە بووەتە هۆی دڵساردی و بێ هومێدیی گەلی کورد.

*** پێت وایە کوردەکان لە پاراستنی دەوڵەتی ئۆتۆنۆمی خۆیان سەردەکەون یان نا؟**

ـ مرۆڤ دەکرێ هومێدەوار بێ، ئەگەر کوردەکان لەم ئەرکەدا، لە ڕابردووی خۆیان دەرس وەرگرن سەرکەوتووبن.. بەڵام بە داخەوە لەڕاستیدا بارودۆخەکە زۆر گەش نابینم. ■

پاشماوەی لاپەڕەی ٥٣

ڕوویان لە ئاوەدانکردنەوە و باشترکردنی باری گوزەرانی خەڵکی و کێشەی فەرمانڕەوایی و دامەزراندنی قەوارەی نەتەوایەتی گەلەکانیان کردووە. بۆیە هەموو ئەو خەسڵەتە خراپانەی پشتاوپشت بە میرات بۆ نەتەوەکەمان بەجێ ماوە، تاکوو ئێستاش لە هەر شوێنێ بین، لە خوێنماندا قوڵپ دەدەن، ڕۆژانە لەگەڵماندا دەژین، ئێمەی مرۆڤی کورد لە هەر کوێیە بژین، لە کوردستان یا لە هەندەران، بەشێکی لێک دانەبڕاو لە کۆمەڵگەکەمان پێک دەهێنین، بمانەوێ یا نەمانەوێ، لە هەموو ڕوویەکەوە وەک نموونەیەکی بچووکی کۆمەڵگەکەمان واین، ئاوێنەیەکی بالانمای هەموو خوو و ڕەوشت و خەسڵەتە نەتەوەییەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارین، کە زۆر بە زەقی هەموو ئەو خەسڵەتانە لە هەموو هەڵسوکەوت و کردار و ڕەفتار و گفتوگۆکانماندا ڕەنگ دەداتەوە.

گەلانی سەر ڕووی ئەم گۆی زەمینەش، هەر زۆر زوو بیریان لە خاڵی لاواز و کەموکورییەکانی خۆیان کردۆتەوە، گەورە پیاوانیان شەویان خستۆتە سەر ڕۆژ و بە هەموو توانایانەوە لە ڕازاندنەوەی نەتەوەکەی خۆیاندا بوون، هەموو هەوڵ و تەقەلایەکیان تەنیا بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی نەتەوەیی و چاککردنی باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵانی خەڵک تەرخان کردووە، تا ئەمڕۆ زۆربەی زۆریان، بە ئازادی و بەختیاری شاد بوون و لە ژێر سێبەری ئاڵای تایبەتی و لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ناسیۆنالدا دەژین. ئەگەر ئێمەش هەموو پێکەوە و پێکرا بۆ گۆڕینی ئەو بارە نالەبارە سەپاوە، بۆ لەنێوبردنی ئەو دواکەوتوویی و دەردە کوشندانەی کۆمەڵگەی کوردەواری هەوڵێ نەدەین، گۆڕانێکی بنەڕەتی لە نێو جەرگەی کۆمەڵەکەماندا نەکەین، ڕەگی قووڵداچووی هەموو ئەو فاکتەرە نێگێتیڤانە لە بنوبێخەوە هەڵ نەکەنین، ئەوا جگە لەوەی، لەوە زیاتر لە کاروانی شارستانییەت و پێشکەوتنی گەلان دوا دەکەوین، بەڵکوو چەرخی بیست و یەکیش دێ و زۆر بە خێرایی بە لاماندا تێدەپەڕێ، بەبێ ئەوەی توانیبێتمان شتێ بۆ نەتەوەکەمان بکەین و بە هیچ سەرەنجامێکی نەتەوەیی، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی... بگەین. کێ دەڵێ، ڕۆژگارێکی لەمە ڕەشتریشمان تووش نابێ و هەر بە یەکجاری نقومی نێو زەریای فرمێسک و خوێن نابین و وەک ئاردی نێو درکمان لێ ناکەن. بۆیە پێش هەموو شتێ دەبێ کەلک لە تاقیکردنەوەی گەلانی ئازادیخواز و پێشکەوتوو وەربگرین، چاو لە کارە چاکەکانیان بکەین و لێیانەوە فێر بین. چونکە ئەگەر ئێمەی کورد لە ڕووی هوشیاری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری و بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و خوێندەوارییەوە، چاو لە فەرەنسییەکان نەکەین، لە ڕووی سەرسەختی و پێداگرتن و دڵسۆزییەوە، شوێن پێی ئینگلیزەکان هەڵ نەگرین، لە ڕووی ڕێکوپێکی و دیسیپلینەوە، ڕوو لە ڕووگەی ئەڵمانەکان نەکەین، ئەوا بێگومانم لەوەی، نەتەوەیەکی پارچەپارچەکراوی خاک دابەشکراوی دواکەوتووی بێ ماف و دەوڵەتی ناسیۆنالی وەک کورد، لە پاشەڕۆژدا بستە زەوییەکی لەو خاکەی ئەمڕۆ پێی دەڵێین کوردستان و لەسەری دەژین، بۆ نامێنێتەوە و لەوە خراپترمان بەسەر دێ و بەرەو چاڵی نەمان دەڕۆین.

لە کۆتاییدا دەڵێم، ئەوا باخی سەدەی بیستی کورد، وەک سەدەکانی پێشووی بێ بەرهەم بوو، ئەمڕۆش ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بە کەساسی و بێدەسەڵاتی، لەبەردەم دەروازەی سەدەی بیست و یەکدا دۆش داماون، ئیدی کاتی ئەوەمان هاتووە، بیری لە بارودۆخی نەتەوە و نیشتمانەکەمان بکەینەوە، هەوڵێکی مەردانە بۆ گۆڕینی ئەو بارە سەپاوە بدەین، چونکە ئەگەر خونچەگوڵی هیوای بەختی کورد، لە سەدەی پێشکەوتن و زانست و ئەلیکترۆن و گەشتی نێو مانگ و ئەستێرەکاندا، بە ساوایی سیس بوو و هەڵوەری، ئەدی لە سەدەی ململانێ و گێرەوکێشەی ژیان و تەنگوچەڵەمەکانی باری ئابووری نێو دەوڵەتان و پاوانخوازی و کۆنترۆڵکردنی ئێوچەکانی جیهاندا، لە لایەن زلهێزەکان و دەسەڵاتدارەکانەوە، چی بکەین؟ ئەدی هەقی خۆمان نییە، هەر لە ئێستاوە لە چاوچنۆکی داگیرکەران و دەروازەی ئاواڵەکراوی بەرژەوەندییە گڵاوەکانی پیترۆدۆلاری نێو دەوڵەتانی سەدەی بیست و یەک بسڵەمینەوە و بترسین، نەبا بە تەواوی قوتمان بدا؟

ستۆکهۆڵم ١٩٩٥/٣/١

● **بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراوە:**


١) حوسێن محەممەد عەزیز، *کورد و شۆڕش و هێلی ستراتیژیی لەبەر ڕۆشنایی ستراتیژی بزووتنەوەی کوردایەتیدا*. (لە ژێر چاپ دایە)

٢) شەرەفخانی بدلیسی، *شەرەفنامە*، وەرگێڕانی هەژار، چاپی دووەم، تاران، ١٩٨١.

٣) د.عەبدولڕەحمان قاسملوو، *کوردستان و کورد*، وەرگێڕ عەبدوڵلا حەسەن زادە، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ١٩٧٣.

٤) محەممەد ئەمین زەکی، *کورد و کوردستان*، چاپخانەی دارالسلام، بەغداد، چاپکردنەوەی سیدیان، ١٩٣١.

٥) مهدی بازرگان، *الحد الفاصل بين الدين والسياسة*، دار الكلمه النشر، الطبعه الاولى، بيروت، ١٩٧٩.




## کۆچی دوایی عەزیز نەسین


عەزیز نەسین، نووسەر و تەنزنووسی گەورەی تورک زمان، ڕۆژی چوارشەممۆ ڕێکەوتی ٦ ی ژوونیە(١٩٩٥) لە میوانخانەیێکی نزیک دەریای ئێژە، لە کاتێکدا بۆ فستیواڵێکی فەرهەنگی بانگهێشتن کرابوو، بە شێوەیێکی ئارام لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا چاوەکانی لێکنا و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە جیهانی فەرهەنگ وئەدەب ونووسین کرد.

محەممەد نەسرەت نەسین، لە ساڵی ١٩١٥ی زایینی لە دوورگەیێکی نزیک ئەستەمبووڵ لە دایکبوو. ئە و هەر لە منداڵییەوە تامی نەداری و هەژاری چێشت .. هەربۆیەش وەختایێک وەک تێکۆشەرێکی پیاوخاس و نووسەرێکی ئەمەگناس پێگەیشت، ژان و ئازاری ئەو دەورانەی لەبیر نەچۆوە و ئاواتی ئەوە بوو کە لە ڕێی قەڵەم و نووسینەکەی، فکرێک بۆ منداڵانی دەوڵەت لێ تەبان بوو و بێ سەرپەنا بکاتەوە.. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٧٢ەوە بە کڕینی پارچە زەوییێک لە دەوروبەری ئەستەمبووڵ، دروستکردنی «منداڵخانە»یێکی دەست پێکرد کە دوای چەند ساڵ ڕەنج وکار، لە ساڵی ١٩٨٢ تەواودەکرێ. لەوساڵەوە بنکەی ناوبراو بە نێوی «**بەحەشتی منداڵانە** بۆ وەرگرتن و بەخێوکردنی منداڵانی بێ دایک وباوک ئامادە دەبێ. خەرج وبیستاکی ئەو بنکەیە کە ٧٠ منداڵی تێدا دەحاواوە، هەمووی لە ڕێی داهاتی فرۆشی کتێبەکانی عەزیز نەسینەوە دابین دەبوو.

عەزیز نەسین بە هۆی لایەنگیری کردن لە خەڵک و خەبات وتێکۆشان دژی ڕێژیمەکان، خۆی هەمیشە لە ژێر چاودێری پولیس و قەڵەمەکەشی لە ژێر چاودێری سانسۆر دا بوو.

بەرهەمەکانی عەزیز نەسین بە زۆر زمانی دنیایە و لەوانە بە کوردی وەرگێڕدراونەتەوە، بۆیە شیرنایی و ئاوداریی تەنزە تفت وتاڵەکانی بۆ هەمیشە لە یادی خوێنەروان وئەدەبدۆستاندا دەمێنێتەوە و بەو زوانە لەبیر ناچێتەوە. ■

# چاپەمەنی و کتێب



• دوێنێی سبەینێ(کۆمەڵە شێعر، ٨٨ لاپەڕە، ١٩٩٥)

• شاعیر: نەژەند بەگیخانی

• تابلۆکان: فەرەنی جەمیل

• خەت: شارۆم رەئیسی

• لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی هونەرمەندانی کورد لە فەرەنسا




• دەوڵەتی جمهوری کوردستان (نامە ودۆکومێنت)

• بەرگی دووەم، ستۆکهۆڵم ـ ١٩٩٥

• مەحمود مەلا عززەت، کۆی کردۆتەوە و ڕێکی خستووە، نامە فارسییەکانی کردووە بە کوردی، پەراوێز وتۆماری بۆ کردووە و پێشەکی بۆ نووسیوە.

## تێبینی

ئەو بابەتانەی دەبوایە لە ژمارە ٩ی ،گزینگ، دا چاپ کرابان، بەڵام بە بۆنەی سێسەدەی ،مەم و زین،ی خانی، وەدواکەوتن، وێڕای داوای لێبوردن لە خاوەنەکانیان لە ژمارەی ١٠ دا چاپ دەکرێن:


• مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا...: (ژیلا.ف) و(تەیفور)

• ،بیرەوەری لەسەر تیپی شانۆی لاوی بۆکان،: برایم فەرشی،

• ،شەوێ لە شەوان،: شوان وەسمان،

• هەروەها وتاری ،گەلی کورد وکوردیەتی لە مەم وزینی خانیدا، لە نووسینی: د. ئەمیری حەسەنپوور

●●●




• منداڵ وشەڕ، دەنگ وڕاستیەکان(٥٠لاپەڕە)

• نووسینی: لارس گوستاسۆن، ئەگنیتا لیندکڤیست، برگیتا بۆیهم

• پیاچوونەوە: د. شێرکۆ عبدالله

• گۆرینی لە سویدییەوە: سەمەدی مەلا ئەحمەد.


• ساڵی چاپ: ١٩٩٥

• داهاتی ئەم نامیلکەیە بۆ خێزانی شەهید وکەم ئەندامەنە

# GZING

Cultural - Literary Kurdish Magazine
No: 9. October, 1995.

KATRINEHOLMS
95 -09- 2 6
STADSBIBLIOTEK




**کۆنفرانسی بیرەوەری سێسەدساڵەی ،مەم و زین،ی خانی لە ستۆکهۆلم**

بەشدارانی کۆنفرانس لە ڕاست بۆچەپ: حەسەنی قازی(وەرگێر)، مراد جوان(وتار)، مالیساتیع(بەڕێوەبەر) پ. جۆیس بلاو(وتار بە ئینگلیسی)، د. مارتین براوتیسن(وتار).